# له كوێوه بۆ كوێ؟



مـن بـۆ خـۆم وام، ڕەنگـە زۆر كەسـیش وابـێ، كـە شـیعری شـاعیرێك یـا نوسـراوەی نوسـەرێك دەخوێنمـەوە "چ زینـدوو چ مردوو" پێم خۆشە خۆشی بناسم. بزانم كێیە؟ خەڵكی كام وڵاتە؟ كاری چییە؟ چۆن دەژیو ئەگەر مردوە چۆن مردوە؟ لە كوێ نێژراوە؟

بۆیە بڕیارم دا سەرگوشتەی خۆم لە سەرەتای ئەو بەشەی دیوانەكەمدا بنوسم. بە كێم گوتبا ئەو سەرگورشتە بنوسێ؟ كێ من لە خۆم باشتر دەناسێ؟

پێوە بووم زۆر درێژی بنوسم. تەماشام كرد دەبێتە چیرۆكێكی درێژو شیرین و پڕ كارەسات. چ چیرۆكێك لە بەسەرهاتی ئینسانێك لە واقیع نزیكترە؟ ئەویش بەسەرهاتی ئینسانێكی نزیكەی پەنجا ساڵی لە ساڵەكانی چەرخی بیستەم، ئەو چەرخە سەیرو سەمەرەیە، ئەو چەرخە پڕكێشەو شەڕو شوڕە، ئەو چەرخە پڕ لە كارەسات و پەلامارە، ئەو چەرخە پڕ لە شۆڕش و ئاڵوگۆڕە وەبیر بێ. بە تایبەتی ئەگەر ئەو ئینسانە كورد بێ. كوردێكی بێبەش و چارەڕەش بێو تا ڕادەیەك لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوە زۆرلێكراوەكەیدا بەشداربوبێت. بەڵام، بە داخەوە بۆم نەكرا. بەشی زۆری لەبەر تەوەزەلی خۆم. با بمێنێ بۆ هەلێكی تر ئەگەر مام، وازی لێناهێنم.

خوێنەری خۆشەویست! پێت وانەبێ لێفەم لەسەر هەتیوان هەڵداوەتەو لە بنی كولەكەم داوەو هەرچی هەیە نوسیومە. نا هەروا كورتە سەرگوزشتەكەمت بۆ دەگێڕمەوە.

شاعیری هیچ قازانجی بۆ من نەبووبێ ئەو قازانجەی هەبوە، كە ئەو ناوە دوورو درێژەی "سەید موحەمەد ئەمینی شیخەلیسلامی موكری لە كوڵ كردومەتەوە. باوكم ناوی سەید حەسەنی شێخەلیسلامی موكری بوو، لە تۆرەی مەلا جامی چۆڕی بوو، كە سێ سەد ساڵ لەوەی پێش هاتۆتە سابلاخ و بنەماڵێكی گەورەی لەو مەڵبەندە پێكهێناوە.

دایكم ناوی زینەب و كچی شێخی بورهان بوو، كە ئێستا بنەماڵەیەكی گەورەی موكریانن.

بەهاری ساڵی 1300ی هەتاوی 1921ی زایینی بە شەوی جێژنی بەراتێ لە گوندی لاین نزیكی سابلاخ لە دایك بووم. مێژوكم لە مەمكی دایكم نەكردوەو فرچكم بە شیری دایەن گرتوە.

دایكم زۆر جار بە چاویدا دەدامەوەو دەیگوت: تۆ پێوقەدەم ڕەش بووی. هەر تۆم وەزگ كەوت لەشی ساغم بەخۆمەوە نەدی. نەخۆشیم پێوە نوسا، كوێرەوەریو پەژارە ڕووی تێكردم. لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆم بووم، كە ناچار بووین بڕەوین و بچینە لادێ، كە بەربویەوە، نە من تلپاتی تەڕمك لە مەمكی دابوو، نە باوكت سیپاڵێكی لە ماڵێدا مابوو. لەشكری شكاك ئێمەشی وەك هەموو خەڵكی سابلاخ ساف لە ساف تالان كردو گەسكی لەو ناوماڵەدا، كە سێسەد ساڵ بوو. وەسەریەك نرابوو و بە میرات بۆ باوكت بەجێمابوو.

منیش جارجار بە پێكەنینەوە دەمگوت دایەگیان سوچی من چییە؟

دایەنەكەم ناوی یاسەمەن و خەڵكی ئازەربایجان بوو. لەلەكەم، كە ناوی عیزەت بوو خەڵكی توركیا بوو، ئەو دووانە لەبەر هەژاریو نەداری خۆیان پەڕیوەی كوردستان ببوون و لە گوندەكەی ئێمە گیرسابوونەوەو لە سەروبەندی لە دایك بوونی مندا منداڵێكیان ببوو. منداڵەكەی ئەوان لە من بەختەوەرتر بوو، نەژیابوو توشی كوێرەوەری دنیا نەهاتبوو و عەمری درێژی بۆ من بەجێهێشتبوو و پاروی دایك و بابیشی لە ڕۆنی هاویشتبوو.

ئەو ژن و پیاوە هەژارو ئاوارە بە دڵ و گیان منیان بەخێو دەكردو زۆریان خۆش دەویستم. منیش ئۆگری ئەوان بووم وەك دایك و بابی خۆم خۆشم دەویستن.

لە بیرمە زمانی ئەوانم وەك بلبل دەزانی، جا نازانم تورکیم دەزانی یا ئازەری؟ ڕەنگ بێ ئازەری بووبێ، چونکە منداڵ زمانی دایکی باشتر فێر دەبێ.

مردنی عیزەت و تۆرانی یاسەمەنم باش وەبیر دێ. ئەم ڕووداوە یەکەم زەبری توند بوو، کە وەهەستی ناسکی منداڵانەی من کەوت و یەکێکە لە بیرەوەریە هەرە تاڵەکانی ژیانم. لە ڕاستیدا من دوو جار هەتیو بووم و دوو جارم دایك و باب مردوون: جارێك بە ساوایی‌و جارێك بە پیری.

بابم هەم دەوڵەمەند بوو، هەم بە دڵ و دەس بڵاو. چاکی بەخێوەکردین، پێنج خوشك و دوو برا بووین، کاکم و خوشکێکم لە من گەورەتر بوون. بە منداڵی زۆر تێروتەسەل و کۆك و پۆشتە بووم، بەڵام کۆیلەو دیل بووم، کۆیلەی ناو قەفەزی زێڕ، کۆیلەی ڕێ‌و شوێنی کۆن.

ڕێ‌وشوێنی بنەماڵەکەمان ئیجازەی نەدەدا من لەگەڵ هاوتەمەنەکانم گاڵتەوگەپ بکەم، چونکە من کوڕە دەوڵەمەند بووم و ئەوان کوڕە هەژار. من کوڕی شیخەلیسلامی بەناوبانگ بووم، ئەوان کوڕی لادێیەکی بێناونیشان. من بەروپشت ئەتڵەس بووم و ئەوان کەرە کرمانج. من کۆك و پۆشتە بووم و ئەوان ڕووت و ڕەجاڵ.

ئاخ.. گەورەکانم تێنەدەگەیشتن من چەند پەرێشان و کەلەلام، ئەوان نەیاندەزانی بەو کردەوەی خۆیان چۆن هەستی من بریندار دەکەن، برینێك، کە دەبێتە گریمانەی ڕوحی‌و تا مردن ساڕێژ نابێ.

ئێستاش، کە وەبیرم دێتەوە کزەم لە جەرگی دێ‌و خەمێکی گران دامدەگرێ، کە من لە هەموو خۆشی سەردەمی منداڵی بێبەش بووم. لە پێش چاوی من منداڵەکانی گوندەکەمان، ئەو ڕەشوڕووتانەی هاوشانی من نەبوون! بە ئازادی‌و بێباکی گاڵتەوگەمەیان دەکرد، لە خاك و خۆڵ دەگەوزین، لە سەر بانان هەڵدەبەزین، بە قوڕوچڵپاودا غارغارێنیان دەکرد، لەسەر تەپۆڵك و کۆپەین ملانەیان دەگرت، لەسەر سەهۆڵ خلیسکیان دەکرد، لەسەر لۆدە کا بازبازێنیان دەکرد، بەگژ یەکدا دەچوون، پێکهەڵدەپڕژان، ئاشت دەبوونەوە، ئاورۆچکەیان دەکردەوەو خانوچکەیان دروست دەکرد. هێلانە چۆلەکەیان دەردەهێنا، تەبکەیان دەناوە. هەلوکێن، تۆپێن، هەمزەل، هەنگڵەشەلە، دایە من مەدە بە گورگی، هەڵوای بەشەپان، قەرەقەری و دەیان جۆرە گاڵتەی دیکەیان دەکرد، بەڵام من بەو تاوانەی، کە نەجیب زادە بووم دەبوو وەك گەورە گەوران لە دیوەخان لەسەر چۆك دابنیشم و متەقم لەبەر نەیەتە دەر! بۆ بەدبەختی لە ماڵی ئێمەدا نێرینەی لە من پچووکتر نەبوو. دەبوو لەبەر هەموویان یەکپێ هەستم و تا ئیزنم نەدەن لەبەر دەستیان ڕاوەستم و دانەنیشم، لە دوای هەموان نان و چام بۆ دابنێن. چەندم پێخۆش بوو نە کەوای مەخمەرو تاقەو قوتنی* و خەزەلم* لەبەردابا، نە پانتۆڵی ئالمانی زەردم لە پێدابا، نە کاڵەی شەمامەبەندی ئاوریشم چنم لە پێدابا‌و نە شەدەی سەوزم لەسەر باو نە پشتێنێ پەشمینەی کەسکم* لە پشت داباو، وەك منداڵە ڕووتەڵانەکان ئازاد بام.

نەڵێن ماشاڵڵا کوڕەکە لەو تەمەنەشدا ئازادیخواز بوەو هەستی بە جیاوازی چینایەتی کردوەو ڕقی لێبوە، نەخێر نەوەڵڵا نە ئازادیخواز بووم و نە تڕەماش، وازم لە گەمەو یاری بوو و بڕاوە.

تەنیا بیرەوەریەکی خۆشم لە زەمانی منداڵیم هەیە، ئەویش ئەوەیە شەوانە دەچوومەوە ژووری‌و سەرم وەسەر ڕانی دایە مرۆت دەکردو ئەویش حیکایەتی بۆ دەکردم تا خەو دەیبردمەوە. دایە مرۆت پیرێژنێکی دنیادیدەی کۆنساڵ بوو. بۆ خۆی نەیدەزانی تەمەنی چەندە، بەڵام بێگومان زۆری لە سەد ساڵ هەڵبواردبوو. شەش پشتی بنەماڵەی ئێمەی دیبوو. سەرسپی‌و هاودەمی دایکم بوو. ڕۆح سوك، قسەخۆش و نوکتەباز بوو، هەزاران نەقل و نەزیلەی خۆشی دەزانی‌و بۆی دەگێڕامەوە. زۆر شتی بەنرخ لەو فێر بووم، کە لە ژیاندا کەڵکم لێوەرگرتن. ڕۆحی شادبێ.

ئەلفوبێم لە خزمەت مامۆستا سەعید ناکام خوێند، کە ئەودەم مێرمناڵ بوو. کام، کە مامۆستای تایبەتی بۆ ڕاگیرابوو، زۆر لە خوێندن دەترساو خەریك بوو منیش بترسێنێ‌و بە مەرەدی* خۆی بەرێ، بەڵام مامۆستا ناکام نەك هەر سامی لە خوێندن شکاندم، بەڵکە تێیگەیاندم خوێندن خۆش و شیرینە، پێش ئەوەی ئەلفوبێم پێبناسێنێ بزنۆکەو مەڕۆکەی حوسێن حوزنی ئەوەندە بۆ خوێندبومەوە هەمویم لەبەربوو. کتێبی ئەنجومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزیمان هەبوو. شیعرە گاڵتەکانی شێخ ڕەزای فێردەکردم. لە بیرمە قەسیدە درێژەکەی عاریف سایم، کەوا دەس پێدەکا: "ئاوارەیی خاکی وەتەن و سەیرو سەفا خۆم" لە سەرڕا بۆ خواری لەبەر* بوو، وەك تووتی دەمخوێندەوەو لە مانای نەدەگەیشتم.

کە سامم شکا بابم ناردمیە سابلاخ تا لە مەدرەسەی دەوڵەتی بخوێنم. لە پێشدا زۆرم پێخۆش بوو. لە مەدرەسەی "سەعادەت" ناونوسیم* کرد، بەڵام، کە ڕۆژی هەوەڵ چوومە سەر کلاس تۆقیم وەختابوو شێت بم. من منداڵێکی لادێیی نازدار بووم، لە کوردی بەولاوە هیچ زمانم نەدەزانی لە مەدرەسەش کەس نەیدەوێرا بە کوردی قسە بکا.

من لە ژیانمدا ڕۆژی ڕەش و تاڵم زۆر دیون، بەڵام ڕۆژی ڕەشترو تاڵترم لەو ڕۆژە نەدیوە، کە چوومە مەدرەسە. مامۆستاکەم، کە خۆی کورد بوو، دوایش تێگەیشتم فارسی باش نازانێ، بە فارسی تێیراخوڕیم هیچی تێنەگەیشتم. هاودەرسەکانم، کە هەموویان لە من باو خۆشتر بوون پێم پێکەنین، زۆر بە خۆمدا شکامەوە. ماوەیەك بەشەو لە بن لێفەوە لە ترسی مەدرەسە دەگریام و بەیانی بەقرخەمەرەسی* دەچوومەوە. منداڵ هەموو گاڵتەیان پێدەکردم و پێیان دەگوتم "کرمانج". لە مەهاباد بە خەڵکی لادێ دەڵێن کرمانج و بە وشەیەکی سوکی دەزانن. دوایە بۆیان گێڕامەوە دەیانگوت بە فارسی جنێومان پێداوی‌و حاڵی

نەبووی، چابوو سێچوار کوڕە پورم لەو مەدرەسە دەیانخوێندو لە سەریان دەکردمەوە. دەنا منداڵە وردکە لەوانە بوو شێتم بکەن. ئێستاش نازانم کوێڕا فارسی فێربووم و لەگەڵ وەزعەکە ڕاهاتم.

مەدرەسەکەمان خانوێکی گەورەو کۆن و کەلاوە بوو. تاقە چاوەیەکی* ئاودەست هەبوو قەت وەبەر نەدەکەوت. مزگەوتمان لێنزیك بوو، بەڵام نە فەڕاشی مەدرەسە دەیهێشت* وەدەرکەوین و نە مجێوری مزگەوت ڕێگای* دەداین بچینە ئاودەستی مزگەوت. بۆشکەیەك ئاوی چۆمی بۆگەن لەبن دیوارێك داندرابوو. دەفرێکی تەنەکەیان لەسەر دانابوو، ئەو هەموو منداڵە بەو دەفرە ئاویان* دەخواردەوە، هەمیشە لەسەر چوونە ئاودەست و ئاوخواردنەوە شەڕ لەنێو شاگردەکاندا پەیدا دەبوو و "نازم"ی مەدرەسە، کە پیاوێکی زۆر زاڵم بوو بیانوی وەگیر دەکەوت، کە دارکاریان بکا.

ژووری دەرس خوێندنمان تەنگ و تاریك بوو. پەنجەرێکی تێدا بوو، کە لە باتی شوشە کاغەزی لێدرابوو. بۆ ئەوەی ڕووناکتربێ کاغەزەکەیان بە ڕۆن چەور کردبوو. کورسیەکانی چەپرەك و شکاو بوون. مێزو کورسی مامۆستاش لە هی ئێمە باشتر نەبوو. مامۆستاکەمان پیرەپیاوێکی کوێرەموشەی زۆر توڕەو تۆسن بوو. هەمیشە سێ چوار شوڵی ئاڵوباڵوی لوس و لێك* و ئەستوری لەسەر مێزەکە داندرابوو. هەرکەس دەرسی نەزانیبا یا ورتەی لەبەر هاتبا دەر زۆر بێڕەحمانە وەردەگەڕا سەروگوێلاکی تا فێری فارسی بووم دوو سێ جاری بیراز کردم، بەڵام لە دواییدا لێینەدام، کە مامۆستا چووبا دەر شاگردێك، کە پێیان دەگوت "موبسیر" لە جێگای ئەو دادەنیشت، ئەرکی ئەوە بوو هەرکەس بزۆزی بکا بە مامۆستا بڵێ. هەمومان لە موبسیر پتر دەترساین تا لە مامۆستا. هۆی ئەوە بوو مامۆستا ڕقی لەکەس نەبوو، لەخۆڕا لە کەسی نەدەدا، بەڵام موبسیر ئەوەی نەدەزانی ڕقی لە هەرکەس بایە با هیچیشی نەکردبا شکایەتی لێدەکردو مامۆستاش بێ لێپرسینەوەو پێڕاگەیشتن دەیکوتا.

بەرنامەی دەرسەکانیشمان تازە فیکری لێدەکەمەوە زۆر گران بوو. ئەو ساڵی وام ڕابواردو لە ئاخری ساڵێدا یەکێك بووم لە باشترین شاگردەکانی کلاس و لە ئیمتیحانی ئاخری* ساڵدا زۆرباش دەرچووم.

هاوینێ چوومەوە گوند. حەیف مامۆستا ناکام لەوێ نەمابوو، بەڵام میرزایەکمان هەبوو زۆر لە مامۆستاکەی مەدرەسەم خوێندەوارتر بوو. لە کن ئەو و بابم کتێبی دوەمم تەواوکرد. بەرنامەی ئەودەمی وابوو دەبوو هەموو کتێبەکە لەبەر بکەی‌و من هەمووم لەبەرکردبوو.

ساڵی دووەم زۆر ئاسودە بووم. هەر مەشق و حیساب و دیکتە مابوو لەوانیشدا باش بووم. بۆیە هەر لە هەوەڵەوە یەکێك بووم لە شاگردە باشەکان و پێم وانییە لەو ساڵێدا لەسەر دەرس لە شوڵێك زیاتریان لێدابم. وەزعی مەدرەسەش لەپار باشتر بوو، ژورەکەمان لە هی پار زۆر خۆشترو ڕووناکتر بوو، مامۆستاکانیشمان باشتر بوون، بەڵام یەکیان، کە کورد بوو، دەرسی فارسی پێدەگوتین زۆر توندو بەزاکوون* بوو، هەموو ڕۆحمان لێی تۆقیبوو. مامۆستای حیسابمان ئازەری بوو. ئەوەندە خراپ دەگوت، کە ئێمەی منداڵ گاڵتەمان پێدەکرد، بەڵام حیسابی باش فێر کردین. لە بیرمە ئێوارێك جەدوەلی زەڕبی بۆ نوسینەوە* و هەریەکە دانەیەکی داینێ‌و حاڵی کردین چۆنی لەبەر کەین. گوتی سبەینێ ئێوارە لێتان دەپرسمەوەو هەرکەس ڕەوانی نەکردبێ غەڵەت* و شوڵی لێدەدەم. من ئەو شەوەی نەنوستم تا لەبەرم کرد. سبەینێ لێی پرسینەوە، کەس نەبوو بە تەواوی لەبەری بێ‌و وێی نەکەوێ. تەنانەت من، کە زۆر چاکم لەبەر کردبوو شوڵێکم ئافەریمانە هەر خوارد. خۆش ئەوە بوو مامۆستای حیسابمان بۆ خۆی لێی‌نەدەداین و مامۆستاکەی ترمان ئەو زەحمەتەی لە باتی ئەو دەکێشا.

چوار کلاسم لە مەدرەسەی سەعادەت و پەهلەوی خوێند. هاوینانیش لە گوند لە کن بابم تۆمارو کتێبی ئینشام دەخوێندو لەبەر خەتی ئەمیر نیزامی گەرووسی‌و میرزا حوسێنی ڕەشەم دەنوسیەوە. ئینشای فارسی باش فێربووم و خەتم یەکجار خۆش بوو، زۆر لە ئێستام خۆشتر دەنوسی.

دەڵێن دەعبای زیرەك بە دندووکێ پێوە دەبێ. بابم، کە خەت و ئینشای منی دیت، گوتی ڕۆڵە بوویە میرزاو خوێندنی مەدرەسە بەسە، بچۆ، لە مەدرەسەی دینی بخوێنەو جێی مەلا حاجی چۆڕی بگرەوە. زۆرم پێناخۆش بوو دەست لە خوێندنی مەدرەسە هەڵبگرم. نازانم بۆ هیچ پێم خۆش نەبوو ببمە مەلا. ڕقم لە بەرگەکەیان بوو. کەوای درێژو تەشك پاڵدێمی مەلایانەم پێجوان نەبوو. بەڵام چار چبو؟ حوکمی حاکمەو دەردی موفاجا. تەسریفی زەنجانیان لە بنهەنگڵ نام و هەی دێ بۆ خانەقای شێخی بورهان تا دەس بکەم بە ڕایەڵەکردن و ئالێ باباگوتن*. جا پاش ماوەیەك کەوای ئازدامێن لەبەر بکەم و سواك لە لاسەر بچەقێنم و شاڵی گەرگەڕی لەسەر ببەستم و جێگای مەلا جامی چۆڕی بگرمەوەو وەجاغی بنەماڵەکەمان کوێر نەکەمەوە.

چوار ساڵ لە خانەقا خوێندم یا باش ئەوەیە بڵێم نەمخوێند، بەڵام تۆڵەی کۆیلەتی ساوایەتیم ئەستاندەوە. لەگەڵ گەلی خاڵۆزاکانم، کە وەك بەرانی سوڵتان مەحمود بەرەڵڵاو تەرخان بووم و لە هیچ جێگایەك دەنگ نەدەدران و کەس بەرپەرچی نەدەدانەوە، گەلێکم بەدفەڕی‌و بزۆزی‌و دەس بزێوی کرد.

نەوە شێخ، ئەویش نەوەشێخی چل ساڵ لەوەی پێش ئەگەر کەس دەستی وەبەر نەیەنێ‌و بەرپەرچی نەداتەوە لە سەروبەندی بلوغدا چ دەمێنێ نەیکا؟

ئەو چوار ساڵە خۆشترین ساڵەکانی ژیان منن. زۆر خۆشمان ڕادەبوارد. دەستەیەکی 8–9 کەسی هاوتەمەن بووین، هەموو خاڵۆزاو پورزا بووین. هەر هەژارمان بێگانە لەگەڵ بوو، کە لە خۆمان هەڵنەدەبوارد. ئەویش بۆ خۆی زۆر قسەخۆش و خوێن

شیرین بوو و باوکیشی پیاوێکی زۆر ماقوڵ و لە خانەقا زۆر خۆشەویست بوو.

شاعیرێکی فارس دەڵێ:

مرد خرمند هنرپیشەرا عمر دو بایست دراین روزگار

تابیکی تجربه آموختن  با دگری تجربه بستن بکار

بۆ پیاوی خاوەن هونەرو زانا دوو جار ژیان پێویستە تا لە یەکیاندا تەجرەبە* وەسەریەك بنێ‌و لەوی تریاندا تەجرەبەکەی لەکاربێنێ.

دەستی شکاو و ڕانی وردم، ئەوی ئێستای دەزانم ئەگەر ئەودەم دەمزانی کار لە جێگایەکی دیکە بوو، منیش شتێکی تر بووم. بە ڕاستی خانەقا زانستگایەکی گەورە بوو و دەمتوانی زۆر شت فێربم.

خانەقای ئەو سەردەمە زۆر ئاوەدان بوو. خەڵك دەهات و دەڕۆیی‌و کەس هەقی بەسەر کەسەوە نەبوو. فەرق و جیاوازی زۆر کەم بوو. جارێکی دیکەشم گوتوەو دووپاتەی دەکەمەوە دەتگوت کەشتی نوحە. لە هەموو تۆو تۆرەو ڕەگەزێکی لێبوو، پەنای بێکەسان و لێقەوماوان و ئاواران بوو. پیاوچاك، خۆپارێز، دیندار، موسڵمان، مەلا، سەید، زانا، خوێندەوار، چەتە، دز، پیاوکوژ، نەزان، شێت، بێکارە، پەککەوتە، کوێر، شەل تەنانەت بێدینیش لە بنمێچێکدا کۆببوونەوەو پێکەوە دەژیان و هەموو یەك جیرە نانیان وەردەگرت.

ئەفغانی، فارس، تورکن ئازەری‌و تەنانەت هیندیشی لێبوون. کوردی هەموو ناوچەکانی کوردستانی لێهەبوون، کە بە شێوەی جۆربەجۆر قسەیان دەکردو هی وا هەبوون بە زەحمەت* تێك دەگەیشتن. پیاوی گەورەو زانا بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمی موکریان وەك مامۆستا فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوا قازی موحەمەد، حاجی مەلا موحەمەدی شەرەفکەندی، عەلیخانی ئەمیری بە تایبەتی ئاغا خوێندەوارو زاناکانی فەیزوڵڵا بەگی هات و چۆی خانەقایان دەکردو بە مانگ و دوو مانگ لەوێندەرێ* دەمانەوە. مەلای گەورە گەورەی لێبوون و دەرسیان دەگوتەوە. پڕبوو لە سوختەو موستەعیدی باش. کەسێك ویستبای بخوێنێ‌و شت فێربێ جێگای خوێندن و شت فێربوون بوو، بەڵام من لە کیسم چوو، ڕەفاقەتی خاڵۆزاکانم و فێزو هەوای نەوەشێخی نەیهێشت لەو هەلە کەڵکی پێویست وەرگرم. بێجگە لەوە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا دووجار خراپ نەخۆش کەوتم و لە خوێندن بووم. جارێك کەوتوییم گرت و لە مردن گەڕامەوە. تەنانەت دەیانگوت ئاومان بۆ گەرم کردوی‌و کفنمان بۆ بڕیوی. جارێکی تر کوانێکی گەورەم لە لامل هات و شەش مانگ لە بەری کەوتم و پاشان عەمەلیان کردو ماوەیەکی دوورو درێژ بناوبوێر* بووم. ئەو کوانە بەجارێك هێزو بڕستی لێبڕیم و هەرگیز وەك خۆم لێنەهاتەوە. من بە منداڵی قەڵەو پتەوو بەهێزو هەرەکەت بووم.

کەم منداڵی هاوتەمەنی خۆم بە زۆرەوانی دەرۆستم دەهاتن، بەڵام، کە ئەو کوانەم لێهات ئیتر هێزو توانام لە کەمایەسی*دا.

ئەودەمی لە سابڵاخ دەمخوێند هەژارم دەناسی، هاتوچۆی دوکانی بابی هەژارم دەکرد. مەلایەکی پیری زۆر قسەخۆش بوو، کە چوومە خانەقا یەکترمان گرتەوەو بووینە دۆست. جاروبار خۆمان لە گاڵتەوگەپ دەدزیەوەو شیعرمان دەخوێندەوە. هەموو شوێنەوارەکانی سەعدی‌و حافز، مەولەوی، کەلیم، سایب و شاعیرە بەرزەکانی فارسمان پێکەوە دەخوێندەوەو هەر تێگیراوێیەکی هەشمانبا ڕەهاکردنی هاسان بوو. خانەقا ئەدیبی زۆر گەورەی لێبوون، لێمان دەپرسینەوە. مەلا قادرێکی پیری لەرزی دەنگ نوساوی لێبوو، هەر بەحاڵ مابوو، ئەگەر بڵێم ئەو مەلایە ئاساری سەعدی لە خودی سەعدی باشتر دەزانێ پێموایە موبالەغەم نەکردوە. کەیفی بەوە دەهات شیعرێکی‌سەعدی لێبپرسیەوە، جا بەو دەنگە نوساو و لەرزە سەعاتێك بۆت شیبکاتەوە. خۆ شێخ موحەمەدی خاڵم چ ئەدیبێك بوو من ناتوانم تاریفی بکەم. ئەودەمی شەڕەشەقی ژیان وای لێنەکردبووم ناوی خۆشم لەبیر بچێتەوە. هەر شیعرێکم خوێندباوە دەست بەجێ دەهاتە بەرم. هەزاران شیعری فارسیم لەبەر بوو. شیعری کوردیشمان هەرچی وەگیر کەوتبا لەگەڵ هەژار دەمان نوسیەوەو لەبەرمان دەکرد.

لە ئاخریدا من و هەژار بە تەواوی لە تاقمی کوڕە شێخەکان جوێ بووینەوەو شەوڕۆژ خەریکی شیعر خوێندنەوە بووین. چەند چیرۆکی گەورەو چووکی وەك ئەسکەندەرنامەو ئەمیر ئەرسەلان و شیرۆیەو حوسێنی کوردمان پەیدا کردن و خوێندمانەوە. شەوی سێشەممو و جومعەی وا هەبوو هەموو فەقێیەکانی خانەقا دەکەوتنە لایەك و من و هەژاریش لە لایەك و شیعرێنمان دەکرد. بڕوا بکەن بۆڕمان دەدان.

ئەو هەموو شیعر خوێندنەوەو ڕەفاقەتی هەژارو هات و چۆی مەجلیسی ئودەبای خانەقا زەوقی ئەدەبی لە مندا بەوجود هێناو تەنانەت شیعری فارسیشم دەگوت. بەڵام تەنیا لە ڕووم هەڵدەهات بۆ هەژاریان بخوێنمەوە. ئەو خوداگرتوەش*. لە باتی ئەوەی بۆم چاك بکاو هانم بدا گاڵتەی پێدەکردم. لە بیرمە جارێکی شیعری شاعیرێکی فارسم دزی بوو و لەناو شیعری خۆم ئاخنی‌بوو، بۆم خوێندەوە. گوتی وەڵڵا ئەوانی خۆت زۆر خراپن، بەڵام، هینەکەی ئیبنویەمین زۆر باشە. زۆر بە خۆمدا شکامەوەو دەستم لەو کارە ناڕەوایە هەڵگرت. خەریك بووم شتێك بە شتێك بکەم، کە بابم تێگەیشت ئەو ماوە عومرەم بەزایە چوەو لە خانەقا نەمخوێندوە، ڕایگوێزتم بۆ کولیجە. ئەویش مڵکی خاڵم بوو، مامۆستا فەوزی لەوێ مەلایەتی دەکرد.

دەبێ بڵێم من دەسکردی فەوزیم. ئەو هەڵیوەشاندمەوەو تێکی هەڵشێلام و سەرلەنوێ دروستی کردمەوە. ئەو دەرکی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوە. ئەو ڕێگای ژیانی پێنیشاندام. بێگومان

ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی‌و لە کن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو، کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە.

ئەو تێی گەیاندم من ڕۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێبەش و چارەڕەش و زۆرلێکراوەو دەبێ ڕۆڵەکانی لە پێناوی ڕزگارکردنیدا فیداکاری بکەن و لەخۆبوردوویی نیشان بدەن. ئەو فێری کردم زەوقی ئەدەبیم چۆن تیف تیفە* بدەم و مشت و ماڵی بکەم. ئەو فێری کردم چۆن بنوسم و چۆن شیعر بڵێم. ئەو فێری کردم وڵاتەکەم خۆش بوێ‌و پێی هەڵ بڵێم ئەو حاڵی کردم کوردی زمانێکی ڕەوان و بەربڵاو دەوڵەمەندەو دەکرێ ئەدەبێکی گەورەو دنیاپەسەندی هەبێ.

ئەو حاجی قادری کۆیی، نالی، کوردی، سالم، مەولەوی، حەریق، مەحوی، ئەدەب و وەفایی پێناساندم و شیعرەکانی ئەوانی بۆ شیکردمەوە. ئەو فێری ڕۆژنامەخوێندنەوەو ڕۆمان خوێندنەوەی کردم. ئەو دیوانی شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی فارسی بۆ پەیدا کردم و هانی دام بیانخوێنمەوەو شتیان لێفێر بم، بەڵام سوێندی دام قەت بە فارسی شیعر نەڵێم و هەتا بۆم دەکرێ بە کوردی بنوسم.

ساڵ و نیوێک لە خزمەت ئەو خوێندم. بەیانیان لەگەڵ گزینگ دەرکەوت، دەچوومە ماڵی مامۆستاو زۆر ڕۆژی وا هەبوو، تا بانگی نیوەڕۆی دەداو مامۆستا هەڵدەستا بۆ نوێژ دەرسم دەخوێندو هیچمان ماندوو نەدەبووین. کەم وابوو لەسەر کتێب دەرسم پێبڵێ، دوڕو گەوهەری نایابی لە دەریای قوڵ و بێبنی زانستی خۆی دەردێنان و لە کۆشی منی هەژاری چاولەدەستی دەکردن. بە ڕاستی مامۆستاو شاگرد نەبووین پیرو مورید بووین. من تا ڕادەی پەرستن ئەوم خۆش دەویست و ئەویش منی بە کوڕی خۆی دەزانی. ئەگەر ڕۆژێک نەم دیبا ئارەزووم دەکرد. جومعەو سێشەممۆمان نەبوو. ئەو لە پێگەیاندنمدا بە پەلە بوو، منیش تامی تێگەیشتنم کردبوو، قەت لە خوێندن و خوێندنەوەو گوێڕاگرتن لە مامۆستا وەڕز نەدەبووم.

پاش نیوەڕۆیانیش لە باتی مامۆستا دەرسم بە کچ و کوڕە گچکەکانی خاڵم دەگوت. ئەویش دوو قازانجی هەبوو. هەم زانیاری خۆم بەرەو ژوور دەچوو، هەم زەحمەتی مامۆستام* کەم دەکردەوە.

فەوزی بە بڕوای من یەکێکە لە گەورەپیاوانی مێژووی کوردستان، کە داخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتان و خۆشی لەبیر چۆتەوە. ئەولاوە کوردانەی لە سەردەمی پاتشایەتی ڕەزاخانی پەهلەویدا، کە بە تەقلیدی ئاتاتورک خەریک بوو، گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بتوێنێتەوەو یەکێک لەو سێکوچکە ئاورە بوو، کە پەیمانی سەعدئابادی پێکهێنابوو، ئازایانە کوردایەتیان دەکرد، یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بوون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو. بە تایبەتی پێشەوا قازی موحەمەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد، کە شاگردی فەوزی بوە.

مەلا ئەحمەدی فەوزی یا مەلای سولیمانی کێ بوو؟ چکارە بوو؟ بۆ پەڕیوەی مەڵبەندی ئێمە ببوو؟ نازانم. من ئەودەمی ئەوەندەم مەبەست نەبوو ئەوانە بزانم. لە ڕووشم هەڵنەدەهات لێی بپرسم، بۆ خۆشی هیچ باسی خۆی بۆ نەکردووم. ئەوندە دەزانم دەیانگوت خەڵکی شاری سولیمانییەو لە کوردستانی عیراقەوە لەگەڵ شیخەلیسلامی گەورەدا، کە لە پێش بابمدا شیخەلیسلامی موکریان بوەو هەر لە بنەماڵەی مەلاجامی بوە، هاتۆتە موکریان. پاش مردنی شیخەلیسلام ژنەکەی ئەوی مارە کردبۆوەو کچێکی لێهەبوو، کە بە جوانەمەرگی مرد. ژنێکی دیکەشی هێناو کچێکی تریشی* لەوی بوو. وا بزانم ماوەو مێردی کردوە. بۆ خۆی لە ساڵی 1943–1922دا لە گوندی حاجی کەند مردو لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە. کتێب و نوسینەکانی وەگیر زاواکەی کەوتن، کە هیوادارم نەفەوتابن. وەک بیستومە پاش مردنی 140 تمەن دراو و دوو ماینی میرات لێ بەجێماوە.

فەوزی زانایەکی گەورە، ئەدیبێکی کەم وێنە، کوردێکی پاک و بێباک بوو. بەڵام شاعیرێکی باش نەبوو. بیرێکی تیژو وردی هەبوو، ئەمما تەبعەکەی ئەوەندە ڕەوان نەبوو بتوانێ بیخاتە ناو چوارچێوەی شیعری عەروزییەوە. ئەودەمیش شیعری سپی* نەببوە باو. جاروبار شیعری خۆی بۆ دەخوێندمەوە. بەڵام هیچ بە دڵم نەبوون. جارێکی قەسیدەیەکی درێژی فارسی بۆ خوێندمەوەو نەشی گوت هی خۆمە، بەڵام من زانیم شیعری خۆیەتی. بێدەنگ بووم تا تەواو بوو، گوتی پێت چۆن بوو؟ گوتم باش نەبوو. وادیار بوو خۆشی زۆری خۆش نەدەویست پێکەنی‌و گوتی: هی خۆمە، بەڵام کەس وەک تۆ بیروبڕوای خۆی دەرنابڕێ‌و بۆ هەرکەسم خوێندۆتەوە گوتویانە زۆر باشە؟ گوتم قوربان لە سایەی تۆوە من وام لێهاتوە شیعری باش و خراپ لێکبکەمەوە. ئەوجار قاقا پێکەنی‌و گوتی دیارە نەک هەر باش نین بەڵکە خراپیشن و کاغەزەکەی وردورد کرد.

درۆ نەبێ لە خۆیم نەبیستوە، بەڵام بیستومە زۆر دۆستی عاریف سایب بوە. ئەوەشم بیستوە چەند جار مەحمود جەودەت هاتۆتە موکریان و لە ماڵی ئەودا خۆی شاردۆتەوەو لەگەڵ خەڵک تەماسی سیاسی گرتوە، تەنانەت بیستومە کۆمەڵەی ژینەوەشیان دروست کردوە، بەڵام هەر گوتەیەو زۆر جێگای متمانە نییە. مامۆستا غەزەلێکی حافزی تەخمیس کردبوو، کە لە ناو شیعرەکانیدا پەسندم کردبوو. ئەوەش بەندێک لەو تەخمیسەیە، کە بە بڕوای من وەستایانەیە.

گهی شوی ز امیران پادشه محسوب
گهی وزیرو بدرگاه پادشه محبوب
گچی شوی بسر دار ناگهان مصلوب
"بچشم عقل دراین رهگذار پرآشوب"
"جهان و کار جهان بی ثبات و بی محل است"

بێجگە لە فەوزی من لە کولیجە مامۆستایەکی دیکەشم هەبوو، کە زۆری لێفێر بووم. سەید عەوڵای سەیدمینە پیاوێکی یەکجار درێو و ناشیرین و زۆر ناقۆڵاو نالەبارو زۆر شپرێو و ئاڵۆز بوو. نەخوێندەوار بوو، بەڵام زۆر زاناو تێگەیشتوو بوو. ڕەنگە بڵێن نەخوێندەوارو زانا وەك کۆڵەو شاخدارەو چۆن شتی وا دەبێ؟ بەڵی ئەو پیاوە نەیخوێندبوو، تەنانەت حەرفێکیشی نەدەناسی، بەڵام لە ئەدەبی فارسیو کوردیدا دەستێکی باڵای هەبوو. هەرچی جارێکی گوێ لێبووبا دەهاتە بەریو قەتی لەبیر نەدەچۆوە. بەشی زۆری شانامەی فیردەوسی، خەمسەی نیزامی، مەسنەوی، غەزەلیاتی سەعدیو بە تایبەتی سەرتاسەری دیوانی حافزی لەبەر بوو. خۆ باسی شیعری شاعیرەکانی کورد هەر ناکەم. کام شیعری هەرەگرانت لێپرسیباوە وردترین مەعنای لێدەداوە. لە بیرمە جارێك کۆنە مەلایەك ئەو شیعرە فارسەی لێپرسیمەوە.

آنچه بر من میرود گر بر شتر رفتی ز غم
میزدندی کافران در جنت الماوا قدم

من ئێستاش و ئەودەمیش ئەو جۆرە شیعرانەم پێخۆش نەبوون و نین، نەمزانیو مەلا گاڵتەی پێکردم. لە خاڵ عەولام پرسیەوە گوتی هەی لە منت نەکەوێ، ئەوە ئیشارە بەو ئایەتەیە کافر هەنگێن دەچنە بەهەشت، کە وشتر لە کونی دەرزییەوە بچێ. یانی ئەوی لە شاعیر قەوماوە ئەگەر لە وشتر قەومابا وا باریك دەبوو لە کونی دەرزییەوە دەچوو و کافریش بە بەهەشت وەردەبوون.

بۆخۆشی شیعری دەگوت و بە خوێندەوارێك دەینوسینەوە. شیعرەکانی وەك شیعری شاعیرەکانی پێشومان پڕ بوون لە وردەکاری شاعیرانەو وشەی بێگانە، بەڵام لە گۆرانی گوتندا بەندی وای دەگوتن سەربەسەر گەوهەریان دێنا. وشەی ساکاری کوردیو قافیەی جوان و مانای وردیان هەبوو. ئەو دوو شیعرەی ئەوم لەبیر ماون:

جەفاو وەفا، ڕاتسی و درۆ
بوونە کردەوەی ئەمن و ئەتۆ
جەفا پیشەی تۆ وەفا پیشەی من
ئەمن ڕەپ و ڕاست ئەتۆ درۆزن

سەڵت و ڕەبەن بوو، لە دیوەخانی خاڵم دەژیا، بە تەواوی مەعنای کەلیمە هونەرمەند بوو. گوێی نەدەدا سەروبەرگ و دەم و چاوی، زۆر بەرزەفڕ بوو، چاوی لە بەرات و خەڵات و شاباش و دیاری نەبوو. دەنگی خۆش بوو، بۆ خۆیو بۆ دڵی خۆی گۆرانی دەگوت. بۆ خۆی وازی لێنەبا، شاش لەبەری پاڕاباوە متەقی لێنەدەهات. چاك لەگەڵ من ڕێك کەوتبوو. شەوانە پێکەوە لە دیوەخان دەماینەوە. من کتێبم بۆ دەخوێندەوەو ئەو بەیتی بۆ دەگوتم. من لەو بەیتانەوە فێری وشەی ڕەسەنی کوردی بووم. ئەگەر مامۆستا فەوزی شاعیرە بەرزەکانی کوردی پێناساندم و ئەدەبی فارسی فێرکردم، سەید عەولاش فۆلکلۆری ئەدەبی کۆنی نەتەوەکەمی پێناساندم و فێری وشەی ڕەسەنی کوردی کردم. هاونشینی سید عەولا تەئسیرێکی قوڵی لە ژیانی ئەدەبی مندا هەبوو و ئێستاش هەیەتی. ئەو پیاوە نەخوێندەوارە یەکێکە لە مامۆستا هەرە گەورەو بەنرخەکانی من.

با ئەوەش بڵێم من لە کولیجە بۆ یەکەم جارو ئاخر جار ئاشق بووم، عیشقێکی پڕ سۆزو کوڵ و ئەفلاتونی، عیشقێکی پاك و خاوێن و ئاسمانی، عیشقێکی ساکارو منداڵانەو دوور لە هەوەس و هەوا، بەڵام ئەو عیشقە زۆری نەخایاند، زۆری دەوام نەکرد. ئەو گڕو کفە زوو دامرکاو خۆڵەمێشی فەرامۆشی دایپۆشی. گراویەکەم* گاڵتەی بە هەستی پاکی من کرد. ئەو لە من بە ئەزمونتر بوو، ئەو هەوەسباز بوو نە عاشق، بەڵام هەرچی بوو ئەو گڕوکفەش تەئسیری لەسەر قریحەی شاعیرانەی من بوو.

ساڵی 1317، کە لاوێکی 17 ساڵە بووم، مامۆستاکەم لە کولیجە ڕۆیشت و منیش دەستم لە خوێندن هەڵگرت و چوومەوە ماڵێو دەستم کرد بە کارو کاسبی. ئێستا ماڵمان لە گوندی شیلان ئاوێ بوو، بابم سامانەکەی جارانی نەمابوو، بەڵام هیمەتەکەی هەر مابوو. براو ئامۆزاکانی لێ جوێ ببوونەوەو هەر گوندێکی بۆ مابۆوە. چاك خەریکی کاسبی بووم و زوو فێری کاری کشتوکاڵ کرام. بە ڕۆژ کارم دەکردو بە شەو موتاڵا. هەرچەند کتێب و ڕۆژنامەم کڕیبا بابم دەستی وەبەر دەستی نەدەهێنام. زۆر شەوی وابوو تا بەری بەیان نەدەنوستم و تەماشام دەکرد. بڕوام پێبکەن ژوانی لەگەڵ کیژانم لەبەر خوێندنەوەی کتێب لەبیر چۆتەوەو لێم تۆراون و گلەییان لێکردووم. ئەو ڕۆژەی پیاومان لەشار دەهاتەوەو کتێب و ڕۆژنامەی بۆ دێنام نیوێکی ڕێگای بە پیرەوە دەچووم.

چاپەمەنی ئەو سەردەمی ئێران پێشکەوتوو نەبوو. چەند گۆڤاری وێنەدارو جوان دەردەچوون، کە لە لایەن سەفارەتی ئاڵمانی نازیەوە یارمەتی دەدران و بە قازانجی نازیسمیان دەنوسی. کتێبی سیاسی ئەودەمی هەموو لە بارەی هیتلەرو موسۆلینیدا بوون. ڕۆژنامەکانیش تەبلیغاتیان بۆ ئاڵمان دەکردو بە بەژن و باڵای پەهلەوییان هەڵدەگوت. تەنیا ڕۆژنامەیەك، کە ئەودەمی شیرین بوو تا ژیاش هەر شیرتر بوو، نەحلەت لەو کەسەی مراندی تەوفیق بوو. ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژانی پێنج شەممو دەردەچوو و لە هەموو ژمارەیەکدا دەینوسی: "شەوی جومعە دوو شتت لەبیر نەچێ. دووهەم ڕۆژنامەی تەوفیق". من ڕەبەن بووم، دەنا ئەوی تریشم لەبیر دەچوو، بەڵام شەوی جومعە تەوفیقم لەبیر نەدەچۆوە. ئەو چیرۆکانەی تەرجەمە دەکران زیاتر پۆلیسی بوون. چیرۆك نووسی زۆر چاك هێشتا لە ئێران پەیدا نەببوو، بەڵام من بۆژۆم نەدەکردو هەموو شتم دەخوێندەوە. هاتوچۆی مەهابادیشم دەکردو دۆست و ئاشنای چاکم پەیدا کردبوون. جارێ ئەوە ئەرکێك بوو بابم پێی ئەسپاردبووم هەرچەند جارێ چووبامە شار دەبوو بچمە مەحکەمەی قازی موحەممەدو دیوەخانی میرزا

ڕەحمەتی شافیعیو سلاوی بابمیان پێبگەیەنم. ئەو دوو جێگایە قەوغاترین دیوەخانی مەهاباد بوون و خەڵکیان زۆر لێدەبوو، وردە وردە چاووگوێم دەکراوە گەورەپیاوانی وڵاتم دەناسین و ئەوانیش لەبەر خاتری بابم حورمەتیان دەگرتم. بێجگە لەو دوو جێگایە، کەئەگەر لەبەر قسەی بابم نەبا هێندە نەدەچووم، جێگایەکی تریش هەبوو، کە ناکرێ ناوی بێنم. ئەو جێگایە مەکۆی ئەو لاوانە بوو، کە هەوای نیشتمانپەروەرییان کەوتبوە سەر. زەبیحیو ڕەسولی میکاییلی قزڵجیو نانەوازادەو ئیلاهیو سەیدیو زۆر کەسی ترم لەوێ ناسین. هەژاریش هەرچەند جاری هاتبا شاری بە ماڵی ئێمەدا دەهات. ئەو ڕەفیقانە کۆڕی ئەدەبی پچووکی کوردیان پێکدێناو بە نەهێنی شیعری کوردییان دەخوێندەوە. دەیان ناردە کوردستانی عێراق و هەرچی کتێبی لەوێ چاپ کرابان بۆیان دەهات و دەیاندا بە منیش. قەت نەمپرسی کێ بۆتان دەنێرێو کێ دەیانهێنێ؟ من کاڵەك خۆر بووم نە بێستان ڕن. چەند شاعیریش هەبوون شیعری خۆیان بە نەهێنی بڵاودەکردەوە. بە تایبەتی شیعرەکانی سەیفی قازیو.. ئاگریان دەکردەوە.

ساڵی 1320–1941 من لاوێکی پێگەیشتوو بووم. لە کاروباری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کارامە ببووم و لە ئەدەبیاتی فارسیو کوردیشدا شارەزایی تەواوم پەیدا کردبوو. بۆ خۆشم شیعرم دادەنا. دیوانێکی گەورەم دروست کردبوو. بابم ئەگەرچی بۆ خۆی ئەهلی زەوق بوو، شیعری زۆر پێخۆش بوو، زۆری پێناخۆش بوو من ببمە شاعیر. لە کن ئەو بڕای بڕای باسی شاعیری خۆم نەدەکرد. دەفتەری شیعرەکانم وەك بێچوو پشیلە لە بابم دەشاردەوە.

ڕۆژێك خەریکی شیعرنوسینەوە بووم. کارێکم هاتە پێش وەدەرکەوتم و دەفتەرەکەم لە گۆڕی بەجێهێشت. ترسی وەم نەبوو بابم لەو وەختەدا بێتە دیوەخان. زۆرم پێنەچوو، کە(هاتمەوە دەفتەرە سوور دیار نەبوو. پرسیارم کرد گوتیان بابت دەستی دایەو بردی لە پشتێن بەرەژێرم مرد. پێم وانەبوو بە هاسانی نەجاتم دەبێ. زانیم خراپم لێقەوماوە، شیعرەکانم پوختە نەبوون، لاسایی شاعیرە کۆنەکانم کردبۆوە، هەموو جۆرە شیعرێکم دانابوو. تەنانەت لە فرهاویشتندا لاسایی شێخ ڕەزاو ئیرەج میرزای فارسیشم کردبۆوە. بۆیە هەقم بوو بترسم، گاڵتە نەبوو، من هەم شاعیر بووم و هەم ئیعترافم بە گوناھ کردبوو، با بە خەیاڵیش بێ، منیش وەك شێخ ڕەزا بوختانم بە خۆم کردبوو، بابم شتی وای پێقبووڵ نەدەکرا، بەڵام وا دیار بوو نەیخوێندبونەوە.

چوومەوە ژوورێو گوتم ئەگەر کارەکە گەند بوو دایکم دەکەمە تکاکار، پرسیم گوتم کوا بابم؟ گوتیان بە تورەیی چوە متبەخ، خۆم وەپەنادا، بە بۆڵەبۆڵ هاتە دەرو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: خوێڕی کارم بۆ فێر بوە. شاعیری شاعیری! دەیەوێ لە برسان بمرێ، خۆم بە متبەخدا کرد، تەماشم کرد دەفتەرە سوور لەسەر کڵی تەندور بۆتە قەقنەس.

ئەودەمی زۆرم پەرۆش بوو، بەڵام پاشان گوتم دەستی خۆشبێت، چونکە بێگومان ئێستا مابان* بۆ خۆم دەمسوتاند، ڕاستە هەموو مەوزون بوون و قافیەیان هەبوو. بەڵام لاسایی کردنەوەی تەواو بوون و هەستی شاعیرانەی خۆمیان کەم تێدابوو. پاشانیش زۆری وام فڕێداون.

بێجگە لە کاروکاسبی ڕۆژانەو موتاڵاو خوێندنەوەی شەوانە لە دێ سەرگەرمی دیکەشم بوون، سواریو تەقڵەو ڕمبازیو ڕاوەکەو و ڕاوە تاژی و ڕاوە تفەنگ.

بابم ئەسپی زۆر ڕەسەن و باشی هەبوون کە زۆری خۆش دەویستن و باشی ئاگا لێبوون، من و کاکم هەمیشە ئەسپ و ماینی تایبەتی خۆمان هەبوو.

هیچمان هەقمان نەبوو سواری ئەسپی ئەوی تر بین، دیارە کاکم سەرپشك بوو و ئەسپی باشتری بۆ خۆی هەڵدەبژارد، بەڵام لە دوایدا هەمیشە ئەسپی من باشتر دەردەچوون، چونکە لەوی هێدیتر بووم و کەمترم ماندوو دەکردن و لەوی بە مشورتر بووم و چاکترم ئاگا لێدەبوون و باشترم بەخێوەکردن. زۆرجاریش گرنەی تێدەهاڵاندم و ئەسپەکەی لێدەستاندمەوەو یەکی دیکەی دەدامێ، بەڵام بابم بۆی تێهەڵدەهێنامەوەو ئەسپ و ماینەکانی تری دەدا بە من سواریان بم و تەعلیمیان بدەم. سوارێکی باش بووم و وڵاغم چاك دەعاملاندن، بەڵام قەت ڕاوکەری چاك نەبووم، نە تەماڵ و دیاردیم باش دەدیتەوە، نە شوێنم چاك دەگێڕا، نە داوم بە پەلە بۆ دەچەقا، نە تفەنگم باش دەنگاوت. دیارە بە تاپڕ کەم وابوو لە هەردی ببوێرم، بەڵام نەمدەگەیاندە ئەو تفەنگچیانەی لە هەوا نەیاندەبوارد.

ڕۆژانی جێژن و بوکهێنان و خەنەبەندان و کچ بە مێرددان داوەت و ڕەشبەڵەکمان دەگرت، هەموو جارێ پیاوێکی ماقووڵ و ڕدێن سپیمان دەناردە کن بابم و ئیجازەمان لێوەردەگرت هەموو جارێ موخالەفەتی دەکرد، بەڵام هێندی لەبەر دەپاڕاینەوە دەهاتە ڕەدایەو بەو شەرتەی لە نەدیوی دیوەخانی ئێمە داوەت بگیرێ ئیزنی دەدایین، بە ڕاستی خۆش بوو، کچ و کوڕو ژن و پیاوی گوندەکەمان هەڵدەپەڕین، من ئەو ڕەسمەم لە ڕەشبەڵەکی لادێدا زۆر پێجوان بوو کە پیاو مەگەر ژن بۆ خۆی بانگی کردبا، دەنا هەقی نەبوو بچێتە دەستی دۆیان. پیاو دەبوو هەمیشە لە پێشەوەڕا بچێتە نێو گەڕی داوەت، دەنا عەیب بوو، بەڵام دۆ دەبوو لە پاشەوەڕا بێتە ناو داوەت و هەڵبژاردن بە خۆی بوو. ئەو ڕەسمە دەگەڕێتەوە سەر ئەو زەمانەی کە ژن لە کوردەواریدا ئازادی پتر بوە.

بۆ شەو* داوەت ئیجازەمان لە کەس وەرنەدەگرت. شەوی مانگەشەوی هاوین لە حەوشەی مەڕی کچ و کوڕی ئاوەدانی تێکەڵ دەبوون و داوەتیان دەگرت و هەمیشە لە دووی منیشیان

دەنارد. زستانان لە ئاخەل و هۆڵاندا شەوداوەتمان دەگرتن. جارجارە سۆفی شەیتان و شۆفار خەبەری ئەو شەوداوەتانەیان بە بابم ڕادەگەیاند. ئەویش لە پێشدا جنێوی بە من و دوایە بە چەند کوڕە جحێڵەی دێ دەداو کەمێکی هەڕەشە لێدەکردین و دەبڕاوە، بەڵام بە قسەی شەیتان و شۆفار دەستمان لە شەوداوت هەڵنەدەگرت و جنێوی گەورانیش بە قەولی کوڕە جحێڵەکان خەڵات بوو.

زستانان بە شەو جۆرابێن و کاڵەمستێن و فەلەی بێدەنگ و کۆسەبازی و تەڕکی بن بەڕەیان لە مزگەوت دەکردو بە ڕۆژ جگێن و ماتێن و مێشێن و هێلکەشکێن و شێروخەتیان دەکرد. من تا کتێبم وەگیر کەوتبایە لە دیوەخانی خۆمان وەدەر نەدەکەوتم و نەدەچوومە سەیری ئەوانە، بەڵام سەرە بەهاران هەموو ڕۆژێ دەچوومە تۆپێن.

لە مانگی خەرمانانی 1320–1941 ڕۆژێکی چووبوومە سەر خەرمانان. کرێکارەکانمان خەریکی مالووس زرینگاندنەوەو باڵەکەو بوون و منیش لە کنیان دانیشتبووم و ئەسپەکەم وەسەر کوێزر کردبوو. ئەودەمی فڕۆکەو ماشێن زۆر کەم بوون و خەڵك پێی سەیر بوون. لەپڕ دوو فڕۆکەی ڕەشی زەلام پەیدا بوون. ئێمە تاوێستا فڕۆکەی ئەوەندە زلمان بە ئاسمانەوە نەدیبوو. هەموو دەستیان لەکار هەڵگرت و تەماشای فڕۆکەکانیان دەکرد. دیمان فڕۆکەکان نیزیك بوونەوەو نەوی بوون و کاغەزیان بەردانەوە. هەموویان ڕایان کرد بزانن چییە؟ ژنێك لە پێش هەمواندا گەڕاوەو کاغەزێکی دامێ‌و گوتی، ها بە قوربانت دەبم بیخوێنەوە بزانە چییەو چی تێدا نوسراوە؟.

بڕوا بکەن وەختابوو لە خۆشیان باڵ بگرم. ئەو کاغەزە بەیاننامێك بوو، کە بە زمانی کوردی نوسرابوو. چۆن ئەوە خەونە، یا ڕاستییە؟ دەوڵەتێکی گەورەی وەك یەکێتی سۆڤیێتی بە زمانی کوردی بەیاننامە بڵاوبکاتەوە؟ بۆ من هەروا کەم نەبوو.

بۆ من، کە شێت و شەیدای زمانی کوردی بووم ئەوپەڕە کاغەزە بەس بوو، کە لە خۆشیان شاگەشکەم بکا. ئەودەمی وا وردم لێك نەدابۆوە بەڵام لە واقیعدا لە باری سیاسییەوە ئەو کارەی دەوڵەتی شورەوی ئەوپەڕی ئازادیخوازی تێدا بوو نیشانەی ئەوە بوو، کە ئەو دەوڵەتە ئیعتراف بە بوونی گەلانی جۆربەجۆری ئێران دەکا.

ئەو بەیاننامە بۆنی شەڕی لێدەهات. دیار بوو لەشکری سوور هاتبوو دەئێرانەوە. هەرچەند لە بەیاننامەکەدا دڵخۆشی خەڵکیان دابۆوەو هەڕەشەو شتی وای تێدا نەبوو، بەڵام ئێمە زۆر لە ڕووسان دەترساین. پیرەکان نەقڵی بەدفەڕی و بێڕەحمی‌و دەست وەشێنی لەشکری تەزاریان لە شەڕی یەکەمدا بۆ گێڕابووینەوە. لە سەرتاسەری ڕۆژگاری حکومەتی پەهلەوی‌دا ڕۆژنامەکانی ئێران هەر شتی خراپیان لە دژی شورەوی نووسیبوو. باڵشویك لەو سەردەمەدا لە ئێران گەورەترین جنێو بوو. خۆ بە تایبەتی پاش ئەوەی شەڕ لە نێوان ئاڵمانی نازی‌و یەکێتی سۆڤیێتیدا هەڵگیرسا، چاپەمەنی ئێران هەموو نوسینەکانیان بە سودی ئاڵمان و بە زیانی شورەویی بوو. ماوەیەك بوو شارەوانی مەهاباد ڕادیۆیەکی هێنابوو و بەرنامەکانی "بیرلەنی" بە زمانی فارسی بڵاودەکردەوە، کە سەرتاپا جنێو بە کۆمۆنیزم و باڵشوێزم بوو.

بەڵام ئەوانە هچی بۆ من لەو وەختەدا گرنگ نەبوون. گرنگ ئەوە بوو کورد میللەتێکە دەوڵەتان دەیناسن و بەیاننامە بە زمانی ئەو بڵاودەکەنەوە.

نازانم چۆن خۆم گەیاندە ئەسپەکەم و سوار بووم و پێم پێوەناو لەسەر جڵەوان چوومەوە ماڵ، بەیاننامەکەم بۆ بابم خوێندەوە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی من ڕەنگی بزرکا، شڵەژاو بە کاوەخۆ گوتی: ڕۆڵە قەوما، وا دیارە ڕوس هاتوونە دەئێرانەوە. شەڕو کێشە پەیدا دەبێ، وڵات دەشێوێ. کوڕی خۆم تۆ نەتدیون و نایانناسی. زۆر خراپن، زۆر پیاوکوژن و بێبەزەیی‌و دەست ڕەشن، من کوشتاری ساباڵخم بە چاوی خۆم دیوەو لە بیرمە چۆن خەڵکی بێدەرەتان و لێقەوماویان بەشیران شەق و پەق دەکرد، دەبێ زوو خۆمان خڕ کەینەوەو خۆ بگەیەنینە قایمە. خودا بمان پارێزێ. ڕۆژی پیاوانە، بۆ ئەو ڕۆژە بوو دەمگوت فێری سواری‌و تفەنگ هاویشتن بن. بۆی مات بوو و دوو سێ جار لەبەر خۆیەوە گوتی: "هەرزن و بزن چیایە مەزن"

بابم هەقی بوو نیگەران بێ، چونکە ئەو لەشکری تەزاری دیبوو. ئەو کوشتاری بێڕەحمانەی ژەنەراڵە کۆنەپەرستەکانی ڕووسی لە کوردستاندا دیبوو. ئەو وەکو زوربەی ئێرانییەکان ئاگای لە ئاڵوگۆڕی پاش شۆڕشی ئوکتۆبر لە یەکێتی سۆڤیێتیدا نەبوو. نەیدەزانی لەشکری سوور چۆن عاملاوە؟

بۆ ئێوارێ چەند پیاوی ماقوڵی مەهاباد پەیدابوون. ئەوانیش دۆست و هاوتەمەنی بابم بوون. شەڕی یەکەمیان وەبیر دەهات. زۆر لە بابم پتر نیگەران بوون. یەکیان گێڕایەوەو گوتی نۆ کەس لە بنەماڵەی ئێمە بە ڕۆژێك بە دەستی ساڵداتی ڕوس کوژراون.

ئەو قسانە منیشی بڕێك نیگەران کردبوو، بەڵام لە خۆشی بەیاننامەکە هەر شاییم لە دڵدا دەگەڕا.

خەریکی خزمەتی میوانەکان بووم، بەڵام هەردەمەنادەمەکێك بەیاننامەکەم دەردێناو دەمخوێندەوەو سەرلەنوێ لە تەنکەی گیرفانم دەناوە.

شەو کاکم و پیاوەکانمان چوون و ژن و منداڵی ئەو میوانانەو خزمەکانی خۆمانیان لەشار هێنادەر.

بەیانی دوو فڕۆکە هاتن و چەند نارنجۆکی پچووکیان بە شاردا دا، ئەرتەشی شاهەنشاهی، ئەو ئەرتەشەی لە کوشتنی میللەتی ئێراندا لاسای داگیرکەرانی مەغول و نازی دەکردەوە، تاوێکی بەربەرەکانی نەکردو پێش ئەوەی لەشکری سوور بگاتە مەهاباد چەکی فڕێداو وەك تۆوی هەرزن بڵاوبوو. هەژار لەو بارەوە هەر ئەودەم چەند جوانی گوت:

"بە بڵاوبوونی دووپەڕ ئاگاهی"
"بوو بڵاو ئەرتەشی شەهەنشاهی"

تفەنگی بڕنۆیان دەدا بە نانێك. ئەویش ئەوی ئازایان، دەنا ئەوی ترسەنۆك بەرتیلی دەدا تفەنگەکەی لێوەرگرن.

بەشی زۆری خەڵکی مەهاباد ڕوویان لە گوندەکەی ئێمە کرد. بابم پێشوازێکی باشی لێکردن و هەرچی هەمان بوو لە ئیختیاری نان. عەمباری گەنمی کردەوەو ئاشەکانی گوندەکەمانی دا بە خەڵك و هەرکەس هەرچەندی ئارد ویستبا دەیان دایە.

هەموو ڕۆژێ جاڕیان دەکێشا هەرکەس هەرچی پێویستە بێ لە ڕوودامان و شەرم کردن داوا بکا. خەڵکی مەهاباد ئەو پیاوەتیەی بابمیان لەبیر نەچوو تا ما زۆریان ئیحترام گرت.

چوار پێنج ڕۆژ کەس بەسەر کەسەوە نەبوو. لە پێشدا لەشکری ئینگلیس گەیتشە سابلاخ و دەستێکیان ڕەسەر بارخانە خست و چەکی قورسیان برد. دوایە لەشکری سوور هات. بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەنۆڕی دەکرا نە کەسیان کوشت، نە کەسیان تالان کرد، نە ئازاریان بە کەس گەیاند. ئەوەندە باش لەگەڵ خەڵك جولانەوە، کە کەس بە لەشکری داگیرکەری نەدەزانین. نەقڵێکی خۆشم وەبیر هاتەوە: لە زەمانی پەهلەویدا کابرایەکی دزو چەتەو پیاوکوژو خراپ پەیدابوو. بە تاقی تەنێ کەڵەگایی لە خەڵك دەکرد. کەتە پێنج تیرێکی کۆنی پێبوو، لەو ناوەدا دەگەڕاو هەرچی وازی لێبا دەیکرد. پۆلیسی ئێران بۆی نەدەگیرا، بەڵام زانیبای چۆتە هەر ماڵێك خاوەن ماڵەکەی دەگرت. کابرایەکی پیریان بەو تاوانە گرتبوو، کە شەوێك "سۆغرە" یانی ئەو چەتە پیاوخراپە نانی لە ماڵی خواردبوو. دوو ساڵ بوو لە ورمێ گیرابوو، کە هاتەوە پێوەی چووم و گوتم مامە چۆنت نەجات بوو؟ گوتی چووزانم، فریشتێکی سووری چاوشین هات و دەرکی لێکردمەوەو گوتی بڕۆ.

لەشکری تاران لە موکریان نەما. لە پێشدا عەشیرەتەکان تا ڕادەیەك ئاڵۆزیان کردو یەکتریان کوشت، بەڵام وردە وردە وڵات ئارام بۆوەو وەزعێکی لەبار بۆ جوڵانەوەی سیاسی پێکهات.

ئێمە یانی ئەو پۆلە لاوەی لە زەمانی پەهلەوییەوە یەکترمان گرتبوو، دۆستانە پێکەوە کارمان دەکرد. مەیدانمان بۆ ئاوەڵا بۆوەو چالاکی خۆمان پەرەپێدا. دەمان ناردە عێراق ڕۆژنامەو گۆواری کوردییان بۆ دەهێنایین و دەمانخوێندنەوە. من شیعری خۆم و شیعری شاعیرەکانی ترم بەخت بۆ لاوەکان دەنوسیەوەو بڵاوم دەکردنەوە. دڵشادی ڕەسوولی لە عێراقەوە هاتبۆوە. ئەو ئیملای کوردی لە هی ئێمە باشتر بوو، خەتیشی خۆشتر بوو، زۆریشی شیعری بێکەس و پیرەمێردو ئەحمەد موختاری جاف و حەمدی لەبەر بوون و بەخەت بڵاوی دەکردنەوە. گۆواری گەلاوێژ ڕۆڵێکی باشی یاری کردو لاوەکانمان فێری کوردی خوێندنەوە بوون. هەل و مەرج بۆ پێك هاتنی حیزبێکی ناسیونالیستی کوردی لە مەهاباد پێك هاتبوو.

پاش دامەزراندنی حیزبی تودەی ئێران چاپەمەنییەکانی ئەو حیزبەش ئاڵوگۆڕێکی فیکرییان لەناو کۆمەڵی کوردەوارییدا پێکهێنابوو. تەنانەت چەند کەسی کوردو ئەرمەنی تێکۆشان لکی ئەو حیزبە لە موکریان دابمەزرێنن، بەڵام خەڵك پێشوازی لێنەکردن. حیزبێکیش بەناوی حیزبی ئازادی بە بەرنامەیەکی چەپییەوە سەری هەڵداو نەژیا.

تا ڕۆژی 25ی گەلاوێژی 1321–16ی ئابی 1942 کۆمەڵەی "ژ.ك" دامەزرا. ئەوانی ئەو کۆمەڵەیان دامەزراند دۆستانی پێشووی من بوون. من لەوسەربەندیدا لە تەورێز بووم و لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەدا حوزورم نەبوو، کە هاتمەوە بە هۆی زەبیحی، کە لەمێژ ساڵ بوو دۆست بووین بە کۆمەڵە ناسێندرام. لە ماڵی یەکێك لە دۆستەکانی خۆم، کە پاشان زانیم ئەندامی ژمارە یەکی کۆمەڵەیەو بە ڕاستی تێکۆشەرێکی بەجەرگ و ئازاو نەبەزو کۆڵنەدەر بوو، بە قورئان و بە ئاڵای کوردستان و بەشەرەفی خۆم و بە شمشێر سوێندیان دام، کە بە زمان و بە قەڵەم و بە ئیشارەت خەیانەت بە نەتەوەی کوردو ئەندامی کۆمەڵە نەکەم. ناوی نەهێنی حیزبیم "هێمن" بوو، ژمارەی ئەندامەتیم – 55–. من هەقم نەبوو هیچ لەوان بپرسم، بەڵام ئەوان ئەوەندەیان موتمانە بە من بوو، پێم بڵێن هەژاریش ئەندامی کۆمەڵەیەو خۆت لە کن ئەو مەشارەوە ئەوەش بەو ڕادەگەیەنین.

بەوجۆرە من لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئەدەبیمدا پێم نایە قۆناغێکی نوێ.

ئەندامەتی کۆمەڵەی "ژ.ك" گۆڕانێکی سەیری بەسەر مندا هێنا. شەوو ڕۆژ لە بیری کۆمەڵەدا بووم، کە ئەویش ئامانجی ڕزگارکردنی نەتەوەکەم بوو. هەموو ئاوات و ئارەزووی تایبەتی خۆم وەلا نا. ئیتر نە تەنیا دەستم لە شەوداوەت و هەڵپەڕین و ڕێبازگرتن و لەسەر سوانە وەستان هەڵگرت، بەڵکو وەك سۆفی تۆبەکار تووشی هەر کیژو ژنێکی کورد دەهاتم سەرم دادەخست و چاوم لێنەدەکرد، چونکە ئەوەشم بە خەیانەت دەزانی. بۆ خاتری کۆمەڵە من دەستم لە یارێك هەڵگرت، کەبە گەورەترین مەحرومییەتی ژیانمی دەزانم و ڕابردنی زەمانیش لە بیری نەبردومەوەو ناسۆری لە دڵمدا هەرماوە.

لەو ساڵانەی دوایدا دۆستێکم، کە باش لە شیعر بە تایبەتی لە سەبکی شاعیری من دەگا، گوتی: تۆ بۆ گوتوتە: ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم"؟

گوتم کاکە من قەت درۆم لەگەڵ ئیحساسی دەروونی خۆم نەکردوە. ئەگەر تۆ دەتزانی من ئەو شیعرەم لە چ هەل و مەرجێکدا گوتوە، بڕوات دەکرد هەستی دەروونی خۆم دەربڕیوەو بە ڕاستی لەوکاتەدا من لە خەیاڵی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵدا نەبووم.

"کۆمەڵە" بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیش بوو. زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو، کە خواردبویان و دەستیان لە ئاکاری دزێو


MOHAMED ARIF

هەڵگرتبوو. دزی، خراپەو نێوان ناخۆشی لە کزیدا بوو و دەتوانم بڵێم لە هێندێك جێگایان هەر نەما.

هێندەی پێنەچوو کۆمەڵە سەرانسەری کوردستانی ئێرانی تەنیەوەو پەلی هاویشت بۆ پارچەکانی تری کوردستان. بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا لکی کۆمەڵە زۆر پەرەی گرت و بەهێز بوو.

ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێکهاتبوون و جیاوازی بیروبڕوای سیاسی و فەلسەفییان هەبوو. ئەگەر چاوێك بە ئۆرگانی کۆمەڵەدا بخشێنن ئەو ڕاستیەتان بۆ دەردەکەوێ، کە من لێرەدا مەجالم نییە بۆتان شیبکەمەوە، بەڵام هەموو لەسەر شتێك ڕێك کەوتبوون. ئەویش ڕزگاری کوردستان بوو. ئەندامی کۆمەڵە خاوەنی هەر بیروبڕوایەك با، لە هەر چین و توێژێك بایە بۆ فەرمانی لای سەروو نەك ئامادە بەڵکە بە ڕاستی فیدایی بوو.

داهاتی کۆمەڵە تەنیاو تەنیا مانگانەی ئەندامان و فرۆشی چاپەمەنییەکان و داهاتی تیئاترو نومایشەکانی بوو. کەچی زۆر بە باشی بەڕێوە دەچوو. هۆی ئەوە بوو هەموو کەس بەوپەڕی دڵخۆشییەوە مانگانەی دەداو چاپەمەنی کۆمەڵەی بە چەند هێندەی نرخی دیاری کراو دەکڕی. من خۆم دیومە ژمارەی "نیشتمان" یان بە 200 ئەوەندەی نرخەکەی کڕیوە. نیشتمان قەت دانەیەکی نەدەماوە. کۆمەڵە لە پێشدا کتێبێکی پچووکی شیعری بڵاوکردەوە بە ناوی دیاری کۆمەڵەی "ژ.ك"، کە شیعرە نیشتمانییەکانی حاجی قادرو مەلای گەورەی کۆیەو هەژارو شێخ ئەحمەدی حیسامی تێدا چاپ کرابوون و دەس بەجێ تەواو بوو. دوایە گۆواری نیشتمانی وەك ئۆرگانی کۆمەڵە چاپ کرد.

یەکەم شیعری من لە ژمارە دووی نیشتماندا بەناوی م. ش هێمن بڵاوکرایەوەو ئیتر بوومە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆوارەو لە هەموو ژمارەکانیدا شیعرو وتارم بڵاو کردەوە.

زەبیحی سەرنووسەری نیشتمان بوو، بە ڕاستی لە چاپ کردنی ئەو گۆوارەدا زەحمەتی کێشاو وریایی نیشاندا. جگە لە زەبیحیو چەند کەسی باوەڕپێکراوی تر کەس دەستەی نوسەرانی نیشتمانی نەدەناسیو نەیدەزانی ئەو گۆوارە لە کوێ چاپ دەکرێ.

ئەندامی کۆمەڵە وەك ئەندامی حیزبێکی نەهێنیو بەدیسپلینی توند هەر ئەوەندەی دەزانی، کە پێویست بوو بیزانێ.

لە بیرمە نیشتمانم بۆ بابم دەخوێندەوە. بە تایبەتی شیعرەکانی خۆم و دەیگوت کوڕە ئەو هێمنە کێیە؟ لە دڵی خۆمدا پێدەکەنیم، بەڵام نەدەکرا بڵێن ئەو کەسەیە، کە تۆ دەفتەری شیعرەکانت لێ لە تەندووری بە کەمران هاویشت. کۆمەڵە گۆواری ئاواتیشی چاپ کردو من لەویشدا نوسیم.

تیئاتری "دایکی نیشتمان" گەورەترین تەبلیغاتی بۆ کۆمەڵە کرد. ئەو تیئاترە، کە زۆریش ساکار بوو، دەتوانم بڵێم لە باری هونەریو تەنانەت فیکرەوە ناتەواویش بوو. سێ چوار مانگ لە مەهابادو شارەکانی تری موکریان لەسەر شانۆ مایەوە. کەم کەس هەبوو نەچووبێو هەر کەسیش چووبا دەگریاو هەستی کوردایەتی دەبزووت. لە دێهاتی زۆر دوورە دەستەوە خەڵك بۆ دیتنی ئەو نومایشە دەهاتن. بێجگە لە تەبلیغاتی سیاسی لە باری ماددیشەوە داهاتێکی زۆری هەبوو و کۆمەڵەی دەوڵەمەند کرد.

کۆمەڵە هەر بەو داهاتانە توانی چاپخانەیەکی دەستی بکڕێو لە مەهاباد دایبمەزرێنێ.

تا زیاتر لە کۆمەڵەدا کارم دەکرد پلەی زانیاریشم پتر دەچوە سەرو لە پیاوی زاناو ئەدیبی وەك پێشەوا قازی موحەممەد و کاکە ڕەحمانی موهتەدی نیزیکتر دەبوومەوەو شتیان لێفێر دەبووم. هیچ کام ئەو پیاوە گەورانەی کورد کەلە پارچەکانی تری کوردستانەوە دەهاتن لە من شاراوە نەبوون. هەمزە عەبدوڵا، مستەفا خۆشناوی شەهیدو میرحاج و قودسی شەهیدو زۆری ترم لەو تێکۆشەرانە دیتن و ئاڵوگۆڕی فیکریم لەگەڵ کردن. چاپەمەنییەکانی ئێران پێشکەوتوانەتر بوون و شتی تازەیان تێدا بوو. بە تایبەتی چاپەمەنییەکانی حیزبی تودەی ئێران لە ڕوون کردنەوەی بیروڕای سیاسی مندا کاریان کرد. ڕەوابیتی فەرهەنگی ئێران و شورەوی لقی لە مەهابادیش دامەزرا. منیش یەکێك لەوانە بووم، کە لەوێدا کارم دەکرد. هەرچەند بە داخەوە ئەو بنکە پێشنیارەکانی منی جێبەجێ نەکردو هیچی بە کوردی بڵاونەکردەوە، بەڵام زۆر شتی بە نرخی بە فارسی بڵاودەکردەوەو من کەڵکم لێوەردەگرتن. شیعرو نوسراوی کوردی بە ئازەریو رووسی تەرجەمە دەکران و ئەوەش دەسکەوتێکی باش بوو بۆ ئێمە. یەکێك لەو شتانەی تەرجەمە کران و منیش لە تەرجەمەکردنیدا بەشدار بووم ئاڵەکۆکی هەژار بوو، کە لە لایەن ئینسانێکی واقعیو شاعیرێکی باشی ئازەربایجانی شورەوی مامۆستا جەعفەر خەندانەوە بە ئازەریو بە شیعر تەرجەمەکرا.

شەڕی ماڵ وێرانکەری دووەم بە تێکشکانی فاشیزم و نازیسم و شرت و گوم بوونی هیتلەرو کوژرانی موسولینیو گیران و لەناوچوونی شەڕ هەڵایسێنەکان تەواو بوو. هیواو هومێدی گەلانی ژێردەست و زۆرلێکراو گەشەی پەیداکرد. لەشکری هاوپەیمانەکان لە ئێران چوونە دەر. لە حاڵێکدا، کە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەگرت.

گەلی کورد یەکێك بوو لەو گەلانەی، کە هیوای بە دواڕۆژی گەشەداری خۆی دەم بە دەم پەرەگرتر دەبوو.

دەستەیەك لە ڕووناکبیران و ئەندامانی کۆمەڵەی "ژ.ك" هاتنە سەر ئەو بڕوایە، کە جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمەڵە لە هەل و مەرجی ئێستای جیهان و کوردستاندا ئیمکانی کەمە. بۆیە بەرنامەیەکی کورت و نوێیان، کە لەگەڵ هەل و مەرجی ئەو سەردەمیدا دەگونجا گەڵاڵە کردو لە ڕۆژی سێی خەزەڵوەری 1324–1945 یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە

شاری مەهاباد گیراو ئەو بەرنامە پەسەندکراو ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەر بناخە ڕێکخراوی کۆمەڵەی "ژ.ك" دامەزراو تەنیا لە کادری ڕابەریدا ئاڵوگۆڕێك پێکهات و پێشەوا قازی موحەمەد، کە ئەندامێکی سادەی کۆمەڵە بوو، ناوی نەهێنی "بینایی" بوو بە پێشەوا قازی موحەمەد، کەئەندامێکی سادەی کۆمەڵە بوو و ناوی نەهێنی "بینایی" بو بە پێشەوای حیزب هەڵبژێردراو سەرۆکی کۆمەڵە، کە پیاوێکی زۆر تێکۆشەرو ئازاو پاك بوو لە کادری ڕابەریدا نەما. ئەم ئاڵوگۆڕە هیچ کاری نەکردە سەر ئەو پیاوەو لە ڕیزەکانی خوارەوەی حیزبدا درێژەی بە خەبات و کاری خۆی هەرداو ڕەنجێکی زۆری کێشا.

لە کۆبونەوەکانی کۆنگرەدا من بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا لە بەرامبەر خەڵکدا شیعرم خوێندەوە. کاتێك بەڕێوەبەری کۆبونەوە گوتی: ئێستا "ئاغای هێمن" شیعرتان بۆ دەخوێنێتەوەو من بۆ شیعر خوێندنەوە بە شەرمەوە چوومە سەر مینبەری مزگەوتی سووری مەهاباد، هەموو کەس تەنانەت پێشەواش واقی وڕماو لە خۆیان دەپرسی: چۆن هێمن شاعیرو نوسەری نیشتمان (سەید موحەمەدئەمینی شێخەلیسلامی) بوو، ئێمە نەمان دەناسی؟ بابیشم، کە ئەوەی بیستەوە لە گفتی خۆی پەشیمان بۆوەو گوتی هێمن شاعیرێکی باش نییە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆڕێکی بەناوی "هەیئەتی ڕەئیسەی میللی" هەڵبژارد، کە منیش یەکێك بووم لە ئەندامەکانی. لە هەڵبژاردنی ناوخۆدا حاجی بابە شێخ، کە پیرترین ئەندام بوو، بە سەرۆك و من، کە لاوترین ئەندام بووم بە سکرتێر هەڵبژێردراین. چەند مانگ لەو کۆڕەدا کارم کرد. کارێکی گران بوو. هەر من بە تەنێ بە کارەکان ڕادەگەیشتم و حاجی بابە شێخی ڕەحمەتی هەر ئەوەندەی لەسەر بوو ئەوەی من دەینوسم ئیمزای بکا. هەرچەند لە بارەی دەستەڵات و ناوبانگەوە کارێکی گرنگ بوو، بەڵام لەگەڵ زەوقی من ڕێك نەدەکەوت. بە تایبەتی بەڕێ چوون لەگەڵ حاجی بابە شێخی خۆبەزۆر گرو کەللەڕەق کارێکی هاسان نەبوو.

لێرەدا، کە باسی حاجی بابە شێخ هاتە گۆڕی دەمەوێ شتێکی مێژوویی ڕوون بکەمەوە. لە نوسراوی چەند پیاوی بێخەبەردا دیومەو لە خەڵکی ساکاریشم بیستوە تاوانی خەیانەت وەباڵ حاجی بابە شێخ دەدەن. من حاجی بابەشێخم خۆش نەدەویست، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا دەیانگوت لە علومی دینیدا زۆر شارەزایەو ڕیازیاتی کۆن زۆر باش دەزانی، پیاوێکی زۆر کۆنەپەرست و کەللەڕەق و خۆپەرست و ناشارەزا بوو، بەڵام زۆر ڕاست و پاك و ئازاو بە بیروبڕوا بوو. بە هیچ بارێك تاوانی خەیانەتی پێوە نانوسێ. لە کاتی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزیدا دوور نییە فریوی خواردبێ و بە هەڵە چووبێ، بەڵام لە ڕێگای ڕاست لای نەداوە.

بڵاوە پێدانی گەمارۆی دەوری سەقزو سەردەشت و خوڕخوڕە کە تاوانەکەی دەخەنە سەر حاجی بابە شێخ پێوەندی بە مەسەلەیەکی قوڵ و نەهێنی سیاسییەوە هەیە، کە لێرەدا جێگای باس کردن نییەو با جاری دەرخۆنەی لەسەر دابنێین و زۆر لە دەستەڵاتی حاجی بابە شێخ بەرەژوورتر بوو. حاجی بابە شێخ ئەوەندەی دەستەڵات نەبوو فەرماندەکانی دەوروبەری ئەم شارانە بە قسەی بکەن و بکشێنەوە. خۆ ئەو هیچ مەسئولییەتی لەشکری نەبوو، لەشکری کوردستانیش وەك لەشکرێکی ڕەسمی بە قسەی فەرماندەکانی خۆی دەکرد نە بە قسەی سەرەك وەزیرێکی بێدەستەڵاتی غەیرە نیزامی. هیوادارم بەم کورتە نوسینە خوێنەرەکانم ڕوون کردبێتەوە.

من وازم لە سکرتێری هەیئەتی ڕەئیسەی میللی هێناو لە کومیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبدا دەستم بەکارکرد. لە هەموو چاپەمەنییەکانی حیزبدا دەستم بە نووسین کرد. لە ڕۆژنامەی کوردستان و گۆواری کوردستان و هاواری کوردو هاواری نیشتمان و گڕوگاڵی منداڵان و گۆواری هەڵاڵەدا شیعر و وتارم بڵاودەکردنەوەو لە میتینگەکانی حیزبدا بەشدار دەبووم. لە دەستەیەکدا، کە بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاریان دەکرد، ئەندام بووم. ئەندامە ئەسڵیەکانی ئەو لیژنە وەك لە بیرم مابێ، زەبیحیو هەژارو برایمی نادریو دڵشادی ڕەسوڵیو من بووین. پێشەوا بۆ خۆیو چەند مامۆستای شارەزاش یارمەتییان دەداین. هەرچەند هیچمان لەوکارەدا پسپۆڕ نەبووین، بەڵام چونکە زۆر بە دڵسۆزییەوە کارمان دەکرد پێم وایە کتێبەکان، کە بە داخەوە چاپ نەکران خراپ نەبوون.

ڕۆژی بیست و شەشی سەرماوەز ئاڵای کوردستان لە مەهاباد هەڵکراو ڕۆژی دووی ڕێبەندانی 1324 کۆماری کوردستان دامەزرا. من نامەوێ لەو بارەوە بدوێم، چونکە زۆری باس کراوەو تەنیا دەڵێم من لەو ڕۆژە پیرۆزانەدا بەشدار بووم و شیعرم خوێندەوە.

لەو ماوەدا من و هەژار یەکماڵ بووین، شەوو ڕۆژ پێکەوە دەگەڕاین. ماوەیەکیش قزڵجیمان لەگەڵ بوو. کاتی بێکاریو سانەوەمان زۆرخۆش ڕادەبوارد. من، کە پایەی خوێندەواریو زانیاریم زۆر لەوان کەمتر بوو، لە هاونشینی ئەوان کەڵکم وەردەگرت و شت فێر دەبووم، چونکە من و هەژار بۆ هەموو جێگایەك پێکەوە بووین و لێك هەڵنەدەبڕاین، زۆر کەس نەیدەزانی کاممان هەژارەو کاممان هێمن و ئەگەر یەکمان بەتەنێ گەڕابایین دەیانگوت کوا ئەوی تر؟

پاش دووی ڕێبەندان و پێك هاتنی کۆماری کوردستان کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان ڕوویان لە مەهاباد کردو من و هەژار لەگەڵ هەموو پیاوە بەناوبانگەکان پێوەندی دۆستایەتیمان دامەزراند. مامۆستا قانعیشم ناسیو لە ئەزموونی ئەدەبی ئەویش کەڵکم وەرگرت. زۆرم بیرەوەری خۆش لە

هاونشینی مامۆستا قانیع هەیە، کە بە داخەوە لێرەدا مەجالی گێڕانەوەیان نییە.

دایکم لەمێژ بوو دەیویست ژنم بۆ بێنێو تا نەمردوە من بە زاوایی ببینێ، بەڵام من ملم ڕانەدەکێشاو نەدەچوومە ژێر بار. خۆم بە خوێندەوار دەزانیو پێم وابوو هەق نییە دایك و بابم ژنم بۆ بێنن. بۆ خۆشم لە هەڵبژاردنی دەزگیراندا دڕدۆنگ بووم هەتا گەورەتر دەبووم ئەو دڕدۆنگیەم زیادی دەکرد. لەو ئاخیرانەدا هاتبوومە سەر ئەو خەیاڵە، کە ئەسڵەن ژن نەهێنم بە ڕەبەنی بمێنمەوە. هیچ کچێك تەبعی جوانیپەرستی منی ڕازی نەدەکردو ڕەنگ بێ ئەگەر دایکم نەبووبا ئێستاش بوخچەی نەکراوە بوویام، بەڵام دایکم ئەو ساڵی پێی لێ لە کەوشان کردم و گوتی: ئیللا بیللا، پێت خۆش بێو پێت ناخۆش بێ ژنت بۆ دێنم. لەولاشەوە هەژاری لێدنە دابووم و شەووڕۆژ لە بن هەنگڵمدا بوو. هەژار بە تەمەن چی وا لە من گەورەتر نەبوو، بەڵام ساردو گەرمی ڕۆژگاری لە من زۆر پتر چێشتبوو. دوو جاری ژن هێنابوو، ئەزموونی لەو بارەوە زۆر بوو. توندیو سەرەڕۆیی دایکم و نەرمەنەرمەو دنەدانی هەژار دڵیان نەرم کردم.

دایکم برازایەکی خۆی، کە کچی پیاوێکی بە دەستەڵات و دەوڵەمەند بوو بۆ خواستم، کە نەدیبووم و نە دەمناسی. درۆ نەبێ جارێکی دوور بە دوور لەبەر مانگادۆشین دیبووم. ئەویش ڕوخسارم نەدیبوو، بەڵام دەمزانی کورتەباڵایە. ئەوەش سەیر بوو من ئەو خۆوێژە نەبووم، کە گوتویەتی "سەد نەحلەت لە حاڵەتم هەر ئیی کورتم خۆش دەوێن" من لە ژندا ئەوی لە هەموو شت پتر سەرنجم ڕادەکێشێ بەژن و باڵای ڕێك و پێك و بەرزە. ئەوەشم بە دایکم گوت. گوتی: ڕۆڵە ئەو قسانە چن؟ زێڕیش پچووکە. دایکم ژنێکی دنیادیدەو بە ئەزموون و کارامەو زۆر بە دەستەڵات بوو. خزم و کەس و کارو دۆست و ئاشناشمان زۆر بوون، لەناو ئەو هەموانەدا ئەو برازایەی هەڵبژاردبوو. دیارە ئەو بە دوای کچی شۆخ و شەنگ و جوان و چەلەنگدا نەگەڕابوو. ئەو دەیویست بووکێکی ئاکارباش و ڕەفتار چاك و وریاو بەمشوور و ماڵداریکەری هەبێ.

شایی هێمن دەست پێکرا، هەژار هەڵبەزی، سەرچۆپی کێشا، دەستی دۆی ناسك و نازداری گوشی، چاوی لە کیژۆڵان داگرت و شەوانەش بەو قسە قۆڕانەی خۆی کۆڕی دیوەخانی وە پێکەنین دەخست، بەڵام هێمن نیگەران بوو، نیگەرانی دواڕۆژی خۆیو بیری لەوە دەکردەوە چۆن لەگەڵ ژنێك، کە هەڵبژاردەی دایکیەتیو بۆ خۆی نەیدیوەو نایناسێ، دەتوانێ ژیان بەرێتە سەر. نەیدەزانی تۆقی لەعنەتی بۆ دێنن یا فریشتەی ڕەحمەت.

ڕۆژی 25ی خەزەڵوەری 1325 بوکیان بۆ دابەزاندم. دیارە ئەوپەڕی ناسك و نازدارو شۆخ و شەنگ و جوان و چەلەنگە نەبوو، کە خەیاڵی شاعیرانەی من بە شوێنیدا دەگەڕاو هێشتاش تووشی نەبوە. بەڵام زۆر زوو توانی خۆی لە دڵی مندا جێبکاتەوەو وا لە خۆی بکا، کە لە قوڵایی دڵمەوە خۆشم بوێو ببێ بە یاری هەمیشەییو خەم ڕەوێنی ڕۆژانی تاڵ و تفتی ژیانم. بیست و سێ ساڵ پێکەوە ژیاین و لە پەنا ئەودا هەستم بە سانەوە دەکرد. قەتی ئەوەندە دڵ نەشکاندم ڕۆژێك تا ئێوارە لێی زیز بم و دەنگی لێبگۆڕم. زۆر لە ژیانی ژن و مێردایەتی ڕازیم. ئیقرار دەکەم ژیانی خۆشی ژن و مێردایەتیمان زیاتر ئەو پێکی هێنابوو، چونکە من دەزانم حەساس و تووڕەو تەنانەت بیانوگرو جینگنۆکەم، بەڵام ئەو هێدیو ئارام و ژیر بوو، بیانووی نەدەدا دەستم. تاقە کوڕێکمان بوو ناوم نا (سەلاح)، ئەوە ماوەیەکی زۆرە لە دیداریان بێبەشم و دەردی دووری دەچێژم. یادیان بەخێر.

هێشتا مانگێك بەسەر شەوی زاوایەتیمدا ڕانەبردبوو، بە قسەی ئەوڕۆ مانگی هەنگوینیم تەواو نەکردبوو، کە بە داخەوە ئەوی نەمدەویست ڕوویداو ئەوی پێم خۆش بوو بمرم و نەی بینم دیتم. ڕیسەکەمان لێبۆوە خوری. هێلانەکەمان لێشێواو کۆمارەکەمان ڕووخاو دوژمن بەسەرماندا زاڵ بۆوە.

ماوەیەك بوو هەست بە مەترسی دەکرا. جەبهەی سەقزو سەردەشت قایمتر دەکران. چەند دەرەبەگی بەناوبانگ و خاین ڕایان کردبوو بۆ عێراق و یەك دوو مەلاو شێخی خوێڕیە پیاو دەس بەسەر کرابوون. حکومەتی ئازەربایجان لەشکرێکی سازو تەیاری بۆ پشتیوانی پێشمەرگە ناردبوە جەبهەی سەقز، چونکە وا بەراورد کرابوو، کە تەنیا لەو جەبهەڕا ترسی پەلاماری دوژمن هەیە. لە پێشداش چەند جار لەو جەبهەڕا دوژمن پەلاماری هێنابوو، بەڵام زۆر خراپ شکابوو، زەبری دەستی پێشمەرگەی کوردستانی چێشتبوو.

ئازەربایجان حکومەتێکی گەورەترو بەهێزترو زۆر تەیارترو پڕچەك تر بوو لە کوردستان. خەتی دیفاعی ئازەربایجانیش زۆر قایمتر بوو. کەوابوو کەم کەس بە خەیاڵیدا دەهات لە ڕێگای ئازەربایجانەوە پەلامار بۆ سەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران بهێنرێ.

ماوەیەك بوو بۆ ئەوەی کارەکانی حیزبی باشتر ڕاپەڕن پاش ئەوەی شەوانە پێشەوا، کە زۆر شەو تا درەنگ لە دەفتەری حیزبدا دەماوە دەچۆوە ماڵی خۆی، کادرێکی حیزبی لە دەفتەری حیزبدا دەماوە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خوارەوە ئەگەر پێویست بوو بە پێشەوا ڕابگەیەنێو دەستووراتی پێشەوا بۆ خوارەوە بنێرێ. ئەو شەوی نۆرەی منی تازە زاوا بوو. لە دەفتەری حیزب دانیشتبووم و خەریکی نوسینی مەقالەیەك بووم بۆ "کوردستان"، ئەفسەرێکی پچووك، بەڵام دۆستێکی گەورەی من و ئەندامێکی زۆر بە وەفای حیزب هاتە ژوور. زۆرم پێ ناخۆش بوو، کە دەستی بۆ ڕادیۆکەی سەرمێزەکە برد، چونکە نوسینەکەی لێتێك دەدام، بەڵام چم نەگوت و قەڵەمەکەم دانا.

لەپڕ شتێکی وامان گوێ لێبوو، کە وەختابوو پێمان بە عەرزەوە وشك بێ. ڕادیۆ تاران تەلگرافی پیرۆزبایی دکتۆر جاوید

وەزیـری نـاوخۆی ئازەربایجـانی دەخوێنـدەوە، کـە بـە بۆنـەی گەڕانـەوەی ئەرتەشـی شاهەنشـاهی بۆ تـارانی نـاردبوو. دوایـە خەبـەری ڕاکردنـی "موتەجاسـیرین"ی ڕاگـەیاند. موتەجاسـیرو مەجەڕاجوو دوو ناو بوون، کە لەو شەوەڕا بەسەر بەڕێوەبـەرانی جوڵانـەوەی ئـازادیخوازی کوردسـتان و ئازەربایجـاندا بـڕان و ئێسـتاش دەزگـای تـەبلیغاتی ڕێژیـم دووپاتـەیان دەکاتـەوەو دەیانهێنێتەوە کاوێژ.

دەس بەجێ بە تیلفون ئەو خەبەرەم بە پێشەوا ڕاگەیاند. گوتی بۆ خۆت وەرە ئێرەو بە ئەوانی تریش ڕابگەیەنە بێنە ئێرە. بە دوای ئەواندا ناردو بۆ خۆم چووم بـۆ مـاڵی پێشـەوا. سـەدری قازی برای پێشـەوا، کـە نوێنـەری مـەجلیس بـوو لـە تـاران و بە ڕواڵەت نەدەبوو لەو واقیعە بترسێ، لە هەموو کەس پتر شڵەژابوو. ئـەو دەس بـەجێ گـەڕاوە بـۆ تـاران و لـەوێ گرتیـان و هێنایانەوە مەهاباد.

ئازەربایجانی وا تەیارو پرچەك بـە لەشـکری سـازو پـەرداخ و فەرماندە لێزانەکانیەوە بۆ وازوو تەسلیم بوو؟ پێشەوەری کارامەو شۆڕشگێڕو کۆنەپیاو، ئازاو ڕابەرەکانی تری ئازەربایجان بۆ وا بە پەلە ڕایان کرد؟ پرسیارێکە کەس بە تەواوی جوابی نەداوەتەوەو منیش جوابم بۆ نادرێتەوە، بەڵام دڵنیام ئەگـەر فیدایـی دەسـتی کردبـاوەو ئەگـەر فیرقـە بەربـەرەکانی بکردایـە، لەشـکری شڕوشپریوی تاران نە تەنیا پێی لە تەوریز نەدەناو ئەو هـەموو کوشتارەی نـەدەکرد، بەڵکـە تـارانیش دەشێواو لەوانـە بـوو لـە سەرتاسـەری ئـێراندا جوڵانـەوەی ئازادیخوازنـەی بەسـەر کۆنەپەرسـتیدا سـەرکەوێو تەنانـەت نفـوزی ئیمپریـالیزم لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا زووتـر بنـەبڕ بـێ، بـەڵام وەك زانایـان گوتویانە مێژوو ئەوەیە ڕوودەدا نەك ئەوە، کە ئێمە دەمانەوێ.

بەڵێ کوتوپـڕ تـەوریز گیراوەو کوردسـتانیش لـە هـەموو لاوە گەمارۆ درا. پاش ئەوەی سەدری قازی نازانم بۆچی بەرەو تاران گەڕاوە ڕابەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مـاڵی پێشـەوا کۆبونەوەو ئەو شەوی ڕووحیـەی هـەموو کـەس دەتوانم بڵێم باش بوو. شورای جەنگ بە سەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ پێکهات و سورەت جەلسەی یەکەم ئیمزا کراو قەراری بەربەرەکانی درا، بەڵام هێشتا مەرەکـەبی بڕیارنامەکـە وشـك نـەببۆوە، کـە خەبـەر هـات یەکێك لە ئەندامەکانی ئەو شورایە ڕایکردوە.

بۆ بەیانی وەزع گـۆڕاو بڕیـاری بەربـەرەکانی هەڵوەشـاوەو بـە پێشمەرگە دەستوردرا بێدەست کردنـەوە پاشەکشە بکاو ڕێگا بۆ ئەرتەش بـەتاڵ بکـاو خـەڵك دەسـتێکی کەوتـە ئـەولاىو یـەکێکی کەوتە ئەم لای.

پێشمەرگە لە جەبهەی سـەقزو سەردەشتەوە بە ڕێك و پێکـی پاشەکشـەی کـرد، بـەڵام فیداییـەکان، کـە فـەرماندەکانیان ڕایـان کردبوو وەك مـەڕی بێشوان بڵاوبوون و عەشـایر لێیـان وەخـۆ کەوتن و هەموویان داپڵۆسین و نەیان هێشت تاقە فیشەکێك لەگەڵ خۆیان بەرنەوە، بەڵام نەوێرانە پێشمەرگە تەنیا لـەناو مـەنگوران پێشی دەستەیەکیان گرت، کە بە فەرماندەیی زێرۆی دەگـەڕاوە، زێرۆش، کە بۆ خۆی شڕەخۆرێکی وەك ئەوان بوو، دەستی نەداو بـە گژیـاندا هاتـەوەو تەنانـەت چـەند گوندیشـی تـاڵان کـردو گەیشـتەوە مـەهاباد. ئـەوانی فیداییـەکانی ئازەربایجانیـان ڕووت کرد کەسیان نەکوشت. ئەوی من وەبیرم بێ لەو کارەساتەدا تـەنیا پێشـمەرگەیەکی کـوردی عـێراق شـەهید کـراو هێندێکیشـیان ناپیاوانە ڕووت کـردن. فـەرماندەی ئەرتـەش بـێ هیـچ زەحمـەت گەیشتە گوندی حەمامیان و پێشەوا لەوێ دیتی.

لەوماوەدا مـن هەمیشـە لەگـەڵ پێشـەوا بـووم. دیـارە لەگـەڵی نەچوومە حـەمامیان، بەڵام لـە شـاری بـەجێم نەهێشـت. دەمدیـت پەشـۆکابوو، بـەڵام نـەك لـە ترسـان، بەڵکـە لـە داخان و لەبەر ناهومێدی.

من لەمێژبوو پێشەوام دەناسیو لە ڕۆژی تەنگانەدا دیبووم. بە دەست و تفەنگی خۆی پیاوێکی زۆر ئازا بوو. پێش دامـەزرانی کۆمـاری کوردسـتان چـەند جار عەشـایر هاتنـە سـەر مـەهابادو پێشەوا بۆ خۆی لە یەکەم سەنگەردا بۆ دیفاع ئامادە بوو. ئەدی چـۆن بـوو ئـەوجار تەسـلیم بـوو؟ بـۆ خـۆم لێـم بیسـت گوتـی لەسـەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێم خۆش نییە گەلەکـەم بەجێ بێڵم و دەمەوێ لەناو ئەواندا بمرم.

ڕاستە کوردستان پـاش گیرانـەوەی ئازەربایجـان لەدەسـتدانی ئەو هاوپەیمانە بەهێزە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، ڕاستە بەشێکی عەشایر گوێیان لە کلاو پەڕاندبوو و چاوەنۆڕی خراپەیان لێدەکرا، ڕاستە خەزێنـەی کۆمار بـەتاڵ و حـەتاڵ بـوو، هـەمووی درابوو بە تووتن و هێشتا نەفرۆشرابۆوەو لـە عـەمباردا مـابۆوە، ڕاستە لە هەموو یارمەتییەکی دەرەوە هیوابڕاو کرابوو، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام ئەگەر دەستەوەکەری کراباو ئێمە ئـە زموونـی شۆڕشـگێڕیمان هـەبا مێـژووی کۆمـاری مـەهاباد بەوجۆرە دوایی نەدەهات، کە هات.

ڕۆژی 26ی سـەرماوەزی 1325–1946 ئەرتەشـی شڕوشـپرێوی شاهەنشاهی تەواو ساڵەوەختێك پاش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان شاری مەهابادی گرتەوە.

هێندێك لە بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزب ڕایان کردو خۆیان شاردەوەو هێندێکیش دانیشتن و چاوەنۆڕی گرتن بوون. من ئـەو ڕۆژی لـە شـار وەدەر کـەوتم و چوومـە خانـەقای شـێخی بورهـان. لەوێ شێخ موحەممەدی خاڵم حەشاری دام و لەبن باڵی خۆی گرتم. لە خانەقا بووم، کە خەبەری گیرانی پێشـەواو ڕابـەرانی حـیزب و کۆمارم بیست. پیـاوم وەدوی هـەژار خسـت بیبینمـەوەو پێکـەوە تەگبیرێك بکەین. ئەویش بۆی دەرچووبوو، بۆم نەدۆزراوە.

نەخۆشی کـەوتوویی لـە خانـەقا هـەبوو، زۆر کـەس گرتبـوویو چەند کەسیشی کوشتبوو. من جارێکی تر هـەر لەو خانەقایە ئەو نەخۆشیەم گرتبوو، زۆری لێدەترسام. گوتویانە هـەرچی بترسـێ

ناخەلسێ، هێندە پێنەچوو گرتم و کەوتم. بەفرێکی یەکجار زۆرو ئەستور کەوتبوو، هیچ دوکتۆرێك بەو بەفرە نەگەیشتە خانەقا. دوو مانگی ڕەبەق بۆی لەسەر ڕەقی پشتی کەوتم. ئەسپەك لەسەری دام و قسەی هاتەران پاتەرانم دەکرد. هەموو بەندەنم بە نوێنانەوەچوو، توێخی هاویشت، بەلام ئەو جاریش لەدەست ئیزرائیل ڕزگاریم هات.

کە لە نەخۆشی هەستامەوە بەفریش کەم ببوو، ڕێگا کرابوونەوە. وایان بە مەسڵەحەت زانی بۆ ئەوەی کەمێك ژیوەلە ببمەوەو گورد بگرمەوە بە دزی بچمەوە ماڵی خۆمان، کە لە شار نیزیك بوو، دەرمان و خواردنی باشتری لێوەدەست دەکەوت. چاك لە بیرم نییە چەند ڕۆژان لە ماڵیدا تەماڵم هەڵگرت و خۆم مەڵاسدا.

ڕۆژێك لە ژووریَ دانشتبووم و کتێبم دەخوێندەوە. لەپڕ لەناو دێدا بوو بە شین و گابۆڕ ناردم بزانم چییە؟ قاسید بە گریان و لەخۆدان هاتەوەو گوتی ئەوانەی لە شاری هاتوونەوە دەڵێن دەوری شار گیراوەو نایەڵن کەس بچێتە ناوشار یا وەدەرکەوێ‌و دەنگۆیەو دەڵێن پێشەوا شەهید کراوە هێندەی پێنەچوو قسەکە دڕاو مەعلوم بوو پێشەواو سەدری قازی برایو سەیفی قازی ئامۆزای لە چوارچرای مەهاباد لە دار دراون.

ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنەو ئەو کارەساتە جەرگ بڕە هەموو کوردێکی بە شەرەفی خەمناك و تازیەبار کرد. بە تایبەتی دڵی منی بە ناسۆر ئەنگاوت. ناسۆرێك، کە بۆتە تیراوی و ئێستاش هەر وە بن دەداتەوەو هەڵ دەداتەوەو بێگومان ساڕێژ نابێ‌و لەگەڵم دێتە بن گڵ.

من پێشەوام لە دڵەوە خۆش دەویست. بە ڕابەرێکی دڵسۆزو ژیرم دەزانی، بە کوردێکی پاك و چاکم دەناسی‌و بە موسڵیحێکی یەکجار گەورەو مەزنم دەزانی. دەمزانی نەتەوەکەی خۆی چەند خۆش دەوێ‌و چەندی پێخۆشە خزمەتی بکا. چەند بە ئاواتەوە بوو کورد بگاتە ڕیزی نەتەوە بەختەوەرەکان. زۆرم هیوا پێ بوو گەلەکەمان بە پەلە بەرێتە پێش و وڵاتەکەمان زوو ئاوەدان بکاتەوە. لەوماوە کورتەشدا دەزانین چەندی خزمەتی بەکەڵك کردن. بە ڕاستی مەرگی پێشەوا نەك هەر بۆ نەتەوەی کورد بەڵکە بۆ جوڵانەوەی ئازادیخوازیو دژی ئیمپریالیستی سەرانسەری ئێران زیانێکی گەورە بوو. دەریایەك زانست و ئەدەب، دەریایەك فیکرو بیر بە دەستی زۆردارێکی سەرەڕۆو نەزان وشك کراو لەناوچوو.

سێ ڕۆژ پاش شەهیدبوونی پێشەوا یانی ڕۆژی سێزدەبەدەر قەل فڕم بۆ کردو لەگەڵ پیاوێکی هەژارو هاواڵێکی زۆر بەنرخی حیزبی بەرەو کوردستانی عێراق وەڕێ کەوتین. بە دوو ڕۆژو دانێك سنورمان پەڕاند. لەوبەری جۆگەوە بازمدا ئەوبەری جۆگە بە ڕواڵەت هیچ فەرقێکم نەهاتە پێش چاو بەلام لە واقیعدا سنوری سیاسی وڵاتێکم پەڕاندبوو چووبوومە وڵاتێکی دیکە. گەیشتمە شاری قەڵادزە. وەنێو بازاڕ کەوتم و نەکەوتم بە بەرگ و لیباس

پۆلیس ناسیمی‌و زانی لەودیوڕا هاتووم. پیلیان گرتم و خەریك بوون تێکمەوە پێچن، بەلام مەلایەك و حاجییەك بێئەوەی بمناسن باڵیان بەسەردا کێشام و نەجاتیان دام. نەقڵەکە ڕاست لە من ڕووی دابوو لە ترسی ئاگر پەنام بۆ مار بردبوو. مەلا پێی خۆش بوو بمناسێ. منیش لەگەڵ ئەوەشدا پێم خۆش نەبوو کەس بمناسێ و ناوی خۆم بە کەس بڵێم خۆم پێناساند. دیاروبوو مامۆستا منی لە دوورەوە دەناسی. ئەو شەوەی زۆری حورمەت گرتم و لە حوجرەی فەقێیان نووستم و بەیانی بۆ خۆی وەپێشم کەوت و بردمی بۆ گوندی گردبوداغ. من بە هیوا بووم سۆراخی هەژارو زەبیحی و قزڵجی و دڵشاد بکەم و قسەی خۆمان بێ لە دڵی خۆمدا وام دانابوو یەك بگرینەوەو سەرلەنوێ دەست بەکار بینەوە. دیارە ئەو قسەم بە مامۆستا عەرز نەکردبوو، بەلام پێم گوت دەمەوێ ئاواڵەکانم ببینمەوە. مامۆستا گوتی جاری ڕووبار زۆرن و بوار نین و بێجگە لەوە ئەو کوردانەی ئێرە، کە هاتبوونە ئێران هاتونەوەو دانگەریزە* دەکەنەوە بۆ لای شاران و پۆلیس ئامادەیی هەیە. جاری ماوەیەك لێرە بە تا وڵات کەمێك ئارام دەبێتەوە. هاوڕێییەکم ناردەوەو بۆ خۆم دەستم کرد بە خوێندن و سەرلەنوێ بوومەوە فەقێ. زۆر چاکم دەخوێند. هەم خۆم دەخافلاندو وەڕەزی خۆم دەشکاند و هەم دەمویست ئەوی لە سووریم دۆڕاندوە لە کایەی تێهەڵبێنمەوە. هێشتا لاو بووم و ئەگەر خوێندبام دەمتوانی شتێك بە شتێك بکەم، بەلام خوێندنەکەم زۆری نەخایاند. بیستم وەزعی ئێران ئارام بۆتەوەو دەستیان لە خەڵك گرتن هەڵگرتوە لێکم داوە پاش ئەوەی لێرەش هەر قاچاغم و ناوێرم بگەڕێم بۆ سەرێك لە وڵاتی خۆمان نەدەمەوە؟ ئەگەر زانیم دەحاوێمەوە ئەوە هەر لەوێ خۆم حەشار دەدەم. بە تاقی تەنی ڕووم لە کوێستانە خۆشەکانی کوردستان کرد بە نێو چادرو هۆبەو گوڵ و گوڵزاراندا گەڕام. شەنگەبێری کێڵ گەردنم دین. لەو گەشت و گەڕانەدا بووم، کە پارچە شیعری بەهاری کوردستانم گوت، کە بۆ خۆم ئێستاش زۆرم خۆش دەوێ‌و بە شاکاری دەزانم. ژاندارم و پۆلیس لە هیچ کوێ تووش نەبووم و بێ‌سەدەمە گەیشتمە گوندەکەی خۆمان. ڕاوەستام تا شەو بەسەر دەستاندا هات و بە تاریکی چوومە ماڵێ. یەکسەر چوومە پشت دەرکی ژووری بابم. بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا خۆم گرت، چونکە بابم خۆ لە خەڵك گرتن و گوێ لە قسەی خەڵك هەڵخستنی زۆر پێناخۆش بوو. تەنانەت ژنی ماڵی ئێمە لە ترسی بابم قەت نەیان دەوێرا شەموڵە بگرنەوە، کە ئەودەم لە لادێدا زۆر باو بوو. لە درزی دەرکەوە دیتم بابم بە حەواوە ڕاوەستاوەو لەگەڵ ئەو پیاوەی، کە لەگەڵم هاتبوو بۆ کوردستانی عێراق قسە دەکاو پێی دەڵێ ڕۆڵە پێم بڵێ لە کوێیە بۆ خۆم پیاو دەنێرم. ئەویش دەڵێ دوو ڕۆژی دی بۆ خۆم دەچم و دەیهێنمەوە. قەولم پێداوە جێگاو شوێنی ئەو بە کەس نەڵێم. بابم کەمێك بە تووڕەییەوە گوتی چۆن بە منیش ناڵێی. گوتی نەخێر بە تۆش ناڵێم، بە دایکیشی ناڵێم،

قـەولم پێـداوەو قـەولی خـۆم دەبەمـە سـەر. مـاندوویی ڕێگـاو کوێرەوەریی غەریبیو بێنازیو لێقەوماویم لەبیر چۆوەو لە دڵی خۆمدا گوتم چۆن زەحمەتکێشانی کورد کوڕی وایان لێ پەیدا بوە؟

بەڵێ زۆر قارەمانی وا لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا هەن، کە بە شەرەفەوە ژیاون و بە شەرەفەوە دەمرن و مێژووش لە بیریان دەکا. ئەو پیاوە، پیاوێکی هەژارو زەحمەتکێش و نەخوێندەوار بوو. لە سەرەتای کۆمەڵەوە بە بڕوایەکی قایم و تەواوەوە هاتبوە ناو کوڕی خەبات و بێئەوەی خۆی ڕانێ خزمەتی زۆر گەورەی کردبوون و کەسیش باشی ناناسێو منیش لێرەدا ناوێرم ناوی بەرم، چونکە نازانم ماوە یا نەماوەو دەشزانم ئەگەر مابێ تووشی دەردیسەر دەبێ.

چیدی خۆم پێڕانەگیراو چوومە ژووری. دایکم و بابم و کابرا واقیان وڕما. دایکم ئامبازم بوو، تێروپڕی ماچ کردم، بەڵام بابم ئەو بابەی، کە قەت ڕووی نەدەدامێو لەبەر هیچ کارەساتێك نەدەچۆماو بە مەتانەت و خۆڕاگری لە وڵاتدا ناوبانگی هەبوو هەتا ما یەکمان جگەرەمان لە کن نەکێشاو بێئیجازە دانەنیشتین، خۆی پێڕانەگیراو بە لوزەو فرمێسکی لەچاو هاتە خوارو هەتا ماوەیەك هیچ قسەی بۆ نەکرا. دوایە بۆ یەکەم جار و ئاخر جار لە ژیانمدا بەخێرهاتنی کردم و گوتی چاك بوو هاتییەوە. ئەوە لە دوام دەناردی عەفوی عمومی بۆ عەشیرەتان دەرچوە. ڕاستە ئێمە عەشیرەت نین، بەڵام خەڵکی گوندین و دەتوانین لەو دەرفەتە کەڵك وەرگرین. ماڵی دنیام زۆرەو ئێستا هەموو شت بە بەرتیل دەکرێ. جارێ ماوەیەك لە ماڵێ دانیشەو هاتوچۆی شاروباران مەکە تا بزانین دنیا چی لێدێ.

لە ماڵێ دانیشتم و چ باس نەبوو وردەوردە خەڵکیان بەردا. منیش دەستم کردەوە بە جووت و گاو ئاژەڵدارییەکەی خۆم و هاتمەوە سەر حوللەمەرەسێ.

حیزبی تودەی ئێران بە ئاشکرایی خەباتی دەکردو ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی زیاتر لێکۆدەبوونەوە. لە ڕۆژنامەکانی خۆیدا ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بە توندی دەکوتاو تیئۆری زانستی بڵاودەکردەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کەم کەم بووژاوەو کادرە لاوەکانی دەستیان کردەوە بە خەبات. پیاو هەق بڵێ حیزبی تودە لەو سەردەمەدا لە بوژاندنەوەی حیزبدا ڕۆڵێکی باشی یاری کرد. تەنانەت لە پاراستنی ناوی حیزبدا، چونکە هێندێك لە لاوە ئازادیخوازو کەم ئەزموونەکان خەریك بوون ناوی حیزب بگۆڕن و بیکەنە کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان و وەك بیستوومە بەرپۆەبەرانی حیزبی تودە مانیع بوون.

ژمارەیەك نیشتمان بڵاو بۆوەو گەیشتە دەستم و هومێدم پەیدا کرد، کە خەباتەکەمان پەرە بگرێتەوە. هەرچەند ڕاپۆرتیان لێدام کە لە نوسینی ئەم گۆوارەدا دەستم هەیەو بڕێکیان ئەم بەر ئەوبەر پێکردم و بە خوای دەستێکیشیان بە یاڵ و بژیدا هێنام و پوڵ چاپەکیان لێئەستاندم، بەڵام ئەوە چوو، ڕابرد نەمزانی لە کوێ چاپ کراو هەر بە شێوە نوسین نوسەرەکانم ناسین.

ژمارەیەکیش ڕێگا دەرچوو و پێم گەشت. یەکێك لە نوسەرەکانم دیت و بەڵێنی هاوکاریم پێدا، بەڵام بە داخەوە ئەویش تێداچوو.

لە ڕۆژی 15ی ڕێبەندانی 1327دا ناسری فەخرئارایی لە دانیشگای تاران شای وەبەر دەمانچان دا تۆزکاڵێکی دەم و لێو و پشت ڕووشاند. ئەو تاوانەیان هاویشتە سەر حیزبی تودەو ئیجازەی ڕەسمی کارکردنی ئەو حیزبەیان هەڵوەشاندەوەو ڕابەرەکانیان گرتن و دەرکی ڕۆژنامەکانیان داخستن و لە سەرتاسەری ئێراندا حکومەتی نیزامی دامەزرا. ئەوەش زەبرێك بوو، کە بە نەخشەی ئیمپریالیزم و بە دەستی کۆنەپەرستی وە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی ئێران کەوت، بەڵام زۆری پێنەچوو ڕۆژنامەکانی حیزبی تودە بە نهێنی دەرچوونەوەو ڕابەرانی حیزب توانیان لە زیندان ڕابکەن.

سەیر ئەوە بوو پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد، من بۆ یەکەم جار دوو ڕۆژ پێش واقیعەی دانیشگا وێرابووم بە ئاشکرایی بچمە مەهابادو بە ڕۆژی ڕووناك بگەڕێم، کە ئەو ڕووداوە لە تاران قەوماو لە مەهابادیش دەستیان کردەوە بە خەڵك گرتن. ناچار منیش خۆم شاردەوە. لەو خۆشاردنەوەدا شیعرێکی زۆر باشم لە ژێر عینوانی "ژوانی ئاغا"دا گوت کە بە داخەوە خۆم نەمماوەو تکا لەو کەسانە دەکەم، کە هەیانە بیپارێزن و ئەگەر کرا بۆم بنێرن.

ساڵی 1327 ساڵێکی یەکجار تووش و شووم بوو. من بە عومری خۆم زستانی وا سەختم لە وڵاتی خۆمان نەدیبوو. پازدە ڕۆژی پاییز مابوو بەفرێکی ئەستورو وشك باری. یەك نوا لە هەموو جێگایەك لە میترێك پتر بوو. وشکەبەندو سەرماو ساییقەی بەدوودا هات و یەکسەر بوو بە ڕوو، بەفری دیکەشی بەسەردا بارین، ڕێوبان گیران، قات و قڕی پەیدا بوو، ئاو وشك بوون و خەڵك ناچار بوو بەفر بتوێنێتەوەو بیخواتەوە. نەوت و ئاوردوو وەگیر نەدەکەوت. ئاژەڵ و ماڵات قڕانی کرد. ڕەپستە ڕزین و نەوەندە گنخان و گرانییەکی زۆر بە سامی بەدوادا هات.

من بۆ خۆم لە ئەزمونی پیاوێکی دنیادیدەو کۆنساڵ کەڵکم وەرگرت و توانیم بەشێکی زۆر لە دەغڵ و دانی خۆمان لە ڕیزن و زایە بوون ڕزگار بکەم.

بەهار درەنگ بوو، هەوا گەرم ببوو، بەڵام بەفر ئارەقیشی نەدەکرد. ڕۆژێم چوومە مزگەوت تەماشام کرد پیرەپیاوێك بە تەنێ لە تەنیشت سۆبە ساردو سڕەکە هەڵکورماوە. هەر منی دیت گوتی: منداڵی ئەو زەمانە ئێمەیان پێخەرفاوە. گوتم مامە گیان چ قەوماوە" گوتی: بەسەری تۆ ئەوە چەند ڕۆژە بەو هەتیوە گێژانەی خۆم دەڵێم بچن بەفری سەر ڕەپستەکەمان کون کون بکەن گوێشم نادەنێ. گوتم جا بۆ کون کونی بکەن؟ گوتی بۆ تۆش نازانی؟ گوتم

نەوەڵلا. گوتی بیلامانیٚ، کە ساڵ درەنگ بوو هەرد گەرم دادێو هەڵمیٚ دەکا. بەفریش نایەڵیٚ هەڵمەکە بێتە دەرو لەناو خۆیدا دەگەڕێتەوەو دەغڵەکە دەسووتیٚ.، ئەگەر کون بکریٚ هەڵمەکەی دێتە دەرو ناسوتیٚ. قسەی مامە پیرەم بە دڵیەوە نوسا. چەند ڕۆژان پیاوم هەڵگرتن و چوومە زگ بەفر کون کردن. هەوا خۆش بوو، بەڵام کارەکە زۆر گران بوو. بەفەرکە ئەوەندە ڕەق بوو بە لۆسە کون نەدەکرا، بەڵام پاشان تێگەیشتم پەندی پێشینیان چەند ڕاستە، کە گوتویانە (دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە).

بەشی زۆری دەغڵی ئێمە ئەو ساڵی نەڕزیو نان و تۆوی خۆمان بوو.

ئەو ساڵی لە هیچ کویٚ دەغڵ نەبوو. ئەو جووت بەندانەی زەوی ئاویژەیان بەدەستەوە بوو، هەرزن و گەنمەشامییان چاندو نێوەنانیان پەیداکرد. منیش هەرزن و گەنمەشامی زۆرم چاندو بەرهەمێکی باشیاندا، بەڵام لە گوندەکەمان هیچ داهاتمان وەگیر نەکەوت، چونکە بۆ خۆیان هیچیان نەبوو تا بەشی ئێمە بدەن.

بۆ زستانی داهاتوو گرانییەکی بەسام سەرانسەری ئێران بە تایبەتی کوردستان و ئازەربایجانی داگرت. دەغڵی فرۆشتن هەر نەبوو، هەشبا لە کڕین نەدەهات. هیچ شتی تریش دراوی نەدەکرد. دوو مەڕی داشتی پووتە گەنمێکی نەدەکرد. کەویژە گەنمێکیان بە جووتێك کەلی خاویٚ نەدەدا. هاواری سەروماڵ بوو، برا ئاوڕی وەسەر برا نەدەدا، بەڵام من نەم دیو نەم بیست لە کوردستان کەس ڕاستەوخۆ لە برسان بمریٚ، هەرزن و گەنمەشامی خۆوڵاتیو گەنموجۆ و خورمای عێراق هۆیان داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەزگای تەبلیغاتی پادشایەتی ئێران لەو ساڵانەدا شەو و ڕۆژ و وەخت و بێوەخت پەلاماری دەبردە سەر دەوڵەتی شورەوی، ئەو دەوڵەتە وەك جیرانێکی باش و دڵسۆز گەنمێکی زۆریدا بە ئێران. ئەویش چ گەنمێك بە ڕوحی پیاوی پێدەکەنی.،بە هاتنی ئەو گەنمە خەتەر کەم بۆوەو قاتوقڕی لە شاران نەما.

دەوڵەت لە دابەش کردنی ئەو گەنمەدا دێهاتیشی لەبیر نەکردبوو لە ڕووی شوناسنامە میقدارێکی گەنم بۆ هەر خێزانێك دانابوو، بەڵام دەبوو ئاغا بە قەرزی سەرخەرمان وەریبگریٚو سەنەد بدا، جا بەسەر خەڵکی گوندەکەدا دابەشی بکا. ئاغاکان گەنمەکەیان بە زیادەوە وەرگرت و وەك پیاوی چاك لە پێش چاوی کاربەدەستانی دەوڵەت بە سووت و سەلەم خۆرەکانی شاریان فرۆشت و دراوەکەیان نەخدو پوخت لە تەنکەی گیرفان قایم کرد. ئەوان ئەنگران، سووت خۆری شار قازانجیان کرد، سمێڵی پیاوی دەوڵەت چەور کراو ئەوی لەو ناوەدا هیچی پێنەبڕا هەژارو نەداری لادێ بوو.

لە بەهاردا خەڵکی دێهاتی ئازەربایجان لە حاڵێکدا، کە وەك خەزەڵی پایز لە برسان هەڵدەوەرین و پیاو ئاگری بۆ تێبەردەبوون بە کوردستان وەربوون. گەلی کورد جارێکی دیکەش پیاوەتیو نان بدەییو میوانداری خۆی نیشاندا.

هەر دەستەیەك ڕووی لە هەر ئاوەدانییەك دەکرد، خەڵکی ئەو ئاوەدانییە بە پیریانەوە دەچوون و ژەمێکیان تێر دەکردن و بەڕێیان دەکردن. زۆر ماڵی وا هەبوون ئەو ژەمە بۆ خۆیان هیچیان نەدەخواردو دەیاندا بەو میوانە ڕەش و ڕووت و برسیو خورێنانە. ژاژو پەنیرو لۆرك تایبەتی ئەوان بوو. ماڵی زۆر لە چەرو پیسکە نەبا ئەو ساڵی ڕزقی بۆ نەگیرا.

ئەگەر گەلی کورد بۆ خۆی لە وەزعێکی وادا نەبوو بتوانیٚ میوانەکانی خۆی باش بەخێو بکا، کە بەهار کامڵ بوو نیشتمانەکەی، کوردستانی ڕەنگین و بژوێن باوەشی دایکانەی بۆ ئەو برسیو ڕەش و ڕووتانە، بۆ ئەو لاوازو لەجەرانە بۆ ئەو لێقەوماو و دەربەدەرانە کردەوە. لە نواڵە زەنویرەکانیدا سفرەی نیعمەتی بەهەڵز و مەندۆك و بیزاو کارگ و کوڕادە و زرەمەندیو سیوەڵوکە و وێنجە کێویلکەو کەنگرو ڕێواس و ئەسپنك و ئاڵەکۆك و دۆڕیو ترشۆکە بۆ ڕازاندنەوە.

بەڵیٚ دیتم لە چەرخی بیستەمدا، لەو چەرخەدا، کە ئینسان ئەتۆمی شکاند، ڕاداری دروست کرد، تەنانەت مانگی داگیر کرد، ئینسانیش وەك ئاژەڵ و وڵسات لە کێووکەژ بلەوەڕیٚ، دەم دیتن بە گیا خواردن بایان دەکرد، بەڵام نەدەمردن.

ئەو مێگەلە شپرزەو سەرگەردان و بێشوانە بە چیا سەرکەشەکانی کوردستانی ئێراندا هەڵکشاو گلۆپکی ئەو گیایانەی هەڵپساندو خۆی پێتێر کردو شۆڕ بۆوە بۆ گەرمەسێری کوردستانی پڕ خێرو بەرەکەتی عێراق و وردە وردە دانگەرێژەی کرد تا بەسەر خێرو خۆشیاندا کەوت. لەویٚ کەوتە فەرعانە. دەغڵ و دان فەریکە ببوو، خانەخوێش هەر کورد بوو، بە دڵ بوو، بە بەزەیی بوو، ئینسان بوو، دڵسۆزانە میوانداری کردو بەخێوی کرد.

من لە ماوەی ئەو گرانییەدا پیاوەتی ئەوتۆم بە پیاوی نەدارو زەحمەتکێشەوە دیت، کە بە ڕاستی مایەی شانازی ئینسانیەت بوون، بەڵام بە داخەوە کارەساتی زۆر دڵتەزێن و دیمەنی زۆر دزێویشم دیتن. من بە چاوی خۆم دیتم ئینسان لە برسان مرد. من ئینسانم دیت لەبەر موحتاجی خەریك بوو نووری چاوی خۆی بە ئارد سەودا بکاو هەروەها زۆر حەیوانی دوو پێی وام دیتن بە ڕواڵەت ئینسان بوون کەچی لەو وەزعە نالەبارە بۆ ئاخنیی گیرفان یا دامرکاندنی هەوەسی خۆیان کەڵکیان وەرگرت.

ڕۆژێك لە بن دیوارێکی خوارو خێچ، خۆم لەبەر بەرۆچکە هەڵخستبوو، چیلکەم لە هەردی دەوەژاند، هێشتا خاکەلێوە بوو، وڵات نەخەملی بوو. بیرم لە حاڵی ئەو خەڵکە هەژارە دەکردەوە، چەند منداڵی دیٚ هاتنە لام یەکیان گوتی: فلانکەس خەریکە ژن بێنیٚ. ئەو فلانکەسە پیرە پیاوێکی دڵڕەش و کۆنە گزیرێکی بەدفەڕ بوو. کەس کچی نەدەدایەو بێژن مابۆوە. پێکەنیم و گوتم:

ئای لەو درۆیە! منداڵ تێکڕا وەجواب هاتن، بە پەلە پەل و سوێندو قوران خواردن گوتیان درۆ ناکەین. ئەوە خەریکە کچی ئەو کابرا حەجەمە بکڕێو لە خۆی مارە بکا. ماشاڵڵا جوانیشە.

—چی، چی بیکڕێ؟!

—بەڵێ، بەڵێ، بیکڕێو لە خۆی مارە بکا.

وەك فیشەك لە جێ‌ی خۆم دەرپەڕیم و منداڵ کەوتنە شوێنم، کە چوومە حەوشەی کابرا، دیتم بۆ خۆی لەسەر کورسییەك دانیشتوەو لاقی هاویشتۆتە سەر لاق و هەروا بزەی سمێڵانی دێ. پیرەپیاوێکی کەڵەگەت و تەژەو وشك و ڕەق، بەڵام بە داروبار لەبن دیوار هەڵتروشکاوەو چوار منداڵی ڕەش و ڕووت و کزو لەجەر لە دەوروبەری کەوتون. کچێکی باڵابەرزو ئەسمەرو چاوبرۆ جوان، بەڵام لەڕولاوازیش پاڵی وە کۆڵەکەی بێڵاکە داوە. چارەڕەشی‌و نەگبەت لەو دیمەنە دەباری.

—ها کوێخا ئەوە چییە؟

—قوربان چت لێوەشارم ئەو کچەم لەو پیرەمەشەدییە کڕیوە.

—کڕیوتە؟ بە چەند؟

—وەڵڵا قوربان بە گران، بە پووتێك ئارد. (زەردەخەنەیەکیشی بۆ کرد).

ئاگرم لە جەرگ بەربوو، مچوڕکێکم لەبەری پێوەهات و لە تۆقی سەرم دەرچوو، بەری چاوم تاریك بوو. خەریك بووم بەگژ ئەو پیاوە دڵڕەشەدا بێم، بەڵام پیشم خواردەوە، خۆم ڕاگرت و لە مەشەدیم پرسی: ئەو کچە بۆ دەفرۆشی؟ ملی بەلاوە نا، هەناسێکی ساردی هەڵکێشا، ئاوی لە چاوی گەڕا گوتی: دایکی دوو ڕۆژ پێش لە برسان مرد. بۆ خۆشی کەنەفت بوەو هەر بینا سلار بۆوە. دەستی بۆ لای منداڵەکان ڕاداشت و گوتی: ئەوانەش برسین. بۆیەی دەفرۆشم تا بۆ خۆی لە برسان نەمرێو ئەوانەش بژێوی چەند ڕۆژێکیان هەبێ. سەربەسەر بەزێرم نەدەداو ئێستا بە ئاردی دەفرۆشم.

لە کچەکەم پرسی: تۆ بەو کارە ڕازی؟ مێرد بەو کابرایە دەکەی؟ فرمێسکی بە چاوە جوانەکاندا هاتە خوار، بە شەرمەوە گوتی: "نینم ئوشاقلار ئاچدلار".

—چ بکەم منداڵەکان برسین— گوتم ئەگەر خێرۆمەندێك ئەوەندە ئارد بدا بە باوکت هێشتا حازری مێرد بەو کابرا پیرە بکەی؟ بە بێزاریەوە گوتی "یوخ وەڵڵا"— نە بە خودا—.

لەو کەین و بەینەدا ژن و منداڵی ئاوەدانی ئاپۆرەیان لە دەوری من دابوو. لە قسەکانمان نەدەگەیشتن. نەقڵەکەم لە سەر ڕا بۆ گێڕانەوە، ژنەکان تێکڕا گوتیان: ئەیەڕۆ، چ خێر بوو بۆ کافرستانییە؟ گزیرە پیرەیان تف باران کردو هەموویان بە غار چوونەوە ماڵی خۆیان. ئینسانیەت گەیتشە ئەوپەڕی، دەوڵەمەند و هەژار کەس بە دەستی بەتاڵ نەگەڕاوە. هەریەکە لە قەدەر خۆیان، نان، کولێرە، ئاردی گەنم، جۆ، گەنمەشامی، هەرزن، ماش، نۆك، نیسك، تەنانەت برینج و ڕۆن و جلکە کۆن یان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

زگی منداڵەکانیان تێر کردو تورەکەی مەشەدییان ئاخنی. ئەو وەختە من لە خۆشیان گریام، کە دیم منداڵە قۆشمەکانی دێ، کە لەسەر دوو شایی میشێن و جگێن و شێروخەت سەری یەکتریان دەشکاند، بە پەلەپەل و هەلە هەل زارکی کیسە پەڕۆکانیان دەکردەوەو هەرچی قەرەپوڵی هەیان بوو لە مستی پیرەمەشەدییان دەکردو بۆ خۆیان مافنگی دەمانەوە.

هەستی ئینسانی ئەو کیژە کوردانە ئاواتی شەیتانی ئەو دێوەزمە بلەوەزەی کردە بڵقی سەر ئاو، کە قرمی لەو کچۆڵە بێدەرەتانە خۆش کردبوو. باربووی ئەو ئینسانە ساکارو پاکانە چەند ئەوەندەی ئەو نرخە بوو کە ئەو گورگە پیرە دەیویست ئەو بەرخۆلە بێئازارەی پێبکڕێ. چەند دڵخۆش بووم، کە بە هەموان نەمانهێشت لە گوندە خونجیلانەکەماندا ئینسان بە ئارد سەودا بکرێ.

تەنگانە بەریان کورتە. گرانی دوایی هات. قات و قڕی تەواو بوو. خەڵك کەوتەوە سەر کارو کاسبی، بەڵام زۆر کەس لە برسان مردن، زۆر پیاو لە پیاوەتی کەوتن، زۆر ماڵ لە ماڵ بوون، زۆر کەس لەسەر ساجی عەلی دانیشتن و زۆر ناکەس پێگەیشتن. زۆر گیرفان ئاخندران. زۆر کۆشك قوت بوونەوەو زۆر مافورە ڕاخران و زۆر ماشێن کڕدران.

لە وڵاتێکی بێسەرەو بەرەدا، لە ڕێژێمێکی کۆنی دەرەبەگایەتیدا هەمیشە بەڵای تەبیعەت زوڵم و زۆر و خراپەو دزی‌و دەسدرێژی پیاوخراپانیشی لەگەڵە.

ئەو ڕووداوە ناخۆشە زۆری کار کردە سەر هەستی ناسك و شاعیرانەی من و هەروەها زۆریشی تەئسیر کردە سەر وەزعی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و تەنانەت سیاسی کوردەواری. وەزعی خراپی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی وڵات و نەداری‌و دەست کورتی زۆربەی خەڵك و زۆرداری کاربەدەستانی دەوڵەت و تاوان و خەیانەتی چینی دەستەڵاتدار بوو بە هۆی ڕاپەڕینێکی فیکری بێوێنەی زەحمەتکێشانی کوردستان و هەست بە مەسئولیەت کردنی ڕوناکبیرانی شۆڕشگێڕو لە خۆبوردووی نەتەوەکەمان.

ئەو ڕاپەڕینەی فیکرییەو ئەو هەست بە سئولیەت کردنە بوون بە هۆی ئەوە، کە چینی چەوساوەو توێژی ڕوناکبیری کورد زۆر لە جاران بە بڕواترو ئامادەتر لە دەوروبەری حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کۆببنەوە. پاش ڕوخانی کۆماری مەهاباد قەت وەك ساڵەکانی 29 و 30 و 31 و 32 هەلومەرجی لەباری عەینی‌و زەینی بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەڵنەکەوتوە.

هەرچەند لەو ساڵانەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان لەژێر تەئسیری حیزبی تودەی ئێراندا بوو و ئەوەندە بەرەو خەباتی چینایەتی دەڕۆیشت، کە لە خەباتی نەتەوایەتیدا کەمتەرخەمی

دەنواندو ئەوندە بۆ ڕووخاندنی کۆنەپەرستیو دامەزراندنی دیموکراتی لە ئێراندا تێدەکۆشا کە ئەستاندنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردی لە پلەی دووەمدا دادەنا، بەڵام دیسان بە پشتیوانی چین و توێژە چەوساوەکانی گەلی کورد پشت ئەستوور بوو.

من هەرچەند بەپێی توانای خۆم لەو خەباتەدا بەشدار بووم، بەڵام لەبەر نەبوونی چاپەمەنی کوردی نەمتوانی هونەرەکەم وەك پێویستە لە ڕێگای خزمەتی گەلەکەمدا لەکار بێنم. لەوکاتەدا، کە ڕۆژنامەکانی فارسی بە نەهێنی بڵاودەبوونەوەو پۆلیس نەیدەتوانی بیاندۆزێتەوە، بێگومان دەشکرا چاپەمەنی کوردی بڵاوبێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرانی ئەو سەردەمی حیزب لەبەر بێئەزموونی ئەوەیان بەلاوە گرینگ نەبوو.

ئەودەمیش بڕوام وابوو و ئێستاش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم، کە دەبێ زەحمەتکێشانی کورد بە زمانی خۆیان بدوێنین و دەبێ ڕوناکبیرانی کورد بە زمانی ساکارترین ئینسانی کورد مەسایلی سیاسیو کۆمەڵایەتی بنوسن و کۆمەڵانی گەلەکەیان ڕێنوێنی بکەن. بە ڕاستی هەم لە باری خزمەت کردن بە زمان و ئەدەبی کوردیو هەم لە باری ڕووناك کردنەوەی بیروڕای سیاسی چینە چەوساوەکانی کوردستان هەلێکی گەورەمان لەدەستدا.

حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێران بە تایبەتی حیزبی تودەی ئێران و جەبهەی میللیو پیاوە ئازادیخوازە سەربەخۆیەکان خەباتێکی ڕێکوپێکیان دەست پێکردبوو. ڕۆژنامەکان حەقایقیان ڕوون دەکردەوەو تاوانەکانی ڕێژیم و گەندەڵ فێڵی ئیمپریالیزمیان ئاشکرا دەکرد. کۆنەپەرستی لەمێژینەی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ پاشەکشەی دەکردو سەنگەرەکانی لێدەستێندران. دەوڵەتەکانی دەستکردی ئیمپریالیزم و نوێنەری کۆنەپەرستی خۆیان نەدەگرت و یەك بە دووی یەکدا دەڕووخان. ڕەزم ئارا ئەفسەری بەهێزو بە دەستەڵاتی ئەرتەشی ئێران وەك ئاخرین تیری تەرکەشی کۆنەپەرستی هاتە سەر کار بەڵام بێگومان ئەگەر نەشکوژرابا نەیدەتوانی بەری لافاوی بە تەوژمی خەباتی ئازادیخوازان بگرێو قازانجی شیرکەتی نەوت بپارێزێو دەستەڵاتی دەرباری کۆنەپەرست و سەر بە ئیمپریالیزم بێنێتەوە سەر دەقی جاران و ئەویش هەر تێدا دەچوو، مێژووش ڕێگای خۆی هەر دەبڕی.

خەباتی شێلگیرو بێوچانی گەلانی ئێران نیشتمان پەروەری بەناوبانگ دوکتور موسەدیقی هێنا سەر کار. ئەو پیاوە بە جەرگ و نەبەزە خەباتی گەلانی ئێرانی ژیرانە ڕابەری کردو توند بەگژ ئیمپریالیزمدا چوو. سەنگەرەکانی یەك یەك پێبەتاڵ کرد تا بە جارێکی پشتی شکاندو نەوتی ئێرانی میللی کردو دەستەڵاتی شومی شیرکەتی نەوتی ئینگلیسی لەناوبرد، کە لەمێژ ساڵ بوو وەك دەوڵەتێکی گچکەو بەهێز لەناو دەوڵەتی بێهێزی ئێراندا ڕەگی داکوتابوو.

بە بڕوای شەخسی من ئەو پیاوە مەزنە هەڵەیەکی مێژوویی کرد، ئەویش ئەوە بوو ئەوەندەی بەگژ دوژمنی دەرەوەدا چوو بەگژ دوژمنی ناوخۆدا نەچوو. ئەو کەسەی لە ڕۆژی 30ی پووشپەڕی 1331دا ئەو فیدارکاریو گیان بازیو پشتیوانییەی لە گەلانی ئێران دیبوو نەدەبوو بەسەر کۆنەپەرستییەوە بچێو دەبوو ڕەگ و ڕیشەی دەربهێنێ. کۆنەپەرستی لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بۆ پاراستنی دەستەڵاتی خۆی دەست لە هیچ تاوانێك ناگێڕێتەوە. بۆیە دەبێ ئازادیخوازانیش لە دەرفەتی ئەوتۆدا دەستی لێنەپارێزن. دەیتوانی هەر لە ڕۆژەکانی پاش 30 پوشپەڕی 1331دا شوێنەواری کۆنەپەرستی لە ئێراندا نەهێڵێو ئەوەندەی بێهێز بکا، کە نەتوانێ ڕاست بێتەوەو سەرلەنوێ وەك داردەستی ئیمپریالیزم بێتەوە سەر کار.

بە درێژایی حکومەتی دوکتۆر موسەدیق کۆنەپەرستی لە ئێراندا بەرەو کەم هێزی دەچوو و لە هێندێك جێگادا تەواو بێدەستەڵات ببوو، بەڵام بە داخەوە لە کوردستاندا هەرچەند هێزو گوڕی جارانی نەبوو هێشتا بە تەواوی لێنەکەوتبوو.

ئەرتەش بە پشتیوانی دەرەبەگەکانی خۆڵاتی زۆرجار بەرەنگاری خەباتی گەلی کورد دەبوو، زەبری لێدەوەشاند.

جووتیارەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی 1331-1952دا لە دژی زولم و زۆرو چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستانی ئێراندا ناتەبایی چینایەتی گەیشتە ڕادەی تەقینەوەو چینی چەوساوەی وڵاتەکەمان بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی کوردستاندا توانی بەسەر چینی دەستەڵاتدا زاڵ بێ.

جوتیارەکان هەر بە هێزی خۆیان توانیان لەبەری فەیزوڵڵا بەگیان و چومی بۆکان و چۆمی مەجیدخان و شامات و بەشێکی محاڵ بێخوێن ڕێژێو ئازاردان و خراپە لەگەڵ کردن ئاغاکان لە گوندان دەربکەن و بەخاوو خێزانەوە لە شاری بۆکانیان پەستێون و لەوێشدا گەمارۆیان بدەن و بە پەلە خەریکی چەکداربوون بن.

بێگومان ئەگەر لەو سەردەمەدا ڕابەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دروشمی خەباتی چەکدارانەی هەڵبگرتبایەو ئەزمونی شۆڕشگێڕانەی هەبایەو جڵەوی ئەو ڕاپەڕینەی بە دەستەوە گرتبایەو چین و توێژەکانی دیکەی بۆ یارمەتیو پشتیوانی جوتیاران هان دابایە، ئەو ڕاپەڕینە زۆر زوو دەبوو بە ناوەندی شۆڕش. شۆڕشێکی ڕەسەن و بەرین، شۆڕشێکی سەرانسەری کوردستان و لەوانە بوو زۆر زوو بتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا بچەسپێنێو جوتیارانی کوردستان ڕزگار بکا. داخی گرانم ئەو هەلە لەبارەو ئەو دەرفەتە باشە کەڵکی لێوەرنەگیرا. بێئەزموونی خۆمان پتر لە هەموو هۆیەك شۆڕشی کوردستانی ئێرانی وەدوا خست. چین و توێژەکانی دیکەی کوردستان یارمەتی ڕاپەڕینی جوتیارانی کوردستانیان نەداو دەستیان لەسەر دەست دانا.

سەرتیپ موزەفەری فەرماندەی تیپی مەهاباد بە سوپاو لەشکرو تانك و تۆپەوە بە هاواری دەرەبەگەکانەوە چوو و ڕاپەڕینی جوتیاران و وەرزێرانی زۆر بێڕەحمانەو بە توندی سەرکوت کرد.

دەرەبەگەکانی فەیزوڵلا بەگی و دێبوکری بە پشتیوانی ئەرتەش و یارمەتی قوڵە ئاغاکانی محاڵ و شارویران لە وەرزێران وەخۆ کەوتن. لێیاندان، دەریان کردن، تالانیان کردن و کوشتیانن و لاشەی دەیان وەرزێری شۆڕشگێڕ و تێکۆشەریان بە چۆمی بۆکاندادا.

حکومەتی نیشتمانی موسەدیق نەیتوانی پێشی ئەو تاوان و جینایەتە ئاشکرایە بگرێ. حیزبی تودەی ئێران بەو هەموو هێزەی، کە ئەو سەردەمی هەیبوو نەیتوانی ئەو ڕاپەڕینە بپارێزێ و پچووکترین یارمەتی پێبگەیەنێ،

جارێکی تر بە چاوی خۆم تێشکانی ڕەسەنترین ڕاپەڕینی گەلەکەم دی. ئەگەر گوتم ڕەسەن ترین ڕاپەڕین پێموایە بە هەڵە نەچووم، چونکە ئەو ڕاپەڕینە لەناو زەحمەتکێشترین چینەکانی خەڵکی کوردەواری و لەخۆوە هەڵقوڵی بوو. یەك دوو کەس نەبێ نوێنەری هیچ چین و توێژێکی کوردستان تەنانەت وردە بۆرژوازیشیان لەگەڵ نەبوو. ڕاستە بەشی زۆری ئەو وەرزێرانە ئەندامی بە وەفای حیزبی دیموکراتی کوردستان و دۆستی بە ئیمانی حیزبی تودەی ئێران بوون، بەڵام بە داخەوە ڕابەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان درەنگ جولایەوەو نەیتوانی ئەو ڕاپەڕینە ڕەسەنە بە چاکی بەڕێوەبەرێ. بێگومان ئەگەر ئەو ڕاپەڕینە باش ڕابەری کرابا لەو کاتەدا، کە کۆنەپەرستی لەوپەڕی بێهێزیدا بوو زۆر زوو دەیتوانی هەموو کوردستان بتەنێتەوەو ببێتە سەرەتای شۆڕشێك، کە پێموایە درێژخایەن نەدەبوو.

لە ساڵی 1332دا خەباتی گەلانی ئێران بە ڕابەرایەتی موسەدیق سەرنجی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاو موسەدیق بە یەکەم شەخسی ساڵ ناسرا.

خەباتی حیزبی دیموکراتیش بارێکی لەبارتری بەخۆیەوە گرت تا ڕادەیەکی زۆر پێشی چەپڕەوی منداڵانە، کە ڕاست و ڕاست بە قازانجی کۆنەپەرستی تەواو دەبوو، گیرا.

منیش پاش چەند ساڵ توشی لاوێکی ڕوناکبیرو تێکۆشەری کورد هاتم، کە ئازادیخوازێکی شیلگیر بوو بڕوای بە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی هەبوو، لە زمانی یەك دەگەیشتین.

من لە مێژبوو هاوارم دەکرد، بابە ڕاستە ڕۆژنامەکانی سەر بە حیزبی تودە ڕۆژنامەی چاك و بە کەڵکن (بە ڕاستیش وا بوون)، بەڵام دەردی ئێمە دەرمان ناکەن. بەشی زۆری گەلەکەمان فارسی نازانێ و لە مەبەستی ڕۆژنامەکان ناگا و لەسەر مەسایل ڕوون نابێتەوە، بەڵام بە داخەوە زۆرم گوێ نەدەدرایەو تەنانەت چەپڕەوی وامان هەبوون، کە لە عەینی نەخوێندەواری و نەزانیدا گاڵتەیان بەو جۆرە بیروڕایە دەکردو بەردیان لە ئەژنۆی خۆیان دەدا.

ئەولاوە لە قسەم گەیشت، دەستەڵاتیشی زۆر بوو. بڕیارماندا ڕۆژنامەی "کوردستان" ڕۆژنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان یادگارو خۆشەویستی پێشەوای نەمرمان سەرلەنوێ چاپ بکەینەوەو بە زمانی ساکاری کوردی لەگەڵ زەحمەتکێشانی گەلەکەمان بدوێین و لەسەر مەسایل ڕوونیان بکەینەوە. خەریك بوو ئاواتی لەمێژینەی من بێتەدی، کە بە داخەوە کودێتای شووم و ڕەشی 28ی گەلاوێژ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لێکی جوێکردینەوەو وەك بابردەڵە هەریەکەی بۆ لایەك هەڵداشتین.

ئەو لاوە تێکۆشەرە پاش چەند ساڵ ئاواتی منی هێنادیو توانی ڕۆژنامەی کوردستان چاپ و بڵاوبکاتەوە. چوار ژمارەی ئەو ڕۆژنامەم پێگەیشت، بەڵام ژمارەی پێنجی هەرگیز نەگەیشتە دەستم، چونکە ئەو کەسەی ڕۆژنامەکەی بڵاودەکردەوە بە خۆی و ڕۆژنامەکەیەوە گیراو هەموو ژمارەکانی لەناوچوون. من ئەگەرچی زۆرم پێخۆش بوو لەگەڵ ئەو ڕۆژنامە هاوکاری بکەم و شتی بۆ بنوسم، هەل و مەرجێکی نەهێنی ئەوتۆ لە گۆڕێدا بوو، کە پێی ڕانەگەیشتم هیچی بۆ بنوسم.

زۆر شت لەسەر کودێتای ڕەش و شوومی 28ی گەلاوێژ نوسراوەو گوتراوەو دووپاتە کردنەوەیان لێرەدا بێجێیە، چونکە ئەو کودێتایە تەئسیری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی من هەبوەو منیش یەکێکم لەو کەسانەی وەبەر پەلامار هاتم و زۆرم ڕەنج و کوێرەوەری و ئازار دیت و گەلێکم زیانی ماڵی پێگەیشت و دەردو سزام چێشت، ویستم هەروا بەسەریدا تێنەپەڕم.

لە ڕیفراندۆمی موسەدیقدا هێزی کۆنەپەرستی و هێزی ئازادیخوازی زۆر باش ڕادەی دەستەڵاتیان دەرکەوت، بە تایبەتی لە کوردستاندا. بۆ نموونە لە شاری مەهاباد، کە دەنگدان ئازاد بوو، وەك گوتم هێشتا کۆنەپەرستی و ئەرتەش کەم تا کورتێك جوڵەیان مابوو، تەنیا دوو کەس بە قازانجی دەربار دەنگیاندا، ئەویش وەك شاهیدێکی زیندوو ئاگام لێهەیە لاوێکی زۆر پاك و چاك لە داخی چەپڕەوی ئەندامێکی بێکەڵکی حیزب دەنگیداو پتر لە پێنج هەزار دەنگ بە قازانجی موسەدیق درا. بەوەڕا دیارە خەباتی دژی ئیمپریالیستی چەندەی پەرە گرتبوو.

خەڵك لە مێژ بوو خەریك بوو جێژنی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بگرێ. کەچی خواوڕاستان لە ڕۆژی 25ی گەلاوێژی 1332دا جێژنەکەیان بوو بە دوو جێژن. لەو ڕۆژەدا بوو، کە شا لەبەر تەوژمی شەپۆلی تورەیی خەڵك خۆی نەگرت و ڕایکردو بەرەو بەغدا هەڵات. لەوێش نەگیرساوەو هەی دێ بۆ ئیتالیا. بە ڕاستی ڕۆژێکی خۆش بوو. دوکان و بازاڕ داخران و خەڵك ڕژانە ناو کوچەو خەیابان. بوو بە هوڕاکێشان و چەپڵەڕێزان و سەما و هەڵپەڕین. ژن و پیاو و گەورەو پچوك لەو زەماوەندەدا بەشداربوون. کۆبوونەوەیەکی گەورەی حیزبی لە مەیدانی شار کرا. منیش پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار شیعرم بۆ خەڵك خوێندەوە. دیارە شیعرەکانم بە پەلە دروست کردبوو و لە باری هونەرییەوە زۆر باش نەبوون، چونکە ئیلهامم لە خەڵك وەرگرتبوو و بۆ خەڵك بوون، دوو سەعات پێنەچوو گەورەو پچووك و ژن و پیاو و منداڵی شارەکەمان سەربەندی شیعرەکەمیان دەخوێندەوەو دەیانگوت (دەبڕۆ ئەی شاهی خائن بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ).

سێ ڕۆژان دەنگی دەهۆڵ و زوڕناو تریقەی پێکەنین و ڕمبەی هەڵپەڕین لە مەهاباد نەبڕایەوە. بەلام بە داخەوە ئەم کەیف و نەهەنگ* و بەزم و زەماوەندە زۆری درێژە نەکێشاو ڕۆژی 28ی

گەلاوێژی 1332 کودێتای شووم و ڕەش و دژی گەلی -دالیس- ئەشرەف- زاهیدی سووک و هاسان سەرکەوت. زاهیدی ئەو ئەفسەرە فاشیست و کۆنەپەرستەی کە ڕۆژگارێك بە تاوانی جاسوسی ئاڵمانی نازی لە لایەن ئینگلیس و ئەمریکاوە گیران ئێستا بە قازانجی ئەوان و دەرباری کۆنەپەرست ڕابەری کودێتای بەدەستەوە گرت و بە سەرکردەیی ژمارەیەکی کەم لە ئەفسەرانی کۆنەپەرست و دەرکراوی ئەرتەش و دەستەیەك پیاوخراپ و کەتەو کۆشە و بە پشتیوانی ئیمپریالیزمی ئینگلیس و ئەمریکا توانی جوڵانەوەی ئازادیخوازی پەرەگرتوو بەربڵاوی ئێران سەرکوت بکاو دەوڵەتی نیشتمانی موسەدیق بڕوخێنێ‌و دەستەڵات بداتەوە دەست کۆنەپەرستی‌و شای ڕاکردوو، شای بەزیو و شای خوێن ڕێژو پیاوکوش بگەڕێنێتەوە سەر تەختی شومی پاشایەتی‌و ڕۆژی 28ی گەلاوێژ بکا بە سەرەتای سەردەمێکی ڕەش و شوم و خوێناوی مێژووی ئێران.

من بۆ خۆم پێموانەبو کۆنەپەرستی بە هەڵاتنی شا لە ئێراندا بنەبڕ دەبێ‌و ئیمپریالیزمی جیهانی وا سوك و هاسانی دەست لە خەزوبەزو خێرو بێری ئێران هەڵدەگرێ، بەڵام قەت خەیاڵیشم نەکرد وا بە هاسانی زاڵ بێتەوە، چونکە جوڵانەوەی ئازادیخوازی ئێران زۆر بەهێزتر لەوە دەهاتە پێش چاو.

من نامەوێ بچمە قووڵایی مەسەلەکەوە، بەڵام ئەوندە دەڵێم ئەگەر ڕابەرانی جوڵانەوەی ئازادیخوازی لە تاران وەدەست دەهاتن و بەرەنگاری کودێتاچیەکان دەبوون، هەرگیز کۆنەپەرستی نەیدەتوانی بەسەر جوڵانەوەی ئازادیخوازی‌دا زاڵ بێ‌و شا بگەڕێتەوە ئێران و وڵاتەکەمان بکاتە گۆمی خوێن و ئەو هەموو ئینسانە بە شەرەفە بکوژێ‌و ئەو هەموو خوێنە پاکانە بڕێژێ ئەو هەموو خەیانەتە بە گەلانی ئێران بکا.

پاش نیوەڕۆژی ڕۆژی 28ی گەلاوێژ زۆر بە زەحمەت توانیم خۆم دەرباز بکەم و لە مەهاباد وەدەر کەوم و ملی چیا بگرم. ماوەیەکی زۆر بە کێوانەوە بووم، شەوانە خۆم لە گوندێك دەکوتاو نان و ئاوێکم دەخواردو بە ڕۆژ وە چیا دەکەوتم. پۆلیس زۆر بە توندی لێم دەگەڕاو هەڕەشەی کوشتنی لێدەکردم. بەڵام شوێنی بۆ هەڵنەدەگیرام. ئەوەش لە سایەی یارمەتی‌دانی خەڵك بوو. هەموو کەس ڕای‌دەگرتم، نانی دەدامێ، دەیشاردمەوە، تەنانەت ئەوانەی زۆر بە شاپەرست مەشهوور بوون بە ڕاستی چاکەیان لەگەڵ کردم و زۆریان مەمنونم، بەڵام بۆیە ناویان نابەم بۆ خۆیان ڕەنگ بێ پێیان باش نەبێ.

پۆلیس، کە دەستی وەمن ڕانەگەیشت کەوتە ئازاردانی بابم. ئەوە منی زۆر ناڕەحەت کرد. بابێکی پیرو موحتەرەم، کە ماڵی پەناگای لێقەماوان بوو، ئێستا لەسەر من سوکایەتی پێدەکرا. ئێستاش، کە ئەوەم وەبیر دێتەوە ناڕەحەت دەبم. بەوەشەوە ڕانەوەستان و گیشەی گوندەکەیان تێکرا سوتاندین.

وڵاتی ئێمە زۆر کوێستانە. ساڵی وا هەیە پێنج مانگ بەفر عەرز بەرنداو حەیوان و ئاژەڵ لەسەر ئاخوڕ و دانگەیە. لەبەرئەوە خەڵك ناچارە گیاو وێنجە و کۆدە و گزرەو تفاقێکی زۆر داخا. بە داخەوە لە قەدیمەوە عادەتێکی خراپ لە کوردەواریدا هەیە هەرکەس ڕقی لە یەکێك هەستاو بە ئاشکرایی نەیوێرایە گیشەی دەسوتێنێ. پیاوەکانی پۆلیس بە دزی گیشەی گوندەکەی ئێمەیان، کە بەسەر یەکەوە داندرابوون ئاگر تێبەردا. بێگومان زەرەری ئەو سوتمانە لەسەد هەزار تمەن زیاتر بوو. ئێستاش، کە وەبیرم دێتەوە خەڵکی هەژارو زەحمەتێکیش و بێتاوان لە سۆنگەی مندا ئەو هەموو زیانەیان پێگەیشت و بەرهەمی شان و پیلیان بوو بە ژیلەمۆو ئاژەڵە بەستەزمانەکانان بێتفاق مانەوە، کزەم لە جەرگی دێ‌و لە کن ویجدانی خۆم شەرمەزار دەبمەوەو خۆم بە پشیلەی ڕەجەبەشێت دەزانم.

پاش 28ی گەلاوێژ زۆر لە ئەندامانی حیزب ڕوویان لەنێو مەنگوڕان کرد. عەشیرەتی مەنگوڕ بە پانەوە، بە ئاغاو ڕەعییەتەوە، بە نەدارو دەوڵەمەندەوە باوەشیان بۆ کردنەوە.

هەرچەند هێندێك لە تێکۆشەران پێشنیاری هەڵاییساندنی شۆڕشی چەکداریان داو لە بیرمە کاغەزێکم بۆ هات، کە چاوەنۆڕ بە بەو زوانە چەك بڵاو دەکەینەوەو شۆڕش دەست پێ‌دەکرێ، بەڵام چ باس نەبوو. بێگومان لەو وەختەدا عەشیرەتی مەنگوڕ لەو شوێنە سەخت و قایمەدا هاوکاری حیزبی دەکرد، دەسپێکردنی شۆڕشی چەکدارانە کارێکی محاڵ نەبوو. پێموایە دەوڵەت هەستی بەوە کردو گیراوەکانی بەردان و خەڵکی دامەزراندەوە. منیش پاش چوار مانگ دەربەدەری توانیم بچمەوە ماڵی خۆم و دامەزرێمەوە. لەوماوەدا بە ڕاستی ڕەنج و کوێرەوەرییەکی زۆرم دی‌و هێزو توانام لەدەستدا.

ئەوە بوو بەسەرهاتی منداڵی و لاوی من، چونکە ڕەنج و کوێرەوەری ژیان لە 30 ساڵیدا منی پیر کرد، سەروڕیشم بۆز بوون ددانم شاش و واش بوون، چاوم حوکمی کەم بوو، هێزو توانام ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمایەسی‌دا، هەموو شتم بەرەو نەمان چوو. بێجگە لە هەستی شاعیرانەم، کە بە بڕوای خۆم تا ئێستاش هەر لە زیدەییەو کەمی نەکردوە.

لە ساڵی سی‌و دووڕا هەمیشە لەژێر چاودێری پۆلیسدا بووم و پۆلێکم جاسووس لە دەوروبەری گەڕاون.

ساڵی 1338 ساڵێکی زۆر شوم بوو لە مێژووی ژیانی مندا. لەو ساڵەدا سازمانی ئەمنیەت گەورەترین زەبری لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد وەشاند، کە بێگومان لەو سەردەمیدا دەکرا بە بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسی ڕێك و پێکی ئێرانی بزانی.

منیش لەو سەردەمەدا تووشی نەخۆشییەکی ڕوحی هاتم. ناهومێدییەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو ناهومێدییە زۆرجار تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوە نام. نامەوێ ئەو تاوانە باوێژمە سەر ئەستۆی کەس، بەڵام ئەوندە دەڵێم ناتەبایی‌و ناکۆکی ناو خێزان و بنەماڵی خۆمان زۆری کار کردە سەر من. هەڵەی وام کردن، کە نەدەبوو بە هیچ نرخێك بیان کەم و بەسەر پەلی وادا کەوتم، کە دەبوو خۆیان لێبپارێزم. دوو ساڵی زۆر تاڵ و تفت و پڕ ڕەنج و کوێرەوەریم ڕابواردو هەزار جار مەرگم بە ئاوات خواست، بەڵام لەپڕ ئەو مژوهەورە ڕەوی‌و گزنگی هیوا سەرلەنوێ لە ئاسۆی ژیانمدا ئەنگوت.

لاوێکی ڕووناکبیرو کوردێکی پاك و بەشەرەف، کە بە داخەوە ناکرێ ناوی بەرم خوێ‌و ڕەفیقانی ئەو لەو ماوەدا زۆر لە هانام هاتن و زۆرم لەگەڵ ماندوو بوون. لە ساڵی 1340دا سەرلەنوێ تێهەڵچوومەوەو هاوکاری ئازادیخوازانم دەست پێکردەوە،

دەستەیەك ڕەفیقی تازەو تێگەیشتو و ڕووناکبیرم پەیدا کردن، لە باری هونەریشەوە شیعرەکانم نەك هەر باشتر بوون، بەڵکە بە بڕوای خۆم تێیان پەڕاند.

لە ساڵی 1344دا لاوێکی یەکجار خۆشەویست و خزمێکی زۆر نیزیکم، کە لە دەرەوەی وڵات دەژیاو دەیخوێندو هیوایەکی زۆرم پێهەبوو مرد، ئەو ڕووداوە زۆری پەرێشان کردم.

هێندە پێنەچوو لە سەفەردا بووم، کە خەبەری جەرگ بڕی مردنی بابمیان دامێ. ناتوانم شەرحی تەئسیری ئەو خەبەرە لەسەر هەستی خۆم بدەم. ئێستا، کە ئەو دێڕانە دەنوسم بە زەحمەت فرمێسکم بۆ ڕادەوەستن. ئەوندە دەڵێم دەردی باب مردن دەردێکی گرانەو پیاو لە هەر تەمەنێکدا بابی بمرێ هەست بە هەتیوی دەکا.

دوو ساڵ پاش دایکیشم مرد. بابم پیاوێکی بەزیبك و زاکوون* بوو. قەتی ڕوو نەدەدا منداڵەکانی. تەنانەت بە پیریش من جگەرەم لە کن نەدەکێشا. دایکم زۆر سەرورۆخۆش بوو، منی لە هەموو منداڵەکانی خۆشتر دەویست، کەچی پێم سەیرە مەرگی بابم زۆر پتری کار کردە سەر من و پتری پەرێشان کردم.

ساڵی 1347 لە حاڵێکدا، کە زۆر دەوڵەمەندو تێروپڕ بووم و ماڵ و دەوڵەتێکی زۆر لە پێویستی خۆم زیاترم هەبوو، پیرو کەنەفتیش بووبووم و دەمەویست گۆشەگیری بکەم و لەناو ژن و منداڵی خۆمدا بحەسێمەوە، زوڵم و زۆری ڕێژیم نیسبەت بە گەلی کورد گەیشتە ڕادەیەك، کە بۆ هیچ ئینسانێکی خاوەن شەرەف قبوڵ نەدەکرا. من چۆن چاوم بەرایی دەدا لاوانی تێکۆشەرو ڕوناکبیری کوردم هەر بەو تاوانەی داوای مافی ڕەوای نەتەوایەتی خۆیان دەکرد، لە پێش چاو بکوژن و بەوەشەوە ڕانەوەستن تەرمی خوێناوی‌و کون کراویان بە شارو باژێڕاندا بە چەپڵەڕێزان بگێڕن و داوەت و سەمای لە دەوری بکەن؟ ناچار بە پیری سەری خۆم هەڵگرت و بە داری دەستی ڕووم لە وڵاتی غەریبایەتی کردو دەستم لە ژن و ماڵ و کەس و کارو یارو دیار هەڵگرت. ئەوە پێنج ساڵ و چەند مانگە ئاوارەو دەربەدەر دەخولێمەوەو هەژار گوتەنی هەرشەوە میوانی خانەخوێیەکم و هەر ڕۆژە لەجێیەك. زۆرم کوێرەوەری‌و چەرمەسەری چێشتوە، زۆرم شەوو شەونخونی کێشاوە، زۆرم نەداری‌و ڕووتی دیوە.

ئەگەر ژیانی ئەو چەند ساڵە بنووسم خۆی سەدان لاپەڕە کاغەزی بەش ناکا، بەڵام نەهێنی کاری ئیجازە نادا.

خوێنەری خۆشەویست هیوادارم توانیبیم تا ڕادەیەك خۆم بە تۆ بناسێنم. دیارە تۆش چاوەنۆڕی ئەوە نی هەموو ڕازەکانی خۆم بۆ تۆ گێڕابێتەوە.

من ئینسانم، نە مەلاییکەم و نە پەری. دەخۆم، دەنووم، شاد دەبم، وەڕەز دەبم، دەگریم، پێدەکەنم، دەترسم، ناهومێد دەبم، داروبەرد نیم. لەو ماوە دوورو درێژەی ژیانمدا زۆر کاری چاکم کردوەو بەسەر خراپەشدا کەوتوم. تەنیا کارێکی خراپی، کە دڵنیام قەتم نەکردوە دزییە، ئەویش قەت ئەوەندە موحتاج نەبووم مەجبور بم دزی بکەم. بەچی مەعلوم ژیان ئەوەندەم موحتاج ناکا توشی ئەو گوناهەش بم، کە زۆرم پێ گەورەیە؟

نیوەشەوی سێی ڕێبەندانی 1352–24ی ژانویەی 1974 و یەکەمی موحەڕەمی 1394 لە نووسینەوەی ئەو سەرگوزشتە بوومەوە. ئێستا لە شارێکی دوور وڵات بە تاقی تەنێ لە ژوورێکی ڕەق و ڕووق* دانیشتوم. هەموو سامانم تەختێك و دەستێك نوێن و دوو دەست بەرگی کۆن و نوێ و چەند کراسی چڵکن و چەمەدانێك و ساکێکی دەستی‌و چەند جلد کتێب و کۆڵێك کاغەزی بڵاوەو ئەسپێ لە گیرفانمدا سەوزەڵەتان عەرز دەکا، بەڵام زگتان پێم نەسووتێ. ئەو ژیانەم بۆ خۆم هەڵبژاردوەو دەنا دۆستی وام هەن ئەگەر حەز بکەم پاروی لە زاری خۆیان دەردێنن و لە زاری منی دەنێن.

تا ئەو نوختەم دانا زیندوو بووم و پشووم دەهات و دەچوو و هیچ ڕەنگ مردن نەبووم. جا نازانم کەی سەر دەنێمەوەو کۆچی دوایی دەفەرموم؟

لێرەشدا دەمەوێ شتێك بڵێم، بە پێچەوانەی زۆر هونەرمەندی کورد من لە نەتەوەکەی خۆم ڕازیم. کەس تا ئێستا بێحورمەتی پێنەکردوم. داوای دراوو ماڵیشم لە کەس نەکردوە تا بزانم دەم داتێ یا نا. لە لێقەومانیشدا نانیان داومێ‌و ڕایان گرتوم.

شیعریشم تەنیا بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆم داناوەو هیچ هەقم نییە منەتیان بەسەردا بکەم. ئەوان پێیان ناخۆش بێ یا خۆش من، کە شیعرم بۆ هات ناتوانم نەیڵێم.

"گەلێك قسەم لە دڵا بوو، حیکایەتم مابوو
کەچی لە بەختی کەچم خامە نوکی لێرە شکا"

لەبەر شکانی نوکی خامە نییە کە لە گێڕانەوەی حیکایەتی دڵی خۆم واز دێنم. نا من وەك هەموو ئینسانێکی کورد بە تایبەتی کوردێکی ئێرانی هێشتا لە دنیایەکی پڕ لە ئەسراردا دەژیم و ناکرێ ڕازەکانی دەرونم هەڵڕێژم. تۆ بڵێی کورد بگاتە جێگایەك و منیش ئەوەندە بژیم هەرچی دەیزانم بینوسم و قازانجی لە زیان پتر بێ؟

ئینسانم.

ژیانم پێخۆشە.

پێمخۆشە لە شاری ئاوەدان، لە شەقامی پاك و خاوێن لەگەڵ خۆشەویستان بگەڕێم. پێم خۆشە لە ژووری گەرم و گوڕ لەسەر نوێنی نەرم وەرکەوم. پێمخۆشە سەر وە باسکێکی نەرم و نۆڵ بکەم. پێم خۆشە کام خۆراك خۆشە لە پێشم بێ، پێم خۆشە کام شەراب چاکە لە جاممدا بێ. دەمەوێ سەماو هەڵپەڕینی نازداران تەماشا بکەم. دەمەوێ جوانترین بالیە ببینم، بۆ چاکترین ئوپێرا گوێ ڕابگرم. دەمەوێ بەرزترین سەمفۆنیم بۆ لێبدرێ. نامەوێ دەربەدەرو سەرگەردان بم، بەتەنێ بە کێوو شاخاندا بگەڕێم. لە ئەشکەوت و زەندۆڵان بخزێم، لەسەر بەردی ڕەق بنووم. قۆناغی ڕەق و ساردی تفەنگ بکەمە سەرین. نانی وشك و کەرواوی بخۆم، ئاوی سوێرو گەرم بخۆمەوە، پێم خۆش نییە لاقەفرتەو چەنگەکرەی نیوە گیانان ببینم، خوێن و فرمێسکم وەبەر چاو بکەوێ. پێم خۆش نییە بە تەقەی تفەنگ و گرمەی تۆپ و هاڕەی تەیارە ڕابچەنم.

–بەڵام:

چبکەم، کوردم

کۆیلەم

ئەوانە هەموو، تەنانەت کوژران و کوشتنم پێ لە کۆیلەتی خۆشترە.

1352-11-3

**سەرچاوە:**

**تاریك و ڕوون، لە کوێوە بۆ کوێ، چاپی یەکەم، ساڵی 1974 لە بڵاوکراوەکانی، لاپەڕە 3-45**


MOHAMED ARIF

## کوردم ئەمن

گەرچی توشی ڕەنجەڕۆییو حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پرخاڵ نیم
ئاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لە برسان و لەبەر بێبەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن
من لە زنجیرو تەناف و دارو بەند باکم نیە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

شیلان ئاوی 1321—1942

## گلێنەی شاعیر

ئەگەر خەرمانی عومرم ئێستەکانە پاکی با بیبا
بە مەرگی تۆ مچورکیشم بەدڵدا نایە، بابیبا
هونەر گەرخۆی پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتەیدا
بەشی من بۆ دەبوو چارەڕەشیو خانەخەرابی با
لە کوێ حاڵی من و تۆ وادەبوو ئەی خۆپەرست ئێستا
ئەگەر دنیا ئوسولێ و قاعیدەو نەزم و حیسابی با
بە جامێ بادە تێر نابم، ئەگەر مەیلت هەیە ساقی
گلێنەی خۆم دەنێرمە خزمەتت، بۆم تێکە تا بیبا
وەبەر من نایەڵێ لێرەش مەیو ساقی جەنابی شێخ
دەنا لەولا شەراب و حۆری با هەر بۆ جەنابی با
هەموو عومری ئەبەد تیێدا نیە خۆشی دەمێك مەستی
خدر ئاوی حەیاتی بۆچ بوو؟ فێری شەرابی با

1340

## ڕەق هەڵاتم

من لە داخی خزمی خوێڕیو ئاشنای ئەحمەق هەڵاتم
من لە ترسی زاق و زووقی ئەمنیەی چاو زەق هەڵاتم
کوا بە خۆشی خۆم بەجێ دێڵم وڵاتی خۆشەویستم؟
من لە ترسی زللەو باتووم و دارو شەق هەڵاتم
هەر بە پێیان و بە کۆمەکۆمە گەیمە ئەم وڵاتە
ڕەنگە پێتوابێ بە سواری مایەنی گوێ لەق هەڵاتم
(نۆکەری بێگانە ناکەم) هاتەجی فەرمایشی خۆم
وا لە برسان و لەبەر بێبەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵاتم

1347

## سنور

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی
تۆ خودا نی، تۆ خۆشەویستی منی

*　*　*

لە ئاسمان نی تا وێت ڕانەگا دەستم
لە قاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم

*　*　*

تۆی لە من ون کردو منی لە تۆ دور
ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنور

بەفرانباری — 1351

## بۆسەی ڕۆژگار

نیمە ئاواڵێ لە گۆشەی بێکەسیدا غەم نەبێ
چاکە ئەو لێرەش وەفای هەرماوە، سایەی کەم نەبێ
لاپەڕەی ژینم هەموو هەڵدەیتەوە تێیدا نیە
باسی فرمێسك و هەناسەو شیوەن و ماتەم نەبێ
ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆسەیەکی نایەوە
نەمدی هەر تیرێکی دەیهاوێ بەرەو سینەم نەبێ
ڕەنجی دوری دڵبەرم بۆ کوشتنی من کافییە
گەر لە دنیادا ئەمن هیچ مەینەتی دیکەم نەبێ
کوا دەزانێ چەند پەرێشان و پەشێوە حاڵی من؟
ئەو کەسەی گیرۆدەی ئەگریجەو پەرچەم نەبێ
ڕەمزی دڵداری لە زینێ فێر نەبوو یارم دەنا
کوا ئەویننداری وەفاداری وەکو من، مەم نەبێ؟
کیژی شاریمان لە خۆی وەرگرتوە چارشێوەی ڕەش
داخەکەم نەمدی لەوێ مانگێکی دەورەی تەم نەبێ
شادی جارێکی بە میوانی نەهاتۆتە دڵم
ڕەنگە خەڵوەتخانەیی خەم شوێنی نامەحرەم نەبێ
خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵك ڕۆشن بکەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکوو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ

1338

## یادم بکەن

لەودەمەی‌دا پیاڵە دەدرێن لە پیاڵە
لەودەمەی‌دا لێوتان بە بادە ئاڵە
لەودەمەی‌دا کۆڕی شادی دەبەستن
لەودەمەی‌دا سەرخۆش و مەستی مەستن
لەودەمەی‌دا کە دەگرن بازو دەروان
لەودەمەی‌دا دەس دەگێڕن لە بەروان
لەودەمەی‌دا دەس لە بەژنان وەردێنن
لەودەمەی‌دا بەرکۆژە دەترازێنن
لەودەمەی‌دا گەڕی ڕەشبەڵەك گەرمە
لەودەمەی‌دا دەگوشن کام پەنجە نەرمە
لەودەمەی‌دا دۆ دەکەنە خۆڕانان
لەودەمەی‌دا کە دەگوشن گوڵمەی ڕانان
لەودەمەی‌دا تامەزرۆن لە جێژوانان
لەودەمەی‌دا بەخۆوە دەگوشن جوانان
لەودەمەی‌دا گڕ دەگرێ مەیل و تاسە
لەودەمەی‌دا تێك هەڵدەنگوەن هەناسە
لەودەمەی‌دا کە دەمژن شەکرەلێوان
لەودەمەی‌دا نەبێ لەمپەرو نێوان
لەودەمەی‌دا پۆلی بێریان ڕادەبرن
لەودەمەی‌دا کیژ چاوتان لێ‌دادەگرن
لەودەمەی‌دا گوێ هەڵدەخەن بۆ تارێ
لەودەمەی‌دا (ماملێ) دەڵێ قەتارێ
یادم بکەن، یادی منی دوروڵات
یادی منی ڕێبواری ڕێگای خەبات
یادی منی بێ‌بەش لە خۆشی‌و شادی
یادی منی سەوداسەری ئازادی

1973/11/21

## شەنگەبێری

شەنگەبێری! ساڵی ساڵان لە کوێستانی، لەناو مەڕی
بۆ مەڕدۆشین هەڵت دەکرد ئەو باسکی سپی مەڕمەڕی
لەبەر هاڕەی گۆبەرۆك و گوارەو کرمەك و ژێرچەنە
نیوەڕۆیە لەبەر بێرێ کۆڕی مەڕی ڕادەپەڕی
*　*　*
کە ئێواران کەزیت دەکردن سێ‌بەنگێ‌و چاوت دەڕشت
بەو کەزی‌و چاوە نەرمانە بێ‌ڕەحمانە شوانت دەکوشت
شەنگەبیزا بە سروەبا سوژدەی دەبردە بەر بەژنت
ئاخر تۆش هەوای کوێستانی ئەو کوردستانەت هەڵدەمشت
*　*　*
چێشتەنگاوان لە دەراوان کە خۆت لێ‌دەکرد پێ‌خاوس
بە لەنجەولاری کیژانەت شەرمەزار دەبۆوە تاوس
ئاهەنگی ژین و شادی بوو بەیانی کە تێکەڵ دەبوو
شمشاڵی من، خرمەی بازن، گرم و هۆڕی مەشکەی گاوس
*　*　*
شەنگەبێری گراوی خۆم وێنووسی جەماڵ و جوانی؟
ئێستاش پاڵێنێ وەك جاران لە شوان و مێگەل دەڕوانی؟
وا من پێشمەرگەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لەتۆ شیرنتر
نەمدەدا بە تەختی شایی دەنا بەردەبێری شوانی
*　*　*
ڕاستە تۆ جوانی، لە باری، نازداری، شۆخی، نەشمیلی
کوڵمت گەشترن لە گوڵ و خاڵت ڕەشترن لە زیلی
جیابوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نیە
ژوان و شەوڕاو و دڵداری، ڕازو نیازی بەدیلی
*　*　*
زۆری نەماوە بێتە بەر نەمامی هەوڵ و خەباتم
لە داگیرکەر پاك بێتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم
چەکم دادەنێم، گۆچانەکەی جارانم هەڵدەگرمەوە
تۆ هەر بیری‌بە، من هەر شوان، فریشتەی تاسەو ئاواتم

**چیا**- 1347

# ئەزمونی شاعیریم

خوشك و برا خۆشەویستەكانم!

بە ڕاستی نازانم چۆن هەستی گرگرتووی دەروونی خۆك دەرببڕم! نازانم بە چ زمانێك شوكرانەی چاكەی ئێوەی خۆشەویست بێژم، زمان و قەڵەمم لە دەربڕین و نوسینی سوپاسی ئەو هەموو لوتفەتان لاڵ و كوڵن!.

ئەگەر لە بیرتان بێ، لە بەشی دوایی سەرەتایی دیوانەكەمدا لە "لەكوێوە بۆ كوێ"دا وام نوسیوە.

"لێرەشدا دەمەوێ شتێك بڵێم، بە پێچەوانەی زۆر هونەرمەندی كورد من لە نەتەوەكەی خۆم ڕازیم، كەس تا ئێستا بێحورمەتی پێنەكردوم، داوای دراووماڵیشم لە كەس نەكردوە تا بزانم دەمداتێ یان نا؟!. لە لێقەومانیشدا نانیان داومێو ڕایان گرتووم، شیعریشم تەنیا بۆ ئیحساسی خۆم داناوەو هیچ هەقم نییە منەتیان بەسەردا بكەم".

لە قوڵایی دڵمەوە بڕوام بەو قسە هەیە، كاتێك گەرای شیعرێك لە مێشكمدا دەگورێ، ڕوداوێكی جیهان سەرنجم ڕادەكێشێ، كاتێك مەسەلەیەكی ژیان هەستی دەروونم دەهاروژێنێ، من بە پەلەم هەرچی زووتر ئەو هەستە دەربڕم!.

خۆم لەو تەنگەژەو گێژاوە ڕزگاربكەم و بحەسێمەوە. كەوابوو، چ هەقم هەیە منەت لەسەر خەڵك بكەم و بڵێم شیعرم بۆ داناون؟!.

لە ڕێگەی شیعرو نوسینەوە، وەك تاكێك لە كۆمەڵ، تەنیا توانیومە كەم تا كورتێك ئەركێكی سەرشانم بەجێبگەیەنم و لە باتی ئەوەی بە زمانی خوێندنم كە فارسییە بنوسم، بە زمانی زگماكیم نوسیوەو ئەوەندەی لە دەستم هاتوە خزمەتی زمان و ئەدەبی كوردیم كردوە. ئەوەش ئەركی نەتەوایەتی خۆمەو ئەگەر بەجێمنەگەیاندبا، لەكن ویژدانی خۆم شەرمەزارو ڕوو زەرد دەبوم و دیسان هەقم نییە خەڵك منەتبار بكەم و چاوەنۆڕی پاداش بم. كەچی هەست دەكەم و دەبینم و زۆر لە ڕادەی پێویست زیاتر لە لایەن ڕۆڵەكانی گەلەكەمەوە ڕێزم لیدەگیرێ. هەر پێكهاتنی ئەم كۆڕە نیشانەی ئەوپەڕی ڕێزلێگرتنی ڕۆڵە پاكەكانی كوردە لە خزمەتكەرانی بچوكی گەلەكەمان و دەبێتە هۆی پتر هاندانی ئەوان بۆ من و فیداكاریو گیانبازی پتر لە ڕێگای ئامانجی پیرۆزدا.

لە "لەكوێوە بۆ كوێ"دا كەمێك بەسەرهات و ژیانی تاڵ و پڕ كوێرەوەری خۆمم بۆ گێڕاونەتەوە.

دیارە لە بنی كوولەكەم نەداوە، لێفەم لەسەر هەتیوان هەڵنەداوەتەوەو ئەسكووم لە مەنجەڵ نەگێڕاوە.

زۆر نهێنی گرنگ و ڕازی نەگوتراو هەروا بەسەر مۆری لە سنگمدا ماونەتەوەو دەیانبەمە ژێر گڵ.

ئەگەر ڕۆڵەی گەلێكی لێقەوماو نەبومایەو لە كۆمەڵێكی دواكەوتوودا بەرێ نەچووبام زۆرم لەو ڕازانە دەدركاند.

بە هیوام ئەگەر مەرگ بەر بینگم پێنەگرێو، ڕۆژگار دەرفەتم بدا (لە كوێوە بۆ كوێ) بكەمە كتێبێكی سەربەخۆو پەردە لەسەر زۆر لەو ڕازانە هەڵدەمەوە كە زیان و قازانجیان تەنیا بۆ خۆم دەگەڕێتەوە.

بە بیرم نایە بە منداڵی قەت بیرم لەوە كردبێتەوە كە بە گەورەیی ببمە شاعیر، یان نوسەرو ئەدیب، پێم خۆش بوو ببمە دوكتۆرو ئەفسەرو شتی وا.

تا لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم فەرقێكم لە نێوان دەرسەكانمدا نەدەكرد. لە ئینشاو ئیملاو حیسابدا دەرەجەی وەك یەكم هێناوە. بەڵام كە باوكم هاتە سەر ئەو ڕایەی ئەگەر لە قوتابخانەی نوێدا بخوێنم بۆ دینەكەم زەرەروەر دەبێ. بچمە حوجرەی فەقێیان ببمە مەلاو جێی باب و باپیرانم بگرمەوەو كەوێی دامێن و سەڵتەو جوببە لەبەربكەم، گۆڕانێكی فیكریم بەسەردا هات كە باری ژیانیشمی گۆڕی.

نازانم، ئەو زوڵمەی باوكم لێی كردووم و نەیهێشت بە ئارەزووی خۆم بخوێنم و پێی بگەم و ویستی بمكا بە مەندیل بەسەرو عەبا بە شان وێی بەسەر هێنام، یان هاودەمیو هاونشینی لەگەڵ ئەو مەلاو فەقێیانەی شیعری موتەنەبیو سەعدیو "نالی"یان وەك ئاو لەبەربوو، بەڵام نەیان دەزانی حەوت جار حەوت دەكات چەند بەرەو دنیای شیعرو ئەدەبی بردم؟!. بە كورتی بۆم ناچێتە سەریەك بۆچی كە چومە حوجرەی فەقێیان بە جارێك گۆڕاوم و ئاشقە شیعر بوم؟. لە باتی تەسریفی زەنجانیو عەوامیلی جورجانی دەستم بە خوێندنەوەی شیعری خاقانیو قائانی كرد، بەڵام فەرقی شیعری باش و خراپم نەدەكرد. هەر شیعرێك كێشی سوارترو قافیەی گرانتر بوایە بە باشترم دەزانی.

قەدیم لە وڵاتی ئێمەدا كە منداڵیان لەبەر خوێندن دادەنا، لە پێشدا گولستانیان پێدەگوت. دیارە هەر تەقەی سەری دەهات و هیچی لێ تێنەدەگەیشت. بەڵام من كاتێك دەستم بە خوێندنەوەی ئەم كتێبە بەنرخە كرد، كە تەواوێك گەورە ببووم و پلەی خوێندەواریشم تا ڕادەیەك بەرەو ژور چو بو. مامۆستاكەشم زۆر

باشی دەزانیو خۆی پێوە ماندوو دەکردم. خوێندنی گولستان و بوستان دەرکی ئەدەبی فارسی‌یان لێکردمەوە.

لە شازدە، حەڤدە ساڵیدا دەستم بە شیعر دانان کرد، چونکە زیاتر لەژێر تەئسیری شیعری فارسیدا بووم بە فارسی شیعرم دەگووت. شیعرەکانم کێش و قافیەی تەواویان هەبوو. وشەی شاعیرانەشیان تێدا دەبینرا. بەڵام لاسایی کردنەوەی شیعری شاعیرانی پێشوو بوو، هیچ هەست و عاتیفەیان تێدا نەبوو.

لە منداڵی ناوبانگی چەند شاعیری وەك ناڵیو کوردیو سالم و وەفاییو شێخ ڕەزام بیستبوو، بەڵام نایشارمەوە، شیعری کوردیم زۆر پێ‌خۆش نەبوو گاڵتەشم بە فۆلکلۆر دەکرد، چونکە تا ئەو حەلە زیاتر لە شارو لە حوجرەی فەقێیان بووم، ئەوانەش هەر گاڵتەیان بە گوتەی نەخوێندەوار دەکرد.

ڕووداوێك گۆڕینێکی بەسەردا هێنام. تووشی زاناو ئەدیبێکی گەورە هاتم. مامۆستا "ئەحمەد فەوزی" یان مەلای سلێمانی، خەڵکی ئەم شارە خۆشەویستە بوو، بەم ئاوو هەوا خاوێنە پەروەردە ببوو، نازانم چۆن ئاوارەی وڵاتی ئێمە ببوو، لە کتێبەکەدا نوسیومە:

"دەبێ بڵێم من دەستکردی فەوزیم، ئەو هەڵیوەشاندمەوەو تێکی هەڵشێلام و سەرلەنوێ دروستی کردمەوە، ئەو دەرکی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوەو ئەو ڕێگای ژیانی نیشاندام.

بێ‌گومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزیو لە کن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا. ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە.

ئەو فێری کردم زەوقی ئەدەبیم چۆن تیف تیفە بدەم و مشت و ماڵی بکەم، ئەو فێری کردم چۆن بنوسم و چۆن شیعر بڵێم، ئەو فێری کردم وڵاتەکەم خۆش بوێو پێی هەڵبێم، ئەو حاڵی کردم، کوردی، زمانێکی ڕەوان و بەربڵاوو دەوڵەمەندەو دەکرێ ئەدیبێکی گەورەو دنیاپەسەندی هەبێ.

ئەو حاجی قادر کۆیی، ناڵی، کوردی، سالم، مەولەوی، حەریق، مەحویو ئەدەب و وەفاییو پێ‌ناساندم و شیعرەکانی ئەوانی بۆ شیکردمەوە. ئەو فێری ڕۆژنامە خوێندنەوەو ڕۆمان خوێندنەوەی کردم. ئەو دیوانی شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی فارسی بۆ پەیداکردم و هانیدام بیانخوێنمەوەو شتیان لێ‌فێربم. بەڵام سوێندی دام قەت بە فارسی شیعر نەڵێم.

منیش ئەو سوێندەم نەشکاند. هەر لەو سەرو بەندەدا کە لە خزمەت فەوزی دەمخوێندەوە، مامۆستایەکی دیکەشم هەبوو کە وشەی ڕەسەنی کوردی فێردەکردم و بەیت و باوی فۆلکلۆری بۆ دەگوتم. "سەید عەولا"ی من زۆر لە دەروێش عەبدوڵڵای مامۆستای (گۆران) کە ئەویشم دیبوو هونەرمەندتر بوو، بەڵام من شاگردێکی ناسوپاس بووم و نەمتوانیوە شیعری بۆ بڵێم.

لە تەمەنی بیست ساڵیەوە بوم بە شاعیر، زیاتر هەست و عاتیفەی خۆم دەخستە نێو شیعرەوە، بەڵام هێشتا دەستم لە گرانترین و بێ‌سوودترین جۆری شیعر واتە تەخمیسی شیعری شاعیرە مەزنەکان هەڵنەگرتبوو. ڕۆژێك ئاوەڵێکم گوتی: دەزانی ئەو تەخمیسانەی تۆ وەك چی دەچن؟

گوتم نا، گوتی: وەك ئەوەی نانی خۆت لەسەر خوانی خەڵك بخۆی!. ئەو ڕەخنەیە وشیاری کردمەوەو دەستم لەو کارە بێ‌سوودە هەڵگرت و ئەو تەخمیسانەی کردبوومن نەمهێشتن، هەرچەند هێندێکیان ناوبانگیان پەیداکردبوو.

یەکەم شیعرم لە گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بە ناوێکی موستەعارەوە بڵاکردەوە. شیعرێکی سیاسی ڕێك و پێك و ڕەوانە.

ئەو دەمی زۆر شایی بە خۆبووم کە شیعرم لە گۆڤاراندا چاپ دەکرێ، کەچی ئێستا خۆم لێ بێ ساحێب کردوەو نامەوێ کەس بزانێ ئەو شیعرە هی منە.

ڕۆژێك مامۆستاکە دەفەرموێ: سەرگورشتەو نموونەی شیعری شەش هەزار شاعیری کوردم "الی ماشاالله" کۆکردونەتەوەو خەریکم چاپی بکەم، ئەو بەشەی کتێبەکەی پێ‌نیشندام کە لە بارەی شیعرەکانی موکریانەوە دواوە، دیتم شیعرەکەی بە تەواوی وەرگرتوەو چەند دێڕێکیشی لەسەر بیری بەرزو زمانی پاراوو خەبات و تێکۆشانی شاعیر نوسیوە، بەڵام مێژووی لە دایك بوونیو مردنی نەنوسیوە.

بە مامۆستام نەگوت ئەوە منم تا شەش هەزارەکە نەبێ بە 5999!!.

دوەم شیعرم لە ژمارە (2)ی گۆڤاری "نیشتمان"دا نزیکەی (33) ساڵ پێش چاپ کراوەو لە لاپەڕە (52)ی (تاریك و ڕوون)دا دوبارە چاپ کراوەتەوە.

تەنیا شتێك کە لە شیعرەکانی ئێستامی هەڵداوێرێ خۆ هەڵکێشانێکی لاوانەو ڕۆشنبیرانەیە، بە کچە کوردێك دەڵێم، وەك ژاندارەکی فەرانسەیی ڕاپەڕە. ویستومە بە خەڵك نیشاندەم کە ئاگام لە مێژووی ڕۆژئاواش هەیە!!

دەنا هێنانی ناوی ژاندارەکی هیچ جێگای نییە!.

هەرچەندە لە شیعرەکانی پێشوودا سۆزی شاعیرانەو خەمناکانە تا ڕادەیەك بەدیدەکرێ، بەڵام ئەو سۆزە لە پاش ساڵی 1947 کە توندترین زەبرم لێدرا گەورەترین موسیبەتم بەسەردا هات لەتیفترو گەرمترو شاعیرانەتر کەوتە نێو شیعرمەوە. لە "بابردەڵە"دا کە ئەو ساڵ لە وڵاتی غەریبی گوتومە: وا لەگەڵ بولبول دەدوێم،

بە غەریبی گوتومە:

منیش ئەی بولبولی شەیدا وەک تۆم
وەها دورم لە هێلانەو گوڵی خۆم
منیش وەک تۆ لە کیسم چوو گوڵی سور
منیش هێلانەکەم لێ‌کراوە خاپور
منیش بابردەڵەی بەر گوێژەڵووکەم
دەمێک لەو قولکە تاوێک لەو چلوکەم

لە ئامێزی گەرم بێبەش کراوم

وەکو تۆ توشی رۆژی ڕەش کراوم

ژیانم پڕ لە ڕەنجەو دەردو داخە

ئەوا گیرسامەوە لەو کێوو شاخە

کەسێک ناپرسێ، نازانم چۆنم

لە یادان چومەوە، چیرۆکی کۆنم.

ئەو سۆزە لە زۆربەی شیعرەکانی پاش ئەو ساڵەدا هەیە هەر بەتین بوە. لە (فرمێسکی گەش)، گریانی نیوەشەو، خونچەی سیس، بۆسەی ڕۆژگار، تەپڵی ئامان)، بەرەو ژورتر چوە لە (شەوگاری تەنیایی، شەوی شاعیر)دا بە جۆشترەو لە شیعرەکانی پاش ئەوە لە (تاریك و ڕوون)دا، لە (ناڵەی جودایی)دا، لە (سازی ناسازدا) گڕیگرتوە.

لە (فرمێسکی گەش)دا دەڵێم:

نابینی زەردە لەسەر لێوی کەسێ لەم شارەدا

گەر خەم و دەردی دڵی خۆمیان بەسەردا دابەشم

خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر ئەژنۆکەمە

بۆیە ڕۆژو شەو وەها گرتومەتە نێو باوەشم

لە "گریانی نیوەشەو"دا:

شەوانە گەر نەکەم ئەو شیوەن و ناڵین و گریانە

دەسووتێنێ وجودم ئاگری ئەو جەرگە بریانە

لە "خونچەی سیس"دا، کە یەکێکە لە شیعرە ڕەمزیەکانم لە زمانی بولبولەوە دەڵێم:

ناڵینی من بۆ خونچەیە

بۆ خونچە پەشێوە حاڵم

ئەو داخە لە دڵمدا هەیە

بۆیە هەمیشە دەناڵم

ئەو پێش پشکوتن سیس بوە

بە جوانەمەرگی مردوە

لە "بۆسەی ڕۆژگار"دا:

نیمە ئاواڵێ لە گۆشەی بێکەسیدا غەم نەبێ

چاکە غەم لێرەش وەفای هەر ماوە سایەی کەم نەبێ

لاپەڕەی ژینم هەموو هەڵدەیتەوە تێدا نییە

باسی فرمێسک و هەناسەو شیوەن و ماتەم نەبێ

لە "هێلانەی بەتاڵ"دا.

نییە باکم ئەگەر ڕاوچی شکاندویەتی باڵی من

ئەوە سەختە کە ناگاتە گوێی کەس ناڵەناڵی من

شیعری وام هەن ئەو سۆزەشیان تێدا نییەو بۆ خۆشم لێیان ڕازیم:

من کە ناگاتە هەفتەیەک تەمەنم

بۆچی بگریم و بۆچی پێنەکەنم

* * *

وەبەر من نایەڵێ لێرە مەیو ساقی جەنابی شێخ،

دەنا لەولا شەراب خۆری با هەر بۆ جەفابێ با

هەموو عومری ئەبەد تێدا نییە خۆشی دەمێک مەستی

خدر ئاوی حەیاتی بۆچ بوو، فێری شەرابی با

* * *

بە منداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندوە ماچێ

بە پیریش لەزەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ

* * *

پیرو زورهانم و ئێستاش دڵەکەم هەر دەیەوێ

سەرو ماڵم بە فیدای خاڵ و خەت و پەرچەم کەم

داستانی مەم و زین کۆنە، کچێکم گەرەکە

شلکەڕانی بگوشم، بۆنی لە سنگ و مەم کەم

* * *

شیعرێک وەک سێبەری برژانگ

وەکو خەرمانەی دەوری مانگ

ڕێکتر لە گەڕی ڕەشبەڵەک

خۆشتر لە خرمژنی کرمەک

وەک شەراب بگەڕێ لە خوێن

خەم ڕەوێن بێو وشە بزوێن

شیعرێک وەکو دەریێی بێ بن

گەرمتر لە باوەشی ژن

* * *

هەتا کۆمتر دەبێ پشتم، پتر هەڵدەکشێ مینی جۆب

ئیتر دەستم بە داوێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا.

* * *

من لە مێژە غروری ئەدەبیم لە خۆمدا کوشتوەو هیچ بە ئاك و عەیبی نازانم یارمەتی فیکری لە ئاواڵ و دۆستانی خۆم وەرگرم. هەمیشە شیعرو نوسینەکانی خۆم بە دۆستانی لێزانم نیشان دەدەم، ڕەخنەو تێبینی بەجێ بەوپەڕی سوپاسەوە قبوڵ دەکەم و لەو ساڵانەی دواییدا بە تایبەتی زۆرم کەڵك لە هاوکاری دۆستانی شارەزام وەرگرتوە.

تا لە دێ دەژیام شیعرەکانم بۆ لادێییە نەخوێندەوارەکان دەخوێندەوە تا لە باری زمانەوە لێیان دڵنیابم.

یەکێك لە تایبەتەکانی شیعری من ئەوەیە کە نەرم و ڕەق و سۆزی ئەوین و فیکری سیاسی تێکەڵ دەکەم. لە (شەنگەبێری)ی (مەتەرێزی شەرەڵا) و (ئامێزی ژن) و (پەری شیعر) و (یادم بکەن) و (لەبیرم مەکەن) و (بناری هەڵگورد) و تەنانەت (شەوگاری

تەنهایی) و (ناڵەی جودایی)دا ئەم کارەم کردوە، جا، نازانم تا کوێ سەرکەوتوم!!!.

مەسەلەی زمانیش بە گرینگ دەگرم و تێدەکۆشم کام وشە ڕەسەنە بەکاریبێنم. ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆم و هەموو ئەدیبێکی کورد دەزانم، بە داخەوە من جگە لە زمانی کوردیو فارسی هیچ زمانێکی تر نازانم.

شارەزاییم لە ئەدەبی دەوڵەمەندی فارسیدا کەم نییەو کاتی خۆی زۆرم شیعری شاعیرەکانی فارسی خوێندۆتەوەو کەڵکم لێوەرگرتوە. شیعری شاعیرە مەزنەکانی خۆشمان دەخوێنمەوەو کارم لێدەکەن، پێم خۆشە شیعرێك بخوێنمەوە کە هەم ڕواڵەتی جوان بێو هەم ناوەڕۆك. بەڵام ئەگەر هەر لایەکیشیان جوان بێ چێژی لێدەکەم، وەك ئەم شیعرەی "نالی" کە هەم ڕوواڵەتی جوانەو هەم ناوەڕۆك:

دەورا نییە وەک هێلەکی سەودا سەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم
هەر پەرچەم و پیشانییە فکری شەوو ڕۆژم
هەر گەردن و زوڵفە ئەمەلی دوورو درێژم

یان ئەم شیعرەی "شێخ ڕەزا" کە هەر ڕواڵەتی هەیەو قسەیەکی خۆشە:

ویستی لێی ماچێ ڕەزا زاڵمە نەیدایە گوتی
ئەی خوا لەم کوڕە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە

بۆ خۆم هەمیشە خەریکم شیعرێك دابنێم هەردوو دیوی جوان بێ، جاری وایە توانیومە تا ڕادەیەك سەرکەوم و جاری واش هیە بە لایەکیان ڕازی بووم. ناتوانم لە پێشدا نەخشە بۆ شیعر بکێشم. کاتێك ئیلهام لە شتێك وەردەگرم و گۆرانی گوتنی خەیاڵێك مەستم دەکاو دەمەوێ بیخەمە چوارچێوەی شیعرێکمەوە، ئەوە من نیم چوارچێوە هەڵدەبژێرم، بەڵکو خەیاڵەکەیە کە چوارچێوەو قالبی لەبار بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. من قسەی بێکێش با زۆر جوان و قووڵیش بێ بە شیعر نازانم.

شیعر دەبێ کێشی هەبێ تا لە پەخشان جودابکرێتەوە جا، قافیەی هەبێ یان نا، هەر بە شیعر دەژمێردرێ.

ڕاستە قافیە شاعیری بێ دەسەڵات و کەم بین دەخاتە تەنگانەوەو دەبێتە بەرهەڵستی دەربڕینی هەست و بیری، بەڵام هەر قافیەش یارمەی شاعیری خاوەن بەهرەو بە دەسەڵات دەدا بۆ دەربڕینی هەستی دەروونی بە وشەی جوانترو شیرینتر، بەکارهێنانی تاقە کێشێك لە پایەی شاعیر کەم ناکاتەوە، بەڵام خوێنەر ماندوو دەکا.

هیچ گومان لە پایەبەرزی مەولەوی ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزیدا نییە. کەچی من بەش بە حاڵی خۆم هەم لە خوێندنەوەی مەسنەویو هەم لە خوێندنەوەی دیوانی مەولەوی ماندو دەبم.

دیوانی شاعیران وەك باخچەی گوڵاڵەن. گوڵی باخچە تا ڕەنگاوڕەنگتر بێ تەماشاکەران زیاتر ڕازی دەکەن. منیش وەك ماموستا "گۆران"ی پایەبەرز لەسەر ئەو باوەڕەم کە کێشە خۆماڵیو فۆلکلۆریەکان کە لە باب و باپیرانمانەوە بۆمان بەجێماون، باشتر لەگەڵ تەبیعەتی زمانەکەمان ڕێك دەکەون.

هەر لە منداڵییەوە گوێم بە لایە لایەی دایکی کورد کە لەسەر ئەو کێشانەیە ڕاهاتووە زمانم بە "هەلوور بەلوور تەکامە" پشکوتوە کە ئێستاش نازانم مانای چیە؟

لە سەرەتای شاعیریشمەوە شیعرم لەسەر کێشی خۆماڵی داناوە: (ئەمەکی گوڵان، بلوێری شوان، ڕۆژگاری ڕەش، بەهاری کوردستان) لە شیعرە کۆنەکانی منن، بەڵام وەك خۆم بە وەزنی عەروزییەوە نەبەستۆتەوە، لە کێشە فۆلکلۆریەکانیشدا گیرم نەخواردوە.

گومانم لەوەدا نییە ئەگەر "شەنگەبێری"م لەسەر وەزنی عەروزی دابنایە ئەو چێژەی نەدەبوو، ئەگەر "گەرمەشین"م لەسەر کێشی برگەیی گوتبایە، شینی بێمرادانم بۆ نەدەگێڕدرا. هەروەها ئەگەر "پەری شیعر"م لەسەر وەزنی غەزەلەکانی نالیو سالم گوتبایە سەر نەدەکەوتم و ئەگەر "ناڵەی جودایی"م لەسەر کێشی مەسنەوی مەولەوی نەگوتبایە عالەمێکم لەگەڵ خۆم نەدەهێنا ناڵەو گریان. بە کورتی، من بڕیارم نەداوە لە کام قالبدا شیعر بگونجێنم، لە شیعر دەگەڕێم خۆی قالب بۆ خۆی بدۆزێتەوەو ئارامی تێدا بگرێ.

ڕەنگە هیچ شاعیرێکی کورد بە زیندوویی سەری، بە ئەندازەی منی لەسەر نەنوسرابێ، پێم وایە ئەگەر "دەزگای هاوکاری" بلاوی نەکردبایەوە، واتە اعلانی نەکربایە کە هیچی تر لەسەر "تاریك و ڕوون"دا چاپ ناکا، ئێستاش نوسین درێژەی دەبوو. زۆریان پێ هەڵگووتم، مەمنونیان کردم، بەڵام خۆم لێنەگۆڕا. جنێو، بەڵێ جنێویشیان پێدام، بەڵام نائومێد نەبووم. زۆر شت لە ڕەخنەکان فێر بووم، بەڵام شتی سەیریشم هاتە بەرچاو. ڕەخنەگرێك نوسیبووی لە دنیای تەکنیکدا ئیتر شیعری درێژ باوی نەماوەو بێ ڕەحمانە هەرچی شیعری درێژم هەبوو بە هیچی دانابوو. ڕەنگە ڕاست بێو لە ولاتە سەرمایەدارە پیشەسازیەکاندا کە دراو هەموو شتێکە، کەم کەس وەختی هەبێ نەك شیعری درێژ، بەڵکو شیعر هەر بخوێنێتەوە، بەڵام لە ولاتە پێشکەوتوەکاندا کە وەختی کار دیارکراوەو ساڵ بە ساڵ لە کورتی دەدا، وەخت بۆ خوێندنەوەی شیعری درێژ زۆرە. لە ولاتەکانی دنیای سێهەمیشدا کام شیعری من زۆر درێژە وەختی دەستێك دۆمینە ناگرێ. سەیر ئەوەیە لەو سەروبەندەدا کە ئەو ڕەخنەیە بلاوبۆوە نامەیەکم لە لایەن دۆستێکمەوە پێگەیشت، کە لە ولاتێکی هەرە بۆرژوازیدا دەژیو هەم دەخوێنێو هەم کاریش دەکا. نازانم ڕاستی کردبو یان نا، سوێندی خواردبوو کە سێ جاری "تاریك و ڕوون" خوێندۆتەوە..

چونکە خەڵکی لادێیە، زیاتر ئەو شیعرانەی بە دڵ بوو، کە لەسەر ژیانی لادێ گوتراون. "ئارەق و تین"ی بە باشترین شیعری من دانابوو، نوسیبووی، تا ئێستا شیعری وەك ئەم شیعرانەم نەخوێندۆتەوە:

من جوتیارم، من جوتیارم
من لەگەڵ هەتاو، هاوکارم
من بە ئارەق و ئەو بە تین
دامانڕشتوە، بناغەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی
بژێو دەستێنین لە زەوی
گەر جوتیار ئارەق نەڕێژێ
گەر هەتاو تیشک نەهاوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا
دەخۆن نانی گەڵاگەڵا؟

"ئارەق و تین" شیعرێکی ئاماڵ درێژی منە.

ڕەخنەگری ئێمە بە تاوانی درێژبوونی ڕەتی کردۆتەوەو لاوێکی کوردیش کە لە وڵاتی ئیمپریالیستی دەژی بە باشترین شیعری دەزانێ. کارم بەوەدا نەماوە قسەی کامیان ڕاستە. لەگەڵ ڕەخنەگری ئێرەم شیعر تا کورت بێ باشترە، بەڵام ئایا کورتی و درێژی شیعر بە دەست شاعیرە؟!. بێگومان نا! شاعیر دەبێ کوڵ و کۆی هەستی خۆی بڕێژێ. جا ئەو کوڵ و کۆیەی زوو بۆ دەڕژێ یان درەنگ بە دەست خۆی نییە. سیو پێنج ساڵێك لەمەوبەر دەستی کچە کوردێکم لە کەلەپچەدا دی، کە لە دڵی خۆمدا خۆشم دەویست، بێدادیو ئەوین هانیاندام ئەم ڕوداوە بخەمە نێو چوارچێوەی شیعرەوە. خۆم لام وابوو بە هەزار شیعر ناتوانم هەستی خۆم دەربڕم، کەچی ئەو گرە بە ئەم چینە نەك هەر لە کوردەواریدا توانیم دەربڕم.

ئەسیری بسکی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشاکەن، چ سەیرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم

بەڵام ئێستا "ناڵەی جودایی"م پێ ناتەواوەو دەزانم کوڵ و کۆی دەروونی خۆم نەڕشتوە.

ئیلهامی شیعر بۆ من وەخت و ناوەختی نییە. جاری وایە بەڕێدا دەڕۆم، یان سواری پاس بووم و شیعرم بۆ دێ. زۆر جار لەنێو جێدا شیعرم بۆ هاتوە کە نەمتوانیوە بینوسمەوەو لە بیرم چۆتەوە، بەڵام زیاتر لە بێدەنگیو تاریکی نیوە شەودا خوڵقاون.

مرۆڤ هەرچەند بژیو هەرچەند فێربێ هێشتا هەر کەم فێربوەو زۆر شتی نەزانیوە، وردبونەوە لە شیعری شاعیرێکی کوێر ئەزمونێکی بەنرخی فێرکردم.

لە شیعری ئەو شاعیرەدا وەسفی نەرمی سنگ و گەرمیی هەناسەو بۆنی بسك و شیرینی ماچ و ناسکیی دەمی یارەکەی کراوە، بەڵام باسی چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و کوڵمی سورو کەزی ڕەش نەکراوە. وەسفی شنەی با، هاژەی باران، بۆنی گوڵ و ڕەقیی بەردو تامی میوە هەیە، ئەمما باسی شەپۆلی ڕوبار، بەرزی چیا، ڕەنگی گوڵاڵەو زەردی خەزان نییە. زۆر بە ئاسانی دەردەکەوێ کە شاعیر ناتوانێ ئەوەی هەستی پێ نەکا بیکاتە شیعر.

گۆرانی مەزن، وەسفێکی چیاکانی هەورامانی کردوە، لە ترۆپکە هەرە بەرزکەکانی ئەو چیایانە بەرزترە، بەڵام کاتی بەر تریفەی مانگەشەوی لە دەریای بێ سنور لا جوانترە.

لامارتین، وەسفێکی دەریا دەکا کە بێگومان بە زمانی فەرانسە لە شەپۆلی دەریا بە تەوژم ترە، کەچی کانی بەر تریفەی مانگە شەوی بە بەرچاودا نایە.

هەر دولاش هەقی خۆیانە. نە ئەم لە لێواری دەریا ژیاوەو نە ئەو لە بناری چیا. کەوابوو، شاعیر هەر لەو شتانە ئیلهام وەردەگرێ کە لە دەوروبەری هەن، دەیانبینێ یان هەستیان پێدەکا، لە نێوانیاندا دەژی.

ئەزمونی شاعیریش لە شیعرێکدا زۆر دیارە. ئەمڕۆژانە من خەریکی بەراوردکردنی "شیرین و خوسرەوی" خانای قوبادی "خسرو شیرین"ی نیزامیم. یا ڕاستەکەی بڵێم خەریکم لەژێر سێبەری فارسیەکەدا شێوەی کوردی گۆران بزانم. لە وەسفی شەوێکی مەستی خوسرەودا بۆم دەرکەوت کە خانای کوردی دۆنەدیو تا ئەو دەمەی ئەو شیعرەی گوتوە قەت دەمی لە شەراب نەداوەو شێخی نیزامی هاونشینی شاو شازادە نشینان زۆر جار لەبەر سەرخۆشی بە کۆڵێ بردۆتەوە ماڵ.

زۆرم سەریەشاندن، زۆرم "من من" بە زاردا هات کە قسەی نەزان و خۆپەرستانە، بەڵام ئەگەر نەزانیش بم، خۆپەرست نیم و، باسەکە ئەوەی هەڵدەگرت، هیوادارم لێم ببورن.

دیسان لە کانگای دڵمەوە سوپاستان دەکەم و خۆشیتان بە ئاوات دەخوازم.

**تێبینی:**
**لە کۆڕێکی ئەدەبیدا لە سلێمانی ئەم باسە لە لایەن مامۆستا - هێمن- خوێنرایەوە.**

**سەرچاوە:**
**هەواری خاڵی، چەپکێ لە پەخشانەکانی مامۆستا هێمن،**
**بەغداد، چاپی یەکەم- 1970.**


MOHAMED ARIF

# کورتەی ئۆدیسە

"شاری ئەستەم و شورەداری (تراودا) پاش گەلێ قەلاداریو دەستەوەکەریو بەرگریو شەڕو خوێنڕێژیو قات و قڕی بەدەس یۆنانیان دەگیریو بە جارێکی خاپورو تەخت دەکرێ. پالەوانانی گەمارۆدەر، هێرش بەرانی کۆنەلەدەرو دلێرانی نەبەزیو سەرخۆش لە بادەی ئازایەتیو زالبوون دەگەڕێنەوە بۆ نێو ماڵ و کەس و کارو خاوو خێزانی خۆیان. لەو نێوەدا تەنیا "ئۆلیس"ی سەر بزێوی چاو نەترسی ئازای پاشای دلێری "ئاتاک" لە ترسی هەڕەشەی "نپتون" خودای دەریاکان هەلوەدا دەبێ. "پنلۆپ" ژنی جوان و چەلەنگ و ڕۆڵە تاقانەکەی تلماك چاوەنۆڕنی، بەلام چ سەرو سۆراغی نییە. ساڵ و مانگ تێپەڕین کەچی ئەو هەر بێ سەرو شوێنە. دوژمنانی "ئۆلیس" و گیرۆدەکانی "پنلۆپ" دەرفەتیان هێناوەو مرخیان لەو نازدارە شۆخ و شەنگە خۆش کردوەو هەر یەکە خەریکن بە جۆرێك ئەم ژنە جوانە بەدەس بگرن، بەلام "پنلۆپ" ژیرانە هەر کامە بە چەشنێ تەفرەدەداو بۆ گەڕانەوەی شۆکەی ڕۆژ ئەژمێری دەکا. لە لایەکی دیکەوە بە یارمەتی "منیرڤا" خودای ئاقڵ کوڕەکەی وەدوای مێردەکەی خستوە". گێژاوی توندو تیژو بێبەزەیی دەریا جارێکی دیکەش پەلاماری شێتانەی بردە سەر کەشتی سەرگەردان و بێ پەنای "ئۆلیس" و پێش ئەوەی کەشتیەوانەکان وەخۆ کەون و چارەیەك بدۆزنەوە، کەشتیەکەیان لە بەستێنی "ئوژیژی" لە قوڕ دەنیشێو لەبەر یەك دەچێ. ئەم دورگە بنکەی ژنە جادووگەرێکی زۆر جوان بوو کە ناوی "کالیسپو" بوو. هەر لە یەکەم نیگادا دلی چوە سەر "ئولیس" و، ویستی دەستی دەگەڵ تێکەڵ بکاو دەگەڵی بمێنێتەوە، بەلام سەرداری مەزن دڵی لە جێگایەکی تر بوو ئاواتی گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆشەویست و دیتنەوەی ژنە وەفادارەکەیو ڕۆڵە تاقانەکەی وەك ئاگرێکی بەتین دەیتواندەوە. بۆیە ڕووی نەدایەو خۆی تێنەگەیاند. جادووگەریش بە رقدا چوو و سوێندی خوارد تا دەمرێ لەم دورگەدا زیندانیو دەس بەسەری بکا. ئۆلیس ماوەی هەشت ساڵ لەم دورگەدا دەس بەسەر بوو، ڕۆژانە لە کەنار دەریا لەسەر گاشەیەك دادەنیشت و فرمێسکی دەڕشت و بە خەمناکی لە ئاسۆ ڕادەما. پەرێشانیو داماوی گەیبوە ڕادەیەك، کە خودایان هەموویان بەزەییان پێدا دەهات، بەلام "نپتون" خودای دلڕەق و ڕق ئەستوری دەریا بلێسەی قینی دانەدەمرکا. ئاخر ئەو چۆن لە کەسێکی سەر بزێوو یاخیو نەترس دەبورا کە خۆی لە ئەو بە کەمترو نزم تر نەدەزانی.

ڕۆژێك منیرڤا خودای ئاقڵ، ئاگادار بوو "نپتون" سەفەرێکی دوورو درێژی لە پێشدایەو وا زوو ناگەڕێتەوە. بە هەلی زانیو "ئۆلیس"ی سواری تەختەیەك کردو ناردیەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەلام بۆ بەدبەختی "نپتون" ئەوەندەی پێنەچوو گەڕایەوە، کە ئەوەی بینی لە داخان چاوی چوە پشتەسەر. یەك بە خۆی نەڕاندیو فەرمانی بە گەواڵە هەورەکاندا پاڵ وێك بدەن و شۆڕانە بەربدەنەوەو یارمەتی لە گژەباو گێژەڵوکە وەربگرن و بەم جۆرە فەرتەنەیەکی نایەوە کە بەچاو تروکانێك تەختەی "ئۆلیس"ی لێقەوماوی وردو خاش کرد. "ئۆلیس"ی کوێن دەبەر کەوتە نێو نێرینەی دەریای بێئەمان و وەپەلەقاژە کەوت، بەلام لەو کاتەدا "ئینو" پەری دەریایی بە چاوی نەنگاوت و زگی پێ سوتاو بزگوڕێکی لە ڕووپۆشەکەی خۆی دڕاندو گوتی: "لەنێو قەدی ببەستە دەتگەیەنمە وشکایی. "ئۆلیس" کە لە سەرەمەرگدا بوو بە قسەی کردو بورایەوەو ئاگای لە خۆی نەما. کاتێ وەهۆش هاتەوە خۆی لە بەستێنی دورگەی هۆزی "فیناس" بینی. ئەمشەوە "نازیکا" کچی فەرمانڕەوای فیناس خودای خودایانی خۆیانی لەخەو بینی کە فەرمانی پێدا بەیانی زوو هەستێ جلی باوك و براکانی بەرێ لە دەریا بیشوا. بەیانی دایکی چێشتێکی باشی بۆ دروست کردو گۆزەیەکی شەرابی کۆن و دەفرێکی پڕ زەیتونی دایەو خزمەتکاری دەگەڵ ناردن بۆ کەناری دەریا. کچەکان تازە لەسەر لمی کەناری دەریا دەستیان کرد بوو بە یاریو گەمەو گاڵتەو گەپ کە لە پەنا گابەردێك پیاوێکی شپرزەو بریندار، بەلام کەڵەپیاوو بە شان و باهۆو بە دارو بار وەدەرکەوت. کچەکان هەموویان زیڕاندیان و ڕایانکردو خۆیان شاردەوە، بەلام (نازیکا) بە پیریەوە چوو ماندوونەبونی لێکرد. "ئۆلیس" بە کورتی بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاوە. (نازیکا) نان و شەراب و چێشتی بۆ دانا تا تێرو پڕی خواردو ئاهێکی هاتەوە. پاشان دەستی گرت و بردی بۆ کن باوکی "ئالینوس". فەرمانڕەوای پیرو دنیادیدە زۆر بەخێرهاتنی کردو گەلێکی حورمەت گرت و پێشوازێکی پیاوانەی لێکردو بە وردی لە حاڵی پرسی. ڕۆژێك پاش حەسانەوە "ئۆلیس" لەلای فەرمانڕەوای زۆرهان و نیزیکانی دانیشت و سەرگورشتەی خۆی لە هەوەڵەوە تا دوایی بۆ گێڕانەوەو گوتی:

"من ناوم "ئۆلیس"ەو کوڕی "لائرنس" و پاتشای ئاتاکم. لە سەرانسەری یۆنان

کەس نییە من نەناسێو ناوبانگی
ئازایەتی منی نەبیستبێو لە هێزی بسکی
من نەترسێ. من لە هەردی دەچووم و
گەیشتمە ئاسمان و بۆیەش خودایان لێم
تورە بوون و رقیان لێهەڵگرتم. کاتێك
گەمارۆی "تراودا" تەواو بوو من
لەشکرەکەی خۆم گێڕاوەو ڕووم لە
زێدەکەی خۆم کردەوە، بەڵام هەر لە یەکەم
ڕۆژدا دەریا بە گژماندا هات. چوار شەوو
ڕۆژ ئێمەی وەك زلەکایەك خستە بەر
شەپۆلە بێئامانەکەی خۆی. ڕۆژی پێنجەم
شەپۆلەکان هێور بوونەوە. خۆمان گەیاندە
دورگەیەك کە ئی هۆزی "سیکون" بوو. لە
پێشدا ئێمە هێرشمان بردە سەر ئەو هێزە
وەحشیەو تاڵانێکی باشمان وەگیر
کەوت، بەڵام بەیانی کورە کورەی هۆزەکە
لێمان وەخۆ کەوتن و پێش ئەوەی خۆمان
ڕزگار بکەین. کوشتارێکی زۆریان
لێکردین. کاتێك کەشتی مەزنی ئێمە
کەوتەڕێ هەوا ئارام بوو. هەتاوی بەتین و
گەرم تیشکی زێڕینەو جوانی خۆی بەسەر
دەریای هێمن و شیندا بڵاو دەکردەوەو
چاو لە دیتنی تێر نەدەبوو، بەڵام هێندەی
پێنەچوو هەوا توش بوو، باوو تۆفان
گێژەنیان نایەوە. پاش نۆ ڕۆژ بەرەنگار
بوون دەگەڵ مەرگ و خەباتی ئازایانە لە
بەستێنی دورگەی "کنارخۆران"
لەنگەرمان گرت. لەم دورگەدا هۆزی
"کنارخۆران" دەژین. بەشێکی ئێمە
دابەزین و چوونە ئاوەدانی بەڵکو نان و
ئاوێك پەیدا بکەن. ئەوان لە وێندەرێ بە
خواردنی میوەیەکی شیرین کە پێی دەڵێن
"کنار" سەرخۆش و گێژبوون و لە
بیرەخەو ڕاچوون و هێزی ئەوەیان نەما لە
جێگای خۆیان ببزوون. بە زۆرەملێو
پاڵەپەستۆ بردماننەوە نێو کەشتی. بە
پەلە دوورکەوتینەوە نەوەکو لەو میوە
خەوهێنە بخۆین و هەتا هەتایە لەوێ
دایکوتین. سەفەری ئێمە لە دەریای
تۆفانیدا هەروا درێژەی هەبوو. تا
گەیشتینە وڵاتی "سکلۆپ" یا سەرزەمینی
غولانی یەکچاو. لەوێ لەنگەرمان گرت و
دەگەڵ دوازدە هاوڕێ بۆ پەیدا کردنی
تێشوی ڕێگا بە هەورازەکانی دورگە
هەڵگەڕاین. لەوێ توشی ئەشکەوتێکی زۆر
گەورە بوین کە بە ڕیز مەشکەشیر، پێستە
پەنیر، خیگە کەرەو هیزە ڕۆنی
لێداندرابوون. لە خۆشییان شاگەشکە
بووین و جێژنمان کردو چاوەنۆڕی
خانەخوێی مەزن بووین تا بگەڕێتەوەو
ئازووخەیەکی زۆری لێبستێنین. کە
ڕۆژئاوا بوو پیاوێکی زەبەلاح و یەکجار
درێو کە تەنیا چاوێکی لەنێوچاوان بوو
دەگەڵ ڕانێك مەڕ هاتنەوە ئەشکەوت.
پەزەکان هەموویان لە خۆی قەڵەوتر بوون.
کە چاوی بە ئێمە کەوت بە دەنگێکی وەك
هەورە تریشقە ئێمەی لەرزاند پرسی: ئەی
بێگانە کێن؟ لەکوێوە هاتوون؟ لێرە چ
دەکەن؟ ئێمە هێمنانە جوابمان داوە:

—ئەی خانە خوێی مەزن ئێمە پۆلێك لە
شەڕکەرەکانی یۆنانین لە شەڕی "تراودا"
دەگەڕێینەوە. چەند حەوتوە ڕێگامان لێ
گۆڕاوە. ئێستاش بەناوی (زئوس) پەنامان
بۆ تۆ هێناوە کە ئەمشەو پەنامان بدەیو
بەیانی کەمێکمان ئازووخە پێببەخشیو
بەڕێمان بفەرمووی.

بەڵام وەڵامی بە ڕەقەوەی ئەو ئەمە بوو:

—چارە ڕەشینە ئێوە بە هەڵە چوون کە
پێتانوایە ئێمە بەندەی زئوسین. خوای
ئێمە نپتونە. ئەوجار دەستی بردو
بەردێکی یەکجار گەورەی بە دەرکی
ئەشکەوتەکەوە نا پاشان دوو کەسی لە
ئێمە هەڵبژاردن و بە هاسانی پچڕ پچڕی
کردن و لە پێش چاوی ئێمە بە ئیشتیاوە
خواردنیو پێکەنیو گوتی:

شیوی ئەمشەو ناخۆش نەبوو، بە
پێخور ئەوانی دیکەشتان دەخۆم. دوایە
لەسەر لودەگایەك کە لە قوژبنێکی
ئەشکەوتەکە هەڵدرابۆوە لەسەر گازی
پشتی ڕاکشاو خرپ خەوی لێکەوت. لە
پێشدا ئارەقەیەکی ساردم ڕێنیشت، بەڵام
دوایە غیرەتم بزوت و ئاگری تورەیی
هەموو لەشی داگرتم و مووم لێبوونە
نەشتەر. بڕیارمدا شیرە کەم هەڵکێشم و بە
هەموو هێزی خۆم لەسەر دڵی کوتم، بەڵام
پاشان بیرم کردەوە ئەگەر ئەو بکوژم دەبێ
هەتا هەتایە لەم ئەشکەوتەدا بنێژرێین و
برزێین، چونکە دەمزانی جگە لە ئەو کەس
ناتوانێ ئەو بەردە لە زارکی ئەشکەوت
بکاتەوە. بەیانی زوو
هەستا ئاگری‌کردەوە.

پەزەکانی دۆشین و دیسان دوو کەسی
ئێمەی برژاندن. دەم و لەوسی لستەوەو
مەڕەکانی بردە لەوەڕو بەردەکەی بە زاری
ئەشکەوتەوە نا. ئەو ڕۆژی هەر
ئەوەندەمان پێکرا شینی
دۆستانمان بگێڕین.

پاش زۆر لێکدانەوە بیرێکم بە مێشکدا
هات. لە قوژبنێکی ئەشکەوتەکەدا
چۆخمایەکی زۆر گەورەی دار زەیتون
هەڵپەسێردرابوو. دەگەڵ دۆستان بە
زەحمەت نوکمان تیژ کردو لە ئاگرمان نا
تا باش داگیرسا. شەوێ کە غولی یەکچاو
هاتەوە چوومە لایو گۆزەیەکی شەرابی
کۆن و توندم پێمابوو بۆم بردو، گوتم:

"قوربان ئەو دیارییەت پێشکەش
دەکەم بەو مەرجە بەرم بدەی" غول
وەریگرت و یەك بین بە سەریەوە ناو
گوتی: "شەرابێکی زۆر باش بوو. ئێستا
ئەی بێگانە ناوت چییە؟ تا
من لە بیرم بمێنێ".

گوتم: "قوربان ناوم (هیچکەس)ە.
هەموو دۆستان هەر پێم دەڵێن هیچکەس".

گوتی: "ئافەرین هیچکەس! بەڵێنت
پێدەدەم تا هەموویان
نەخۆم ئەتۆ نەخۆم".

شەراب کاری خۆی کرد، خاوی
کردەوەو گێژ بوو و بە پشتەوەدا کەوت و
لە غورابی خەوێ ڕاچوو. ئیتر خۆ گنخاندن
پێویست نەبوو. بە یارمەتی شەش کەس
لە دۆستان چۆماخی زەیتونمان لە ئاگردا
سوور کردەوەو بە هەموو هێزی خۆمان لە
تاقە چاوەکەمان ڕۆکرد. چاوی سووتاو
یەك بە خۆی نەڕاندی کێوو چیا دەنگی
دایەوەو ئەشکەوت لەرزی. تاوێ پێنەچوو
ئەو غولانەی لەم دەورو بەرە بوون
پەیدابوون. ئێمە هەموو خۆمان شاردەوەو
چاوەنۆڕی چارەنوسی خۆمان بووین.
غولەکان لێیان پرسی:

"چبوە؟ کێ وای لێکردی. ئەو کە لەبەر
ئێش و ژان و وەك ماری سەر ئاگر پێچی
دەدا لە وەڵامدا دەیگوت: "هیچکەس"،
"هیچکەس". دۆستەکانی وا تێگەیشتن
ئەوە بەڵایەکە (نپتون) بە سەری هێناوەو

کارێک لە دەس ئەوان نایەو ڕێگای خۆیان گرت و ڕۆیشتن. غولی بریندارو کوڵەوار زارکی ئەشکەوتی کردەوە تا مەڕەکانی بڕۆن و دەستی بە پشتی هەموویاندا دەکێشا تا بزانێ خۆمان لەسەر پشتیان قایم نەکردوە تا بمانگرێو تۆڵەمان لێبکاتەوە، بەڵام ئێمە خۆمان بە بەرزگی بەرانەکاندا هەڵاوەسی بوو ڕزگارمان بوو. مەڕەکانیشمان وەپێش خۆداو خۆمان گەیاندەوە کەشتی. من گاڵتەم پێکردو گوتم من "ئۆدیسە"م پاتشای "ئاتاک"[1]. غولی نیوە مردوو بەردێکی هەڵکەندو پێیدا داین چا بوو دوورتر لە ئاو کەوت دەنا لەوانە بوو کەشتییەکەمان نوقم بکا. لەوێوە بەرەو ماڵ گەڕاینەوە، بەڵام سەفەرەکەمان چەند ڕۆژ لەبەر تۆفان و گێژنە وەدوا کەوت. ڕۆژێک گەیشتینە دورگەیەکی پان و پۆڕ کە زانیمان بنکەی "ئایولوس"ە پاسەوانی بایەکان. کە بەسەرهاتی سەیری خۆمان بۆ گێڕاوە هەمبانەیەکی پڕ لە بای بە من ئەسپارد. گوتی: "بە هێزی خۆم با پێچەوانەکانم تێدا زیندانی کردون تا تۆ بە ئاسودەیی بگەڕێیتەوە ماڵی خۆت، بەڵام بە هیچ بارێک نەکەی زاربێنە زێڕینەکەی بکەیتەوە. کە بایەکان بەرەڵلا دەبن و ڕەنگبێ پاپۆڕەکەت دەس بەجێ تێکبشکێنن. زۆرمان سوپاس کردو بە تێشوی زۆرەوە بەرەو "ئاتاک، کەوتینە ڕێگا، بەڵام دوو ڕۆژ لە سەفەری ئێمە نەگوزەرابوو کە هاوڕێکانم بیریان کردبۆوە کە (ئایولوس)بێگومان گەنج و گەواهیراتی زۆری داوە بە من و دەبێ بەشی وانیشی لێبدەم. خۆیان پێڕانەگیرابوو و زاربێنەکەیان کردبۆوە. لەپڕ هەوا گۆڕا با هەڵیکردو تۆفان پەیدا بۆوە. دیسان کەشتیەکەمان کەوتە فەرتەنەو هەڵۆی مەرگ بە دەوری سەرماندا گەڕا. بە هەزار (ناری عەلی) توشی دورگەی (سیرسە)ی جادوگەری بەدفەڕ هاتین. لەوێش گوڵمەزی وامان بەسەرهات لە گێڕانەوە نایە. هەرچۆنێک بوو لەو مۆلەکەش ڕزگارمان بوو دوایی گەیشتینە دورگەی "ترزیاس". شوانی مێرخاس زۆر بە ڕووخۆشی دەگەڵمان جولایەوە، بەڵام هاوڕێیەکانم ئەوەندە تامەزرۆ بوون چەند مەڕی ئەویان کوشتبوەوەو خواردبوویان. "هیلوس" خودای هەتاو ئەو ناسوپاسییەی پێخۆش نەبوو و گازندەی لە (زئوس) کردبوو. خودای خودایان بەڵێنیدا بوو تۆڵەیان لێبکاتەوە. بۆیە کاتێک ئەو دورگەمان بەجێهێشت تۆفان کەشتیەکەمانی تێکشکاندو جگە لە من کەس دەرنەچوو. ماوەیەک کە لەنێو شەپۆلەکاندا پەلەقاژەم کرد تا گەیشتمە دورگەی (ئۆژیژی). ماوەی هەشت ساڵ لەوێ زیندانی بووم تا بە تەختەیەک نەجاتم بوو و ئێستە لێرەم.

کاتێک سەرگورشتەی "ئولیس" تەواو بوو هەموو زگیان پێسوتا. پاتشای "فیئاس" کەشتی بۆ ئامادەکردو پیاوی دەگەڵ خستن و ناردیەوە، کە گەیشتە بەسێتن خودای ئەقڵ خۆی گەیاندێو ئاگاداری کرد کە دوژمنانی ئەو ئێستا هەموویان لە کۆشکی ئەون و ئەگەر بە ئاشکرای بچێتەوە لەوانیە سواری سەری بن و بە خۆڕایی بیکوژن. وا چاکە جلکی هەژاران لەبەربکاو لە پێشدا بچێتە کۆخی کۆنە دۆستەکەی "ئومائوس". "ئولیس" بە قسەی کردو لەوێ لاوێکی جوانچاک و ڕێک و پێکی دیو زانی (تلماک)ی کوڕیەتی. باوک و کوڕ پاش نیزیکەی بیست ساڵ یەکتریان لە ئامێز گرت و ماچ کرد. شەوێ بە جلی شڕەوە چۆوە کۆشکی خۆی. کە لە دەرکێ چوە ژوور سەگە پیرو نەخۆشەکەی ئارکوس کلکە سوتەی لەبەر کرد. سواڵکەرێکی خوێڕی تێگەیشت کە ئەو ڕێبوارە هەژارە جگە لە "ئولیس" کەسی دیکە نییە. دەسبەجێ هەواڵەکەی بە "ئانیتنوس" یەکێک لە ئازایان و داخوازان ڕاگەیاند. ئەو ئەگەرچی بڕوای بە سواڵکەرەکە نەکردبوو، هەستاو چوارپایەکی بە کەیفی خۆی لە تۆقی سەری ڕاکێشا. "ئولیس" تێکهەڵگلاو بە تورەیی هەستاوەو خەریک بوو تا تۆڵەی لێبکاتەوە، بەڵام خودای ئاقل تێی ڕاخوڕی. ناچار لە قوژبنێک خزاو "ئانتینوس" دڵنیا بوو کە کابرا بە هەڵە چوە. لە ژووری تالار هەرا بوو "پنلوپ" کەوانە گەورەکەی "ئولیس"ی بە دەستەوە بوو و دەیگوت:

"دوا هەلتانە ئەوەی توانی کەوانی مێردەکەم بکێشێ و تیرێکی پێبهاوێ دەسبەجێ شووی پێدەکەم.!" هەموو بەو پێشنیارە دڵخۆش بوون و بە فیزەوە ئامادە بوون، بەڵام هەرچی تێکۆشان هیچ کام نەیانتوانی کەوان بکێشن. تا لە دوایدا "ئولیس" هاتە پێش. هەموو پێکەنین کە پیرێکی هەژارو زورهان، خەریکە خۆی لەگەڵ ژمارەیەک لاوی بەهێز تاقیبکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوان کەوانی تا ئاخر کێشاو تیرێکی بەهێزی هاویشت. ئەمجار جلە شڕەکەی لەبەر خۆی دارنیو نەڕاندی: "ئەی خۆپەرستان و زۆرداران ئەوەی لە بەرامبەری ئێوەدا وەستاوە، کەس نییە "ئولیس" نەبێ کە پاش گەلێ ساڵ دەگەڕێتەوە ماڵی خۆیو دەبینێ دۆستانی لە دژی ئەو هەستاون.!" تلماکیش بە بەرگی زێڕکفت و ئەندامی ڕێک و پێک هات و لە تەنیشت باوکی ڕاوەستا. "ئولیس" کەوانەکەی دیسان ڕاکێشاو تیرێکی لە ئەوکی "ئانتینوس"داو لە حاڵێکدا جامی زێڕینی بە دەستەوە بوو لە خوێن گەوزی. کە ئەو کوژرا ئەوانی دیکە وەخۆ هاتنەوە، بەڵام هەرچی لە نێزەو شیرو مەتاڵی خۆیان گەڕان نەیاندۆزینەوە، چونکە "تلماک"ی ژێر لێی شاردبوونەوە مێزیان شکاندو کورسیان دەس دایە ڕاماڵیان بۆ ئولیس برد، بەڵام لە بەرامبەر هێزی باهۆو تیری گورچوو بڕی ئەودا توانایان نەبوو. هێندەی پێنەچوو هەموو لە خاک و خوێندا تلانەوە. پاڵەوانی مەزن ژنە خۆشەویستەکەی لە ئامێز گرتەوەو پاش بیست ساڵ ئاوارەیی بەختەوەری ڕووی تێکردنەوە.

**پەراوێز:**

**پاشای "ئاتاک" لە هەموو داستانەکەدا ناوی ئولیسە، کەچی لێرە دەڵێ "ئۆدیسە"؟.**

**سەرچاوە:**

**دڵی شاعیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی (علاو) بەغداد، 1980.**


MOHAMED ARIF 99

# هەواری خاڵی..!

شەو ڕاشکابوو. موسەجەلەکەمان کاری دەکرد. شریتەکە ئارام ئارام هەڵدەوێزندرا. گۆرانی‌یە کوردی‌یە خۆشەکانمان یەک لە دوای یەک دەبیستن.

هەر من و ئەو بووین. کەسی دیکەمان بە دەورەوە نەبوو. پیرە مات و بێ‌دەنگ بوو، چاوە لێڵ و سیسەکانی لێک نابوون، جگەرەکە لەنێو ئەنگوستە ڕەق و تەقەکانی دووکەڵی دەکردو بە خۆڕایی دەسووتا. دەنگی حەسەن زیرەک و خالەقی‌و مەلا حسێن-مان گوێ لێ بوو.

شریت گەیشتە سەر دەنگی "مامڵێ" کە دەمزانی زۆری پێ‌خۆشە. کەچی لەپڕ وەک گۆزێکیان ئاوی سارد پێ‌دا کردبێ، تێکڕابوو، داچڵەکی، چاوی هەڵبڕی، دەوروبەری خۆی بەسەرکردەوەو بە دەنگێکی نوساوو لەرزۆک کە دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێ گوتی:

"کاکە! بەسە توخواکەی بێدەنگی بکە!"

دەستبەجێ ئەنگوستم لەسەر دوگمەی موسەجەلەکەم ڕاگرت، بەڵام سەرم سوڕماو لە دڵی خۆمدا گوتم:

"یانی چی، بۆ وای بەسەرهات؟ بۆ ڕەنگی بزڕکا؟ بۆ بەپۆشکا؟ بۆ تکای لێکردم موسەجەلەکە بکوژێنمەوە؟ خۆ ئەو دۆستی نزیک مامڵێیە. مامڵێی زۆر خۆش دەوێ‌و گۆرانییەکانی گەلێک پێ‌خۆشن!. جاران کە گۆرانییەکانی - مامڵێ-مان لێ‌دەدا سەرتاپای دەبو بە گوێ، موی لێ نەدەبزووت، دەبوو ئێمەش ورتەمان لە دەم نەتەیەدەر دەنا لێمان تووڕە دەبوو دەیگوت:

"دەنگی زوڵاڵ و ئاسمانی ئەو هونەرمەندە خەمم دەڕەوێنێ، کوڵ و کۆم دادەمرکێنێ.. ئۆخژنم دەخاتە نێو دڵ و دەروون". ئەدی چۆنە ئەمشەو گۆڕاوە؟. بۆ نایەوێ گوێ لە دەنگی ئەو خۆشخوانە مەزنە بێ!.

دومڕی توندی لە جگەرەکەدا، دوکەڵی بەزارو تفنکدا هاتەدەر، بە تووڕەیی کوژاندیەوەو، هەڵی‌پڕواند دیسان مات بۆوە. هەناسەیەکی ساردو درێژی هەڵکێشا لێوی کرۆشت دەستی وەبەر چەنەی داو چاوی بێ تروکان لە سووچێکی ژوورەکە بڕی. خەمێکی قووڵ، ئازارێکی بێ‌ئامان، دەردێکی گرانی لە سیمای‌دا بەی‌دەکرا. وەک پیرە هەڵۆیەکی باڵ وەریوی چەنگ شکاوی لە ڕاو کەوتووم دەهاتە بەرچاو. وێ دەچوو بیر لە ڕۆژانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی خۆی بکاتەوە کە تازە بە هیوا نییە بگەڕێتەوە. لەمێژ بوو هاودەم و هاودەنگ بووین، باشم دەزانی‌و دەناسی ئەو کاتەی کە کوێرە برینەکانی دەکولێتەوەو ناسۆرەکانی تەشەنە بدەنەوە، ئەو ساتەی ژان لە دەروونی‌دا پەنگ دەخۆنەوە، تووشی ئەو حاڵە دەبێ‌و پێی خۆش نییە بیدوێنن.

جاری وا بەجێم دەهێشت، لێی دەگەڕام بە تەنێ لەنێو خەمەکانی‌دا بتلێتەوەو خۆی دەرمانێک بۆ دەردەکەی بدۆزێتەوە.

بەڵام ئەمجارە لێم ببوو بە وەسوەسە. نەمزانی بۆ وای بەسەرهات؟. دەمەویست هەرچۆنێ بێ لەو ڕازە بگەم جگەرەیەکم بۆ داگیرساندو دامە دەستی.

بزەیەکی تاڵ لێوە وشک و بەبارەکانی لێک هەڵپچڕین. ئەو بزە غیرەتی لەبەرنام بڵێم:

"مامە گیان، پێم سەیرە ئەوە بۆ لە مامڵێ زیز بووی؟"

"خۆ تۆ جاران مامڵێت بە هونەرمەندێکی گەورە ناودەبردو گۆرانییەکانت زۆر پێ‌خۆش بوون". کەمێک بە تووڕەییەوە گوتی: "من لە مامڵێ زیز نەبووم. بەڵام ئەو تاقە گۆرانییەم پێ خۆش نییە". گوتم "نەکا هەوای گۆرانییەکە ناڕەسەن بێ؟".

لە بیرم بوو کە لەگەڵ ئەو هەموو ڕێزەی بۆ مامڵێی دادەنێ‌و ڕەخنەشی لێ‌دەگرێ‌و پێی ناخۆشە جارجار هەوای ناڕەسەن دەڵێ، کە مایەی مۆسیقای بێگانەمان پێوە دیارە.

زۆرجار دەیگوت چونکە مامڵێ خۆشخوانێکی گەورەو بەناوبانگەو دەنگی داخوازی زۆرن و لاوەکان وەدووی کەوتوون، زیاتر لەو کەسانەی ناشیاوانەو نەزانانە ئەو کارەی دەکەن، بەڵام خەڵک پێشوازیان ناکاو زیان لە موزیکی نەتەوایەتیمان دەدا.

گوتی: "کارم بە ڕەسەنی‌و ناڕەسەنی هەوایەکەی نەداوە، دەنگی مامڵێم لە هەمو حاڵێکدا پێ‌خۆشە. بەڵام تەعبیرێک لە شیعری سەربەندی گۆرانییەکە هەیە کە

ئازارم دەداو گەلێکم ئازار دەدا" گوتم "کام تەعبیر؟". دەمەویست بە وردبوونەوە لە تەعبیرەکە بدۆزمەوەو مەتەڵەکە هەڵبێنم. گوتی: "تەعبیری (گەییمە هەواری خاڵی)".

ئەو تەعبیرە بیرەوەرییەکی کۆن و تاڵم دێنێتەوە یاد کە ڕابردنی ڕۆژگارو تاڵ و سوێری ژیان تا ئێستا نەیتوانیوە ژیلەمۆی فەرامۆشی بەسەردا بکا".

هەوداکەم هێندەی دیکە لێئاڵۆزبوو. دڵم پتر کەوتە فرت و پرت، خوایە!. دەبێ ئەو چەند وشە ساکارانە چ بیرەوەرییەك بخەنەوە یادی ئەم پیرە زورهان و ڕەنجەڕۆیە کە لە ژیانی دریژو پڕ مەترسی خۆیدا تووشی کارەساتی گەلێك گەورەو گران و ڕوداوی فرە بەسام و تاڵ هاتوەو زۆری ڕەنج و کوێرەوەری‌و ئاوارەیی‌و دەربەدەری دیوە، ساردو گەرمی ڕۆژگاری چەشتوەو شەونخونی کێشاوەو لە گژ بەدکاراندا ڕۆچوەو لەبەر زۆرداراندا نەی‌نواندوەو لە پێناوی ژیاندا زۆر جار تا لێواری گۆڕ ڕۆیشتوە؟.

نەم دەوێرا لێی بپرسم، لە خۆم ڕانەدی بیهاروژێنم، دڵنیا نەبووم وەڵامم دەداتەوە. کەم وابوو پریاسکەی دڵی بۆ کەس بکاتەوەو ڕازەکانی بدرکێنێ. ناچار بێدەنگ بووم و چاوم لە سەرو سیمای پیاوانەو پیرانەی بڕی، ئەویش کڕو مات بوو. دیاربوو دنیای دەروونی شەپۆلان دەداو کورەی لە جۆشی هەناوی ئاوریگان داوێ پاش ماوەیەك بێدەنگی شریتەکەم لە دوودا، تا گۆرانییەکی تری ماملێك دۆزیەوە، دەنگم دایە. پیرە هۆشی هاتەوەبەر خۆی، سوورایی خۆشی‌و شادی لە کوڵمە سوورو چرچ و بێ ڕەنگەکانی‌دا پەیدابوو. بە تاسەوە گوێی بۆ گۆرانییەکە هەڵخست، تا تەواو بوو.

بە زەردەخەنەوە گوتی: "برا! تۆ ئەوەم بۆ لێدە، بزانە پێم خۆشە یان نا!". هەستا خەریك بوو بڕوا، بە ڕوو هەڵماڵاوی پێشم لێگرت و گوتم "پێت نەگوتم ئەو گۆرانییە چ بیرەوەریەکت دەخاتەوە یادو ئەوەندەت ئازار دەدا؟". چرزا! لێوی لەرزین و نێوچەوانی گرژ کردو گوتی: "لەو دونیا پان و بەرینەدا هەموو کەس هێندێکی ڕازی ئەوتۆ لە سینەدا هەن کە بۆ نێزیکترین کەسیان ناگێڕێتەوەو دەگەڵ خۆیان دەباتە ژێر گڵ. ئەو ڕازەی منیش لەوانەیە کە تا ئێستا کەس لێی نەبیستووم. تۆش بیزانی، چ قازانجت پێناگاو نەیزانی چ زیانت لێناکەوێ".

زانیم زۆر قەڵس نییە بۆیە گوتم: "نازانم بۆ ئەوەندەم پێخۆشە لەو ڕازە بگەم. بەڵام ئەگەر درکاندنی زیانی بۆ تۆ هەبێ لەو ڕازە بگەم. بەڵام ئەگەر درکاندنی زیانی بۆ تۆ هەبێ گرنەت لێناگرم" زۆر توند کۆکی، دەستی بە سینگەوە گرت و دانیشتەوەو گوتی: "پیاو وازناهێنێ، لە کوڵم نابیتەوە، دەوەرە بۆت بگرێمەوە: "ئەو سەردەمی من لە تافی لاوەتی‌دا بووم. هێشتا شەڕی دووەمی جیهانی نەقەومابوو دنیا ئەو هەموو ئاڵ و گۆڕەی بەسەردا نەهاتبوو، ژیان زۆر ساکارتر بوو. بە تایبەتی وڵاتەکەی ئێمە لە ئێستای پاشکەوتووتر بوو. هیچ شارێکی کوردستان کارەبای نەبوو و هێشتا لە دێهات، چرای ڕون و گەرچەك و چۆڵە چرا مابوون و ئاگر بە بەردو ئەستێ هەڵدەکرا. هەرچەند تاك و توك ئوتومبێل بە ڕێگا ناخۆش و ناهەموارەکاندا ڕادەبردن، بەڵام هێشتا باشترین ماڵی سواری ئەسپی بوو. شازدە- حەڤدە ساڵە بووم، کە دەستم لە خوێندن هەڵگرت و چوومەوە دێ. ئەسپێکی زۆر جوان و باش و تفەنگێکی ڕاوێی دامێ. وەك هەموو دنیام هەبێ وابوو، زۆرم شایی بەخۆبوو. هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو سواردەبووم و بەدەشت و مەزرادا دەگەڕام.

پاش نیوەڕۆیانیش دەستم دەدایە تفەنگ و دەچومە ڕاو. پاییز داهات، کاروبار لە کەمێ‌داو ڕاو خۆشتربوو.

ڕۆژێك پیرە ڕاوکەرێك پێی گوتم، کەو ڕەو دەستی پێ‌کردوە، کەوێکی زۆری تەرەکەمە لە فلان کێو کۆبوونەتەوە کە هەم ماندوون و هەم نەشارەزا. کوشتنیان هاسانەو ڕاویان خۆشە. ئەگەر زووڵیان وەخۆ نەکەوی، بەرەو گەرمێن دەڕۆن و لە کیس دەچن.

بەیانی دەستم دایە تفەنگ و لاقانم وەرێناو خۆم گەیاندە چیایێ. ڕاستی دەکرد وەك خێرو خۆڵێ کەوڵێ بوو. هەرچەن ناشی بووم و ڕاوم نەدەزانی‌و باشم نەدەنگاوت، دیسان زۆرم کوشت. ئێواری ماندوو شەکەت، بەڵام شادو بە کەیف و بەرەو ماڵ بوومەوە.

یەکەم جار بوو توورەکەی ڕاوێم ئەوەندەی نێچیر تێدابێ لامدا سەر کانیاوێك کەمێك بحەسێمەوە، تەماشام کرد ڕەشماڵێکی گەورە لە سەرچاوەی کانییەکە هەڵدراوە. ڕێگام بە بەر دەرکی تاوڵەکە دابوو. دیتم کیژێکی باڵابەرزی، بەژن باریکی، گەندومی، کوڵمە سووری، چاوو برۆ ڕەشی زۆر جوان و ڕەزا سووك لەبەر دەرکی ڕاوەستاوە تەشی دەڕێسێ. لێی نیزیك بوومەوە.

بە ڕاستی حەپەسام و پێم لەبەندچون. بە شەرمەوە سڵاوم لێکرد. لام وابوو جوابم ناداتەوەو خۆی دەژووری داوێتەوە. کەچی بە ڕوو خۆشی جوابی دامەوە، بە گەرمی بەخێرهاتنی کرم و گوتی: فەرموو لادە چامان سازە پیاڵەیەك چا بخۆوە.

گوتم: ڕۆژم لێدرەنگە، ناگەمەوە، بەزیادبێ.

بەڵام لە دڵی خۆمدا زۆرم پێخۆش بوو لادەم و هیچ نەبێ تاوێك لە بەژن و باڵاو ڕەنگ و ڕووی ئەو کیژە ناسك و نازدارو شۆخ و لە بارە بفکرم کە هەر ئەو جار چاوم پێکەوتوە. نەم دەزانی خەڵکی

کوێیە؟ کچی کێیە؟ خەریك بوو بڕۆم و تێپەڕم، دەستی کرد بە سوێندان و گوتی:

نابێ بڕۆی. چوومە لای ژوور لەلا مێردانی لێفەیەکی خاوێنی لەسەر لبادان بۆ ڕاخستم. چوە کۆلێنێ‌و هێندەی فوو بە قەنەکەی کرد، کەولێك نان و جامێك شیرێژو روون و تاسێك دۆی ترشی ساردی لە پێش دانام.

بۆ خۆشی، شانی وەدیرەگی تاولێداو بەرامبەرم ڕاوەستا. تا پتری تێ‌دەفکریم زیاتر پێم جوان بوو و زۆرترم خۆش دەویست. دەتگوت چاوەکانی جادویان لێکردووم.

نەمدەتوانی چاوی لێ بتروکێنم. ئەویش چاوی لە من نەدەتروکاندا. گوتم بۆ ڕاوەستاوی؟ دانیشە.

بێ پەروایانە زۆر لە نیزێکم دانیشت. ئەو لە من باو خۆشتر بوو، ڕەنگبوو یەك دوو ساڵ بە تەمەن تر بێ.

ئەو گەورە کچ وبوو و من مێرد منداڵ. دیاربوو لە دڵداریشدا ئەزمونی زیاترە. ورده ورده شەرمم لێشکاو لێمپرسی:

ناوت چیە کچی کێی؟. بە ڕاشکاوی‌و بە دەنگێکی سیحراوی گوتی: ناوم هەمینە. کچی پیاوێکی مەڕداری دەوڵەمەند بوو ماڵیان ڕێگای چوار ڕۆژی کاروانی لێرەوە دوور بوو. بە دوای لەوەڕگەدا گەییونە ئێرەو گوتی بێرێم دەگەڵێن ناردومنە ئاوردوان. خۆم پێ ڕانەگیرام گوتم: خۆشم دەوێی.

بە نازەوە پێکەنی‌و گوتی: ئەیەڕۆ! کەنگرو قوماش نابنە ویڵداش! کورتی بیرمەوە لە ماوەیەکی کورتدا نامۆییمان لە نێواندا نەما. بەڵێنی پێدام هەموو ڕۆژێ پاڵێنی بۆم بێتە بن دارێك کە لەو دیوی چادرەکەیان بوو. هەموو ڕۆژێ بێ نێوبڕ بە بیانووی ڕاو دەچووم، یا باشتر بڵێم دەفڕیم بۆ ژوانگەکەمان و هەموو جاریش کە دەچووم ئەو لەوێندەرێ چاوەنۆڕم بوو. بە هیچ زمانێك ناتوانم خۆشی‌و شادی ئەو ماوەت بۆ بگێڕمەوە کە پێکەوە ڕامان بوارد. ئەوە نەیەکەم دڵداریم بوەو نە ئاخر دڵداریم.. بەڵام خۆشترین دڵداریم بوە. ڕۆژێکیان بە عادەتی جاران دەستم دایە تفەنگ و لە بەندەن هەڵبووم، هەورازو سەربەرەو ژێرم نەدەزانی، وەك با دەفڕیم، دەمەویست زووتر بگەمە جێ‌ژوان، دەمەویست زووتر چاوم بە چاوی هەمین بکەوێتەوە.

دەمەویست لەشە نەرم و نۆڵ و گەرم و گوڕەکەی بە ئامێز بگرم، چاو لە چاوە جوانەکانی ببڕم، لێوە ئاڵەکانی بمژم.

مەمکە تورت و خڕەکانی بگوشم، بۆن بە بسك و کەزیەکانییەوە بکەم، دەمەویست گوێم لە دەنگە ناسك و خۆشەکەی بێ‌و خۆی بە قوربان و سەدەقە بکەم. هەرچەن ڕێگاکەم نێزیك نەبوو، بەڵام زۆرجار زوو خۆم دەگەیاندێ، پشووم سوار دەبوو، هەناسەم بڕکەبوو. چومە بن بەردەکە کەسی لێنەبوو.

دڵم داخورپا. بۆ نەهاتوە؟. بۆ دیارنییە؟. لێم نەتۆرابێ؟ نا. نا. دوێنێ بە خۆشی لێك جوێ بووینەوە.

ئاگام لێبوو تا ئاوابوو، چەند ئاوڕی ئاسکانەی لێدامەوە. باوکی بە کەین و بەینەکانی نەزانی بێ؟.

ئەو پرسیارانەم لە خۆم دەکردو وەڵامێکم بۆ نەدۆزرایەوە. دەتگوت لەسەر پۆلوان دانیشتووم، حەجمینم لێهەڵگیرا.

ئۆقرەم لێبڕا. چیدی خۆم بۆ زەوت نەکرا. بە سینگە خشکە لە بستۆکە ئاوابووم، ئەو دەمی زانیم چم لێقەوماوە!

ڕەشماڵ لە جێی خۆی نەمابوو، گەڕام بۆ جێ هەوارەکەی، و لەوێ دانیشتم. لێت ناشارمەوە تێروپڕ گریام و شینێکی باشم گێڕا. قەت هەمینم نەدیتەوە. نازانم ماوە یان مردوە! ئەگەر مابێ دەبێ ئەویش وەك من پیرو کەنەفت بووبێ! بەڵام هەرگیز فەرامۆشم نەکردوەو ئێستاش هەروەك کچە جوانەکەی ئەودەمیم دێتە پێش چاو. نازانم بە خۆمی بسەلمێنم پیری پیزوی کردبێ‌و گۆڕیبێتی.

سی ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا ڕابواردوە. منیش دنیام زۆر قوونەکە کردوەو لە تاڵی‌و ناخۆشیان ڕاهاتووم و ڕۆژگار خاراندوومی. بەڵام هەرچەند جارێك بەسەر هەواری خاڵیدا کەوتووم بە خۆم نەبوە گریاوم". مامە پیرە هەستا بڕوا، لە خاڵێکدا کە کوڵی ئەو لە ئەوکێ دابوو فرمێسکی لە چاوان قەتیس مابوون، چەند هەنگاوێك ڕۆیشت و ئاوڕێکی لێدامەوەو گوتی:

"بۆیە گوتم ئەو گۆرانییە لێمەدە".

* * *

سەرچاوە:هاواری خاڵی، هەندێ پەخشانی بڵاوکراوەی هێمن، چاپخانەی "الحوادث"ی بغداد، ساڵی 1979.

وێنەی کتێب

# کورتە باسێک لەسەر ئەم دیوانە*

هەموو کوردێکی پاک، چاک، دیندار، دڵسۆزو ئەدەبدۆست، ئەگەر بە دڵ و گیان خۆی بە منەتبارو قەرزداری مامۆستای هێژاو زانای کورد مەلا عەبدولکەریمی مدرس نەزانی ناهەقی دەکا. چونکە مامۆستاو کوڕە کارامەو لێزانەکانی بە هەموو هێزو توانای خۆیانەوە بە هیچ بارێك لە خزمەتی کوردی چارەڕەشی، دوورە بەشی هەژار درێخیان نەکردوە.

بە ڕاستی ئەم خزمەتە بە نرخانەی ئەم بنەماڵە چاکە، بە دین بە فەرهەنگ، بە زمان، بە ئەدەب و ئاکاری کوردیان کردوە شایانی ئەوپەڕی ڕێزو سوپاسە. یاخوا لەم لایە لە بەڵای لابەلا دوور بن. بەردی ساردو گەرمیان وەبەرپێ نەیەو لەو لاش وەبەر ئاڵای پێغەمبەر کەون و حەشریان دەگەڵ حەشری پیاوچاکان بێ. پێم وایە خزمەت بە کوردی زۆرلێکراو چاکەیەکە کە لە پێش چاوی بینائی چاوان بزر نابێ و پاداشی دنیاو قیامەتی دەبێ.

گەڕیدەیی و دەربەدەری ئەم سوودەی بۆ من هەبوو کە لە نیزیکەوە بە خزمەت مامۆستا بگەم و دەستی موبارەکی ماچ بکەم و بزانم کۆگای نوورو دەریای بێ سنوورە.

جارێك دەگەڵ چەند مامۆستای گەورەو ماقووڵ لە بارەگای حەزرەتی غەوس لە حوجرە تەنگ و چکۆلەکەیدا لە خزمەتی مامۆستا دانیشتبووین، من ئەو بیرەم بە مێشکدا دەهات ئەگەر هەموو نووسینە بەنرخەکانی ئەم مامۆستا کورتەباڵا، ڕەزاسووکە، خوێن شیرین و قسەخۆشە بێنی و لە تایەکی تەرازووی باوی و جەستەی لاوازی خۆشی لە تایەکەی دیکە بخەی ئایا سەری وە میچی حوجرەکەی ناکەوێ؟

دیارە ئەوینێکی پڕ سۆز، ئیمانێکی پیرۆزو ئیرادەیەکی قەوی و پتەو ئەم پیرە خاوێنەو ئەم زانا کەم وێنەی هانداوە کە لەو تەمەنەدا لە خزمەت بە زانست، بە ئەدەب، بە ئیسلامییەت و ئینسانییەت خافڵ و بێئاگاو شەکەت و ماندوو نەبێ.

باسی یەك یەکی نووسراوەکانی مامۆستا وەك تەفسیری قورئانی پیرۆزو شەریعەتی ئیسلام و.. نە بە منی بێ دەسەڵات دەکرێ و نە لەو کورتە باسەدا دەگونجێ، ئەم ئەرکە لە ئەستۆی مامۆستایانی ئاینی و شارەزایانی ئەدەب و پسپۆڕانی زانستە کە هیوادارم کەمتەرخەمی نەکەن و شوێنەوارە بە کەڵك و باشەکانی مامۆستا پتر بە خەڵك بناسێنن. لە بارەی شەریعەتی ئیسلامیدا ڕای مامۆستایەکی شارەزام پرسی، فەرمووی هەر کەسە بۆ خۆی بۆچوونێکی هەیە. من بە ڕاشکاوی دەڵێم تا ئێستا کتێبی وا تەواو لە بارەی فیقهی شافیعیدا نەنووسراوە.

من لێرەدا دەمەوێ بە کورتی لە بارەی ئەم دیوانە شتێك بنووسم. بە بڕوای شارەزایانی شیعرو ئەدەب نالی یەکێکە لە گەشترین و پرشنگدارترین ئەستێرە بەرزەکانی ئاسمانی ئەدەبی کوردی. تەنیا ڕەخنە یا بە ئەدەبتر بڵێم دەردی دڵێکی لە شیعری نالییان بوو ئەوە بوو کە تێگەیشتنی شیعرە ناسك و وردە جوان و ڕەوانەکانی زۆر هاسان نەبوو، پێویستی بە شیکردنەوە، لێتۆژینەوەو ورد بوونەوەی تەواو بوو. کەسێك سێ زمانی عەرەبی، فارسی و کوردی نەزانیبایە چاك لە شیعری نالی نەدەگەیشت. مامۆستای مەزن هەستی بەو کەم و کووڕییە کردوە. بۆیە بە خۆی و بە کوڕانیەوە، هەستاون، تێکۆشاون ڕەنجیان کێشاوەو بە هەزاران زەحمەت نوسخەی دەسنووسیان پەیداکردون لە بەر یەکیان ڕاناون و ئەم دیوانە بەنرخەیان شەرح کردوە. لە هەوەڵەوە پێشەکییەکی زانایانەیان بۆ نوسیوە کە خۆی کتێبێکی سەربەخۆیەو خوێندنەوەی بۆ هەموو ئەم کەسانەی سەریان لە شیعرو ئەدەب دەخورێ پێویستە. لە دوایە شیعرەکانیان ڕاست کردۆتەوە، ماناکانیان لێداوەتەوە، هەڵسەنگاندوەو لە پێش خوێنەریان داناوە.

تا ئێستا کاری وا لەنێو کوردان‌دا نەکراوە. زۆر کەس لەسەر نالییان نووسیوە بەڵام کەس ئەوەندەی خۆ پێوە ماندوو نەکردوە. ئەوانی باش بوون، ناتەواو بوون ئەوانەی نەزانانە نووسرابوون هەر نەبان باشتر بوو. هیچ کارێك ئەویش کاری وا ئەستەم و گران بێ کەم و کووڕی نابێ، ڕەنگە ئەو کارە گەورەش نەختە نەقسێکی هەبێ بەڵام بێگومان هاوتاو وێنەی نیە.

من بۆ خۆم پتر لەنێو چەرخە سەرو کارم دەگەڵ شیعری نالیدا هەیە ئەو سەردەمە کە وەك سوختەیەکی نەزان لە خانەقای شێخی بورهان بووم دەمدی مەلا زاناکان و موستەعیدە باشەکان لەسەر شیعری نالی دەڕۆن، ئەگەر نیوە خوێندەواری وەك منیان بۆ حاڵی نەبووبان، هیچ نەبێ سەرنجیان بۆ لای مەلە لەو دەریا مەندو بێ بەستێنە ڕادەکێشان، چاپ بوونی دیوانی نالی لە لایەن کوردیی و مەریوانییەوە دەروێکی بۆ کردمەوە ئەگەرچی ئەم دیوانە نازدارە، بێئازارە دیوو دوژمنی پۆلیسی دەورانی ڕەشی پاشایەتی ڕەزاخان بوو بە دەس هەرکەسەوە گیرابایە هاواری سەرو ماڵی بوو. بەڵام من پەیدام کردبوو بە دزییەوە دەمخوێندەوە. موقبیل بە چاپ کردنەوەی دیوانی نالی سەرەڕای ئەم کەم و کووڕییانەی لە کاریدا هەبوو پتری بەرەو تێگەیشتنی شیعری نالی بووم.

نێوو نرکەو هێرشی گیو لە نالی نەتۆراندم تەنانەت چاپەکەی مووەفەقیشم نەك جارێك دەیان جار خوێندەوە. خوالێخۆش بوو حاجی مەحمودی وەتەمیشیم کە بازرگان و مڵکدارێکی پیرو خۆشزەوق بوو، باش دەناسی و بە حاڵەوە دیتنی بۆ من هاسان نەبوو چونکە ئەو هاوین و بەهار لە دێ بوو، منیش هەر لادێیی بووم و کەمتر دەچوومە شار کە زستانان بە خزمەتی بگەم زۆرم کەڵك لە شیعر ناسی ئەو پیاوە گەورە وەرگرت کە ڕەنگبێ کەم کەس مابن لە بیریان بێ ئەدیبێکی چەند لێزان و ڕەخنەگرێکی چەند بە ئینساف و پیرە پیاوێکی چەند قسە خۆش بوو. ئێستاش بۆم ڕوون نەبۆتەوە ئەو بازرگانە زرینگە کە سەروکاری دەگەڵ گەزو جاوو کەتیرەو مازوو و خوریو مافووره بوو چۆن ئەو هەموو شیعرە کوردیە جوانانەی لەبەر بوون. ئایا بەیازو دەسنووسی باشی بوون و دەری نەدەخستن یا حافیزەی وا بەهێزو قەوی بوو کەچی لەبیر نەدەچۆوە. بە ڕەحمەتی خودای شاد بێ. ئاخ و داخ چەن گەورە پیاومان بوون و حاجی قادر گوتەنی: (لە بەر بێ دفتەری گوم بوون و فانی).

شەقی ڕۆژگار هەڵیداشتمە کوردستانی عێراق لە وێ زۆر نالی ناسم دیتن و باشترم نالی ناسی تا سەرم لە بەغدا هێنا دەرو بە خزمەت مامۆستا مەسعوود موحەممەد گەیشتم. تا ئێستا کەسم نەدیوە وا لە شیعری نالی بگا. گفتولفتێکی خۆشی بوو کە بە بەیانی سیحراوی خۆیوە دەهاتە شیکردنەوەی شیعری نالی خۆی مەست و سەرخۆش دەبوو و گوێگری وەجۆش دەهێنا. داخم ناچێ ئەم مامۆستایە ئەوەندەی لەسەر شیعری نالی دەدوا ئەوەندەی نەدەنووسی تا کۆمەڵ پتری کەڵك لێوەرگرێ. لە بیرمە لە دانیشتێکدا کە مامۆستا بە عادەتی خۆی شیعری نالی شیدەکردەوە، یەکێك لە دانیشتوان لە منی پرسی بە بڕوای تۆ مامۆستا لە بارەی نالیدا زۆر زێدەڕەوی ناکا. گوتم. من لە تەنیشت مەهابادەوە لە لایەکەوە تا سەرچاوەی (زەڵم) و لەلای دیکە تا هاوینەهەواری سەرسەنگ گەڕاوم و دەگەڵ زۆر مامۆستای گەورە دانیشتووم کەسم نەدیوە ئەوەندە شارەزای شیعری نالی بێ. کەچی دەوێرم بڵێم ئەو گەورە پیاوەش بە تەواوی لە شیعری نالی نەگەیوە. مامۆستا مەسعود فەرموی بەخوا ڕاست دەکەی. من ئەو مەلەوانە نیم بینم ئەوەندە درێژبێ کە بتوانم لە دەریای بێ بنی شیعری نالی ئەو هەمو دوڕو مرواریانە بێنمە دەر هەروا پەلەقاژەیەکی ناشیانەیە دەیکەم. بەڵکو شتێکم وەبەر دەس کەوێ. زۆری پێ نەچوو ڕۆژێك لە خزمەت مامۆستا مەسعوود لە کۆڕی زانیاری کورددا خەریکی کار بووم. کاکە حەمەی مەلا کەریم هاتەژوورو گوتی: "ئێمە مانای وشەی (نەی سەوار)مان لەو شیعرەدا نەزانیوە ئێوە چۆنی بۆ دەچن" زۆرمان بیرلێکردەوەو نەمانزانی. بێئەدەبیم کردو گوتم: "مامۆستا ئەو کاتە من گوتم جەنابیشت دیوانی نالیت بە تەواوی بۆ ساغ نەبوەتەوەو تۆ گوتت ڕاست دەکەی من پێم وابوو تەوازوع دەفەرمووی بەلام قسەکەم وەڕاست گەڕا.." گوتی: "ماڵە نالیت نەشێوێ کێ سەرەدەر لەو هەموو "وردە داوانە دەردەکا کە ئەو ناویەتەوە؟ من چوزانم نەی سەوار چییە؟" ئیجازەم لێوەرگرت و چوومە ژووری کاکە حەمە، هەرچی فەرهەنگی فارسیو کوردی لە کوردا هەبوون سەنگ و سووژن مان دان و سەرەوبن مان دان و سەرەوبن مان کردن و ئەم وشەمان نەدۆزیەوە. دیارە پاش ناهومێد بوون لە پەراوێزی لاپەرە 334دا گوتویانە دوور نیە نیزەدار بێ کە لە شیعرەکەدا بێ مانا نیە. ئەو ڕۆژی من گوتم کاکە حەمە حەیف فەرهەنگی دەوڵەمەندی دوکتۆر (موعین) مان بە تەواوی لە دەس دا نیە. وێدەچێ ئەو ئەم وشەی گرتبێ. ئێستاکە ئەم دێرانە دەنووسم فەرهەنگی دوکتۆر موعینم لەبەر دەس دایە. ئەو فەرهەنگە گەورەش ئەم وشەی نەگرتووە. بەلام وشەیەکی تێدایە کە پیاو دەخاتە گومانەوە کە مەبەستی نالی ڕەنگبێ ئم وشە بێو ئەوانەی دیوانی نالیان نووسیوەتەوە بە هەڵەیان تۆمار کردبێ. فەرهەنگی موعین وشەی "نیساری" گرتوە بە مانا سوپاهی و لەشکری و دەڵێ. فیردەوسی لە بارەی تەبەقەی دوەم لە چوار تەبەقەی جەمشیددا دەڵێ:

صفی بر دگردست بنشاندند
همی نام نیساریان خواندند
(ش، بج 1—24)

و هەروەها زیادی دەکاو دەڵێ وشەی (نیساریان) لە زمانەکانی ئێرانیدا سابیقەی نیەو بێ شك موحەرەفی (artistar)ی پەهلەوی (ئوستایی raesIara) بە مانای شەڕکەرو سوپاهی) هاتوەو ئەم وشەیە لە فارسییدا بوەتە (ارتیشدار).

دۆزینەوەی ئەم وشە منی خستە سەر ئەم باوەڕە کە (نەی سەوار) (نەی سیار) بێ، بە غەڵەت نووسرابێتەوە چونکە زۆر ڕوونەو بە هاسانی لە شیعرەکانی دەردەکەوێ کە نالی زۆر ئەهلی خوێندنەوەو موتالا بووە. دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ئەدەبیاتی عەرەبیو فارسیدا هەبووە. وەك بە ئیشتیا لە سەریان نووسیوە گەڕیدە بوەو بە کوردستاندا گەڕاوە. ئەگەر واش نەبێ ئاشنایەتی ئەو دەگەڵ بابانەکاندا حاشای لێ ناکرێ. ئەوانیش کتێبخانەی ئەمیرانەیان بووە کە نالی کەڵکی لێوەرگرتوە. تەماشای ئەو چەند شیعرە بکەن تا بزانن من بێ بەڵگە وا نالێم

نالیا ئەم غەزەلە تازە کە تازەت گوتوە
بە دووسەد مەسنەوی لوبی لوبابی نادەم
نیە دەخڵم لە شانامەو مەسافی غەیری ئەم نوکتە
کە کوشتەی بەندی تۆیە هەر کەسی ئازادو ئازابێ
کە دیتم ڕەنگی سەد ڕەنگی، گوتم بابای عەییارە
کە بیستم لەفظی بێدەنگی گوتم شیپووری شاپوورە

بەڵی بەم شیعرانە ڕا کە ئەگەر ڕیزم کردبان زۆر پتریان جێدەگرت دیارە کە نالی هەمووجۆرە کتێبێك کە دەخڵی بە مەلایەتیەوەش نەبووبێ خوێندوەتەوە. کەسێکی ئەسکەندەرنامەی ئەفسانەیی خوێندبێتەوەو نەسیمی عەییارو شاپووری عەییار بناسێ، ئاشکرایە کە شانامەی فیردەوسی زۆر جار سەرەوبن کردوەو ئەم وشەی لە شانامە وەرگرتوەو ئەگەر ئەوەی زانی بێ کە نەیسیاری بە تەبەقەی دوەم لە چوار تەبەقەی زەمانی جەمشید گوتراوە ئەوە دەبێ شیعرەکە لە ئەسڵدا ئاوا بووبێ.

دیدە نیگەهبانی یار، ناڵەی دڵ نەی سیار

تیپی سریشکم هەزار
ئاهە عەلەمداری من

یانی چوار تەبەقەی زەمانی جەمشیدی ڕیزکردبن و لە باتی تەبەقاتی لەشکری تورکان کە لە مەغوولیەوە وەرگیراون، (ئون) (یون) (تومان) بەکاری بردن چونکە گومان لەوەدا نیە کە هەزار پڕ بە پێستی (تومان)ی مەغوولیە. ئایا تاقمە مومتازەکەی ئەحمەد پاشای دوستی وا تەبەقەبەندی نەکردوەو ئەو شیعرە پڕ ڕەمزەی پاش نەمانی تاقمەکە نەگوتوە؟ جوابی بە من نادرێتەوە. بەڵام دەغدەغەی لە دڵم دا پەیدا کردوە.

ماوە شتێك لە بارەی نالیدا باس بکەم کە تا ئێستا کەس لەو بارەدا نەدواوە. ئەویش ئەوەیە، جگە لەوەی نالی خەریکی پێك هێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی بووە، شۆڕشی ئەدەبیشی کردوە. ئەم ڕەسمە نالەبارەی لە دیوانی شاعیرەکانی پێشوودا هەبوە کە لە ئەلفەوە تا یا بکەنە قافیە لە دیوانی نالیدا نیە. کوا قافیەی (ض) (ظ) (ذ) (ع) (خ) (غ) لە دیوانەکەیدا؟ کە دیوانی شاعیرە هەرە باشەکانیشی دزێوکردوە. لە باتی ئەوانە شیعری وا هەیە کە پیتە تایبەتیەکانی کوردی بۆ کردوونەوە قافیە وەك (ێ). "تەشریفی نەو بەهارەکە عالەم دەکا نوێ" نالی بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێك شیعر نەناس کە گوتویانە هەر خەریکی دووکار شیعرو وشە ئارایی بووەو گوێی نەداوەتە نێوەرۆك، شاعیری بە تەواوی مەعنای کەلیمە بووە. شیعری تەنیا بۆ دەربڕینی ئیحساسی ناسکی ئینسانی گوتوە جگە لە چەند پارچەی وەك وەسفی حوجرەو گوێدرێژەکەیو وەسفی تەبیعەت کە ئەوانیش لە ئیحساسی شاعیرانە بێبەش نین. شیعرەکانی دیکەی پڕن لە سۆزی ئاشقانەو کوڵوکۆی دەروونی خۆی. بۆیە گوێی نەداوەتە ئەو قاعیدەو ئوسووڵەی کە زانستی عەرووز شاعیری ناچار کردوە ڕەچاوی بکا. یانی غەزەل لە حەوت شیعر کەمتر نەبێو حەتمەن دەبێ تاق بێ. باشترین غەزەلی نالی ئەوغەزەلانەن کە لە حەوت شیعر کەمترن یا جوتن. یانی نالی لەهەر جێگایەك کوڵوکۆی دامرکاوە قەڵەمی ڕۆناوەو تا ئیحساسات دانەمرکاوە قەڵەمی تاوداوە. ئەگەر لە پارچە شیعرەکەی مەستوورە وردببنەوە، تێدەگەن ئەو نالیەی کە وەستای قافیە بووە. لێرەدا ڕیعایەتی قافیەشی لە چەند جێگا نەکردوە. دیارە دۆزینەوەی ئەو جێگایانە کاری ئەو کەسانەیە کە دەزانن ڕەدیف قافیە چن؟ بە ڕەحمەتی خودا شاد بن ئەو مامۆستایانەی بێ ورد بوونەوەو بێ ئەوەی بزانن شیعر چیە؟ فەرموویانە ئیحساسی شاعیرانە لە شیعری نالیدا نیە یا کەمە توخودا خوێنەری خۆشەویستی شیعرناس سەرنجێکی بدە ئەم دیوانە تا بزانی ئەو هەژارانە چەند لە شیعر ناسیندا کوڵەوار بوون.

لە جێگایەکەی تریش باسم کردوە کە قوتابخانەی نالی بە هۆی مەلا ساڵحی حەریقەوە لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە موکریاندا برەوی پەیداکردوە.

لەم ساڵانەی دواییدا کتێبێك بە فارسی بە ناوی (ایران امروز) بڵاوبوتەوە کە لە نووسینی (ئۆژین ئوبێن) سەفیری وەختی فەرانسە کراوەتە فارسی. ئەم دیپلۆماتە لە ساڵەکانی 1907–1906دا بە سابڵاخدا تێپەڕیوەو چەند لاپەڕەیەکی ناشیانەی لەسەر ژیانی کوردی ئەم مەڵبەندە نووسیوە کە سەرنج ڕاکێش نین. تەنیا ئەوەندەی سەرنج ڕاکێشە کە لە بارەی نالیدا نووسیویەتی[1]:

لە نیوەڕاستەکانی چەرخی ڕابردودا شاعیرێك لەنێو کورداندا هەڵکەوت[1] کە ناوبانگی لە چوارچێوەی هۆزو خێڵ و زێدی خۆی زۆر وێوەتر ڕۆیی، نالی مەلایەکی خەڵکی سایمانییە کە ئەمڕۆ شیعرەکانی لە دوورترین خڕو شیوو دۆڵەکاندا ویردی زمانی کوردانە ئەم شیعرانەی موفتی سابلاخ، کە لە جێگایەکی تر بە ناوی مەلا موحەممەدی موفتی ناوی بردوە بۆ ئێمەی وەرگێڕان.

دیارە ناوبانگی نالی هەشتا پترە گەیوەتە سابڵاخ کە موفتی وای بە سەفیر ناساندوە. نازانین شیعرەکانی بە چ زمانێك بۆ سەفیر وەرگێڕاون. بەڵام پاش ئەو هەموو بەردە شۆڕو دەسکاریە هێشتا تام و خوێ و بۆن و بەرامەی شیعری نالیان پێوە دیارە. ئەوەش جوابێکە بۆ ئەو کەسانەی دەڵێن نالی زیاتر بە شکل و وشەئاراییەوە خەریك بووە تا نیوەرۆك و مەزمون. جارێك هەر لەو بارەدا لە کۆڕێکی ئەدەبیدا کە خوشك و برای عەرەبیشی لێبوون گوتم تو خوا ئەم شیعرەی نالی بۆ ئەم براو خوشکە خورمانێژو خورما خۆرانە کە فرچکیان بە خورما گرتوە بکەنە عەرەبی بزانین بۆ خۆیان یاری شیرینی خۆیان وا بە خورمای خۆماڵی شوبهاندوە کە کوردێکی شارەزووری کەڵاش لە پێی مێوژ خۆر شوبهاندویەتی.

دەخیلت بم نەخیلی یا درقابی
وەها شیرین و سینە نەرم و دڵڕەق

هەموویان کە مەزمونی شیعرەکەیان بیست گوتیان تا ئێستا شیعری وا لەتیف مان لە عەرەبیدا لە بابەتەوە نەبیستووە. هەموو دەزانین شیعر کە وەرگێڕدرا جوانی شێوەو شکڵ لە دەس دەدا.

لە پێشدا گوتم ئەم کتێبەش بێ کەم و کووڕی نیە. بەڵام تا ئێستاش بێوێنەیە. لە چەند جێگا نەزەری خۆم لە پەراوێزدا نووسین. بەڵام چونکە ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییوبی لە چاپ کردنەوەی ئەم دیوانەدا بۆ ئەوەی کوردەکانی ئێرانیش دیوانێکی کەم غەفڵەت و شەرح لێکراویان لە دەسدابێ بە پەلە بوو هەقیشی دەدەمێ منیش نەمتوانی چاکی پێ ڕابگەم.

دیسان لە لایەن هەموو کوردێکی ئەدەبدۆستەوە سوپاسی مامۆستاو کوڕەکانی دەکەم.

نازانم کێ بوو نوسیبووی هەر ماڵێکی ئێرانی کە قورئانێکی پیرۆزی لەسەر تاقە دانابێ پێویستە دیوانێکی حافزیشی لەبن بێ.

منیش دەڵێم خۆزگە هەموو ماڵە کوردێکیش دیوانی نالی لەژێر قورئانی پیرۆزدا دانابایە.

هێمن– بەهاری 1364

**پەراوێز:**

***شاعیر بۆ دیوانی نالی نوسیوە.**

[1] **ایران امروز ل-** 118و119

**سەرچاوە:**

**دیوانی نالی، کۆکردنەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح و محەمەدی کوڕی، چاپی یەکەم، سالی، چاپخانەی**


MOHAMMED ARIF

## سازی ناساز

بلبلی باڵ شکاوی وەختی گوڵم
هەر شەپۆلان دەدا دڵی لە کوڵم

کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزم
گڕی گرتووە دەروونی پڕسۆزم

موغی بێ ئاگری شەوی یەڵدام
چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدام

کەوی بێدەنگی نەوبەهارانم
گوڵی بێڕەنگی چاو لە بارانم

کونجی جێ ژوانی چۆڵ و خامۆشم
سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم

دەستی بەربووی کچی گەڕی شاییم
هەستی خنکاوی لاوی سەوداییم

کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم
تاکە داری کڕووزی بێئاوم

دەفتەری شیعری شاعیری ڕووتم
شەمی سەرگۆڕو داری تابووتم

کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم
خەونی ئاڵۆزو خاتیرەی تاڵم

پشکۆی ئاگری بەیانانم
فرمێسکم و کوڕی ژانم

باڵە سووتاوەکانی پەروانەم
شوشە بادەی بەتاڵی مەیخانەم

چڵە ڕێحانی دوورە دێراوم
سازی ناسازی هەڵپەسێرراوم

نمە ئاونگی سەر گەڵای زەردم
خەستەو دەردەداری چی دەردم

ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم
شاعیری پیری تووڕەوو زیزم

چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟!
خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم؟!

1975

## کوانێ؟

کوانێ ئەو پەنجە کە توندی دەگوشی مەمکی توند؟
کوانێ ئەو پێیە کە بۆ ژوانێ دەچوو گونداو گوند؟
کوانێ ئەو چاوە کە هەر جوانی دەبینیو چیدی
کوانێ ئەو بیرە کە هەڵدەفڕی بەرەو بەرزیو دوند؟

## عیشق ئازادی

ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر

لە بادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینووی جگەرسووتاو
بەچی دیارە کە دەیبینم شەوێکی تر، ژەمێکی تر!

ئەوەندە دەردەدارو بێپەرستارم کە پێم وایە:
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر

گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد، ئاخۆ
مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر!

گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو ڕۆژێ، کەچی ڕوانیم:
لە پێشمدایە زەردو ماهـ و سەخت و ئەستەمێکی تر

هەتا چارشێو بەسەر تۆوە دەبینم نازەنینی کورد
بەسەر بیلبیلەکەی چاوی منا دەکشێ تەمێکی تر

نەما (خانی) هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ
دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین (زین و مەم)ێکی تر

پەپوولەی خۆشەویستیی من لە شوێنێ ناگرێ ئارام
دەنیشێو باڵی دەبزێوێ لەسەر سینەو مەمێکی تر

هەزار هێندە پەرێشان و سیاچارە بژیم هێشتا
لەنێو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی تر

هەتاکوو دواپشوو ڕێبواری ڕێگای عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر

کە فرمێسکم لەسەر ڕوخساری کیژی دڵ شکاو بینی،
گوتم: یاخوا لەسەر سوورگوڵ نەبینم شەونمێکی تر

شەوێکی چاوەنوارت بووم، نەهاتی گیانەکەم، ویستت
منی دڵ ناسکی شاعیر بگێڕم ماتەمێکی تر

خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم بە کانیی ژینێدا نووسێم
ئەوەندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە نێو دەمێکی تر

بەتۆ چارەی چلۆن دەکرێ دەروونی پڕ لە ناسۆرم
خەساری بۆ دەکەی دوکتۆری زانا مەرهەمێکی تر

بەهارو گوڵ، کچ و مانگە شەوو، شیعری تەڕو بادە
لەوەی زیاتر جەنابی شێخ گەرەکتە عالەمێکی تر
1977

## ناڵەی جودایی

ساقی‌یا! وا با دەوە، وا با دەوە
ڕوو لەلای من کە بە جامێ بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن
زۆربەیان شادو بە کەیف و بێخەمن
مەی حەرامە بۆ سەهەندەو بێخەمان
مەستی بێخەم بۆچی بگرن ئێخەمان؟
ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە
ئەم شەرابە ئاڵە بۆ بێدەرد نی‌یە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نی‌یە
بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوە نێ
بۆچی مل هوڕ لێرە بینی پێوە نێ؟!
بۆ کەسێکە مەی: کە دەردی کاری‌یە
بێخەمێک بیخواتەوە، زۆرداری‌یە
بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕ بێ لە داخ
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ؟!
ئەو کەسەی بێکەس نی‌یەو خانە خەراب
دەک بە ژاری بێ بادەو شەراب!
ئەو کەسەی نەیچێشتووە دەردی ژیان،
ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش و برک و ژان،
ئەو کەسەی نەکرا نیشانەی تیری خەم،
شانی دانەخزا لە بن باری ستەم،
ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداری نەکرد،
تیخی زۆرداری برینداری نەکرد،
ئەو کەسەی دەستی لە ئەوکێ بەردرا،
ئەو کەسەی دوژمن لە ماڵی دەرکرا،
ئەو کەسەی نەیبینی هاتی دوژمنی،
نیری یەخسیریی لە ئەستۆ داڕنی
ئەو کەسەی هێندە نەبوو زویرو زگار،
وا نەکەوتە بەر چەپۆکی ڕۆژگار،
ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان
ئەو کەسەی "زیرەی نەگەییە ئاسمان"[1]،
ئەو کەسەی دووریی عەزیزانی نەدی،
تیروتانەی بێتەمیزانی نەدی،
تۆزی بەدبەختی لەسەر شانی نەنیشت،
لێی نەگیرا دەورو پشت و چوار تەنیشت،
ئەو کەسەی خواردیو لە بن سێبەر ڕما،
شەو بە نیازی کەیف لە ماڵی خۆی نەما،
بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ؟!
شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتەو جەفەنگ..

* * *

ئەو کوڕەی هێشتا لە ژوانێ ڕێی هەیە،
سەیرە، زۆر سەیرە کە ئالوودەی مەیە.
ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێرەو لەوێ،
ئەو کوڕەی ماچی کچانی دەس کەوێ،
ئەو کوڕەی دۆی داوەتی دەستی دەنێ،
بێتە ئێرە، چۆنە هەی دێی ناکەنێ؟!
ئەو کەسەی "دەستی لە مەمکان گیر ببێ"[2]،
ئە و کەسەی "تفڵی دڵی بۆ ژیر ببێ"[3]،
ئەو کەسەی پەنجۆڵە بگوشێ جاروبار،
ئەو کەسەی دەستی بگاتە گەردنی یار،
ئەو کەسەی ڕامووسێ کوڵمەی تاس و لووس،
ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابێ چارەنووس،
ئەو کەسەی بمژێ خوناوەی گەردنێ،
کوفرە یەک قەترە شەرابی گەر دەنێ..

* * *

ئەو کەسەی ئاسوودەو خۆش ڕایبوارد،
قەت خەمی یەخسیرو کۆیلانی نەخوارد،
یەک لە ماڵێ چاوەڕێی بوو بێتەوە،
دەرکی نێوماڵێکی لێ بکرێتەوە،
خەم ڕەوێنێک گوێ بداتە ڕازی ئەم،
نازەنینێک بێ بکێشێ نازی ئەو،
بگرێ پەنجەی نەرم و نۆڵی ناسکێ،
بۆی کرابێتە سەرینێ، باسکێ،
هەیبێ هێزو گورو تین و تاوو گوڕ،
ڕۆژگاری ڕەش نەبێ، بەختی مکوڕ،
ئەو کەسەی جێگای لە مەیخانێ نی‌یە.
ئەو کەسە بادەو شەرابی بۆچی‌یە؟!

* * *

ساقی‌یا، وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ!
ڕوو لە لای من کە، مەچۆ بۆ سەرپەڕێ..
لەنگەرێ بگرە، مەبە وا بەرزە- فڕ
بێنە بۆ من، بێنە بۆ من، جامێ پڕ
مەی حەلاڵە بۆ منی وێرانە- ماڵ
بۆ منی سەرگەشتەوو ڕووت و ڕەجاڵ
بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین

بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆرو برین
بۆ منی ئاوارەو دوورە- وەتەن
بلبلی بێبەش لە گوڵزاری چەمەن
پەڕ وەریوی، باڵ شکاوی، دەنگ بڕاو
بێبژێوی، بەش خواروی، دەرکراو
پیری زورهانی، کەنفتی، دەربەدەر
دیدە سووری، دڵ مەکۆی دەردو کەسەر
داتەپیوی، بێپەسیوی بێقەرار
بێکەسی، دەستە شکاوی، کوڵەوار
لێو بەباری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ
شاعیری جوانی پەرستی دڵ بەسۆ..

* * *

ساقی‌یا! بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی؟
تۆش لەبەر ئەو مل هوڕانە مل کەچی؟
تۆش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو؟.
چاوی تۆشی هەڵفرپواند زێڕو زیو؟
تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر!
زێڕ بەلایە، بی‌وەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەردو ڕەند
"چڵکی دەستە ماڵی دنیا"[4] وەک دەڵێن
ماڵ پەرست پەیمان شکێنەو بێبەڵێن
قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵ پەرست!
جوان پەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست

* * *

نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ!
تۆ فریوی زێڕو زیوی وان مەخۆ!
ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین
هەر دەزانن گوڵ چنین و بەی ڕنین
وا وەرە، دەی وا وەرە، نیزیک بە لێم
بمدەیە مەی، بمدەیە مەی تا دەڵێم:
"مست مستم ساقیا، دستم بگیر!
تا نە افتادم ز پا دستم بگیر!
جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی (مەولەوی):

"بشنو از نی چون حکایت میکند
از جدائیها شکایت میکند"
گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز!
تا بناڵێنم وەکوو بلوێر بە سۆز
نابێ قەت ناڵەی جودایی بێئەسەر
جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە
لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون
شیوەنی من شیوەنی ئینسانی‌یە
بانگی ئازادی‌و گرۆی یەکسانی‌یە
شیوەنی من شینی کوردی بێبەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی‌و هەشە
با لە زارم بێتە دەر پشکۆی شیعر
با فراوانتر بکەم ئاسۆی شیعر
پارچە گۆشتێکە دڵی من، ڕوو نی‌یە
ناڵەناڵی من درەنگە، زوو نی‌یە
دەردی دووری.. دەردی دووری کوشتمی
دەردی وشیاری‌و سەبووری کوشتمی
یادی یاران و وڵاتم ڕۆژو شەو
لێی حەرام کردم قەرارو خوردو خەو
خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم، ساقی! ئەدی!؟
نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم
نابینم ناسیاوو دۆست و یاری خۆم
ڕوو لە هەر لایە دەکەم نامۆیە بۆم
نابینم جێ ژوان و کەونە لانی خۆم
شەو دەکێشم شەونخوونی‌و بێخەوی
ڕۆژ دەچێژم دەردو داخی بێئەوی

* * *

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟!
چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من؟!
چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە؟!
بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە
ژانی ناسۆری جوداییم چێشتووە
هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە
هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین
دەرکراوم من لە خاکی دڵ نشین
بوومە ئاوارەو پەڕیوەی دوور وڵات
کەوتمە نێو وردە داوی ڕێی نەجات
بەکرە شۆفارە ئەوی مووخەی چنیم
زیی مەم و زینان وڵاتی لێ تەنیم
کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک (مەمێ)
(یایە زین) لە کوێیە هاواری کەمێ!
کوا (قەرە تاژین)، (چەکۆ) و (عرفۆ) لە کوێن؟!

بێنە هانام وەک پلینگی چەنگ بە خوێن.
(الاس)ە شۆڕێک بووم غەنیمی دوژمنان
ئێستە ئەنگاوم بە تیری چڵکنان
وام بە تەنیایی لەنێو خوێنا شەلاڵ
کوانێ عێل و، کوانێ (خانزاد) و (خەزاڵ)؟!
زۆر لە مێژە نارە ناری منی نەبیست
هەروەکو (شەمزین)، (شەمیلە)ی خۆش ئەویست
وەک (_سیامەند)ێ لە چۆڵ و بەندەنێ
جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ
شەتڵی جواناوم منی سارده برین
کوا (خەج)م تا بۆم بگێڕی گەرمە شین؟!
مانگی "کانوونێ بە چلوان دەرکرام"![1]
وەک (برایم) لەو وڵاتە ڕاونرام
کوا (پەریخان) بەندو باوم بۆ بڵێ؟!
بۆ نەسووتێم نەبمە پۆلووی سەر کڵێ؟!
ئەو لە زۆزان، من لە ئارانی دەژیم
کێ دەڵێ ئەمنیش (وەلی دێوانە) نیم؟!

* * *

کوردەواری، ئەی وڵاتە جوانەکەم!
ڕۆڵەکەم! خێزانەکەم! باوانەکەم!
ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە
ئێستە بمبین ئەرێ دەمناسنەوە!
ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپۆنی ورد
هێزو توانای لێ بڕیوم دەردە کورد
بوومە گەپچاڕو دەکا گاڵتەی بە من
ئەو ڕمووزنەی زەندەقی چووبوو لە من

* * *

ئەی ڕەفیقان، ئەی عەزیزانی وڵات!
ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات!
گەر دەناڵێنم، ئەمن پەک کەوتە نیم
تێدەکۆشم بۆ وەصل تاکوو دەژیم
کۆششی من زۆر بەجێیەو زۆر ڕەوا
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە، وا:
"هرکسی کە دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش"
ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە
ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما مەلە
هەر دەپێوم کێوو شاخ و چۆڵ و دەشت
دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت
دێم بەرەو زیخ و چەوو کانیاوی خۆم
چۆن لەوانە وەردەگێڕم چاوی خۆم
دێم بەرەو ئەو دارو بەرد بەندەنە
دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە
دێم بەرەو زوورک و تەلان و کەندو لەند
دێم بەرەو بژوێن و زەنوێرو زەمەند
دێم بەرەو پاناوک و هەورازو نشێو
دێم بەرەو ئەشکەوت و زەندۆڵ و پەسێو
دێم بەرەو بەفرو چلوورەو بەستەڵەک
دێم بەرەو شیخاڵ و ڕێچکەو ڕەشبەڵەک
دێم بەرەو لێڕو چڕو بەستێنو چۆم
دێم بەرەو هەڵدێرو گێژو بەندو گۆم
دێم بەرەو هۆبەو هەواری باسەفا
دێم بەرەو لادێ، بەرەو کانگەی وەفا
دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم
دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم
دێم و دەگرم بازی بێری شۆخ و شەنگ
دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ
دێم گراویی خۆم لە باوەش وەرگرم
دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم
دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد
دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد
دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب
ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەرژینی بە زی
هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی
تا بمێنێ نووری چاوو هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم
دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیرو هۆش
گەر گلاشم، کوردەواریو ئێوە خۆش!

1974

## بەرەو ئاسۆ

سۆفیی گۆشەی خانەقا بووم، ئێستە پیری مەیکەدەم
زاهیدی خەڵوەنشین بووم، ئێستە مەست و مەیزەدەم

سەروی ئازادیش لە بارو دڵکەش و بەرزە، بەڵام
گیانەکەم! من شێت و شەیدای لارو لەنجەی ئەم قەدەم

جیلوەیی جوانی لە هەرچیدا هەبێ خۆشم دەوێ
ڕۆژێ کوشتەی مینی ژۆپ و ڕۆژێ گیرۆدەی شەدەم

# چەند نوكتەیەك

# لە بارەی مێژووی ئەدەبی كوردییەوە:

ڕۆژێكی هەرە گەرمی هاوینی مەهاباد بوو، دەگەڵ كۆنە دۆستێكی خۆشەویست، قسەخۆش، خوێن شیرین، ڕەزا سووك و ئەدەبدۆست و لێزانم دانیشتبووین، كەس ئاگای لە دڵی كەس نییە. منیش نەمدەزانی ئەم دۆستەم كە ماوەیەك بوو، یەكترمان نەدیبوو چەند بە دیداری من شاد بوو. بەڵام من بە دیتنی ئەو، دڵم فێنك بۆوە، كوڵ و كۆی دەرونم دامركاو خەم و پەژارەی چەند ساڵی تاڵی تەمەنم ڕەوی.

لە ژورە گەرمەكەمدا كە هەرگیز پانكەو كوڵێری بەخۆوە نەدیوە، لە تەنیشت یەك دانیشتین و گەرمی قسان بوین، قسەمان لە گرانی، كۆپین، لە كەسادی بازاڕ، لە نەفرۆشرانی هێندێك شت و لە ڕمێن و برەوی شتەكانی دیكە نەكرد. باسی ئەنگران و هەڵمسان و دەوڵەمەند بونی بەعزە كەسێك و داماڵان و هەژاری‌و نەداری بەعزێكی ترمان بە زاریدا نەهات. تەنانەت لە جووت و گا، جۆگەو جۆماڵ، بەندو بناوان، باخەوانی و شوانی و گاوانی كە تا ڕادەیەك سەرمان لێدەردەچوو نەدواین.

ماوە تەنگ بوو، ڕۆژ درەنگ بوو، دەبوو زوو لێك جوێ بینەوە، بۆ بیستنی ئەو چەشنە قسانەی لە سەرەوە باسمان كرد ماوە زۆرە، ڕوو لە هەر شوێن و ماڵێك بكەی باس هەر ئەو باسەیە.

دەسمان كرد بە باسی ئەدەبی. چبكەین هەر دووكمان ئاشق بوین، نەخۆش بوین، ناناگێل و گێژ بوین! كەسێكی وەك ئێمە نەخۆش و ئاشق و گێژو گێل نەبێ، دەزانێ شیعر و شاعیری ئەدەبدۆستی لە كوردەواریدا بە هیچ دەورو زەمانان نەبۆتە نان و ئاو. بە تایبەتی بۆ ئەو دوو كەسە جگە لە ئاوارەیی‌و دەربەدەری‌و چەرمەسەری چ سوودو قازانجی نەبوە.

با فیش و درۆو دەلەسە نەكەین، ئێمە تا ئێستاش مێژووی ئەدەبییەكی ئەوتۆمان نییە جێی متمانە بێ. بۆ نموونە نالی شاعیری گەورەی كورد ڕەنگ بێ دیوانەكەی لە هەموو شاعیرێكی تری كورد پتر چاپ كرابێ. بە تایبەتی مامۆستا مەلا كەریم و كوڕەكانی ئەوپەڕی زەحمەت و ڕەنجیان لەسەر دیوانەكەی كێشاوەو ئەوەندەی هێزیان پێشكاوە شیعرەكانیان شیكردۆتەوە، بەڵام بۆ ناساندنی خۆی هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەكی برواپێكراومان گیر نەكەوتوە. بە ڕاستی من بۆ خۆم زۆر سوپاسی ئەو باوك و كوڕانە دەكەم.

ئەگەرچی لە هەڕەتی لاوەتییەوە خەریكی تێگەیشتنی شیعری نالی بووم، بە خوێندنەوەی‌كتێبە بەنرخ و نایابەكەی ئەوان پتر مانام لە شیعرە وردەكانی هەڵكراند. ئەوی هێشتا تاریك ماوەتەوەو بە وتووێژی كاك عەزیزو شێخ تەهاش ڕوناك نەبۆتەوە، ژیان و سەرگورشتەی ئەم شاعیرە مەزنەیە. ئەگەرچی دەڵێ: "لێوی تۆ ئاوی بەقا من خدرم". من دوو دڵم ناوی خدر بووبێ، چونكە بۆ ئەو كەسەی كە شاعیرە سەد داوی ناوەتەوە. ئەوی شاعیریش بێ دەزانێ ئاوی ژیان و خدر پێكەوە پەیوەندیان زۆرەو بەچی دیارە ئەوەش یەكێك لەم داوانە نەبێ كە ناویەتەوە. گریمان ناوی خدر بووبێ، باوكیشی ئەحمەد شاوەیس بووبێ، ناوی دایكی چییە؟ كام قورئان و كتێبی پەڕزەردمان لە دەس دایە، نەك ڕۆژ و مانگ بەڵكو ساڵی لە دایك بوونی ئەویان لە پشت نوسرابێ؟ دەزانین لە كوردستانی ئازیز تەرە بوە، سەری خۆی هەڵگرتووەو ڕۆیشتوە. روونە بە خۆشی خۆی نەڕۆیشتوە، چونكە بە ئاشكرا دیارە زۆری پەرۆشی وڵاتەكەی بوە. جگە لەم دوو شیعرانەی كە تاسەی خۆی بۆ دیتنەوەی وڵات و دیداری دۆستان تێدا دەربڕیوە لە شیعری ئامال درێژو پڕ سۆزو كوڵەكەیدا:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

ئەی پەیكی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

ئەوپەڕی هەست و سۆزو پەژارەی خۆی دەربڕیوەو سەلماندویەتی دەردی غوربەت چ دەردێكە؟ لەم دوایانەدا بۆتە باوو دەڵێن و دەنوسن لەو قەسیدەدا كە نالی بۆ سالمی ناردوە وای گرتوە، بەڵام چۆن دەتوانن بسەلمێنن ئەم شیعرەی بۆ سالم ناردوە؟ دیسان تەماشای شیعرەكە بكەنەوە بزانن نالی تا قافیە مەودای داوە

باسی شارەزوور بە تایبەتی سلێمانی خۆشەویستی کردوە، تەنانەت ڕیشی زوری کاکە سوریشی لەبیر نەچۆتەوە. بەڵام ناوی سالمی نەبردوە کە وابوو، ئەوە سالمە ئازایەتی کردوەو جوابی نالی داوەتەوە. بەڵی بە ڕاستی ئازایەتی کردبوە. یەك وێراویەتی جوابە جەنگی نالی کردوە کە کاری هەموو کەس نەبوەو پایەی شاعیری خۆی بردۆتە سەر، دوو، پەژارەو داخی دڵی لە نەمان و بنەبڕبوونی بنەماڵی بابان دەربڕیوەو سێ ئازایانە زوڵم و زۆری بڵحە ڕۆمییانی روون کردۆتەوەو چەند بە کوڵ و سۆزەوە دەڵێ:

**زستانی ئەوەڵین بوو، دڕا**
**بەرگی شێخ هەباس**
**ڕۆمی ئەوەندە شوومە،**
**لە شەخسیش دەدا زەرر**

دیارە سالم ئەو شیعرەی ناردوە بۆ شام تا بە دەس نالی بگا، بەڵام ناحەقم نییە بڵێم بە چی دیارە نالی نیشتەجێی شام بوە؟

**"بۆ مولکی شامە نامەیی من سوویی نالییە"**

وێدەچێ ئەو وەختە نالی لە شام بووبێ، بەڵام چوونی نالی بۆ ئەستەمبوڵ جێگای گومانە، چ دەگا بەوەی لەوێ ژنی هێنابێ‌و ژیانی ڕابواردبێ‌و هەر لەوێ مردبێ‌و لە فلان گۆڕستان نێژرابێ، گومانی تێدا نییە نالی چۆتە حەج و زیارەتی مەدینەی کردوەو شیعرناس دەزانێ‌و تێدەگا چۆنی بە بیابانی بێرونی بێ ئاوو گیای عەرەبستان هەڵگوتوە، چۆن سەنای خواو خۆشەویستی خوای بەجێهێناوەو دەگەڵ ئەوەشدا چەند مەزلومانەو هەژارانەو کوردانە چارە ڕەشی و بێبەشی کوردایەتی خۆی هەر لەبیر نەچۆتەوەو دەڵێ: "کوردی دەوری شارەزوورم".

زۆر دوور ڕۆیشتم. بۆ باسی حەریق ئەو شاعیرە مەزنە کە مەکتەبی شیعری نالی هێنا موکریان و لەو مەڵبەندە هەرکەس شیعری کوردی گوتوە یا دەڵێ بێ ئەم لاو ئەولا لەوی فێربوە، نەکەم؟ تا ئێستا چی لێنوسراوەو گوتراوە بە کەڵك بێ؟ من بۆ خۆم لەسەر ئەو شاعیرە گەورەی کە غەزەلی وەك:




هێندە بێزاری کە زانیومە بە زاری نایەوە
دوور لە باڵاکەت سەرینی ناهومێدیم نایەوە

یا:

چاوەکەم دوێنێ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نەك نمەك گیریم، بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند

گوتوە، هەر ئەوەندە دەزانم، ناوی مەلا ساڵح بوە، نیزیکەی چەرخێك لەوەی پێش لەو دیوڕا هاتۆتە ئەم دیوەو لە خانەقای لوساوکان یا خانەقای شێخی بورهان گیرساوەتەوەو زۆری عاقیدە بە شێخ بوە. نازانم لە کوێ، بەڵام لەسەر شیعرێك "ئیعزامولمولك" -فێئودالی مەشهور- ڕیشی لوس تاشیوە. ئەوە بۆتە هۆی ئەوە بێتە سابلاخ و بیبێتە مەلای مزگەوتی حاجی سەید حەسەنی خزمی خۆم. ئەو کەسانەی چل پەنجا ساڵ لەوەی پێش چاویان بەو مزگەوتە کەوتبێ، دەگەڵ منن ئەگەر بڵێم برسیایەتی‌و هەژاری‌و ناچاری نەبووبا هیچ کۆلکە مەلایەکیش بە پێش نوێژی ئەم مزگەوتە ڕازی نەدەبوو. ڕەنگ بێ پێش ساڵی 1328ی کۆچی کە ساڵی وەفاتی شێخە، مردبێ‌و لە گۆڕستانی مەلا جامی نێژراوەو هەر خوا دەزانی ئێستا گۆڕەکەی بناغەی خانوی کام موسڵمان بێ. خوا بکەم لای سەروی هاڵ یا میوانخانەی بێ‌و نەکرابێتە حەمام و شتی وا.

مەهابادی ئێمە تاقە شاعیرێکی بەناوبانگی لێهەڵکەوتوە کە خەیابانێکی خۆشیشی بەناو کراوە. ئەوە جێگای شانازییە. من با خۆم مندال نەکەمەوە. زۆرم لەو کەسانە دیون کە شاگردی مەکتەبخانەی وەفایی بوون، بەڵام کۆنترین دیوانی دەسخەتی وەفایی لە بەغدا سەری هەڵداو مامۆستا قەرەداغی زۆری نوسی‌و کەمی لەسەر ژیان و مردنی وەفایی زانی. ئەگەر گوتم تاقە شاعیری مەهاباد میرزا ڕەحیمی وەفایی بوە، تا ئەو جێگایەی من

بزانم ئەو شارە دڵگرە جوانە، قەت شاعیرگر نەبوە. چەند غەزەلێکی میرزا سەلیم ناوێك لە کۆنە بەیازاندا هەبوون کە پێم وایە لەبیرچوونەوە. ڕەنگە ئەو میرزایەش سابڵاخی بووبێ. دەنا شاعیرەکانی موکریان وەك ئەدەب، سەید ڕەشیدی شەهید، سەیفی قازی، میرزا لەتیفی قازی، خاڵەمین، حەقیقی، سەید کامیل، هەژار، ئەگەر لەم شارەش لە دایك بووبن، لە لادێی ژیاون. جا بۆیە دەڵێم، زمانی کوردی خاوێن و ساکار دەبێ لە دێ فێر بین نەك لە شار. جا با ئەو شارە، سابڵاخی پێشوو یا مەهابادی ئێستابێ، کە هەتا بڵێی جوانپەروەرە. جگە لە چەند غەزەل و دووبەیتی نەبێ لە شیعرەکانی مەلا حیسامەددین زیاتر نەمبیستون کە خەڵکی بۆکان و دەوروبەری بوو. تۆ خواکەی ئەو تاقە شیعرە بەس نییە:

لێوی لەعلی جنێوی دابوو بە من
قینی بنیادەمە منیش گەستم

کە بڵێین شاعیرێکی ناسك خەیاڵ و باش بوە؟ هیوادارم دیوانی تەواوی ئەو شاعیرە کۆکرابێتەوەو ڕۆژێك بکەوێتە بەردەستان.

پێویست ناکا، من خۆم جحێڵ بکەمەوە. نیزامی گوتەنی: لە شەشی شەست ڕزگار بووم و بەرەو حەفتا دەچم و وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕ دەنێم. تازە بە هیوا نیم جحێڵایەتی بکەم. گوێ سوانان بگرم. بەڵێ من پیاو بووم کە.. بە کوێری لە برسان و لە خەمان عەمری خوای بەجێهێنا. دیبووم دەمزانی چەند زاناو خوێندەوارە، چەند کۆمەڵناسە. لە پێنج خشتەکییە فارسییەکەی‌و قەسیدە کوردییەکەی: "شاعیر عوموم کەوتنە مەقامات و بۆڵەبۆڵ" دیارە کە چەند جامیعەناسە.

ئەگەر ددان بەوە دابێنن کە ئەدەبیاتی نوسراوی کورد، مەبەستم فۆلکلۆری ئەدەبی نییە، ڕەوتی سەبکەکانی ئەدەب فارسی گرتوە، ناچارین بڵێین کەم شاعیری وامان هەبوون لە سەبکی خوراسانیدا بە قەد.. سەرکەوتوو بن. قەسیدەکەی سێلاوی مەهاباد، ئەو قەسیدەی کە لە زەمانی دەسەڵاتی ڕەزاخانی خوێن ڕێژدا ڕەخنەی لە ڕەفتاری نالەباری کاربەدەستانی ئەو زەمانە گرتوەو بەو نیوە شیعرە دەس پێدەکا: "موددەتێکە نەفسی حیز حوکمی خراوم لێدەکا" شاهیدی قسەکەمن. ڕەنگ بێ ئێستاش ئەو ئاژانانە مابن کە بە ئەمری شارەبانی ڕەزاخانی، مەندیلی مەلایان، شەدەی لاوان، چارشێوی ژنان نێفەکی رانك و پانتۆڵ لە بەرانیان دەسوتاندن فڕێ دەدا، دەدڕی‌و دەبڕی‌و ئەگەر کەس دیار نەبا بە بەرتیل ڕازی دەبوون. کە مەلا مارف لە بارەی ئەواندا گوتویەتی:

"دەچمە سەر چۆم و خەیابان یەك نەفەس ئاسوودەبم
شەهرەبانی حازرەو داوای کڵاوم لێدەکا"

بێشك ئەو سجیل نوسانە زیندوون و ئەگەر ئەم شیعرە بخوێننەوە، تك تك ئارەق دەڕێژن کە بۆ خۆیان دەزانن ئەو سەردەم چۆنیان خەڵك دەڕووتاندنەوە کە مەلا مارف لە بارەی ئەواندا گوتویەتی:

"سەیری خۆشتر من کە مەعروفم لەنێو ئەم شارەدا
تازە ئیحساییە داوای ئیسم و ناوم لێدەکا"

لە بیرمە شەوێکی لە دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافیعی، ڕەحمەتی خوای لێبێ، کۆمەڵێك گەورە پیاو و شیعرناس کە ئەوی لە بیرم مابێ یەکیان مامۆستای مەزن تورجانی زادە بوو، تاریفی ئەو شیعرەیان دەکرد. کە مەلا مارف بۆ شافیعی ناردبوو. من بە ئەدەب لەسەر چۆك دانیشتبووم و متەقم نەدەکرد. تا گەیشتنە ئەم شیعرە:

**جائیزەی شیعرم لەتۆ ناوێ مەگەر بارێ ڕەژی**
**تا سەرو ڕووی دوژمن و بەدخواهی توێ پێ ڕەش بکەم**

ئەو دەم وەدەنگ هاتم و گوتم ئەم شیعرە مانایەکی دیکەشی لە بندا هەیە ئەویش ئەوەیە کە میرزا ڕەحمەت ئەوەندەی دوژمن و بەدخواە هەیە کە بارێك ڕەژیان دەوێ تا مەلا مارف ڕوویان پێ ڕەش بکا. مامۆستا تورجانی زادە تاوێك مات بوو و گوتی: "ئافەریم ڕۆڵە تۆ کێی؟" خۆم پێناساند گوتی: لە کن کێت خوێندوە؟ گوتم: "لە خزمەت مامۆستا فەوزی" گوتی: "ئەوە بۆیە شتی وا دەزانی".

بەڵێ مەلا مارف ئەو کەسە بوو کە بەو هەموو زانست و هونەرەوە بە زگێك تێرو بە دوو زگان برسی بوو. دوایەش کە مرد وەك حەریق لە گۆڕستانی مەلا جامی نێژراو گۆڕی ئەویش وەك گۆڕی هەزاران مەلاو سەیدو پیاوچاك بە دەستی "وەرەهرام" تەخت کرا. ئای ئەوانەی مندالێن قەبرستانی مەلاجامیان نەدیوە کە بێجگە لەوەی گۆڕستانی موسڵمانان بوو، هەزاران کێلی مێژوویی و جوانی تێدابوون کە هەموو موسڵمانان شادریاننەوەو لە نێویان بردن. من بۆ خۆم کێلێکم دیبوو کە نەوێکی لوتفعەلیخانی زەند هەڵیکەندبوو و بە خەتێکی زۆر جوان بوو. بە ئاواتم گۆڕی مەلا مارف لە حەوشەی ماڵێك دابێ‌و گوڵکاری‌و چیمەن بێ.

**سەرچاوە:**

**چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، هێمن، چاپی یەکەم، ساڵی 1997، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی‌و ڕوناکبیری گەلاوێژ.**


MOHAMED ARIF





# وتووێژ

**لە بەهاری شیلاناوێوە تا پاییزی ورمێ:**

هاوینی 1985، دوای نێزیکەی دە ساڵ دورکەوتنەوە، بۆ یەکەم جار گەڕامەوە بۆ کوردستان. لە ورمێ چوومە ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبیو گۆڤاری سروە، کە ئەودەم تازە دامەزرابوون، بۆ سەردانی ماموستا هێمن، کە دە ساڵی ڕێك بوو چاوم پێنەکەوتبوو. دواجار، کە یەکمان بینیبوو هاوینی 1975 بوو. ئەوەش چیرۆکێکی خۆشی هەیە هیوادارم لە دەرفەتی دیکەدا بتوانم باسی بکەم.

ئێوارەی ڕۆژی 1985/7/25 لەگەڵ دۆستێکدا میوانی ماڵی مام هێمن بووین. ئەو شەوە تا درەنگێ دانیشتین و قسەو باسێکی یەکجار خۆشمان کرد. ئەم گفتوگۆیەشمان هەر لەو دانیشتنەدا ئامادە کرد. ڕۆژی دواتر، 7/34، ماڵاواییم لە مام هێمن کردو چووم



بۆ سابڵاخ. مامۆستا زۆری تکا کرد، کە لە گەڕانەوەدا دووسێ شەوی دیکە لە لایان بمێنمەوە، بەڵام بە داخەوە هەرگیز ڕێك نەکەوت و ئیدی چاوم پێنەکەوتەوە. لەم ژمارەیەدا بەشی یەکەمی گفتوگۆیەکە بڵاودەکەینەوە. بەو هیوایەی پاشماوەکەی لە یەك یا دوو بەشی دیکەدا، لە ژمارەکانی داهاتودا، بکەوێتە بەرچاوی خوێنەران.

**فەرهاد شاکەلی**

لای میللەتانی دیکە، دەزانی، شتێك هەیە پێی دەڵێن فەرهەنگی ناوداران.

—بەڵێ..

—ئەگەر لە فەرهەنگی ناودارانی کوردا ناوی هێمن بنوسرێ. دەتەوێ چی لەسەر بنوسرێ، چۆن بنوسرێ؟!

—بڕوابکە، بنوسن شاعرێکی لادێیی کورد بوە، کە فەرهەنگی میللەتەکەی خۆی لە چوارچێوەی شیعردا بە خەڵك نیشان داوە. من بۆ خۆم پێم وایە هونەرێکی دیکەم نییە (جگە لەوەی)، کە ژیانی میللەتەکەی خۆم نیشان دەدەم، ئەوەندەی توانیبم، ئەوەندەی شیعر ئیجازەی دابم، ئەوەندەی دە توانای شاعیریمدا بێ..

—یانی لە ڕیزی شاعیراندا باس بکرێی..

—ئەگەر کورد نەبام، بە عەقیدەی من دەبوو لە ڕیزی نوسەرانمدا باس بکەن، چونکە کورد هەلی وای بۆ هەڵنەکەوتوە کتێبی گەورە بنوسێ، یا ڕۆمان بنوسێ، یا داستان بنوسێ، هەتا مەقالەی سیاسی بنوسێ.. دەنا من بۆ خۆم پێم وابوو ئەگەر لە وڵاتێکی پێشکەوتودا بام نوسەر دەبووم، لە پێش وەیدا شاعیربم.

—ئێستا، بەهەرحاڵ تۆ شاعیری.

—بەڵێ، ئەلئان، شاعیرم.

—باشە.. بەلای تۆوە شیعر چییە؟!

—بەلای منەوە، شیعر کوڵ و کۆو هەستی دەرونی ئینسانێکە. لەهەر یەك لە حیسەکانی ئینسانییەوە، یانی چ لە حاڵی شادیدا، دەربڕینی ئەم هەستە دەبێتە شیعر، چ لە حاڵی ناخۆشیدا، کە بە داخەوە، من بە شاعیری غەم مەشهورم، چونکو ژیانیشم هەر سەرتاسەر پڕ بوە لە غەم و داخ، و ئەویش هەر ئیلهامم لە نەتەوەکەم وەرگرتوە، چ بکەم؟! وەختێکی من شاعیری نەتەوەیەکی بووم، کە هەمووی بۆ خۆی غەم و داخە، منیش هەر غەم و داخم دیوە. لەبەر وەی شیعرەکانم هەمووی بۆنی غەمی



لێدیێ. زۆر کەمە، هەر نییە، لە تەواوی شیعرەکانی مندا خەڵك وەپێکەنین بخەن. هەر بە گریانیان دەخەن.

0تۆ باسی ئیلهامت کرد. بەلای تۆوە ئیلهام. بەو مەعنا کۆنەی، کە دەگوترا، بە ڕاستی هەیە؟!

—نازانم، ئەو ئیلهامەی، کە پێت وابێ فریشتەیەك، یا پەرییەك، یا وجودێکی من ئەوەم گوتوە، یا شەیتانێك دێتە بن هەنگڵی پیاوێ، وە شیعری پێدەڵێ، من بڕوام بەوەیان نییە. بەڵام پێموایە، دیتنی دیمەنێك. یا بیستنی داستانێك، شتێك لە دڵی یا لە خەیاڵی -شاعیردا بەدی دێنێ، کە ئەوە، بە تەعبیرێ ئیلهام، لە بارەی ویدا دروستە. وە من بۆ خۆم، هەر ئەوە بوە، وەختێکی، مەسەلا بۆ نمونە دەیگێڕمەوە، من بە شارێکی گەورەی وەك سولەیمانیدا، ئێوارەێکی پایز ڕۆیشتم چۆڵ چۆڵم دیوە. ئا ئەمە منی هاندا شیعری (ئێوارەی پاییز) بڵێم. وە خۆت دەزانی نە باسی سولێمانی تێدایەو نە باسی کوردیشی تێدایە، بەڵام ئێوارەیەکی پایز بوو، کە من دیتم شاری سولێمانی چۆڵ بوو. هەر ئەمەنە بوو بە باعیسی ئیلهامی وەی ئەو شیعرە بڵێم. بەڵێ، من ئەوە بە ئیلهام دەبینم. لە ڕاستیدا، دەناسم..

—تۆ لێرەدا ئیلهام بۆ تاکە تێکستێ، با بڵێن بۆ تاکە شیعرێ باس دەکەی، بەڵام بۆ دەست پێکردن، بە شیعر نوسین، هەر کابرا، کە دەبێتە شاعیر، ئەوەیان چۆن تەفسیر دەکەی؟!

—بە عەقیدەی من شاعیری واقیعی هەر ئەو کەسەیە کە شت، وەکو وێنە هەڵگرێك وێنە لە شت هەڵگرێ، بیخاتە ناو خەیاڵی خۆیو بە خەیاڵی خۆی بیڕازێنێتەوە. بە بڕوای من شاعیری واقیعی کەسێکە کە لە ژیان ئیلهام وەرگرێ لە ژیانی ئینسانی، لە ژیانی دەوروبەری خۆی. یەکێك لە نەزەرییەکانی من لە بارەی شیعرەوە گوتومەو هێندێ کەس تەئیدی دەکاو هێندێ کەس تەئیدی ناکا، من پێم وایە شاعیر ناتوانێ لە چوارچێوەی دەوروبەری خۆی بچێتە دەرێ. یانی ئەلئان من شیعرێك لەسەر سوێدێکی، کە نەمدیوە، بیڵێم، پێم وایە شیعر نییە، خەیاڵێکە بۆ خۆم کردومە.. شتێکی بێتامی لێدەردەچێ، بەڵام وەختێکی من لە وڵاتێکی دەرەوەی کوردستان دەمەوێ شیعر بڵێم، تەماشا دەکەم کوردستانم دێتەوە یاد. هەروەکو لە بیرمە، لە جێگایەکی شاخاویو بەردەڵان و جەنگەڵدا، شەوێکی نیوەشەو،من گوێم لە دەنگی بولبولان دەبوو، لای بەیان، کوردستانم هاتەوە بیرێ، وڵاتێکی دوریش بوو لە کوردستان، ئەو شیعرەم گوت:

بەیان ئەنگوت و شەو ڕابردو من هێشتا خەوم نایە
دەخوێنن بولبول و قومری، بەڵام قاسپەی کەوم نایە
خەیاڵ دەمباتە جێژوانی شەوانی لاوەتی ئەمما
خرینگەی بازنەزو خرخاڵ و بەرموری ئەوم نایە

هەرچی کردم، نەمتوانی لەو موحیتە، لەو دەوروبەرەی خۆم ئیلهام وەرگرم بۆ ئەو شیعرەی گوتومە، هەر خەیاڵ بردمیەوە کوردستان و بازنەو خرخاڵی کچە کوردێك.

—تۆ پێت وایە بۆچی بووی بە شاعیر. بۆ نەبووی بە شتێکی تر؟!

—بەڵێ.. ڕەنگ بی ئەگەر پێشەکی تاریك و ڕوون بخوێنییەوە، لەوێدا نوسیومە، من تا لە مەدرەسەی سەرەتاییدا دەمخوێند، هیچ پێم وانەبوو ئەدەبیات چییە. لە هەموو دەرسەکانیشمدا هەروەك یەك بووم، یانی دەرسی ڕیازیش و ئەدەبیشم هەروەك یەك بوو، بەڵام وەختێکی چوومە حوجرەی فەقێیان بۆ دەرس خوێندنێ، لەوێ زۆر باسی شیعرو ئەدەب دەکراو من لە پێشدا ئەوە شیفتەی کردم بۆ لای شیعرو ئەدەب. لە پێشدا پێم وابوو شیعر چییە؟!

پێموایە وەزنەو قافیەیەو هەرچی وەزنەکەی لەبارترو قافیەکەی گرانتر بێ، شیعری چاتر ئەوەیە، بەڵام زۆری پێچوو تا گەیشتنم، پێموابوو شیعر بەیانی ئیحساساتی شاعیرە. وە بەختەوەرم، کە ئەغلەب لەو، یانی سەدی نەوەدو پێنج لەو شیعرانەی کە لەو وەختیدا، پێش ئەوەی بزانم شاعیری چییە (نوسیومن) بەتاڵون، وە شوکور نەبوونە بەلا بە سەرمەوە، عەلعانەکانێ حاشایان لێبکەم.

—ئەوانەی کە باوکت سوتاندنی..

—ئەوانە کە باوکم سوتاندنی.. دەستی خۆش بێ..

—ئێستا، بەهەر حاڵ، ئەگەر خۆت ویستبێتت یا نا، یەکێکی لە شاعیرە گەورەکانی کورد.

بەڵام کە ئێستە ئاوڕ بۆ دواوە دەدەیتەوە سەیری شیعری خۆت دەکەی، پێت وایە چیت خستۆتە سەر شیعر، چی تازەت هێناوە؟!

—لە بارەی قاڵبی شیعرەوە پێم وانییە شتێکی تازەم هێنابێتە گۆڕێ.. وەکو بۆ خۆم لە جێگایەکی دیکەشم گوتوەو ئەلعانیش تیکراری دەکەمەوە، من وەختێکی خەیاڵێکی شاعیرانە بەربینگم پێدەگرێ شیعر ئازاد دەکەم بۆ خۆی قاڵب بۆ خۆی بدۆزێتەوە. من قەت دەپێشدا قاڵبم بۆ شیعر نەدۆزیوەتەوە تا شیعر لەو قاڵبەیدا بڵێم.. لەبەر وەی لە باری قاڵبدا تەنیا شیعرێکی، پارچە شیعرێکی کە من پێموایە پێش من هیچ شاعیرێکی کورد لەو قاڵبەیدا شیعر نەگوتوە (شەنگەبێری)یەکەمە، پێموایە لە پێش مندا هیچ کەس لەو قاڵبەیدا شیعری نەگوتوە.. با ئەوەشت لە پێشدا بۆ تەشریح کەم، کە هیچ یەك لە شاعیرەکانی مە، قاڵبێکی نوێیان نەهێناوەتە گۆڕێ، من دەتوانم بە درێژی بۆت سابیت بکەم، کە مامۆستا گۆران، کە ئێمە بە شاعیرێکی نوێی دەزانین هونەرەکەی ئەوە بوە گەڕاوەتەوە بۆ وەزنی هەجایی، کە وەزنی هەجایی وەزنێکی فۆلکلۆریکی زۆر کۆنی کوردە، یانی گەڕاوەتەوە بۆو وەزنەی.



—هەموو وەزنەکانی گۆران..؟!

—تەقریبەن. هیچی نییە لە فۆلکلۆردا نەبێ.. یانی نە هەموو وەزنەکانی دیوانەکەی، ئەوی پێی دەڵێن شیعری نوێیەکەی. ئەوی شیعری نوێیەکەی، ئەتۆ تۆحفەی موزەفەرییەی چاك بڕوانە، هەموو وەزنەکانی تێدایە، بەڵام ئەو بڕێکی کورت و درێژ کردونەوە. مامۆستا گۆرانێکی دەڵێ:

کوردستان گەڕام
دۆڵاو دۆڵ پێوام
نە لە شارو نە لە دێ
نەمدی کەس
جوان بێ وەک تۆ
تۆیت و بەس،
کچە کوردێ، کوردستانی پێ ئاوابێ..
بڕۆ تەماشای توحفەی موزەففەری بکە، دەڵێ:
سەد ئۆستام بۆ بێ
لەلای شیرازێ
دوو سەد شاگر بێ لەلای دیارزێ
کراسێ بدروون بۆ بووکە نازێ
دەبلا تەنک بێ، دەبلا شلک بێ
بۆ بووکە نازێ.

هەر ئەو وەزنە نییە؟! مولاحەزە بفەرموو هەر ئەو وەنەیە. مامۆستا گۆران هونەرێکی کردوە، گەڕاوەتەوە بۆ وەزنی هەجایی. ئەمەی تەئیدی دەکەم، کە دەفەرموێ ئەم وەزنە لەگەڵ تەبیعەتی زوبانی کوردی پتر ڕێك دەکەوێ. وە بە عەقیدەی من پتریش ڕێك دەکەوێ. ئەمنیش عەقیدەم هەر وەك وایە لێرەدا. ئەمما من پێموایە مامۆستا گۆرانیش، ئەو کەسەی کە پێموایە قەرنی بیستەم شاعیری لەوەی چاتری تێدا نەبوە. لە بیرت نەچێ، ئەوە دەلیل نییە کە من نەقد دەگرم یان باس دەکەم، لە ئیرادەتی من نیسبەت بە مامۆستا گۆران کەم کاتەوە. مامۆستا گۆران، بە عەقیدەی من بڕیارێکی خراپیدا لە ژیانی خۆیدا، کە دەفەرموێ ئیدی تازە من ناچمەوە سەر قاڵبی کۆن، کە پێم وابوو دەیتوانی شیعرێکی وەك دەروێش عەبدوڵلاش هەر لە قاڵبی کۆندا بڵاوبکاتەوە، میللەتەکەی عەلعان ئیستفادەی لێبکا. پێموابوو خۆ مەحدود کردنی شاعیر دەقاڵبێکدا، یا دەچەن قاڵبدا، پێموایە کارێکی ئاقڵانە نییە. بەڵێ..

—من پرسیارەکەم ئەوە بوو کە چیت هێناوەتە شیعری کوردییەوە، چی تازەت هێناوە، تۆ باسی شەکڵت کرد، بەڵام ئەی شتی تر؟!

—چی تازەم هێناوە؟! وەڵڵاهی.. ئاخر من بۆ خۆم بڵێم چی تازەم هێناوە.. بەڵی شتی تازەم هێناوە.. ڕەنگ بێ لە پێش مندا هەبوون، شاعیرە غەریبەکانی کوردستان، کە بە داخەوە هەریەکەی کەس نازانێ لە کوێ مردون، وەك حاجی قادر، یا وەك نالی، کە باسی دەردی غوربەتیان کردوە، بەڵام من پێموایە زۆر نوێترم لەوانە لە (ناڵەی جودایی)دا باسی کردوە.. ڕەنگ بێ، بێتەئسیر نەبووبێ شیعری بەهارەکەی حاجی قادر یا شیعرەکەی نالی بۆ سولەیمانی ناردۆتەوە، ڕەنگە ئەوانە هیچیان بێتەئسیر نەبووبن لە مێشکمدا، جوڵەیان کردبێ، بەڵام منیش دەردی غوربەتی خۆمم لە ناڵەی جودایدا، پێموایە زۆر چاك تەشریح کردوە. ئەوە شتە نوێیە کە من هێناومە. زۆر شتی نوێی دیکەشم هەیە کە نازانم، ئەلعان لەو وەختەیدا، نە کتێبم لە پێشەو نە چی.. بۆ خۆم ئەلعانەکانێ، بیر دەکەمەوە کە هیچ ناتوانم شیعر بڵێم، چونکە هەرچی دەبوو بیڵێم گوتومە، وەختێکی من گەرمەشین دەڵێم بۆ شەهیدێکی کورد، ئیدی تازە هەرچەند دەکەم لەوەی چاتر ناتوانم، پێموایە، بڵێم.

—لەوە گەرمتر..

—لەوە گەرمتر ناتوانم شین بگێڕم.. وەختێکی من باسی بەهاری کوردستانم کردوە، پێموایە ئیدی نەقاشییەکم کردوە لە بەهاری کوردستان، لەوەی چاتر ناتوانم تازە نەقاشی بکەمەوە. وەختێکی باسی تەبیعەتی کوردستان دەکەم.. هەموو.. ئیدی لێم بڕاوە، وشەم لێ بڕاوە. تازە چی دیکە بڵێم؟! هەرچی بڵێم تیکراری موکەڕەڕە. وە لەوانەدا بە عەقیدەی من، نوێی.. شتی زۆر نوێم هێناوە.. نوێیان تێدا هەیە.

—باش بوو باسی زمانت کرد، کە دەبوو زووتر بتگوتایە، بەڵام وا درەنگتر باست کرد. ئێستە زۆر کەس پێی وایە تۆ لە زماندا زۆر شتت تازە کردۆتەوە، یانی ئەو زمانە شیعرییەی کە تۆ بەکاری دەهێنی، چ وەك وشە، وشەی تەنهای سەربەخۆ وەربیگرێ، چ وەك دەربڕین. هەندێ دەربڕین هەیە، ڕاستە، کۆمەڵێ وشەی ئاساییەو لەناو خەڵکا هەیە، بەڵام کە بە شێوەیەکی تازە پێکەوت نا، دەربڕینێکی تازەش دروست دەکا. تۆ ئەوەت زۆر وەستایانە کردوە. بەڵام ئەمەت چۆن کردوە؟ ئەمەت چۆن بۆ دێ؟!

—ئەوە، هۆی ئەوە بوە کە من بێچوە لادێیی بووم، وە زانیومە ئەو وشەیە خەڵکی نەخوێندەوار لە لادێدا چۆنی بەکاردێنن. وەختێکی من لە لادێدا دەژیام زیاتر شیعرەکانی خۆم لە پێشدا بۆ پیرێژنێك دەخوێندەوە تا بۆ ڕۆشنبیرێکی بخوێنمەوە، بزانم زمانەکەم چاك پێکەوە هاتوە یان نە. وە من لێرەدا مەمنونی دێنشینی خۆم بووم. یەکێك لە شیعرناسەکانی مەهاباد لە بارەی مندا دەڵێ: هێمن شاعیر نییە، شیلاناوێ کردویەتیە شاعیر. بەڵێ من لە شیلاناوێیەکدا ژیاوم کە هەرچی لە شیعرەکانمدا هەیە، لەوێشدا هەیە. ئاو هەڵدێر دەڵێم، نازانم چ دەڵێم، ئەوانە دیومن. ئەو گوڵانەی کە باسیان دەکەم لەنێو شیعرەکانی خۆمدا، هەموو لەو دێیەدا هەن. وە من عەقیدەم وایە ئەگەر برایەکی زەوقی





شاعیریی هەبێ، بەقەد من گەڕیدە با، کوردستانێ گەڕابا، ئەویش دەیتوانی وشەکان وا جێبەجێ بکات. ئەلعان مـن، نوسەرێك کـە ڕەنگ بێ تۆش بیناسیو هەر لەو وڵاتەش بێ کە تۆی لێی، دیم، نوسینێکم دیوە، ئەو وشانەی کە من لـە شیعری خۆمـدا بـەکارم هێناوە، ئەویش بەکاری هێناوە. ئەو بەکارهێنانەش هـەر ئەوەیە عەرزم کردی، دێهاتی بەکاردێنێ. مامۆستای من دێهاتی بوە.

–لە پرسیارێکی پێشتردا باسی ناڵەی جودایییت کرد. هەڵبـەت بـەلای منـەوە، ڕەنگـە بـە لای زۆر خـەڵکی دیکەشـەوە، وەك ئـەو ڕۆژەش بۆم باس کردیت تۆ ئەگەر تەنیا ناڵەی جوداییشت هـەبێ، بەسـتە، بـەڵام ناڵـەی جودایـی چـۆن دروسـت بـوو، یـانی بڵێـین بەرهەمی ساتێکی عاتیفی بوو، ڕووداوێك بوو، بە کورتی چیرۆکی ئەو شیعرە خۆی چییە؟!

–ڕەنگ بێ برێك گران بێ، بەڵام باوەڕم پێبکە ئەم شیعرە وەك بروسکێك بە مێشکمدا هاتوە، وە لە ئانێکیشدا، کە من هاوارێك بۆ غـەریبی خـۆم بکـەم. ئـەویش، بـەڵێ، عیللـەتێکی هـەبوو. مـن لـە بەغدایەکی گەرمی هاویندا، بە تاقی تەنێ، لەگەڵ یەك دوو ڕەفیقی زۆر فەقیر بەجێمابووم، وە ڕەفیقـەکانی دیکـەم، کـە ئـەودەمی لـە بەغدا دەبوون، هـەموو چووبوونـە ئـەورووپا بـۆ گـەڕان، منیـان لـە بەغدایـە بەجێهێشـتبوو. وە ڕەفیقـەکانی لـە بەغدایەشـم پـەیدا کردبوون، کوردەکانی عێراقی، ئەویش هەموو وە شاخ کەوتبوون. مـن بەتـەنێ مابوومـەوە. ئـەو غـەم و داخ و دەردە وەك بروسـکێك دەیەك ڕۆژدا بە مێشکمدا هات، بەڵام بۆ سازو پـەرداخ کردنەکـەی شیعرەکە ماوەیەکی زۆری توول کێشا.

–یەکەم جار کە نوسیت، هەموویت نوسی؟!

–نـا هـەمووم نەنوسـیبوو، بـەڵام تەقریبـەن، دەتـوانم بڵـێم ئیسـکەلێتەکەم داڕشـتبوو، دوایـە زۆری پێدا هـاتم و چـووم. وە ئێستاش بڕواناکەم کە هەمووی بە دەستی خەڵك گەییبێ. با ئـەو حەقیقەتە بڵێم، ئەگەر من لـە وەختیدا کـە خـەیاڵی ئەم شیعرە لـە مێشکمدا هەبوو، ئەگەر من مەسنەویی مەولـەویم لە ئیختیاردابا، ڕەنـگ بـوو ئـەو شـیعرە بـە وجـود نەیـە، چونکـو ئەگـەر مەسنەویم خوێندباوە..

–ئەو کەف و کوڵە.

–ئەو کەف و کوڵەم دەنیشتەوە. هەر ئەوەندە شیعرەم لەبـەر مابوون کە لەوێ ئیستینادم پێکردون..

–بەکارت هێناوە..

–بەکارم هێناون.. دەنا مەسنەویم دە ئیختاردا با ئیدی کەف و کوڵەکەم دەڕۆیی. ئەوەم بیستوە کە دەڵێن بە مامۆستا گۆرانیان گوت، گوتیان: بۆ شینت بۆ ڕەفیق حیلمی نەکردوە، بۆ ئەو پیاوە گەورە. گوتی: وەڵڵا گریام. لەبەرئەوەی هەست و کـەف و کوڵەکەم بوو بە فرمێسك، نەبوو بە شیعر. وە من بڕوام بەو حەقیقەتـە هەیـە کە ئەگەر پیاو بۆ شتێك گریا، ئیدی شیعری بۆ ناگوترێ.

–ئەم باسەی کە دەیکەی زیاتر پیاو بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە بیر لە تەکنیکی شیعر نوسین بکاتەوە، چۆنی دەنوسی.. یانی کەف و کوڵێك دێت، جار وا هەیە بە خوێندنەوەی مەولانایەك دەڕوا هیچی لێنامێنێتەوە. جاری واش هەیە بە گریانێ قەرەبووی دەکەی..

–بەڵێ..

–بـەڵام جـاری وا هـەیـە ئەوانـە هیچیـان دادت نـادەن، دەبـێ بینوسی..

–دەبێ بینوسی..

–دەمەوێ زیاتر لەوە تێبگەم، تەکنیکی نوسین لای تۆ چۆنە؟! دەنوسیو چاکی دەکەی؟! دەنوسـیو وەکـو خـۆی دەیهێڵیتـەوە، چۆنی دەنوسی؟!

–بـەڵێ.. من لـە پێشدا کـەف و کوڵەکەم دێنمـە سـەر کاغـەز، بـەڵام زۆر کـەس وابوە ئینتیقادی لێکردووم کە تۆ زۆر دەست لـە شیعری خۆت دەدەی. من تـا جێگایـەك کـە لێـی بـێزار دەبم هـەر دەسـتی لێـدەدەم، هـەر کەلیمـەی دەبەمـە پێشـەوە، دەیهێنمـە پاشەوە، قافیەی جوان دەکەم، قافیەی ناهێڵم، نازانم.. یەکێك لـە ڕەفیقانی قەدیمم، کە ڕەنگ بێ عەلعان، ئەو دەعیەی نەهێنێ من بە ڕەفیق بزانێ، دەیگوت جاری وا هـەیـە تـۆ شـیعری خـۆت خـراپ دەکەی. هێندەی دەست لێدەدەی، خراپی دەکەی. من بە خۆم نییە ناتوانم دەس لە شیعری خۆم نەدەم. پێم وایە، بۆ خۆم پێم وایە چاکی دەکەم، خەڵکی واش هەیە پێم دەڵێن خراپی دەکەی. زۆری دەس لێدەدەم، بەڵام..

–پیـاو کـە "لـە کوێـوە، بـۆ کـوێ"کـەت دەخوێنێتـەوە، ئـەو پێشـەکییەی کـە بـۆ تـاریك و ڕوونـت نوسـیوە، یـان ناڵـەی جوداییەکەت دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکا تۆ زۆر لە وڵات دوور کەوتویتەوە.. یانی وەك بڵێی هـەزاران میـل کەوتۆتـە نێوان تـۆو وڵاتەوە، کوردستانەوە.، بەڵام لە هەر لایەنێکەوە لێکی بدەیتەوە، تۆ لە کوردستانی عێراق بوویتە، نەك تەنها لە عێراقی عەرەبا، کە ئەوەندە هەسـت بـە غـەریبی بکـەیت. ئـەی بۆچـی ئـەو هەسـتەی کوردستان وای لێنەکردووی کە کەمتری بکاتەوە، با بڵێین ئەوەندە هەسـت بـە غـەریبی نەکـەی، وەك پیـاو لـە شـیعرەکەو لـە پێشەکییەکەدا دەیبینێ؟!

–وەڵڵاهی، کاکە، من بە ڕاستی با ئەو هەقیقەتە بڵێم، من نە تەنیا لە کوردستانی عێراق هەستم بە غەریبی نەدەکرد، بەڵکە پێم وابوو لە ماڵە خۆمم، وە بە تایبـەتی ئەگەر دەچوومەوە شارەکانی کوردستان، ئەوە زۆر دەردی غوربـەتی لـە منـدا دەکوشـت، بـەڵام عاتیفەی ژن و منداڵ.. مـن شـاعیرێکی ڕەبـەنی وەك حـاجی قـادر نەبووم.. تاقانەیەکم بە جێهێشـتبوو، کـە زۆرم غـەم بـوو.. دیـارە هەرچی کوڕە کوردەکانم زۆر خۆش دەویستن، بەڵام جێی وێیان بۆ پڕنەدەکردمـەوە، خوشکم بەجێهێشتبوو، بـرام بەجێهێشـتبوو.. ئەوانەش.. پیاو با زۆر درۆزن نـەبێ، هەرچی کوڕە کوردێکـم زۆر





خۆش ویستبێ، پیم وانییە بەقەد کوری خۆم خۆش ویستبێ، بەڵام ئەو شیعرانەی کە زۆریان بۆنی غەریبی لیدێ هەر ئەو شیعرانەن کە من دەو سالی 74—75 گوتومن.. ناویرم.. بۆچی بەنیو بلیم.. تەنیا موسەکینیکی هەمبوو، ناوەکەی نابەم، کابرایەك بوو، کوردیکی کە پیموایە نەیویرابوو بچیتە شاخی، دەنا کیهە بوو نەچووبیتە شاخی..

—ناوی مەحمود زامدار بوو..

—بەلێ.. وەڵلاهی.. ئیدی ئەوە تۆ دەیلیی.. دەچووم دەردی دلی خۆم لە کن ئەو کەسەی هەلدەرشت. بەلی مەحمود زۆری زەرەر لە خۆیدا، ئەگەر مەحمودیش لە شاخی بایە شیعری چاتریشم دەکوت.. رۆژێ دەچووم لە کن وی خۆمم دەخافلاند.. ئەو مەلعونە نەیدەهیشت ببیتە شیعر (پیدەکەنێ) یا خاتیرەیەکی خۆشی خۆم و مەحمودت بۆ بگیرمەوە. رۆژیك لە یەکیەتی نوسەرانی کورد دانیشتبووم.. مامۆستا عەبدورەزاق بیماریش لەوێ دانیشتبوو، بۆ خۆیشی لەوێ بوو. سێ چواریك لەو بیمارو، نازانم، زامدارو شتانە لەوێ بوون. ئەو کابرایە دەستیکرد بە کەرنامە خویندنەوەی. دەپیش هەموو شتیکدا گوتی: کەر، گیانلەبەریکی هیمنە.. کورە گوتم، هەتیوە بۆ هەژار نییە، بۆ زامدار نییە (هەموو پیدەکەنن)، ئاخر، بۆ بیمار نییە، بۆ هەر هیمنە..؟! یەکجار زۆر خەجالەت بوو (هەموو پیدەکەنن)..

—بەشیکی زۆری تەجروبەی غەریبیت پیوەندیی بەو ماوەیەوە هەیە کە لە عیراق، یا لە کوردستانی عیراق بووی.. ئیستا ئەو تەجروبەیە چۆن دەبینی؟!

—مولاحەزە بفەرموو، شیعرەکانم تاریخیان هەیە. من ئەو مودەتەی کەلە کوردستان بووم، لەژیر ناپالم و تیزابی دوژمندا بووم، یەك شیعرم نییە کە باسی غەریبی تیدابێ.. مەتەریزی شەرەفم لە شەردا گوتوە، بەلام دەلیم ئاوارە نیم، وا دەزانم لە مالم..، بەلام نارەحەتییەکەی من هەر ئەو وەختەبوو.. ئەگەر تاریخی شیعرەکانم بخوینییەوە، هەر ئەو وەختەیە کە من هەست بە غەریبی دەکەم، کە لە بەغدا بە تەنێ بەجیمابووم..

—کەوابێ ئەم غەریبیە، ئەم غوربەتەی لیرەدا باس دەکرێ، غوربەتی زمانە، یانی پیوەندی بە زمان و فەرهەنگەوە هەیە، فەرهەنگی نەتەوایەتی میللەتێ..

—بەلێ..

—یانی تۆ غەریبیەکەت زیاتر لەوەدا بوو کە لە ولاتیکدا بووی، لە رووی زمانەوە، لە رووی فەرهەنگەوە لییەوە دووری.. وانییە؟!

—بەلێ.. ئەوە کامیلەن وایە.. من کە نیزیك بە.. نازانم دە سال، یا هەشت یا نۆ ساڵ لە بەغدا مام، ویستا ئەوەندە عەرەبی فیر نەبووبووم کە بتوانم ئیحتیاجاتی رۆژانەمی پیرەفع بکەم. دیارە ئەوەش موحتاج نەبووم. راستیەکەی ئەوە بوو کە دەمتوانی هەمیشە ئەوەندە کوردیك پەیداکەم کە ئەگەر قاتیك بکرم ببیتە دیلمانج و بۆم بکرێ.. دەنا پیم وا نییە هیندەش نازیرەك بم کە زمان فیر نەبم.. بەلام.. وەڵلاهی ئیستیعدادی زوبان فیر بوونیشم کەمە.. ها.. ئەوەت پیبلیم وە دوایە بە راستی من نەمدەویست ئەدەبی عەرەبیش فیر ببم، چونکو تەماشام کردبوو کە قەت نابمە ئەدیبیکی چاکی عەرەب، ئەدەبی عەرەبی، ئەدەبیاتی عەرەبی بخوینمەوە، یا نوسینی عەرەبی بخوینمەوە، مەگەر خەبەریك زۆرم ئیحتیاج پێ بووبێ، خۆمم عەزیەت دابێ، دەنا قەت گۆڤارو شتی وام نەدەخویندەوە. عیللەتیشی ئەوەیە کە بۆ خۆت دەزانی ئەدەبی عەرەبی چەندی زەرەر لە زبانی کوردی داوە. با حەقیقەتیك بلیم، دیارە ئەودەمی من نوسینە کوردییەکانی عیراقم زۆر دەخویندەوە تا لە کوردستان دەبوون، تا دەبیرستان، بە ئیستیلاحی ئیرە دەبیرستان، یا بە ئیستلاحی وێ سانەویو شتی واتان دەخویند، هەموو کوردییەکی خالیس و جوان دەنوسرا. لەگەڵ دەبوونە دوکتۆر، ماشەئەللا عەرەبیتان فکر دەکردەوەو کوردیتان دەنوسی.وای چ بەدبەختییەك بەسەر زبانی کوردیدا هاتبوو.. ئەو عەرەبی فکر کردنەوە، هەستام بەو کارە (پیدەکەنێ).. یەقوومو بیهازەلعەمەل.. بە راستی زەرەری گەورە داوە.

—با جاریکی دی بیینەوە سەر مەسەلەی دەربەدەری، ئاوارەییو دوور کەوتنەوە لە ولات.. ئایا پیاو دەتوانێ بلێ یەکێ لە هۆیە هەرە سەرەکییەکان لە شیعری تۆدا دەربەدەری و ئاوارە بوونە؟!

—نا، عەرزت دەکەم ئەوە بۆ زەمانیکی مەحدودە. شیعری من ئەگەر غەمناکە، هەموو لەبەر لیقەوماوی، چارەرەشی، بەدبەختی میللەتەکەمە تییدا مونعەکیس بوە، نە ئی خۆم، وەختیکی من لە تەمەنی بیست و دوو سالی دەلیم:

گەرچی توشی رەنجەرۆییو حەسرەت و دەردم ئەمن

باوەر بکەن کورە دەولەمەندیکی زۆر تیرو پرو پاك و خاوین بووم، بەلام میللەتەکەم توشی رەنج و دەردو حەسرەت بوو.. (ئەمن) لیرەدا (هیمن) نییە، (ئەمن) میللەتیکوردە.

—بەلام ناتەوێ ئەوەش بلیی کە جوانترین شیعرت ئەوانەن کە غەریبی پیی گوتوی!!

—با.. نە ئەوە لەبەر وەش بوە کاکە، لەبەر وەی بوە من تەجروبەی شیعرم زۆرتر رۆیوەتە پیشێ.. هەر غەریبی نەبوە، من تەجروبەی شیعریشم زیاتر بوە.. ئەزمونی شیعرم هەتا تەمەنم بەرەو ژوورتر چوە، بەرەو پیشتر چوە.

—ئەی کەواتە سەرچاوەی شیعر، لای تۆ، جگە لەوەی وتمان، کە رەنگە دەربەدەری جوانترین شیعری پیگوتبی، چی دیکەیە؟!

—وەڵلاهی.. جوانیش زۆری تەئسیر لە من کردوە، جوانی دیارە بە هەموو مەعنای کەلیمەوە، بەلام جوانترین شتیش لە نەزەر مندا ژن بوە، یانی ئینسان بوە، کە دیارە جیسنی





موخالیفە، لە هیچ شیعرێکی مندا، تۆ پێم وایە، بۆنێکی وا ناکەی کەمن تەماولێکی غەیرە ئینسانیم تێدابووبێ.. بەڵێ.. بەڵێ.. تۆ هەر ناڵەی جودایی دەبینی لە شیعرە غەریبییەکانی مندا، ئەدی.. شیعری وام هەیە کە ناڵەی جوداییش نییە، بەڵام بۆنی غەریبی لێدێ، کە دەڵێم: یادم بکەن. زۆر سەیرە.. بە ڕاستی ئەو شیعرەی من کەم کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوە ئینتیقاد. من پێم وایە لەو شیعرەیدا زۆر شتی نوێم هێناوەتە گۆڕێ، کە لە پێش مندا هیچ شاعیرێکی کورد -لائەقەل- نەیگوتبێ. من دەڵێم:

لەو دەمەیدا گڕ دەگرێ مەیل و تاسە

لەو دەمەیدا تێك هەڵدەنگوون هەناسە

پێم وایە "تێك هەڵدەنگوون هەناسە"، ڕەنگ بێ ئەو تەعبیرە زۆر کەم بێ لە شیعری شاعیرانێ کە من بیانناسم. ئەوەش هەر نەوعێکە لە دەردە غوربەتەکەم.. بەڵێ.. جوانی لە هەموو شتێکی دی.. جوانیش یەکێك بوە لەو شتانە کەمنی هان داوە بۆ شیعر گوتن.. جوانی تەبیعەت.. دیارە پتر لە جوانی تەبیعەت، جوانی ئینسان.. ئینسانی جینسی موخالیف.

-تۆ لێرە باسی تەعبیرت کرد.. لەو دەمەیدا تێك هەڵدەنگوون هەناسە..

-بەڵێ..

-ئەمە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ ئەو دەربڕینە ئیحساساتییەی کە لە ناڵەی جوداییدا باست کردوە، ئەوەیان زۆر بە ئاشکرا پێوە دیارە کە زیاتر شتێکی ئیحساساتییەو ڕەگەزێکی ماددی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام "تێك هەڵدەنگوون هەناسە" شتێکی زیاتر ماددی نیشان دەدا. ئەمە بە ڕەئی تۆ، دوو تەجرەبەی جیاواز نیشان نادا؟!

-با.. با.. بەڵێ.. بەڵێ.. بەڵێ دوو تەجرەبەی جیاوازە. بە عەقیدەی من لێرە مەحرومییەتێکی دیکە نیشان دەدا، لەوێ مەحرومییەتێکی دی. ئیدی پێموایە زۆریش شکافتر نەڵێم.. (پێدەکەنێ).. چونکو هەر ماچی کچە سولەیمانییان تێری نەدەکردم بە تەنیا (پێدەکەنێ).. چونکو باوکانە بوو.. وەکوو عەرزم کردی، ماچیان نەدەدا بە شاعیرە لاوەکان، دەیاندا بە من چونکو پێیان وابوو بێئازارم (پێدەکەنێ). بێئازار نەبام بۆ دەیاندا (پێدەکەنێ).. نازانم تۆ ئەو شیعرەی منت دیوە، کە خەڵك ڕەنگە زۆری فکر لێنەکردبێتەوە:

وەرە ماچم دەیە، ماچی خودایی

کە بێزارم لە ماچی سینەمایی

لێرەدا ماچی سینەمایی ئەو ماچانەن، کە وەکو بابێك ئەو خەڵکە منیان ماچ دەکرد.. پێم وایە ماچی بابانە بوو (پێدەکەنێ) کردوومەتە ماچی سینەمایی..

-جگە لە دەربەدەری. جگە لە خۆشەویستی نیشتمان، دیارە ئافرەتیش ڕۆڵێکی زۆری لە شیعری تۆدا هەیە.. تۆ چۆن سەیری ئافرەت دەکەی.. بەلای تۆوە ئافرەت بۆ شاعیر دەبێ چی بێ؟!

-پرسیارێکی زۆر گرانە، ڕەنگە گوێیان لێبێ (پێدەکەنێ) بەڵام چ بکەم، دەبێ جوابت بدەمەوە. من پێم وا نییە ئافرەتێك بە ڕاستی بۆ ئینسانێك.. یا ژنێك.. من کەلیمەی ئافرەتیشم قبوڵ نییە، لە بیرت نەچێ، پێم وا نییە لە خودای جوانیڕا هاتبێ، پێموایە لە (عەورەت)ی..

-منیش لەم کاغەزەدا هەر دوو وشەکەم نوسیوە..

-بەڵێ.. با توخواکەی ئێمە بڕێك لەسەر وەی بڕۆین.. تۆش لە بیرتە.. کێشەم، زۆر لەسەر وەی بوو، دەمگوت ئافرەت عەورەتە کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا فەوقولعادە بەکارهاتوە، بە مانای ژن و منداڵ، بە مانای.. حەرەم.. یەعنی ئەم کەسانەی کە نابێ خەڵك بیانبینێ.. کەوتۆتە زمانی کوردییەوە. لە کوردستانی ئێراندا تەنیا ئەو کەسانەی پێیان عەیبە باسی ژنەکانیان بکەن، ئەوان بانگی دەکەن ئافرەت.. دەنا ئەگەر ناوی ژنەکەی بوێرێ بڵێ: فاتم، ئایش، نازانم.. گوڵێ.. چی.. ناڵێ ئافرەت، ئیدی بانگی ژنەکەی دەکا.

زۆر سەیرە.. ڕۆژێکی دەگەڵ یەکێك لە مامۆستاکان کێشەم بوو. دەیکوت ژن بە مەرحەلەیەك لە ژیانی ئافرەت دەڵێن کە کچێتی نەمێنێ.. گوتم یانی ئەگەر کەسێك بچێتە حەمامی ژنانە، حەتمەن دەبێ کچایەتی نەمابێ (پێکەنین).. یا کابرایەك دەڵێ کەوشی ژنانە دەفرۆشم ئیدی ئەمە هەر دەبێ بە کچی نەفرۆشێ.. نا وا نییە.. ژن کەلیمەیەکی دژی پیاوە. کەوابوو ژن هێندەی کەلیمەکە ناسکە، هێندەش بۆ خۆی لەلای من ناسکە، بەڵام بەو حاڵەوە بەلای منەوە موحتەرەمە. یانی ئەوەندە بەلای منەوە موحتەرەمە، کە دەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستییەی من دەگەڵ ژنم هەیە، خۆت لە من باشتر دەزانی، یازدە ساڵ من دەربەدەر بووم، ژنێکی دیکەم نەهێنا، چونکو، پیم وابوو ژنێك بۆ ئینسانێك بەسە. دەنا پیت وا نەبوو ئەمن لەو کوردستانی عیراقە پیریژنێکم وەگیر کەوێ..

-ئەگەر بە (سیغە)ش بوایە..

-(پێدەکەنێ).. ئەگەر بە سیغەش بووبا.. بەڵێ..

-ئەوە پاشان دیمەوە سەر ئەو باسە، بەڵام شتێکت باس کرد، کە تۆ وا دیارە ئەوەی خۆتت لەبیر چۆتەوە. ئەو سەرەتا دوورو درێژەی تاریك و روونت نوسیبوو، لە یەك شوێنا باسی خیزانەکەی خۆتت بەناو نەکردبوو.. دواییش لەسەر ئەوە ڕەخنەیان لیگرتی..

-بەڵێ..

-ئەوە چی بوو..؟!



—عەرزت دەکەم.. من لەو ڕەخنەدا جوابم داوەتەوە، دەڵێم ئەوە پاشماوەی ژیانی چینایەتی بوە کە تەئسیری کردوە لە مندا، وە بە ئیستیلاحی فارسی، نازانم بە کوردی بڵێم چی، (ناخود آگاه) من باســم نـــەکردوە. دوایـــە لـــە مەقالەیـــەکی بچووکـــدا مەعزەرەتم خواستوە..

—دەڵی نەچوە بچێ..

—نەچوە بچێ.. بەڵێ.. بەڵێ.. ئەوە پاشماوەی.. جا ئەلعان کە ئەوە لە مندا نەماوە.. ئێستاکە زەمان وایکردوە پێکگەیشتوینەوە، دیسان هەر لە شارێکی غوربەتین ئیدی..

—بەڵێ..

—ئەگەر من جارێکی بمەوێ کۆمەکێکی.. وەکو دەزانم ئەتۆ لە ئەوروپایـە بـە.. ڕەنـگ بـێ.. بـە ماڵـە خـۆت بکـەی.. ئەگـەر مـن بمەوێ.. ئەو ماڵ دەماڵێ، بڵێم بیدە بە من برێك گەسك لێدەم، ئەو پاشمـاوەی چینایـەتی تێـدا مـاوە، دەڵـی تـۆ چـۆن کـاری ژنانـە دەکـــەی؟! (پێدەکـــەنێ).. دەنـــا مـــن پاشمـــاوەی چینایەتیم تێدا نەماوە..

—باشە.. ئەگەر وابێ باشە.

.. بە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژندا، با بڵێین بۆ شاعیرێك.. پێتوایە لە ڕێگەی دڵدارییەوە پیاو باشتر ژن دەناسێ، یـا ژن هـەر وەکـو خۆی لە تەبیعەتدا هەیە..

—وەڵلاهی، کاکە، من وەك کوردێك توشی ژن بووم. بۆ خـۆت دەزانی داب و ڕوسومی کوردی، دڵدارییەکی.. دڵدارییەکەش هەر مەحدودە، وەکو ئەو دڵدارییەی کە دەزانم ئەتۆ دەڵێی چی.. وە من بـەو شکافتەی بڵێم.. وەڵلاهـی پێموایـە، پیـاو تـەنیا وەختێـك دەتوانێ ژن دەرك کا، کە ئیزدیواجی کردبێ، یانی ژنی هەبێ، ئەو دەمی دەتوانێ دەرکی کا.. پێم وا نییە لە دڵداریدا پیاو بتوانێ ئەو تەجروبەی بێتە دەسـی وەکـو ژنداریك هەیـەتی.. عیشـقێك، ئەوینێك یا عیشقێك پایەدارە کە ئەخلاقیشی لەگەڵ بێ. گوایە.. ئەگەر تـۆ سـەیری دیوانـەکانی مـن بکـەی، مـن لـە ساڵی 1325ی هەتاویدا ژنم هێناوە..

—ئەگەر تاریخەکان بە هیی زایینی بڵێی..

..کـە دەگەنـە.. تەقریبـەن چلـو شـەش، 1946 مـن ژنم هێنـاوە. ئەگەر تەماشای تاریخی شیعرەکانم بکەی، شیعرە دڵدارییەکانی مـن هـــەموو پـــاش ژن هێنـــان گوتـــراون، ئـــەوانی کـــە تـــام و خوێیەکیان هەیە.

—کەواتە، بۆ کێت گوتون..؟!

—کەوابوو هەر بۆ ئەوەی زۆری شایی بەخۆ دەبێ. قسەکانمان تونـــدە (پێدەکـــەنێ).. کـــەوابوو پێـــم وانییـــە بـــۆ شتێکی دیکەم گوتبێ..

—هەندێ بیروڕای جیاواز لـە بـارەی پێوەندیـی ژن و پیـاوەوە هەیـە: سـێکس بـەردەوامی دڵدارییـــە، لوتکـەی دڵدارییـــە، یـــا دڵدارییە، یا دڵداری لەگەڵ سێکسدا دەمرێ.. تۆ چۆنی دەبینی؟!

—من پێموایە دڵداری لەگەڵ سێکسدا پەروەردە دەبێ و دەڕواتە لای سەرو..—یانی بەلای تۆوە لوتکەیە؟!

—بـەلای منـەوە، بـەڵێ، لوتکەیـە.. مـن زۆرم بـڕوا بـە عیشـقی ئەفلاتونی نییە.

—ئـەم جـارە لـەو گشـتییەوە دیمـەوە سـەر تـۆزێ تایبـەتیتر، دەربارەی تەجروبەی خۆت. دایکی سەلاح، با بلێین خیزانەکەت بۆ تۆ چی دەگەیەنێ؟! ئەمن ناویم لەبیر نییە..

—ناوی ئاییشە.. بەڵێ..

—بەڵێ..

—وەڵلاهی، لـە هـەموو کـەس خۆشەویسـتترمە لـە ژیـاندا، بـێ ئەولاو ئەولای، با گویشی لێ نەبێ..

—بۆ ئەمەیان گویی لێ نەبێ.. ها..؟!

—بەڵێ گویی لی نـەبی، زۆر غـورور دەیگرێ (پێدەکـەنێ).. بـا غـورور نـەیگرێ.. بـەڵام بـەلای منـەوە لـە هـەموو کـەس بـۆ مـن خۆشەویستر بوە لە ژیانمدا.. وە ئەلعانیش تەحەکومیکی کە گاڵتە بە گیانی خـۆم کـردوە لـە تـەواوی ژیـانمدا، دەگـەڵ زۆر ملـهوری گـەورەدا موبـارەزەم کـردوە، خـەباتم کـردوە، لـە موقـابیلی ویـدا، ئەلعان، زۆر بیدەسـەڵاتم. لـە حـاڵی حـازردا زۆر بیدەسـتەڵاتم.. بـە ڕاستی دەبێ لەسەرم بکەنەوە (پێدەکەنێ)..

—ڕەنگە هەر تۆ وانەبی..

..تەجروبـەی تـۆ.. نـازانم ئیـوە چـەند سـاڵ بـوو یـەکتان نەبینیبوو؟!

—ئیمە.. پتر لە دە ساڵ و نیو..

—دە ساڵ و نیو..

—بەڵێ..

—دەڵیـــن کـــە نـــازم حیکمـــەت.. نـــازم حیکمـــەتیش تەجروبەیەکی وای هەیە..

—بەڵێ..

—دوای، وا بـزانم، یـانزدە یـا دوانـزدە سـال کـە مونـەوەری بینییەوە.. ژنەکەی..

—بەڵێ..

—هـەموو هـەر چـوار مـانگ لـەلای مایـەوە.. ناردییـەوە.. ئیدی نەیشیدییەوە.. تۆ چۆن بووی؟!

—وەڵلاهی.. من پیم خۆش نییە تازە لیك جوبینەوە.. تا ئەوێ پیی دەلین مەرگ و هادیمولڵەززات (هادم اللذات) لە یەکمان جوێ نەکاتـەوە، پیـم خـۆش نییـە، لیـی جـوێ ببمـەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە، بەڵام بە ڕاستی وەکو من، پاش گەرانەوەشم ئیتر شیعری دلداریم نەگوتوەو هەر مانایشی نەماوە بۆ من، وە ڕەنگ بێ برانی





کەلیماتە. یانی، بە ڕاستی کەلیمەم بۆ جوانی لەدەس چوە. ئیدی هیچم نەماوە پێی بڵێم. ڕەنگە ئەوەش مەسەلەیەك بێ، کە ئیتر من چ بڵێم.. من کەلیمەی کلاسیکم لە بارەی شیعری کوردیدا بێغەڵەتە، بەڵام لە شیعری عەروزیدا ئەوی من لە بارەی ژندا دەڵێم:

بە ڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە

تازە ئیدی تەماشا دەکەم شتی وا لەتیفم نایەتەوە خەیاڵ و لەبەر وەی دەستم لێ هەڵگرتوە.. بە هەزار زەحمەت توانیومە لەو بەینانەدا شیعرێك لەسەر حیجابی ئیسلامی بڵێم، کە پێموایە شیعرێکی خراپ نەبێ، ئەمما لەبەرم نییە ئەلعان بۆت بخوێنمەوە.

—ئەمە پیاو بۆ پرسیارێکی تر ڕادەکێشێ..، بەڵام مەبەستی تۆ خۆت، وەکو مام هێمن، نییە، بەڵکو هەر وەکو شاعیر بە گشتی، ژن هێنان بەلای تۆوە چۆنە، یەعنی شاعیر دەبێ ژن بهێنێ؟!

—وەڵلاهی، کاکە، ئاخر وەکو عەرزم کردی، من پێم هێندێ کەس، دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەی تۆ، هێندێ کەس پێیوایە ئەگەر ژنی هێنا دادەمرکێ، وە هێندێ کەس.. من بۆ خۆم ئەگەر ژنم هێنا بومە شاعیر، بەڵام نازانم خەڵکی دیکە چۆنە؟ تۆ پێت وانییە مامۆستا گۆران پاش وەی دایکی ڕوناکی بوو (دەبێ مەبەستی دایکی هێرۆ بێ، نەك دایکی ڕوناك —ف. ش.) ئیدی شیعری دەبارەی جوانیدا کەم گوتوە؟!

—جوانترین شیعرەکانی ئەوانەن کە لە بەینی ژن هێنانەکانیو دوای ژن هێنانەکانی گوتونی..

—گوتویەتی..

—بەڵێ..

—نازانم، چونکو تاریخیان نییە.. بە داخەوە شیعری مامۆستا گۆران عەیبێکیان هەیە، کە پیاو نازانێ.. بیستومە ژنە عەرەبەکەی زۆر جوان بوە من کە نەمدیوە. پێت وا نییە دامرکابێ پاش وەی ژنە عەرەبەکەی بوە؟!

—وەڵلاهی، وەك تۆیش باست کرد، نازانم. یانی لەبەرئەوەی تاریخەکەی پێوە نییە، پیاو نازانێ..

—بەڵێ.. بەڵام من شاعیرێك دەناسم، ئەلعان دەتوانم لێرە باسی بکەم، ئەمما پێم خۆش نییە لە زمان منەوە وانێك، ئەوە بگوترێ. بۆ خۆت قسەی لەگەڵ دەکەی. ئەمن پێم وایە مامۆستا هەژار لەگەڵ ژنی هێنا ئیتر شیعری جوانی نەگوت. لەگەڵ ژنی دوەمی هێنا شیعری عاشقانەی جوانی نییە.. بەڵێ، لە بەرەو موکریاندا، کە دوور بۆتەوە، بۆ ماوەیەکی لە براژنم دوور بۆتەوە، برێك شیعری عاشقانەی جوانی تێدا هەیە، کە ئەویش بۆ ماوەیەکی موختەسەر بوە. یا لە بابا هەژاری موکریاندا برێك عاشقانە شیعر دەڵێ، بەڵام تۆ پێت وا نییە زۆریان تەقلیدین؟!

—وایە.. ڕاستە..

—بەڵێ..؟!

ڕاستە، وایە..

—بەڵێ.. وە من لە بیرمە، کە هەژارێکی زۆر منداڵ پێش وەی، ڕەنگ بێ ئەو شیعرانەی لە ئاڵەکۆکدا بڵاوبوبنەوە، پێش ئەوەی ژن بێنێ دەیتوانی شیعری عاشقانە بڵێ..

چاوت کە گۆشەدارە وەکو ڕۆژی نیشتمان
پەیدا دەکا هەرایەکی لەو کوردەوارییە

ئەوە شیعری زەمانی زۆر منداڵی مام هەژارییە، زۆریش جوانە. ئەوە مەربوتە بە ئەو ڕۆژەی کە لە پشتی گۆڤاری نیشتماندا چاپ دەکرا، تەماشا دەکەی ئەو شیعرەی زۆر جوانە..

—وایە..

—بەڵێ..

—ئەم دوو سێ پرسیارەی دوایی هەستێکی وا بە پیاو دەدات، وەك بڵێی شاعیر، کۆمەڵێ قانون هەیە کە دەیگرێتەوە، یا کۆمەڵێ چوارچێوە هەیە کە تەنیا بۆ شاعیرەو ڕەنگە بۆ خەڵکی تر نەبێ. من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەندە باوەڕم بەوە نییە قانونی تایبەتی هەبێ بۆ شاعیر، کە خەڵکی دیکە نەگرێتەوە..

—بەڵێ..

—بەڵام، بەهەر حاڵ، دیسان یەك دوو پرسیاری لەو بابەتەت لێدەکەم. بەلای تۆوە پەیوەندی نێوان شاعیر و ئازادی چییەو.. چۆنە؟! ڕەنگە وا ڕاستتر بێ بڵێین نوسەرو ئازادی، چونکە مەسەلە تەنها شاعیر نییە.. (ئەگەر ئەو پرسیارەم ئەمڕۆ بکردایە دەمگوت هونەرمەندو ئازادی— ف. ش.)

—بە عەقیدەی من.. بەڵێ.. ئەفسوس.. لەوەتی من قەڵەمم بە دەستەوەیە قەت هەستم بە ئازادییەك نەکردوە کە قەڵەمی خۆم بە کەیفی خۆم بەردەم.. پێموایە قەیدو قیودێك هەمیشە هەیە، کە شاعیر یا نوسەر ناتوانێ ئەو ئازادییەی حیسسی دەکا..

هەرچی دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم (لە ڕاستیدا— هەرچەند— ف. ش.) بۆی بێتە سەر کاغەز. سەیرە.. ئێوە پێتان وایە شاعیرەکانی غەربی یا ئەوروپایی، نوسەرەکانی غەربیش توانیویانە بەو هەموو ئازادییەی، بەرەڵلایی، یا.. نازانم چی شیعر بنوسن..؟! ڕەنگ بێ هەموو کەس پیی وابێ ئیعترافاتی ڕۆسۆ زۆر سەریحە، بەڵام تۆ فکر دەکەیەوە ڕۆسۆ، شتی شاردۆتەوە یا نە؟! من پیموایە زۆر شتی شاردۆتەوە.. لە هەموو کەس سەریحتری نوسیوە، بەڵام ئایا شاعیریك ئینسان نییە؟! ئینسانیك جاریك، بلیی ڕۆسۆ، دە عومری خۆیدا جاریکی زگەشۆرەی نەگرتبێ.. تۆ تەواوی ئیعتیرافاتەکەی بخوینەوە، قەت باسی ئەوەی تیدا هەیە..؟! (پیدەکەنێ)..

—جوانە..

—کەوابوو، کاکە بە راستی قەت ئەو ئازادییەی کە ئیدئالە بۆ شاعیرو نوسەر.. بە تایبەتی شەرقی، ئیدی بۆ خۆت دەزانی





شەرق ئەوپەڕی.. بە عەقیدەی من، ئەو ئازادییە، هەڵنەکەوتوە. جا ئەو جار بۆ من پترە، چونکو من..

—لە پێش هەموو شتێکا چونکی کوردم.

—بەڵێ.. لە پێش هەموو شتێکدا چونکو کوردم.. ئەو جارەکانە ماوەیەکی دوورو درێژ من ئەندامی حیزبێك بووم، یانی ماوەیەکی یەکجار زۆر دوورو درێژ، خۆت دەزانی.. ئەوەشت با پێبڵێم، ئەگەر نەکەوتبامە عێراق، وە چاپەمەنییەکانی عێراق شیعرەکانیان بۆ چاپ نەکردبام و هەر دە مەتبوعاتی حیزبدا چاپ کرابایە، زۆر لە شیعرەکانم دەفەوتان. من نالەی جودابیم دەدا بە ئۆرگانی حیزبەکەمان، دەیگوت بە من چ مەربوتە تۆ مەشروب دەخۆیەوە یا نە.. (هەموو پێدەکەنن).. وە ڕەنگ بێ لە نالەی جودایی چاتر من شیعرێکم هەیە بە نێوی (سوری دەوران)، بە ڕاستی هەر لە نالەی..

—..نالەی جوداییدایە..

—تێیدایە..

—بەڵێ..

—.. من لەوێدا پێشبینی ڕوخانی شام کردوە. دوو سێ ساڵ پێش ڕوخان.. پێم وابوو..

بە ئەفسانەی دەزانن سوری دەوران
غوڵام و ورتکە خۆری دەرکی گەوران
بەڵام ڕۆژێک دەبێ دەوران بدا سوڕ
لەبەر گەوران نەبێ پشتی خەڵک کووڕ

—ببوورە.. پێش ئەوەی بچمە سەر پرسیارەکەی تر..

—بەڵێ.. من لەوێدا زۆر..

—.. بۆچی پێشت وایە ئەمە پێشبینییە؟! خۆر هەر زۆر کەس وای گوتوەو واش دەڵێ کە زۆرداری نامێنێ، هەر دەبێ بڕوخێو.. یانی بوە بە قسەیەکی کە هەموو کەس دەیڵێ.. هەموو پێدەکەنن)..

—وەڵڵا.. ئەلعان ئەوەیە، ئیدی.. من حەیاتم داوەتێ، خەڵکی دیکە.. ئی خەڵکی دیکە با بردویەتی.. (پێدەکەنێ).. بەڵێ، ڕاستە.. ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام من دەمزانی، کە زۆردار هەر دەڕوخێ.. بە ڕاستی هێندە نیزیکیشم پێشبینی نەکردبوو.. ئەم ڕۆژانە برایەکی عێراقیم دی، گوتی ئەتۆ وەسیەتنامەیەکت لە کن خوشکەکەی من هەیە، کە وەسیەتت کردوە، نوسیوتە کە ئەگەر مردم چم لێ بکەن. یانی من پێم وابوو لە کوردستانی عێراق دەمرم و تازە کوردستانی ئێران نابینمەوە.. یانی ڕوخانی ئەو زۆردارەی برێك دوورتر بوو.. پێم وابوو دوورترە.. بە ڕاستی ئینقلابی ئێرانی وەکو من دە خەیاڵی خۆمدا پێشبینیم کردبوو، پێم وا نەبوو وا هاسان و وا زوو ئیمپریالیزمی پاشەکشە دەکا.. ئەگەرچی ئێستاش نەیکردوە، بۆ خۆت دەزانی.. ئەوی زوڵم و زۆرە هەر دەیکا، بەڵام نیوە بەزیوێکی، بەڵکە بەزیوە ئیدی..

—دیسان یەکێ لەو شتانەی کە زۆر باسی لێوە دەکرێ، شاعیرو سیاسەت، یا نوسەرو سیاسەت. تۆ پێوەندیی ئەو دووانە چۆن دەبینی؟! سیاسەت شیعر ناکوژێ؟ بە تایبەتی خۆ بەستنەوە بە سیاسەتی حیزبایەتی، شیعر ناکوژێ؟

—وەڵڵا، بە عەقیدەی من، زۆر زەرەر دەدا لە شاعیر، زەرەری زۆر گەورەش دەدا، موقەییدی دەکا، بەڵام بۆ کوردێك چ بکا؟! پێی وایە ئەوەش ئەرکێکە لە سەرشانی کە دەبێ بۆ ڕزگاری خۆی هەوڵ بدا.. ئەمن لە وڵاتێکیدا بام کە ژیانێکی نەتەوایەتی سەر بە خۆم هەبا، پێم وایە قەت نەدەچوومە ناو سیاسەتەوە. یانی من پێم وا نییە ئەدەب لە سیاسەت دووربێ.. ئەوە شتێکی سەیرە.. کە هەرکەس دەتوانێ نەوعێك لە ئەدەب بۆ خۆی هەڵبژێرێ.. وە ئەدەب، هەموو ئەدەبێك، کەم و زۆر لە خزمەتی سیاسەتدا هەر هەیە، بەڵام خۆبەستنەوە بە حیزبێك زۆر زەرەر لە شیعر دەدا. تۆ ڕەنگ بێ هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانت، کە لە عێراق دەردەچوو، وە ئێمە دەرمان دەکرد، هەمووت..

بینیومە.. بەڵێ..

—بینیوتە، وە لەوێ کەم شیعری من دە ڕۆژنامەکەدا چاپکراوە. ئەو شیعرانەی بێ ئیمزان زۆریان هی منن ئیدی. ئەو دەمەی من حەقم نەبوو هێمنیان لە بن بنوسم. ئەگەر ڕۆژگارێکی "تاریك و ڕوون" بڵاو نەبووباوە تۆ نەتدەزانی "گەرمەشێن" هی کام شاعیرە، یا "کاروانی خەبات" هی کام شاعیرە، جا وەرە بە دوایدا بگەڕێ. دەبێ کێ بێ "کاروانی خەبات"ی گوتبێ، دەبێ کێ بێ "ئارەق و تین"ی گوتبێ.. مەسەلەن شیعرێکی کە من بۆ تەرمی حاجی قادری کۆییم گوتبوو، ڕۆژنامەکەی خۆمان حازر نەبوو چاپی بکا ئیدی. دەیگوت تۆ تازە ئاشکرا بووی و شاعیری ئەو شیعرەی، ئێمە دەمانەوێ شاعیری ئەو شیعرە ئاشکرا نەبێ. تەنیا شیعرێ کە من بە تەواو، وەکو خاتیرەیەکی، لەزەتم لە شیعری خۆم بردوە، چونکو تەئسیری ئاینی کردوتە سەر خەلك، ئەو شیعرە بوو کە من بۆ تەرمی حاجی قادری گوتومە، بۆ کۆتەلی حاجی قادر گوتم. لەو کۆبونەوەی کۆیەدا، کاکە، تەئسیری ئاینی هەبوو لەسەر خەلکەکەی کە لەوێ بوو. زۆرم ئەو دەمی خۆخۆشویست کە دەتوانم شیعریکی وا بلیم..

—بەڵام شاعیری کورد، وەك گۆران دەیگوت:

لە پیش هەموو شتیکا چونکی کوردم
چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم

—هەرچۆنێ بێ، خۆ دەبێ کوردایەتی بکا..

—بەڵێ..

—کوردایەتی لە پارتایەتی جیادەکەیتەوە؟!

—نەخیر. ئەوەیە عەرزت دەکەم.. بەڵام پارتیك کە لە خزمەتی کوردا بێ. وەختیکی من پارتیکم دیت کە لە خزمەتی کوردا نەبێ، ئیدی بۆ دەبێ جاش بم کە من دەخزمەتی ئەو پارتییەدا نەبم؟!





من دەتوانم لە ڕێگایەکی دیکەدا خزمەتی ئەو کوردە بکەم. بە داخەوە سەرکردەکانی مە زۆر بێئینسافن، پێیان وایە هەرکەس دەگەڵ وان نەبێ دوژمنی وانە..

—بەڵام ئەگەر مەسەلەکە لەو چوارچێوەیە ببەینە دەرەوە کە مەبەست هەر تۆ یا شاعیری کورد بێ، با هەر باسی شاعیر بە گشتی بکەین.. ئایا شاعیر پێویستی بەوە هەیە لە ژیانیدا فەلسەفەیەکی هەبێ؟ خۆی بە فەلسەفەیەکەوە ببەستێتەوە؟!

—نەوەڵڵا.. من زۆرم فەلسەفە لە شیعردا.. خۆش ناوێ. من پێموایە شیعر هەر ئەوەیە کە ئیحساساتی ئەو ئینسانەی بێ کە خۆی پێ شاعیرە..، بەڵام وا دەبێ هێندیک هەن شاعیری باش کە فەلسەفە بە ئەندازەیەکی جوان دێننە بەرهەم. عەرزت دەکەم، مولاحەزە بفەرموو، فەلسەفە ناسکی شیعر دەکوژێ. حاجی قادری کۆیی، ئەو شاعیرە مەزنەی ئێمە، ئیتر ویستویەتی فەلسەفەی کوردایەتی، ڕزگاری کورد، بخاتە چوارچێوەی، چونکو وەسیلەیەکی دیکەی نەبوە ئەو بیروڕای خۆی بە کورد بگەیەنێ، ئیللا شیعر نەبێ، یەعنی نەزم نەبێ.. لە بیرت نەچێ.. من شیعرو نەزمیش فەرق دەکەم.. حاجی قادر ئەگەر تەماشا دەکەی.. تەماشای شیعرە غەرامییەکانی دەکەی شاعیریکی تەواو بوە..، بەڵام وەختێکی تەماشای شیعرە سیاسییەکانی دەکەی ئیدی گوێی نەداوەتە جوانی شیعر، هەر ویستویەتی ئەو پەیخامەی پێیەتی، ئەو ڕیسالەتەی پێیەتی بە خەڵکی ڕابگەیەنێ. تەنیا کەسێکی کە من پێموایە فەلسەفەشی هەبوەو شیعریش.. فەلسەفەکانی حافزی شیرازییە، بە عەقیدەی من. لە عەینی حالدا شیعرەکانی یەک جار زۆر جوان و پڕ مەعنان، شیعریشن، فەلسەفەیەکی زۆر گەورەش لە شیعرەکانیدا هەیە. نوێ خوازییەکی زۆر گەورە لە شیعرەکانیدا هەیە کە ئێستاش بۆ من نوێن. مولاحەزە بفەرموو پاش نیزیک بە حەوتسەد ساڵ شیعرەکانی نوێن، ئەو ڕۆکانەش نوێن.. کەچی (مەسنەوی) کە بە لای ئێمەوە زۆر کتێبێکی گەورەی فەلسەفی یا عیرفانییە، هەریەک شاعیر وتویەتی.. دیوانی شەمس و مەسنەویش هەر شاعیریک گوتویەتی. لە دیوانی شەمسدا لە باری قالب و کەلیمات و ئەوەدا مەولەی زۆر گەورەترە، بەڵام لە مەسنەویدا فەلسەفەکەی گەورەترە.. نازانم.. لێرەش دەبێتە دوو ئینسان لە جێگەیەکی توانیویەتی قالبی جوان، کەلیماتی جوان، فکری جوان لە شیعری خۆیدا بگونجێنێ. دە مەسنەویدا زۆری گوێ نەداوەتە قافیەو وەزن و کەلیماتی جوان، هەر ویستویەتی فەلسەفەکەی نیشانبدا، عیرفانەکەی نیشانبدا..

—باشە ئەم ئیمتیازە بۆ تەنها دەدەیت بە حافز خۆ شاعیرە سۆفییەکان، بە گشتی، یا بڵێین ئەدەبی سۆفی، ئەگەر هەمووشی نەبێ، ئەوا بەشیکی زۆری، شتی زۆر جوانیان گوتوە، ئەوجا سۆفیگەری نەک هەر لای ئیسلام بەڵکە ئەوەی بە زمانانی ئەورووپایی پێی دەڵێن Mysticism دەوریکی گەورەی لە ئەدەبدا بینیوە..

—جا ئەوە سەیرە کە منیش بە خیلافی، بە پێچەوانەی هەموو کەس حافزم پێ سۆفی نییە..

—من مەبەستم بەستنەوەی فەلسەفەیە بە شیعرەوە..

—بەڵێ..

—خۆ سۆفیزمیش..

—بەڵێ، بۆ خۆی فەلسەفەیەکە. جا ئەوجار بیینە سەر ئەوە. ئەگەر بیینە سەر سۆفیزمیش.. هەن، شاعیری وا کە بە ڕاستی سۆفیزمیان لە شیعردا زۆر جوان گوتوە، وەکو مەحوی خۆمان.. یا مەولەوی خۆمان، سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی، بە ڕاستی توانیویەتی. سۆفیزمی بە شتێکی مومتاز دەزانم، دەنا دیوانی شاعیرەکانی دیکەی فارسیش هی وای زۆر تێدایە.. سەنایی باس دەکەی، عیراقی باس دەکەی، بە ڕاستی ئەوانەش زۆریان هەن، شاعیری زۆر بەرز، سۆفیزمیان زۆر چاک هێناوەتە ناو چوارچێوەی شیعرەوە.. بەڵام حافیز من پێم وایە زۆر بەرزترە لە سۆفیزمیش، پێموایە عارفیکی زۆر گەورەیە، کە دەڵێ:

بیا تا گل برافشانیم و می در ساغر اندازیم
فلك را سقف بشكافیم و طرح نو در اندازیم
اگرغم لشكر انگیزد كه خون عاشقان ریزد
من و ساقی بهم سازیم و بنیادش براندازیم

کوا ئەوە لەگەڵ شیعری سۆفییەکیوەك یەك دەچێ، ئەوە شیعریکە نازانم لە کوییە. هەتا مەسەلەن خەڵك پێی وایە.. خەییام زۆر مەشهورە، کەچی، سەیرە، کە.. پێم وایە خەییام نە فەلسەفەی هەبوەو نە هیچ.. شك و دوودلی و تەردیدیك لە شیعرەکانیدا گونجاوە، کە بۆ خۆشی ئینسانیکی شەککاکە، کە نازانێ.. من فەلسەفەی خەییامم هیچ بەلاوە فەلسەفەیەکی عەجایب و غەرایب نییە. ئیدی ئەوە عەقیدەی شەخسی خۆمە. خەلکی دیکە نازانم تۆ چ بەراوردیکی لەوەی دەکەی کە من فەلسەفەی خەیامم زۆر پێ فەلسەفەییکی سەیر نییە..

—ئەی جەلالەددینی ڕوومی؟! تۆ لە باشترین شیعرتا کە نالەی جوداییە، لە دوو شوینا پەنات بردۆتە بەر جەلالەددینی ڕوومی.. بۆچی؟

—بەڵێ.. من پێم وایە عارفیکی یەکجار زۆر گەورەیە..

—لەبەر عارفییەکەی یا لەبەر شیعرەکانی؟!

—عەرزت دەکەم.. عەرزم کردی لە شەمسدا.. لە دیوانی شەمسدا شاعیریکی زۆر گەورەیە.. لە مەسنەویدا ئەو شاعیرە نییە، یان ساحیبی ئەو قالبە کە لەویدا ئیستیفادەی لیکردوە، ساحیبی ئەو کەلیماتە جوانانە نییە کە لە شەمسدا، لە دیوانی



شەمسدا باسی کردوە. مەسەلەن ((خود)) و ((بەد- بد)) کە ئەلعان ئیمە تەلەفوزی دەکەین، زۆر جاری کردۆتە قافیە، کە ئەودەمی زۆر عەیب بوە، بەڵام گویی نەداوەتە قافیە.. ئەگەر تەنیا موقەدیمەکەی کە من.. مینش هەر زۆر لە موقەدیمەکەی موتەئەسیرم: بشنو از نی چون حکایت میکند.

کاکە، ئیدی ئەوە.. ئەلعانیش ئەمن هەر تییدا حەپسم.. لە موقەدیمەکەی بەولاوەتر ناچم.. پیم وایە موعجیزەیە، شیعر نییە.. لە موعجیزەش گەورەترە..، بەڵام لە دیوانی شەمسدا کە دەڵێ.. تەماشای ئەو شتە جوان و تازەی، کە ئەلعانیش هەر تازەیە.

دی شیخ با چراغ همی گشت گر شهر

کز دیو و دد ملولم و انسانم آرزوست

لەو دەمیوە لە ئینسان دەگەڕێ، ئیمە ئەلعانیش لە قەرنی بیستەمدا.. ئاخرو ئۆخری قەرنی بیستەمدا هەر لە ئینسان دەگەڕیین..

-بەڵام دیوجین، ئەوەی یۆنانی، پیش ئەو، دەڵین بە چراوە دەگەرا، دەیگوت لە ئینسان دەگەریم..

-بەڵێ.. ئیدی ئەو.. بەڵام ئەو خستویەتیە ئەو زوبانە جوانەوە.. لە ئینسان دەگەڕێ.. بە راستی لە ئینسان دەگەڕێ..

-باشە پیت ئەم ئیعجابەی تۆ، ئەم خۆشەویستنەی تۆ، بۆ جەلالەددین مەسەلە ئەوەیە تۆ زیاتر فارسی دەخوینیتەوە..

-بەڵێ.. جا من چ بکەم.. غەیری فارسی و کوردی چی دیکە نازانم.. زبانی دیکە نازانم غەیری فارسیو کوردی.. وە کوردیەکانیشمان.. بە خوای.. کاکە.. مامۆستای وا هەیە دەڵی.. میژووی ئەدەبی شەش هەزار شاعیرم کۆکردۆتەوە، بەڵام ئەمن هەرچەند دەیانبیژم هەر قامکەکانم بەسن بۆ شاعیرە گەورەکانمان.. بۆ شاعیرە گەورەکانی پیشومان. وە لەنیو لاوەکاندا دەبینم شاعیر هەن و ئەمما ئیدی ویستاکاڵ و ویستا مەجالیان نییە شیعر بلین و.. چوزانم، هەزار دەردو گرفتاری کە بۆ خۆت دەزانی بۆ شاعیری کورد هەیە، بەڵام شاعیرە گەورەکانی مە.. مامۆستا عەلائەددین سەجادی، هیندەی گل لە سەر وییە، هیندە عومری لاوەکانمان بن کە دەیانەوێ میژووی ئەدەبی کوردی ئینشائەللا بنوسن.. ئەو کتیبە زەلامە، پیموایە دوازدە شاعیرە باسیان دەکا، کە هیچیشیانی نەتوانیوە بە خەلك بناسینێ ئەوەیە کە.. کاکە.. چ بکەین.. لەبەر وەی روو دەکەمە ئەدەبی فارسی، بلیم چی، ئەدەبی فارسی ئەدەبیکی دەولەمەندە.

-تۆ باسی حافزو مەولانات زیاتر کرد، ئەدەبی فارسی هیچی تری تیا نییە؟!

-هاه.. شاعیری زۆر گەورەی تریش هەیە.. مەسەلەن گەنجەوی، کە کەسیش نازانێ میللیەتی چییە.

-دەڵین کوردە..

-کورد دەڵی کوردە، چونکو دایکی:

گر مادر من رئیسهء کرد

مادر صفتانه پیش من مرد

ئەوە گومان لەوەیدا نییە دایکی کوردە. تورکیش دەڵین تورکە، چونکو قەبری لە گەنجەیەو ژنیکیشی هەبوە بە نیوی "ئافاق" تورك بوە. بەڵام من عەقیدەم وایە نە لاوانەوەی رەئیسە خانمی دایکی کردوویەتیە کاژیك (پیدەکەنێ)، نە ئافاق خانم کردوویەتیە پانتورکیست، نە.. پیاو نازانێ بابیشی کییە بە راستی.. بۆ خۆی.. ناوی دەبا، بەڵام میللەتەکەی نالێ، بۆ خۆشی بە میللەتی نەنازیوە، وەك فیردەوسی دەڵێ:

بسی رنج بردم در این سال سی

عجم زنده کردم بدین فارسی

بە عەقیدەی من ئەو عەجەمی زیندوو کردۆتەوە بە پینج گەنجەکەی، بەڵام نەیگوتوە زیدووشم کردۆتەوە.. بە زمانی فارسی چاك دەردەبرێ. رەنگبێ تورکیشی زانیبێ، تۆ پیت وایە پیاو دایکی کوردبێو کوردی نەزانێ، بە عەقیدەی من زانیویەتی..

-دەبێ زمانی دایکیشی زانیبێ..

-ژنیشی کورد (بیگومان مەبەستی مامۆستا هیمن تورکە، نەك کورد. ف) بێ، ئیدی چۆن، چۆن نازو.. ئەو خانمەی هیندەی خۆشویستوە.. پیم وا نییە بە لالی ئەویش رازی بکات.. بە زبانی بەینەلمیلەلی (بین المللی) ئەوە کوا جیبەجێ دەبێ (پیدەکەنێ).. بەڵام فارسی پیی وا بوە موناسیبترە بۆ شیعرەکەی، بۆ ئیحساساتەکەی. وە لە هیچ کوێ نالێ من بۆیەم ئەو شیعرە بە فارسی گوت پیموایە فارسی چاترە لە تورکی یا لە کوردی، بەڵام تەواوی ئاسارەکەی، حەتتا بۆ نمونەش ئیمە نابینین ئەم کابرایە میسرەعیکی کوردی گوتبی، وەکو هیندیك بۆ خۆت دەزانی، شاعیرەکانی مە، هی قەرنی نۆزدەمان، بۆوەی کە بلێ فارسی دەزانین، ئەقەلەن.. باوەر بفەرموو وەختیکی دیوانی مەحوی بلاوبۆوە من زانیم مامۆستا گۆران فارسی باش نەزانیوە، چونکو کاکەی فەللاح بۆی گیرامەوە گوتی مامۆستا گۆران دەڵی ئیوە شیعرەکانی مەحوی مەعنا نازانن، هونەری مەحوی لە فارسی گوتنەکەیدایە، وە حالیکی من دەزانم، فارسییەکانی، بە داخەوە، هەر کاویژی کوردییەکانیتی (پیدەکەنێ).. وە بە کوردییەکەیدا زۆر چاکی پتر دەربریوە، کەوابوو..

-ئەی مەولانا فارس بوو، تورك بوو، چ بوو، بەلای تۆوە؟!

-وەڵلاهی، کاکە، ئەویش. بروا.. نازانم.. لە بەلخەوە هاتوە، بەلخیش ئەودەمی.. فارسی زوبانیکی.. رەواجی هەبوە، نوسین بە فارسی بوە، تۆ بۆ خۆت، کاکە فەرهاد، پیت وایە تاران بە قەد سولیمانی تۆ فەرەیدون و ئیرەج و نازانم گەر شاسب و.. ئەوەی تیدان.. ئەسفەندیارو.. وەڵلاهی رەنگبێ تاران بە قەد سولیمانی سی سال لەوەی پیش ئەسفەندیاری تیدا نییە.. ئەدەبی فارسی رۆیوە کاکە.. ئەدەبی فارسی رۆیوە، وایلیکردون کە پادشایەکی



عوسمانی، کە بۆ خۆت دەزانی، خەلیفەکانی عوسمانی ویستویانە، هەمیشە شەریان بوە لەگەڵ فارس، کەچی بە فارسییان شیعر گوتوە بۆ خۆیان. من زۆر بە زەحمەت، لە بولغاریا بووم، فیری ئەو خەتە عەجایب و غەرایبەی بووم کە ئەوان پییان دەنوسی، بۆ ئەوەی تابلۆیەکی بخوینمەوە. رۆژیکی بەبەر دەرکیکدا رۆیشتم، تەماشام کرد لیی نوسراوە "مەیخانە" ئەوپەری تەعەجوبم کرد، گوتم کاکە مەیخانە چ دەکا لە بولغارستانی؟! تەماشا دەکەم لیرەرا رۆیوە، چۆتە تورکیەو لە تورکیەیرا، لەگەڵ تورکان چۆتە بولغارستان و لەوێ بە "بار"ێ کە لە تەواوی ئەورووپایێ دەلین بار..

—لەوێ بۆتە مەیخانە..

—لەوێ بۆتە مەیخانە.. کەوابوو ئەدەبی فارسی رۆیوە ئیدی.. ئیمەی کورد، سەیرە، دیوانی خانای قوبادیت نازانم بە نەزەر گەیوە یا نە؟ ئیستاش، وە ئەمن مەم و زینیکی کۆنم، ئەلعان، لیرە، لە کن رەفیقیك هەیە، کە ئەودەمی هەمزە بلاوی کردۆتەوە، سەر بەحسەکانی هەموو بە فارسی نوسیوە..

—راستە..

—کەوابوو ئیمە پیمان وا نەبوە کوردی.. بابی مە پیی وا نەبوە کوردی نەسری پێ دەنوسرێ. هەر پیی وابوە شیعری مومکینە بێ بکوترێ، ئەمما نەسری نابێ پێ بنوسری، حالیکی ئەمە دەزانین، کە بە راستی دەتوانین پەخشانی زۆر بەرز بە زمانی کوردی بنوسین. من "شازادەو گەدا"م لە فارسیرا، دیارە، تەرجەمە کردوە، هی مارك تۆینی. لە بیرمە بە موتەرجیمە فارسییەکەی، کە بە راستی جیی فەخری ئیرانە، وە ناتوانم بلیم. جیی فەخری کوردە، با وجودی کە کوردە، چونکو خزمەتی بە زمانی فارسی پتر کردوە بە داخەوە، کوردی وا باش نازانێ ئەگەرچی کوردیش دەزانێ، ئاغای محەمەدی قازی، کە ئەگەر ئینشائەللا ریت لە تارانێ کەوتەوە بە خزمەتی بگە، بە راستی پیاویکی زۆر گەورەی کوردە.. ئەو.. نازانم لە چ زمانیکیرا وەریگیراوەتە سەر فارسی، منیش لەسەر فارسییەکەی ویرا کردوومەتە کوردی. بە داخەوە ئیستاش چاپ نەکراوە. هەر لە عیراقیشم کردبوە کوردی. وە لیرەدا بەحسیکی دیکە دیتە گۆرێ. من دە عەینی حالدا کە نالەی جودایيم دەگوت، بۆ ئەوەی کە بریکیش دلی خۆم خۆش بێو پیکەنینیك بیتە دلم، شازادەو گەداشم تەرجەمە دەکرد کە کتیبیکی تەنزو.. رۆژیکی عەرزم کرد، گوتم مامۆستا من شازادەو گەدام لەسەر فارسیەکەی تۆ تەرجەمە کردوە، دە زۆر جیگایان پیم وایە رەتم کردوە لەتۆ، بەلام لە جیگای واشە زۆر دەست کورتم.. کوتی، تەوازوعی فەرموو، فەرمووی، تۆ نەخیر هەر چاترت کردوە، بەلام واقعییەت ئەوەیە، لە جییەکی من گەیشتومە باسی هەژاری، فەقیری، نەداری، باسی هەژاریو فەقیریو نەداری چارەرەشیو بەدبەختی دەکەم، بەبێ شك (چاکم) کردوە، چونکو ئەوەندەم لە ئیختیاردایە، فرمیسك و رۆندك و نازانم هەزاران چم لە ئیختیاردایە.

—لای فارس نەبوە..

—لای فارس نییە. بەلام وەختیکی دەگەمە تەخت و تاج و پادشاو تالاری پادشاییو پەردەی پادشایی و سفرەی پادشایی، تەماشا دەکەم منیکی کە لەسەر کەولی رەق نانم خواردوە، چۆن دەتوانم، ئەو کەلیماتانەی لە کوێ بینم کاکە.. منیکی کە بە نان و ماست و لۆرك و شیریژ پەیدا بووم، کوا دەزانم باسی خۆراکی پادشایانە بکەم، وە لەویدا زەعیفم. من خۆم ئیعتیراف دەکەم زەعیفم.. لە باتی ئەعلا حەزرەتی، قەبەر قودرەتی، نازانم هومایونفەری، نازانم چی، ئیمە هەمانەو نیمانە خاوەن شکۆیە (پیدەکەنێ)، ئەویش دروست کراوە بۆ خۆت دەزانی.

—باسی نەسرو شیعرو ئەوەت هینایە پیشەوە، باسیکی چاکە! زۆر کەس پیی وایە تۆ نەسرت لە شیعرت جوانترە!

—وەللاهی منیش.. هەر لە ئەوەلی موساحەبەکەمدا گوتم، ئەگەر کورد نەبام، مەجبور نەبام ئیحساساتی خۆم بە شیعرەوە بە خەلك رابگەیەنم، منیش پیم وایە نەسر نوسینم خۆشترە. وە نەبێ بۆ خۆم موخالیفی ئەو کەسانە بم کەوا دەلین.

—بیجگە لە ئەدەبی فارسی، ئەدەبی میللەتانی تر چیو چەندت خویندۆتەوە، مەبەستم لە ریگەی فارسییەوە..؟!

—بەلێ.. هەر لە ریگەی فارسییەوە.. وەللاهی، کاکە، من تەقریبەن رەنگبێ دوو ساڵ بێ، موتالەعەم لە کەمی داوە، چونکو کاری دیکەم هەیە، بە داخەوە موتالەعەم کەمە، دەنا پیموایە تەواوی شاکارەکانی ئەدەبی غەربی کە بە فارسی تەرجەمە کرابن خویندومەتەوە. مەسەلەن پیموایە هیچی چیخۆف و تۆلستۆی و شۆلۆخۆف و ئەوە نەمابێ نەمخویندبیتەوە.

—ئی دیستۆفسکیو شەکسپیر؟!

—شەکسپیر، کاکە، من بە راستی لە شیعری تەرجەمە.. شیعری شەکسپیرم خویندونەوە، بەلام من لە شیعری تەرجەمەکراو ئەو لەزەتە نابەم کە.. وەختیکی هاملیت دەخوینمەوە نازانم، بە راستی ناتوانم گەورەی شەکسپیریك کە بۆ منی تەشریح دەکەن، بەو هاملیتەی، دۆنی ئارام دەخوینمەوە شۆلۆخۆفی وا دەناسم. وەختیکی جەنگ و سولحی تۆلستۆی دەخوینمەوە، وەختیك ئاناکارنینای دەخوینمەوە، وەختیکی چیرۆکەکانی جاك لەندەن و ئەوی دیکە، نیوی چییە پیاو!!، (خۆشەهای خشم) هی کییە، نازانم، دەخوینمەوە، بە راستی ئەو نیوە ئەورووپاییانەش هیندە ناخۆش دینە بەرگویی پیاوی نازانم بیانلیم. ئەمما، بەلی شاکارەکانی ئەدەبیاتی غەربم هەموو..

—جۆن شتاینبیکی ناوە..

—بەلێ.. بەلێ.. وەختیکی (خوشەهای خشم) دەخوینمەوە دەزانم چی گوتوە.. بەلێ.. بە راستی.. باسی دۆمای کرد..


هێمن





ئەلیکساندەر دۆما منی زۆر کیشا بۆ لای.. دیارە بۆ خۆت دەزانی زۆر رۆمـانتیکن نوسـینەکانی، بـەڵام بـە راسـتی پـیاوی بـە زەوق دەکەن، یانی پیاو ناتوانێ.. فیری خویندنـەوەی دەبێ. وەختیکی سێ چەوەندەری دۆمای دەخوینییەوە ئیدی ناتوانی دەسـت لـە خویندنـەوەی هـەلگری. پیموایـە حـەتا مـن لـە بیرمـە بـە جـەوانی چیرۆکەکانی پۆلیسیشم دەخویندەوەو زۆریشم بەلاوە خۆش بوو.

–شەرلۆك هۆلمزو شتی وا..؟!

–بەلێ.. ئەوانەشم دەخویندەوەو زۆریشم بـەلاوە خـۆش بـوو. ئـەم رۆژانـە باسـی ئەوانـەم بەوانـە کـرد، دوایـە دەسـتم بـە خویندنەوەکانی دۆماو نوسەرانی رۆمانتیکی فەرانسەی.. زیـاتر ئەوەدەمی لە فەرانسەوە شت دەکرا بە فارسی.. باوەر دەکـەی تـۆ، مـن (بینوایـان)ی فیکتـۆر هۆگـۆم لـە سـێ رۆژنـدا خویندبیتـەوە چونکو رەفیقەکەم بە ئەمانـەتی دامێ، گوتی لە سێ رۆژان زیـاتر نابێ، وە هەمووشـم خویندۆتـەوەو ئـەلعانیش کـە دەیکەمـەوە، رەنگبێ چل سالْ رابردبێ بەسەر ئەو خویندنەوەی مندا، ئەگـەر دەیکەمـەوە، تەماشـا دەکـەم دیتـەوە بیرم، ئـەو دەمـی هینـدە بـە دیقـەت خویندۆتـەوە. ئـەلعان وا نیـم، بـە داخـەوە، کتیبیکـی دەخوینمەوە لە بیرم دەچیتەوە. ئەمما بە مندالی خویندومەتەوە، بە جەوانی خویندومەتەوە، تازە ئیدی تازەگی بۆ من نەماوە.

–بـاش بـوو هیناتـە سـەر باسـی خویندنـەوە، تـۆ چیـت خویندۆتەوە، چ دەخوینیتەوە؟! یانی خویندەوەکانت زیاتر لە چ مەجالیکدان؟!

–وەللاهی کاکە، من بە راستی عەلاقەیـەکی زۆرم بـە داسـتان هەیە، رۆمان هەیە..

–تۆ خۆت شاعیری‌و داستان زۆرتر دەخوینیتەوە..

–زۆرتـر دەخوینمـەوە.. زۆر سـەیرە، بـاوەر بفـەرموو وەختـێ دیوانی شـاعیریکم وەدەسـت دەکـەوێ، لـە پیشدا موقەدیمەکـەی دەخوینمەوە. پیم خۆش لە پیشدا موقەدیمەکەی بخوینمـەوە تـا بچمە سەر شیعرەکانی. پیم خۆشە بزانم نەسرەکە چۆن نوسـراوە لە بارەیدا، ئەو شاعیرە چۆن بـە مـن ناسـینراوە بـەلێ، رۆمـان و داستان دەخوینمـەوە، بـەلام تۆ نازانی بە راستی لـە فارسیشـدا، بیجگە لـەوەی تەرجەمە کـراوە، پیموایـە شاکارەکانی ئـەدەبیاتی غەرب هەموو تەرجومە کراون، ئەمجار خۆشیان، فارسی بە راستی بە راستی نوسـەرو شاعیری گـەورەیان هەیـە نوسـەری گـەورەیان هەیە. باوەر بکە ئـەو بەینانـە کتیبیکـم خوینـدەوە، (از صبـا تـا نیما)، ئەدەبی کوردی لە بەینی دوو شاعیردا شاعیریك کە..

–ئەدەبی فارسی..

–بەلێ. ئـی فارسـی، بـەلێ.. بـاوەر بفـەرموو پیـاو تەعـەجوب دەکا، ئەو ئینسانە چەندی موتالەعە کردوە بۆ نوسینی ئەم کتیبە، وە چۆنـی توانیـوە نەسـر نوسـەکان و شـاعیرەکانی (صبـا) وە تـا (نیما) –پیموایە قەرنیك یا قەرن و نیویکی بەینە– هـەمووی بـە خەلك ناساندوە. نە ئەوەی کە مەسـەلا عیشـقی هەمەدانی بـابی نیوی سـەید ئەبولقاسمی کوردستانی بوە. ئەوە موهیـم نـەبوە لـە نەزەر ویدا، چی کوتوە ئەو کابرایە، ئەوە بۆ وی موهیم بوە، وە تەحلیلی کە ئـەو کردویـەتی لەسـەر ئـەوە، کـە بـە داخـەوە ئیمـە

ویسـتاش شـتیکی وامـان لـە ئـەدەبی کوردیـدا نییـە. ئـەوەش هـی چییە.. من خودای نەخواستە، پیم وابێ کورد بێ ئیستیعدادە؟! نا.. خودای نەخواستەش نییە، چونکو بروام بەوەی هەیە کە کورد بـە ئیسـتیعدادە، بـەلام مـەجالی نییـە کاکـە. ئـەلعان ئایـە ئەگـەر محەمـەدی قازی مـەجالی بـا، ئـەو هـەموو کتیبـەی کـە بـە فارسـی تەرجەمـە کـردوە –رەنگبـێ بـۆ خـۆشی حیسـابیان نـەزانێ چـەندی کتیب تەرجەمە کردوە– بە فارسی تەرجەمە دەکرد؟! نا.. پیموایـە ئەگەر لە کوردستانیکدا با بۆ کوردی تەرجەمە دەکرد. وە ئەلعان تەسمیمی گرتوە کە ئەوی تەرجەمەی دەکا، حـەدی ئەقـەل حـەولدا شتێ تەرجەمـە بکا کە لەسـەر کـوردی شـت تیدابێ، کـە ئـەلعان کوردو کوردستانەکەی نیکیتینی لەبەر تەرجەمەدایە، و ئەو رۆژانە پیموایە، ئینشائەللا دەگاتە دەستمان و ئەگەر منیش بمینم یا بۆ خۆم تەرجەمەی دەکەمە سەر کوردی یا یـەکی دیکە وادار دەکـەم کە تەرجەمەی بکاتە سەر کوردی. یەکیك لە مامۆستاکان کتیبیکی بـە عـەرەبی.. مـن نـەمدی، ئەوەدەمی چاپ نەکرابوو، گوایە، دەبـێ پاش من چاپ کرابێ.. قەتم لەبیر ناچێ، وە ئەوە داخیکە لە دلما. گوتم تۆ بـۆ لەسـەر ئەحمـەدی خـانی بـە عـەرەبی دەنوسـی، خـۆ ویسـتا کـورد ئەحمـەدی خـانی نەناسـیوە، بـۆ بـە عـەرەبی دەناسینی؟!.. گوتی وەللاهی کاکە ئەوە پولی پتر تیدایە.. باوەرم پیدەکەی، بۆ خـۆم لیمبیستوە. ئایا من دەبێ چ بکەم ئەحمـەدی خانی نەناسم وەکو.. وەك ئەو دەیناسی، یا وەك هـەژار دەیناسـێ، من نایناسم. وە لەبـەری پارامـەوە، کوتم بریا تەرجەمەت نـەکردبا شیعر بە شیعر، پیت ناساندباین.. پیت ناساندباین خانی چییە، بە راستی خانی ناناسین، بە راستی نازانین چ بلیمەتیك بوە. بە خۆرایی نییە کاکە، رەنگبێ لە جیگایـەکی دیکەشدا نوسیومە کە کاکە ئیوە چ هەراوهوریایەکتانـە. شـیعر هـەر بـە کـوردی بلیـن و کەلیمەی عەرەبی تیدا نەبێ‌و.. خۆ بۆ مەم و زین دەبێ تەماشای قاموسی فیروزئابادی بکـەی تـا لـە کەلیمـەکانی بگـەی، بـەلام تـا ویستا، بۆ خۆت دەزانی، بە چەند زمانی دنیایە تەرجەمە کراوە مەم و زین..

–بە زۆر زمان..

–بەلێ.. کـەوابوو بـەوەی کـە: (سـەرنامە بـە نـامی تۆیـە ئـەللا) بەوەی پیم وانییە خانی لەبـەرچاوی دنیایـە کـەوتبێ، شـاعیریکی گەورەیە.

–راستە.. خانی.. ئەلبەتە دوایی دیینـەوە سـەر خـانی.. خـانی تـەنیا شاعیر نییە، موفـەکیرە، خـاوەن بـیرە، بیریـارە، دەردی کـاك مەسعود دەلێ.. وە باوکی کوردایەتیشە..

–بەلێ..

–یەکەم کەسە کوردایەتی کردوەو بە پرۆگرامیش کردویەتی..

–بەلی بە پرۆگرامیـش.. وە مـن.. بـا ئەوەشـت عەرزکـەم، کـە کوردایـەتی، یـا ناسـیۆنالیزم لـە شـیعری خـانیدا، دیفـاع لـە هـەژارترین، چارەرەشـترین قـەومی دنیایـە بـوە، وە حـەتتا ئـەو کەسانەی کە موعتەقید بە ناسیۆنالیزمیش نین، ئەگەر لە موقابیلی ئـەوەیدا، ئەگـەر بلیـم ئـەوە ناسیۆنالیسـتە زولمـە.. ئـەوە ناسیۆنالیستی نییە.. دیفاع لە..



—بۆ خۆت دەزانی.. ئەو باسەی کە زۆر جار خەلك وای باس دەکەن.. شەڕی نیوان، یا بلێین پیوەندی نیوان نوسەرو ڕەخنەگر.. تـــۆ چۆنـــی دەبینـــی؟! بـــۆ خـــۆت تەجروبـــەی خـــۆت لەو بارەیەوە چۆن بوە؟

—وەڵڵاهی، کاکە، من، بە داخەوە، کەم ڕەخنەگری وام دیوە، کە لە کوردستاندا، لە خۆم ڕەخنەی باش بگرێ.. بەڵام زۆر بروام بە ڕەخنەگر هەیە. من پیموایە ڕەخنەیە نوسەرو شاعیر دەکاتە نوسەرو شاعیر. وە هەر شاعیریکی یا نوسەریکی، لە ترسی ڕەخنەگر، دەستی بە قەلەمەوە نەلەرزیبێ وەختی نوسینێ، پیموایە قەت ناگاتە.. نازانم لە کویدا خویندومەتەوە دەلی شاعیریك بە ڕەخنەگریکی گوت، گوتی ئەمن دەچمە هەر جیگایەکی پەیکەری شاعیریکی لییە، بەڵام تا ئیستا پەیکەری ڕەخنەگریکم نەدیوە لە هیچ کوێ. کوتی ئاخر لە سایەی ئیمەیە کە ئیوە..

—پەیکەرتان بۆ دەکرێ.

—پەیکەرتان بۆ دەکرێ.. بەلێ.. من پیموایە ڕەخنەگر زۆرباشە وە بە داخەوە کورد.. من.. لە کوردستانی عیراق دەگەڵ مەتبوعات سەروکارم بوە، خەلك زۆر دوژمنایەتی لەگەڵ پیاوی پەیدا دەکرد ئەگەر ڕەخنەی لیدەگرت. تەنیا کەسیکی کە ڕەخنەیان لیگرت و ڕەخنەیەکی بە عەقیدەی من بەجیش نەبوو، هی دلشاد محەمەد ئەمینە لەسەر من. خۆی لیدەشاردمەوە، ڕۆژیکی لیی گەرام، ماچم کرد، گوتم کاکە گیان تۆ بویە باعیسی ئەو هەموو هەرایەی..

—لەسەر تاریك و روون کرا..

—لەسەر تاریك و روون.. نەخیر، وەڵڵاهی بە کەیفی خۆتم لەسەر بنوسە.. زۆریشم پیخۆش بوو.. ئەلعانیش هەر پیموایە کە ڕەخنەگر زۆر زۆر دەوریکی گەورەی لە بوژاندنەوەی ئەدەب و فەرهەنگی میللەتیکدا هەیە.

—ئەی بڵاوکردنەوە چۆنە بەلاتەوە؟! زۆر کەس پیی وایە کە پیاو مەجالی هەبوو بڵاوبکاتەوە، شتی خراپیش دەلێ.. وای لیدەکا، حەز لە بڵاوکردنەوە کردن وای لیدەکا کە شتی کال و کرچیش بخاتە سەر لاپەران..

—وەڵڵاهی، کاکە، ئیدی،.. من هەر ئەو ڕۆژانەش دەگەڵ مامۆستا هەژار لە باری وەیدا موناقەشەیەکمان بوو. من پیموایە هەموو نوسینەکانی ئەو کەسانەی دە - پازدە کتیبیان نوسیوە، بە ئەندازەی شیعری شوکری فەزلم بەلاوە موهیم نییە.. هەر ئەو غەزەلەیشم لیدیوە، ئەو پینج- شەش شیعرەی بۆ کوردی گوتوە: کار کە رووی ئیستە لە هەورازە سەرەولیژی نەکەی.. (ڕاستییەکەی: ئیش کە ڕوی ئەمڕۆ.. ف) من پیموایە کەم و پوخت زۆر چاکترە، وەك زۆرو.. لەگەڵ زۆرو بۆری یەکجار موخالیفم. پیموایە کەمی بنوسیو چاکی بنوسی باشە.

—سانسۆرت پیچۆنە؟!

—وەڵڵاهی لیی بیزارم..

—سانسۆری سیاسی ئەلبەتە..

—بەلێ.. بەلێ.. ئیدی.. وەڵڵاهی لە هەموو نەوعە سانسۆریکی بیزارم..

—ئەی هەندێ جار پیاو خۆیشی دەبێ بە سانسۆری خۆی..

—بەلێ، لیی گەرێ شاعیر بۆ خۆی، یا نوسەر بۆ خۆی سانسۆری خۆی بکا..

—باشترە..؟!

—باشترە.. دەزانی، سانسۆر زۆر لە زەوق دەدا! حەتتا سانسۆری ئەخلاقی، حەتتا سانسۆری نازانم عەقیدەتی. بە عەقیدەی من لیی گەرێ، پیی بلێ خۆت خۆت سانسۆر بکە نوسەر! نوسەریکی عەقلی وەی نەبێ خۆی خۆی سانسۆر بکا حەیفە هەر قەلەم بە دەسەوە بگرێ.

—یانی لەو کوردستانیکدا ئەگەر تۆ وەزیری ڕاگەیاندن بی، چ دەکەی..

—وەڵڵاهی ئەگەر (پیدەکەنێ)..

—کە ناشبی..

—بەلێ.. دیارە.. (آرزو بر جوانان عیب نیست)، لە فارسیدا شتی وا هەیە.. بەڵام قەتی ئەوەی نابینم ئەمما ئەگەر ببیەم.. ئیللا شتی خراپ نەبێ.. ها.. (پیدەکەنێ).

—شتی خراپ چییە؟!

—شتی خراپ، لە باری ئەدەبییەوە ئەرزشی نەبێ، دەنا لە باری دیکەوە هەرچی دەیلێ من سانسۆری ناکەم، بەڵام کەسیکی بە ڕاستی ئەرزشی نەبێو بیەوێ خۆ بەسەر خەلکیدا بسەپینێ ڕەنگبێ (پیدەکەنێ) نەیەلم شتیوی چاپ بکرێ..

—ئەی باشە، باشتر نییە ئەوەش بکەویتە بەرچاوی خەلك و خەلك بۆ خۆی بلێ تۆ خراپی..؟!

—کاکە، هیند دواکەوتوین، بە داخەوە. مامۆستا زەبیحی دەیگوت، بۆ خۆی هەزار جاری گوتوە، لە کتیبەکەشیدا نوسیویەتی. نوسیویەتی، من نامەیەکم لە بەروارەوە بۆ هاتوە، وەختێ کۆمەلەی ژیکاف بووم، نوسیویەتی بەرواری..

—ئەوەندەی ئەوەندە..

—ئەوەندی ئەوەندە.. دەلێ پەنجا سالە.. من بۆ خۆم ئەودەمی بە تەئریخم زانیوە، پەنجا سالە خەریکم لە بیر خەلکی بەرمەوە لە بیری ناچیتەوە. وە باوەرم پیبکە لەو نامانەی کە ئیستا بۆمان دێ، بۆ سروە دێ، ئەغلەبی بەرواری نوسیوە.. بلین چی.. وەختیکی غەلەت هاتە گۆرێ.. نازانم بۆ ئەو کوردە ئەو نەخۆشییەی هەیە، شتی غەلەتی چاتر دیتەبیر..

—تۆ، ئەلبەتە، سانسۆرت تووش بوە، سانسۆری داگیرکەرانی کوردستان..

—تەواوی ژیانی خۆم ئەمن لەژیر سانسۆردا بووم..

—ئەی سانسۆری کورد..؟

—لەژیر سانسۆری کوردیشدا بووم.

—ئەوەیان چۆن..؟

—وەلڵا، کاکە، ئەوەم دەتوانی ڕەفع بکەم. سانسۆری کوردم دەتوانی ڕەفع بکەم، بەوی دەویرام. لەو لایە، وەکو عەرزم کردی، وەختیکی ئەندامی حیزب بووم، سانسۆریان دەکردم، دەچووم لە جیگەیەکی دیکە بڵاوم دەکردەوە، یا ئەقەللەن دەمدایە دەسی خەلکی..



—ئەی ئەو شیعرانەت کە بە بێ ناو لە کوردستاندا بڵاوت دەکردنەوە، مەبەستم لە ڕۆژنامەی کوردستاندا..

—بەڵێ، ئیدی ئەوە سانۆرەکە بوو، بەڵام لە تاریك و ڕووندا بەنیوی خۆم بڵاوم کردنەوە.. بروا بکە لە تاریك و ڕووندا شیعریکم هەیە، کە دیارە دەبێ ئەوەش لەبیر نەچێ کە مەحەللییە. لە مەهاباددا وەختیك کە من ئەو شیعرەم بڵاوکردەوە بەنیوی (راوە بەران)، ئەوەڵا شوجاعەتیکی سەیرم کرد، کە چەکی راویان، تفەنگی راویان لە هەموو کەس ستاندبۆوەو کە لە عیرقا تەقە هەیە، نابێ لیرە تۆ تفەنگی راوت بە دەستەوە بێ، من ویرام، بۆ خۆشم راوکەر بووم ئەودەمی، ئەو ئیحساساتەی خۆم بڵاوبکەمەوە. لەویدا بریکیشم گالتە کردوە. لە کوردستانی عیراق ئەو شیعرەی من زۆری دەنگ نەداوە، بەڵام لە کوردستانی ئیران ئەو وەختی دەنگیکی عەجایبی داوە، چونکو ئەوەڵا کەس نەیدەویرا بلی بۆ شا چەکی لە خەلکی ئەستاندەوە. من ئەوەم بڵاوکردەوە، بەڵام دە لیباسی جەفەنگ و شتی وادا ونم کرد. حەتتا وایان لیهاتبوو زابتەکان، ئەفسەرەکان، ئەفسەرەکانی راوکەر بۆ خۆیان هەموو لە بەریان بوو، ئەوانی کورد. مەسەلا دەویدا دەلیم:

ئیتر مەحموود بانادا سمیلی
سمیڵ بادانی پێ عەیبە بە دیلی
کە راوکەر بێ تفەنگ ئەلبەتە دیلە
لە هەموان دیلتریش مەحموود سمیلە

لەوانەدا دوو سێ شیعری وای تیدا بوو کە پساوە، ئەلعان دیمەوە، پاش ئەوەی هاتوم مەهابادێ، پیم دەلین بۆ ئەو شیعرەی تیدا نییە. خەلکی مەهاباد لەبەریان ماوە، بەڵام سانسۆری حیزب ئەو شیعرانەی لیپەراندن. هەرچی حەولم دا کە باوکم ئەقەللەن نوختەیان لە جیگا دانین.. گوتیان نا. کەچی شیعرەکە لەبیر خەلکی ماوە. ئەوە سانسۆری حیزب بوو کە ئەمە کەلیمەی سوکی تیدایە. بریکم گالتە کردبوو، دوو سێ کەلیمەی، ڕەنگبێ، دەگەڵ ویقاری (ئەلفەکە بە شیوەیەکی گالتە ئامیز دریژ دەکاتەوە. ف) سیاسییەکی نەگرتباوە، لییان فریداوە.

—ئیستە کە ئەندامی پارتی نیت، یا ئەندامی پارتییەك نیت، زۆرتر باسی سیاسەت و باشتر باسی سیاسەت دەکەی. ئەودەم بۆ نەتدەکرد..؟! لە تاریك و ڕوونیشدا وات نەگوتوە، یا پیشانت نەداوە کە سانسۆری حیزبیش و کوردایەتیش تەئسیری لیکردووی..

—ئەوەش هەر سانسۆری حیزبە کاکە (پیدەکەنێ)، مەگەر تاریك و ڕوون کێ بڵاوی کردۆتەوە؟! حیزب بڵاوی کردۆتەوە، خۆ من بڵاوم نەکردۆتەوە.

—ئەی ئیستە چۆن سەیری تەجروبەی سیاسی خۆت دەکەی؟!

—قەرار وا نەبوو لە سیاسەت قسە نەکەین..؟!

—نا.. مەبەستم ئەوە نییە بە دریژا باسی بکەی، تەنیا وەك یەکێ لە تەجروبەکانی، سەرچاوەکانی شیعر لای تۆ. هەلبەتە سیاسەتیش دەوریکی بینیوە. ئیستە چۆن سەیری ئەو ژیانە دەکەی کە لە سیاسەتدا بردوتەتە سەر؟!

—وەڵلاهی من ئەلعانیش بەجیی شانازیی خۆمی دەزانم، چونکو پیمواپە کورد هەر بە شیعر رزگاری نەدەبوو.. لە ڕژیمی تاغوتیدا، پیم وابوو کە دەبوو سیاسەتیشی بۆ بکەی، حەتتا چەکداریشی بۆ بکەی. وە لە شەری سێ مانگەی لەگەڵ لیبرالیزم و بەنی سەدردا من چکداریشم کرد، بەو پیرییەی خۆمەوە. ئەلعان بەردە هیمن مەشهورە، کە لەبن بەردیکی دانیشتو و هیلیکۆپتەرم وەبەر تفەنگان داوە. بە دەست و تفەنگیش خویری نیم، ئەمما پیم وابوو بە نەفعی ئیمپریالیزم کورد نابێ دەست بداتە چەك ئیدی. من دەو بروایەدام، ئەلعانیش هەر دەو بروایەدام کە ئیمپریالیزم دەیتوانی لە شەری ئەوەلی جیهانیدا کوردستانێ بە وجود بینێ، زۆر بە ئاسانی دەیتوانی، نەیکرد، بە تایبەتی ئەو ئیمپریالیزمەی کە ئیمە دەمانگوت قەتمان تاقی نەکردۆتەوە، یانی ئیمپریالیزمی فەرەنسە، کە بە حالەتیکی برا کوردەکانی سوریەمان بە لەش و خوین و هەموو شتیکی خۆیانەوە ئیحساسیان کردوە. تاریخ نیشانی داوە ئەگەر ئیمپریالیزمی فەرەنسە یاریدەی کەمال ئەتاتورکی نەدابا، بەو زوانە شۆرشی کوردی تورکیەی دانەدەمرکایەوە. ئیمە چۆنمان هیوا بەوەی بێ. ئەوەیە کە من، راستییەکەی، وەکو ئینسانیکی دژی ئیمپریالیزمی ئەلعان لە سیاسەتدام.

—ئەوجا با بچینە سەر شیعری کلاسیکی کوردی یا هەر ئەدەبی کلاسیکی کوردی..

—بەلێ.

—چەند شارەزاییت لیی هەیە؟

—بەلێ، وەڵلاهی هەر لە پیشداش گوتم من کلاسیك نالیم، کاکە، چونکو.. من دەلیم عەروزی، کۆن، نازانم.. هەرچی دەلێ.. وەڵلاهی زۆر شارەزام من.

—کلاسیك کە دەلیم، لیرەدا مەبەستم تەنیا شەکل با بلیین فۆرمی شیعر نییە بەلکە هەر وەك قۆناغیکی تاریخی ناوی کلاسیك دەبەم.. هەر ئیمەش نین، میللەتی دیکەش هەموو وان..

—ئیمە دوو نەوعمان ئەدەب هەیە، بە راستی.. ئەدەبیات، شیعر هەیە.. نابێ بلیین ئەدەبیاتمان هەیە بە تەواوی مەعنای کەلیمە.. دوو نەوعمان ئەدەبیات هەیە، نوسراو و نەنوسراو، یانی ئەوانەی کە پییان دەلین فۆلکلۆر، یا ئەوانەی وەك شاعیرەکانی لە جەزیری، فەقیی تەیران و لە جزیررا دییە خورای.. ئەگەر ئەوانە دەلیی من شاعیری زۆر گەورە دەنیو وانەدا دەبینم. ئەگەرچی زۆر چاك لەهجەی گۆرانی نازانم من -با ئەو حەقیقەتەش بلیم-، بەڵام وەختیکی بەراوردیکم کردوە لە بەینی شیرین خوسرەوی خانای قوبادی و نیزامیدا، هیچ بە کەمی نازانم لە نیزامی، لە نیزامی بە کەمترم نایەتە بەرچاوی. وەختیکی مەم و زینی لە موقابیلی یەکیك لە پینج کتیبەکانی نیزامیدا دادەنیم، ئەگەر مەم و زین دە موقابیلی لەیل و مەجنوونی کە هەر لەسەر ئەو وەزنە دانراوە، موقابیلیان بکەین، ئەمن پیم وایە لە باری مەعناوە مەم و زین چیترو فەیلەسوفانەترە. وە بۆیەش زۆری بە موەفەق دەزانم قارەمانەکانیشی کوردن، سەحنەی داستانیشی هەر کوردستانە، فەرهەنگ هەر فەرهەنگی کوردییە، داب و رەسم هەر داب و



رەسمی کوردییە، بەڵام نیزامییەکی لە گەنجەیرا دەچێ بۆ خۆڵی عەرەبستانی نەیتوانیوە ئاداب و روسومی عەرەب وەکو عەرەبێك بەیان کا. دیارە فارسییەکەی زۆر ریك و دروستترە لە کوردییەکەی خانی. دەگەڕیینەوە بۆ ناڵیو مەحویو ئەوانە، بە راستی پیموایە شاعیری زۆر گەورەن، وە زۆرم ئیمان پییانە.. شاعیرەکانی قەرنی بیستوممان..

—ئەی شیخ رەزا..؟!

—وەڵلاهی کاکە، شیخ رەزا بە راستی نازیمیکی چاکە..

—نازیم..؟!

—نازیم، فەرقی هەیە بە عەقیدەی من. یەعنی توانیویەتی وەزن و قافیەو قالبی زۆر جوان دروست کا، بەڵام شیعرەکانی سەرفی نەزەر لەوەی هەجون، تەنز نین.

—ئەی ئەوە، بە رەئی تۆ، تازە نییە؟! شتیکی تازە نەبوو لە ئەدەبی کوردیدا؟!

—نەخیر.. دە ئەدەبی کوردیدا تازەن، بۆچی..

—ئەی زمانی شیخ رەزا، بۆچی پیاو باسی ئەوەش نەکا..؟!

—ئای.. زۆر، زۆر.. بە راستی رەوانە..

—زمانیکی زۆر سوارە..

—زۆر رەوانە.. زۆر سوارە.. عەرزم کردی، من لە باری وەزندا شیخ رەزای زۆر بە گەورە دەزانم، وە لە باری وەیدا کە تەعبیری کوردانەیشی هیناوەتە ناو شیعری خۆیەوە، کە لە پیش ویدا دیارە لە شیعری نالیدا کەم تا کورتیك دەبینرێ، لە بیرت نەچێ، بەڵام:

کارێ کە غەم و دەردی فەراقت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو با بە دەواری شری ناکا

ئیدی کوردی کوردییە. لەبەر وەی من شیخ رەزاشم.، بەڵام بە داخەوە شیعرەکانی زۆریان رووی مەجلیسیان نییە ئیدی.. دەلیی چی.. تو خوداکەی.. ئەوە لەکن خۆمان بێ ئینشائەڵلا، خۆ ئەوەی بۆ هەموو کەس لێ نادەی.. رۆژیکی کچەکانی تەلەبەی بەشی کوردی دانشکەدەی بەغدا هاتنە لام هەموویان پیدەکەنین..

—جا کوا کچمان هەبوو..؟!

بەدی، سێ چواریکمان هەبوو..

—نیویان لە پیاو دەچوون.

—ها ها.. وا.. هاتنە لام، پیدەکەنین سەیر. گوتم بە چی دەکەنن؟! گوتیان وەڵلا مامۆستا عەلائەدین سەجادی ئەورۆ لەسەر دەرس باسی شیخ رەزای بۆ کردووین و ئەو شیعرەشی بە نموونە خویندۆتەوە:

بەو جووتە گونە من کە دەلیی عەنتەری نیرم
لیم لادە نەوەک بتخەمە بە رحەملەیی کیرم

دەیگوت مامۆستامان بۆ خۆمان وەك عەنتەری نیر هاتبوە بەرچاو (هەموومان پیدەکەنین).. هەموو پیدەکەنین، بە راستی ئەگەر لە بیرت بێ رەنگبی، مامۆستا ئەگەر رووتت کردباوە، رەنگبێ لە شتیکی سەیری بکردایە.. بەلێ.. شیخ رەزا، بە داخەوە، شیعرەکانی، بلیم چی، بۆ پیکەنین دەبن، بۆ خۆشی دەبن. بەڵام کاکە، شیخ رەزا، ئەو کەسەی شارەزای ئەدەبی فارسی بێ، زۆر شاگردی عوبەیدی زاکانی بوە، زۆریش لەوی شاعیرتر بوە، یانی، موسەللەتر بوە بەسەر وەزن و قافیەو.. بەڵام ئی شیعری عوبەیدی زاکانی لە عەینی حالدا کە جنیوی داوە، کە هەجوی کردوە، نەتیجەیەکی موسبەتی لە شیعرەکانی وەرگرتوە، بە داخەوە شیخ رەزا هەر جنیوی داوە، بۆ خۆت دەزانی.. ئەم جنیودانە وەنەبێ بۆیە بووبێ ئیسلاحی جامیعەی پیبکا. دەنا حاجی قادری کۆییش جنیوی گەورەیە، بەڵام هیمن لە مەقابیلی وەیدا دەلێ: وەکو بالێ پەری پاکە جنیوت.. چونکو جنیوەکەی موسبەت بوە. لەبەر وەی نەقدەم لە شیخ رەزا هەیە.. وە پیموایە، با ئەوەش دەربارەی شیخ رەزادا بلیم: هیچ کوردیك لە شیخ رەزای، ئەلعانیش، فارسی چاتر نازانێ..

—فارسی؟

—بەلێ.. بە عەقیدەی من، ئەلعانیش، لەو کوردستانە ئیرانەیدا، کە هەموومان بە فارسیمان خویندوە، هیچمان ناتوانین شیعری فارسی وەکو وی بلیین. مەحەشریکە لە شیعری فارسیدا کە پیاو هەر سەری..تەعەجوب دەمینێ. ئەلبەتە من دەگەڵ فیکرەکەی یەك نیم، بەڵام تەماشای ئەو دوو شیعرە، دەلێ:

رسم فرنگیان کله از سر فکندن است
تعظیم چون کنند خداوند جاه را
من اکتفا بشیوهء ایشان نمیکنم
هم سر به پایت افکنم و هم کلاه را

کە رەنگبێ شاعیرە مەداحەکانی فارس بۆ خۆیان مەدحی وای پادشایان نەکردوە، ئەمما پیم وایە هیچی نەداوەتێ چونکو کورد بوە.. (پیدەکەنێ).. بەلێ..

—ئەی مەلای جەزیریت پیچۆنە؟

—وەڵلاهی کاکە، تو خواکەی من شتیکی نەزانم بۆ دەبێ زۆری.. من کرمانجی وا نازانم.. حەتتا کاك هەژارم ئینتیقاد کرد، کە تۆ دەلیی ئەوە لەگەڵ مەولانای رۆمی هاوشانە.. پیموایە بریك زیدەرەویت کردوە لەوەیدا. بە راستی شیعریکی بۆ خویندمەوە کە من موتەوەجیهی نەبووم. ئەلعانیش لە بیرم نییە، هۆوەتا دیوانەکەشی، بە داخەوە فرسەتی وام نییە تەماشای بکەم، بۆم نابینریتەوە. تەماشام کرد بە راستی عارفیکی گەورە بوە. رەنگبێ جەلالەدین شیعری وای نەبوە. کەوابوو هەژار بە خۆرای هیندەی پیاهەلنەگوتوە، بەڵام ئەوەی ئەگەر مامۆستایەکی کرمانجی چاتر دەزانن لە من، ئەگەر بەوان بلیی.. من گۆرانی چاتر دەزانم لە کرمانجی. بە راستی لە کرمانجیدا زۆر کۆلم.. ئەگەر عەرزت دەکەم بریك لە خانیدا شارەزاترم ئەوەیە کە ئەوەڵا زۆر پترم خویندەوە.. دە بیکاریدا توانیم مەم و زین چاکتر بخوینمەوە.

—بە کرمانجییەکەی یا ئەوەی هەژار؟

—بە کرمانجییەکەی. هی هەژاریش یارمەتی دام، پیاو حەق بلێ، ئەویش یارمەتی داوم ئیدی. وەختیکی شیعریکی تینەگەیشتوم چووم تەماشای هەژارەکەشم کردوە. تەماشام کردوە، ئەگەرچی، ئەگەر تەماشای پیشەکی توحفەی موزەففەری بکەی هەژارم نەقد کردوە کە نەیتوانیوە فەلسەفەکەی خانیمان پینیشان بدا.





ئەم ڕۆژانەش توشی ئەدیبیکی زۆر گەورەی کورد بووم بە نیوی سەیید تاهیری هاشمی، کە ئیوە نایناسن.. بە راستی گەورەیە. بە راستی زۆر گەورەیە. ئەو، حەتتا ئینتیقادی لە مامۆستا مەلا کەریمی بوو کە بە خۆرایی شەرحی لەسەر نالی کردوە. دەبێ شاعیر لیی گەریی، هەر کەسە، وەکو دەریایك، بەشی خۆی لیهەلینجینێ. حەیفە.. حەیفە ئەو کەسەی لە نالی ناگا، تیی بگا.. لیی گەری با تیی نەگا.. بە راستیش ئەوەندەی جوان فەرموو. حەتتا لەسەر مەلای جەزیری کاك هەژاریش ئەو نەقدەی هەر هەبوو. دەیگوت مامۆستا هەژار دەبوو ئەو کەلیمانەی بۆ ئیمەی گۆران موشکیلە بۆمان بکاتە فارسییەك، یا کوردییەکی سۆرانی، با تیی گەیشتباین. ئیدی لازم نەبوو ئەو شەرحەی لە سەر بکا. ئەو عەقیدەی وایە..

—سەیید تاهیری هاشمی..

—بەلێ.. بە راستی ئەدیبیکی گەورەی کوردە. ئەدەبناسیکی گەورەی کوردە.

—رەخنەگریکی باشیشە وا بزانم..

—رەخنەگریکی باشە..

—وتارەکانی لە رادیۆی کرماشانەوە دەیخویندنەوە شتیکی بە راستی نایاب بوون. بەلێ. عەرزت دەکەم، ئەوجار کتیبخانەیەکی زۆر عەزیمی کوردی هەیە. دەیگوت پتر لە بیست دیوانی مەولەوی..

—دەستنوس مەبەستت..

—دەستنوسی هەیە. بەلێ، وە دەیگوت وەختیکی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس خەریکی مەولەوی بوو، لە منی نوسی کە ئەتۆ عەقیدەت چۆنە. بنوسە، ئەو شتانەی کە مەشکوکی هی مەولەوین، یاهی مەولەوی نین. گوتی وەڵا هەمووم بۆ نوسی، بە داخەوە هەمووی چەپ کردوە (پیدەکەنێ).. گوتی ئەوەی ئیوە لە سروەتاندا چاپ کردوە —ئیمە بە هاریکمان لە سروەدا چاپ کردوە— گوتی ئیتیفاقەن ئەوە یەکیك لەوانە بوو کە ئەمن بە مەشکوك پیم موعەرەفی کردبوو. وە من دلم نەهات دەو مەجلیسە خوسوسییەیدا بلیم کتیب لە عیراقدا هەتا ئەستورتر بێ پتری پول لیوەگیر دەکەوێ. دلم نەهات ئەوەی عەرز بکەم (پیدەکەنێ)، بەلێ، گوتی، زۆریان بە مەشکوك دەزانم ئەوی ئەو هەیەتی. من شتی چاترم هەیە. وە ئەوەی کە ئیمە لە سەفحەی دوەمی..

—سروە،

—سروەدا نوسیومانە: هەر چەن مەواچان..

—ئەوە هی خانای قوبادییە..

—خانای قوبادییە، خەلك بە نەوعی دیکەی بۆ ناردوین: مەحزوزەن هەر کەس وە زوان خویش، ئەو دەلێ: دلشادەن.. عەرزت دەکەم، دەلین (ئەو رەنگ) وای دروست کردوە. ئەوەمان لە زمانی مامۆستا تاهیری بیستوە، دەلێ من دەستم لینەداوە، وەرن نوسخە ئەسلییەکەتان پینیشان دەم، خۆی وای نوسیوە. ئەم کەسانەی تەسەروفیان تیدا کردوە پاش وی تەسەروفیان کردوە..

—ئەی مەولەوی..؟! سەید عەبدولرەحیم.

—بەلێ.. سەید عەبدولرەحیمیش هەر ئەو چاکی دەزانێ.

—نا، مەبەستم وەکو شاعیریك چۆنی دەبینی؟

—من زۆر بە گەورە دەزانم. زۆر سەیرە. بارەها، لە بیرتە، کە لە عیراقیش ئەگەر دەیانگوت بە موناسەبەتی، مەسەلەن، وەفاتی (ئەلفەکە بە شیوەیەکی گالتە ئامیز دریژدەکاتەوە. ف) تەوفیق وەردی شیعریك بلێ (پیدەکەنێ)، من شیعرم بۆ نایێ بە موناسەبە، دەمگوت من شاعیری موناسەبات نیم، کەچی ئەم کابرایە هەموو شیعرەکەی موناسەبەتە، کەچی دە هەموویدا، بۆ خۆت دەزانی، گەیوەتە ئەوج، پیموایە..

—راستگۆ بوە، ئەوەیە مەسەلە..

—بەلی زۆر راستگۆ بوە..

—بەلام رەنگە لە هەمووی جوانتر ئەوانە بن کە بۆ عەنبەر خاتونی نوسیون؟!

—پەك، پەك، پەك، پەك.. بەلێ، بەلێ، پیموانییە.. دیارە لە بیرت نەچێ کە، نازانم شیعری کامەیانە، پیش وی، حەماغای دەربەند فەقەرەیە، نازانم چی، کە ئەویش لەسەر گلکۆی تازەی لەیلی..

—ئەحمەد بەگی کۆماسی..

—کۆماسی بێ، یا نازانم، بەلێ.. گلکۆی تازەی لەیل دە پیش عەنبەر خاتوندا گوتراوە. ئەگەر ئەوە نەبا، یانی ئەوەشمان لە ئیختیاردا نەبا، دەبوو بە قەتعە شیعریکی عالەمی ناسرابا، بە راستی پیموانییە کەس شینی بۆ خۆشەویستی خۆی وا گیرابێ، وەك ئەو دووانە هەردووکیان گیراویانە. هەردووکیان زۆر چاکن.. بەلێ.. خۆشەویستی عەنبەر خاتونی هەر لە مەرگەکەیدا دیار نییە. ئیدی، لە نەخۆشییەکەیدا کە جەرگی بۆ دەکاتە، دلی بۆ دەکاتە هەنار دەلی کون کونی کەو بۆنی پیوە کە، هەنار بۆ هەلامەت..

—ئەویشی هەر بۆ عەنبەر خاتون نوسیوە؟!

—بەلێ. ئەویشی هەر بۆ عەنبەر خاتون نوسیوە.. بەلێ.. نەخیر، شتیکی سەیرە. باوەر بفەرموو شیعریکمان.. قەرار وایە مامۆستا تایەر بۆمان بنوسێ، ئەگەر ئینشائەللا سروە گەیشتە فەسلی زستانێ. بۆی خویندینەوە، مەفهومەکەم لە بیرە ئەگەر شیعرەکانم لەبیر نەبن، مەفهومە، بۆ خۆت دەزانی، کە.. ئەگەر بیکەیە زبانیکی دیکەش ئەو تام و بۆنەی هەر هەیە، دەلی زستانەو عوزری هەیە بۆ دیتنی.. بچیتە خزمەت شیخەکەی، شیخ سەراجوددین زستانە. ناتوانم بیم، پیرم، نازانم چم، ئەمن ناتوانم بیم، بەفر ریگای گرتوم، بەلام ئەو کەسانەی شەوقی زیارەت زۆری بۆ هیناون، من ریگایەکیان پینیشان دەدەم زۆر بە ئاسانی برۆن بۆلای وی، ئەویش ئەو ریگایەیە کە هەناسەی من بۆ خزمەت شیخ کردویەتیەوە، رەشانگە.. هیند گەرمە هەناسەکەم بە رەشانگەکەیدا برۆن دەگەنە تەویلە.. ئایا تا ئیستا فکری وا ناسکت.. پیموایە زۆر کەم هەیە. لەسەر زستانی ناشیرینی چەند جوان.. ئەوی کردووی.. بەلێ..


MOHAMED ARIF 99

# "ساقی نامەی ناڵەی جودایی"

لە مێژووی ئەدەبی ڕۆژهەلآت، بوێژو شاعیری ناودار هەن کە لە سایەی تاکە بەرهەمێکی ئەدەبی، ناویان لە تۆماری مێژووی ئەدەب ماوەتەوە، لای عەرەب ئەمانە بە (شعراء الواحدة) یاخود (اصحاب الواحدة) ناودەبرێن، هەندێ لە شاعیرانی کوردیش، ناووناوبانگی ئەدەبیان بە تاقە هۆنراوەیەکی بەرزو ناوازەوە بەستراوەتەوە، لەمانە دەشێ نێوی ئەمانە وەکو نموونە بهێنینەوە:

–عارف سائیب (1889–1923) و شیعرە ناودارەکەی (شەکوای حاڵ) کە بەم دێڕە دەست پێدەکات:

ئاوارەی خاکی وەتەن و سەیروسەفا خۆم
پامالّی غەم و غوربەت و سەد دەردو بەلآ خۆم[1]

–قەسیدەی (عیتاب)ی شێخ محمدی خالیسی تاڵەبانی (1874–1928). بۆ شێخ مەحمودی حەفید:

لە پاش داوێن و پا ماچ کردن و عەرزی دوعا خوانی
وەرین دەست پێدەکا بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی[2].

–شیعری شاکاری (دیاری) شوکری فەزلی (1882–1926) بۆ شێخی نەمر:

ئیش کە ڕووی ئیستە لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی.
فکری وردیشی ئەوێ هەر بە دوعاو نوێژی نەکەی[3].

(ناڵەی جودایی) شاکارێکی ئەدەبی درێژەو (110) دێڕە، هێمن دەردی غوربەت و ناڵەی دەرونی تیادا خستۆتە ڕوو. ئەگەر هات و هێمن تەنیا ناڵەی جودایی هەبوایە، تەبای ئەو ناودارانەی عەرەب و کوردو فارس، بەسی بوو بۆ ئەوەی ناوی بە زیندویی‌و درەوشاوەیی لە دڵی مێژوودا بهێڵێتەوە[4]. بەو پێیەی هێمن شارەزاییەکی چاکی لە ئەدەبی فارسیدا هەبوە، بۆیە شاعیرانی گەورەی فارس، لە وێنەی سەعدی، حافز، نیزامی، بە تایبەت مەولانا جلال الدینی ڕۆمی بەلّخی (1207–1273) کاریگەری گەورەیان بەسەر هۆش و هەست و هۆنراوەکانیدا بەجێهێشتوە. (ساقی نامە)، بابەتێکی شیعری باوی نێو ئەدەبیاتی کۆنی فارسییە، کە تیایدا شاعیر ساقی دەهێنێ‌و دەیکات بە هاودەم و (سەنگی سەبوور)ی خۆی‌و تەواوی دەردو خەم و ناڵەو ژانەکانی خۆی لە تەکیدا دەردەبڕێت. لە ئەدەبی فارسیدا کۆمەڵێك ساقی نامەی ناودار هەن، کە دەدرێنە پاڵ شاعیرانی وەکو حافز (سەرەتای سەدەی 14–1389)، وەحشی بافقی کرمانی (1583–1643). مەولانای ڕۆمی.. و لە کتێبە ناودارەکەی (تذکرة آتشکدە)ی، آذری بافقی. (1719–1780) تۆمار کراون، کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەلآت بە (مەسنەوی) ناودەبرێن[5]. ئەوەی پەیوەست لەگەڵ ساقی نامەکەی (ناڵەی جودایی) هێمن و بۆ ئێمە مەبەستە، (مثنوی معنوی) مەولانا جەلال الدینی ڕۆمییە کە بریتی‌یە لە (26) هەزار بەیت و لەسەر کێشی (ڕەمەلّی موسەدەسی مەحزوف) هۆنراوەتەوە[6]. کە بە پێشەکییەکی (35) دێڕی‌و بە جیاوازی لەگەڵ مەسنەویە نێودارەکانی دیکە کە بە (بەسمەڵە) دەست پێدەکەن، دەسپێکی ئەم پێشەکییە ئەم دێڕەیە[7]:

بشنو ازنی چون حکایت می کند
ازجدایها شکایت می کند

وەك دەگوترێت هەموو کتێبەکە، واتە (مثنوی معنوی) کە لە زنجیرەیەك چیرۆك و سەربردەی ئاینی‌و عیشق و عیرفان پێکهاتوە لە شەرحی ئەم پێشەکییە دایە[8]. وەك لە درێژەی ساقی نامەی (ناڵەی جودایی)دا دەردەکەوێت مەسنەوی مەولانا زۆر کاری لە شاعیر کردوەو لە ناخەوە هەژاندوویەتی، بۆیە بۆ دەربڕینی سۆزو سکالآی غوربەت و دەرونی، پشتی پێبەستوەو لە چەند شوێنیش ناڵەی دەرونی پڕ زوخاوی تێکەڵ بە ئاهو هەناسەی مەولەوی کردوە. ئەم پێشەکییەی مەسنەوی بەلای هێمنەوە لە وێنەی موعجیزەیەکە، کە ئەو خۆی تیادا بەند کردوەو هەموو خەم و بەدبەختی‌و بێچارەیی خۆی‌و میللەتەکەی تیادا دۆزیوەتەوە[9]. مەولانا ئەگەر هەناسەی عەشقی دەروونی پڕ لە ڕازو نهێنی خۆی تێکەڵ بە بانگ و ناڵەی (نەی) کردبێت، ئەوا ئەم ناڵەی تێکەڵ بە هاواری مرۆڤایەتی دەکات:

شیوەنی من شیوەنی ئینسانی‌یە
بانگی ئازادی‌و گروی یەکسانی‌یە

شاعر هەڵبڕاوو دوور وڵاتە، کاتێك لە غەریبیدا دەسوتێو فرمێسك بەربینگی پێدەگرێ، پەناوەبەر (مەی) و (ساقی) دەباو دەبێتە موشتەری (مەیخانە):

ساقیا وا بادەوە وا بادەوە
ڕوو لەلای من کە بە جامێ بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن
زۆربەیان شادو بە کەیف و بێ خەمن

مەی لە لای هێمن ((دوکەڵکێشە، پەژارەو خەمە پەنگ خواردوەکانی ناو دەرونی لێوە سەردەکەن.. ئەنجا خەیاڵێکی خۆشیش بە شاعیر دەدا، کە بەو خەیاڵە بۆ شایی‌و ناگزوریەکانی دەرونی پڕ دەکاتەوە))[10]:

ئەم شەڕابە تاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە
ئەم شەڕابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە
لێی حەرام بی ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە
بۆ کەسێکە مەی: کە دەردی کاریە
بێ خەمێک بیخواتەوە زۆرداریە
بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕبێ لە داخ
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ
ئەو کەسەی بێ‌کەس نییەو خانە خەراب
دەک بە ژاری ماری بێ بادەو شەراب

مەی دەبێ هەر تاپۆی هێمنی تەنیا باڵ و خانە وێران و دڵ سوتاو بێت، بۆ خەڵکی کە دەست نادات، دەیەوێ بادەگێڕ لەم ڕازە بگات:

ساقیا وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ
ڕوو لەلای من کە، مەچۆ بۆ سەرپەڕێ
لەنگەرێ بگرە، مەبە وا بەرزە فڕ
بێنە بۆ من، بێنە بۆمن، جامی پڕ
مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ
بۆ منی سەرگەشتەوو ڕووت و ڕەجاڵ

لە خوێندنەوەی ناڵەی جودایی، مرۆڤ هەست بە هێزێکی شاراوە دەکا وەکو هێڵی بەیانی بەرزو نزمی دەکاتەوە، سۆزو ئەندێشەکان، کزەو کسپەو بۆ کروزی ئەو وێنە جوان و چرانە، وەکو مۆسیقایەکی ماتەم دەخزێتە ناخەوە، جگە لە کێش و سەروای شیعرەکە، ریتم و ئاوازەکان بەپێی دابەش بوونی نەغمەکان بەرزو نزم دەبنەوە، تێکەڵاو دەبن، جیا دەبنەوە دیمەنێکی نامۆو ئاوارەی ژان و ژوورو خۆشیو لەزەتێك سازدەکەن.

کە مرۆڤ لە کاتی خوێندنەوەیدا وەکو بازرگانی کەشتیەکی شەکەتی لێدێ. شاعیر تاوەکو مەست و کەلەلا نەبێت ئۆخژنی بەدڵدا نایەت:

وا وەرە، دەی وا وەرە، نزیك بە لێم
بمدەیە مەی، بمدەیە مەی، تا دەڵێم:
((مست مستم ساقیا، دستم بگیر
تا نە افتادم زپا دستم بگیر!))
جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی (مەولەوی):
"بشنو از نی چون حیکایت میکند
از جدایها شکایت میکند))

بەوە شێوەیە شێوەنی شاعیر لەگەڵ شیوەنی نایەکەی مەولەوی تێکەڵاو بووەو داستانێکی لە شۆڕو شەوق و حەماسە خولقاندوە

**پەراوێزەکان:**


1-**ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجومەنی ئەدیبان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.** 1983، **ل** 134.
2-**شێخ محەمەدی خالیسی تاڵەبانی، قەسدیەی عیتاب، گ. خاك، ژ/**2، 1999، **ل** 35.
3-**عبداللە عزیز خالد،، شوکری فەزلی، چ**1**، بەغدا،** 1988**، ل** 29.
4-**فەرهاد شاکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل** 33.
5-**محمد سعید نجاری (ئاسۆ)، هێمن، شاعر ناڵە جدائی، نامەی زانکۆیی دەستنوس.**
6-**مەولانا جلال الدین رۆمی بلخی (مولولی)، مپنوی معنوی، انتشارات گنجینە، تهران،** 1374 **ش**
7-**محمد سعید نجاری، سەرچاوەی پێشوو، ل** 20.
8-**دکتر محمد معین، فرهنگ فارسی، ج**6**، ص** 1901.
9-**فەرهاد شاکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل**147.
10-**محمد فریق حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل** 10.



# هێمنیش مرد(*)

**جۆیس بلۆ**

**ئا: دەشتی**

هێمنی شاعیری ناوداری کورد لە شەوی 18ی نیسانی 1986داو لە شاری ورمێ بە نەخۆشی وەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد، بنەماڵەکەیان بێئەوەی گوێ بە قەدەغەی پۆلیس و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بدەن لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان بە خاکیان سپارد، لەناو ئاپۆڕەی خەڵکیدا لە مزگەوتی حاجی سەید بایەزیدو لە کاتی نوێژکردن لەسەر جەنازەکەیدا، جێگەیەکی بەتاڵ نەمابوو، مزگەوتەکانی سنەو ورمێو کرماشان؛ لە ڕۆژانی دواترو لە پرسەی گیانی ئەو مرۆڤەدا هەروەها بوون.

سەید موحەمەد ئەمینی شێخەلئیسلامی موکری، کە زیاتر بە نازناوی (هێمن) ناسراو بوو، لە ساڵی 1921 لە گوندی (لاچین)ی نزیك مهاباد هاتۆتە دنیا، سەید حەسەنی شێخەلئیسلامی باوکی هێمن یەکێك بوە لە نەوەکانی مەلا جامی چۆڕیو ئەو بنەماڵەیە سێسەد ساڵێك دەبێت کە لە مهاباد دەژین. (زێنەب)ی دایکی هێمن لە بنەماڵەی شێخی بورهانی ناوداری موکریانییە، ئەو ساڵەی هێمنی تێدا لە دایك بوو پیاوەکانی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ هێرشیان هێنابوە سەر مهابادو شارەکە وەبەر تالان کەوتبوو، وەکو زۆر لە ماڵ و خێزانەکانی ئەو شارە، ماڵە باوانی هێمنیش شارەکە بەجێدەهێڵن و ڕوو لە دێهات دەکەن.

ئەو خێزانە حەوت منداڵیان دەبێت و بە گوێرەی تەمەن هێمن کوڕی دوەمینی ئەو ماڵە بوە. زۆرجاران هێمن بە تایبەتی دەیسەلماند کە تەمەنی منداڵی وی لەتەك (یاسەمین)ی دایەنیو (عیزەتی) لەلەیدا بە خۆشی گوزەراوە، ئەوان خەڵکی ئازەربایجان بوون و لەوانیش فێری زمانی تورکی بوە. سەعید ناکام یەکەمین مامۆستای هێمن بوە، ناکام ئەو نوسەرو ڕۆژنامەوانەیە کە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی بۆ کوردی وەرگێڕاوە، لە پاشان باوکی ڕەوانەی خوێندنگای (سەعادەت)ی دەوڵەتی دەکات، لەوێ لەتەك مامۆستا فارسی زمانەکانیدا کە نە ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ زمانی کوردیو نە لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا هەبوە هێمن دوچاری جۆرێك لە دژواری دەبێتەوە کە هەرگیز لە بیری ناکات. لە تەمەنی سێزدە ساڵان باوکی دەینێرێتە لای شێخی بورهان کە زانایەکی ناوداری تەریقەتی نەقشبەندی بوو، خانەقای شێخ لە ناوچەی شەرەفکەندی کە دەکەوێتە نێوان مهابادو بۆکان هەڵکەوتبوو، ناوو ناوبانگی شێخی بورهان و خانەقاکەی سنوری کوردستانیشی تێپەڕاندبوو، لاوان لە هەموو لایەکی کوردستانی گەورەوە ڕوویان تێدەکرد، بێجگە لە فەقێیەکانی ئەوێ خوێندکارانی هیندی، ئەفغانی، تورك، تورکمان و فارسیش دەهاتن و لەژێر دەستی شێخدا دەیانخوێند.

ئەم تێکەڵاویو ئاشنایەتییە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر هێمنی گەنج بەجێدەهێڵێ. گەلێ لە زانایان و گەورە پیاوان دەهاتن بۆ زیارەتی شێخی بورهان و لە خانەقادا دەمانەوە، لەگەڵ خوێندکارانیدا دەکەوتنە وتووێژو دەرسیان پێدەگوتن، بەو جۆرە هێمن کەسانی وەکو قازی موحەمەدی سەرۆك کۆماری کوردو سەیفی قازی شاعیرو زانای مەزن حاجی مەلا موحەمەدی شەرەفکەندیو ڕوناکبیری پێشکەوتوو عەلی خانی ئەمیری.. دەناسێت و کەڵکیان لێوەردەگرێت، بەڵام ئەوەی لە هەموان زیاتر کاریگەری بەسەر هێمنەوە هەبوە مەلا ئەحمەدی فەوزییە. هێمن لەبەر دەستی ئەو زاتە ئاشنایی لەگەڵ مامۆستایانی ئەدەبیاتی کوردی پەیدا دەکات، لە بەرایی لەگەڵ داهێنانی سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی تەریقەتی سۆفیگەریو هەڵبەستی ئایینی ئاشنا دەبێت، لە وێنەی مەحوی نەقشبەندی (1830–1904)، مەلا حەریق (1851–1907) لەوەش زیاتر شیعرە نیشتیمانیو ئەڤینییەکانی نالی (مەلا خدری ئەحمەد شارەزووری 1797–1856) هەست و هۆشی داگیر دەکەن. نالی یەکەمین شاعیرە کە غەزەلو قەسیدەکانی خۆی بە زاری سۆرانی کوردی داناوە، دەستەڵاتێکی

باڵای به‌سه‌ر ته‌کنیکی شیعردا هه‌بوه، به‌رهه‌مه‌کانی نموونه‌ی به‌رزی شیعرو هه‌ڵبه‌ستی کوردین. هه‌روه‌ها شاگردی بلیمه‌تی نالی، حاجی قادری کۆیش (1816–1894) ده‌ناسێ، که شیعره‌کانی به ناوه‌ڕۆکێکی کۆمه‌ڵایه‌تیو زمانی ساده ناسراون و هه‌ندێ له دێڕه شیعرو هۆنراوه‌کانی بونه‌ته په‌ندو که‌وتونه‌ته سه‌ر زارانه‌وه. وه‌کو چۆن ئاشنای شیعره هیجاییه‌کانی شێخ ڕه‌زای تاڵه‌بانیش (1832–1909) ده‌بێت. له‌ناو شاعیرانی دڵخوازی ئه‌ویش ده‌شێ ناوی عه‌بدوڵا به‌گ ببه‌ین، که به میسباحودیوانی (ئه‌ده‌ب) ناودێر ده‌کرێت، شیعری (ئه‌ده‌ب) له لایه‌نی ئه‌ده‌بیو ئیستاتیکیه‌وه زۆر ده‌وڵه‌مه‌نده که نوێنه‌ره‌وه‌ی ئه‌ڤینی خۆیو ژنه‌که‌یه‌تی، هه‌ڵبه‌سته‌کانی سه‌رشاری ئه‌ڤینێکی به‌خوڕو تا ڕاده‌یه‌کیش له ده‌ره‌وه‌ی دابونه‌ریت بوون.

له حه‌ڤده ساڵیدا هێمن ده‌ست له خوێندن هه‌ڵده‌گرێت و



ده‌گه‌ڕێته‌وه ناو خێزانه‌که‌ی له شیلاناوێ، له‌گه‌ڵ دژوارییه‌کانی ژیانی گوندنشینیو ڕه‌نجبه‌ریش هێمن ده‌ستبه‌رداری گۆڤارو کتێب نابێت، دوابه‌دوای به کۆتاهاتنی کاروباره‌کانی له باخ و مه‌زرا، ده‌گه‌ڕایه‌وه ماڵ و ده‌چووه‌وه لای کتێب و نوسینه‌کانی.

له 16ی ئۆگستۆسی 1942دا کاتێك جوڵانه‌وه‌ی نهێنی کۆمه‌ڵه‌ی ژیانه‌وه‌ی کوردستان پێك دێت به پشتگیری عه‌بدولڕه‌حمانی زه‌بیحی، ته‌بای زۆرینه‌ی هاوڕێکانی ده‌بێته ئه‌ندامی کۆمه‌ڵه‌و نازناوی نهێنی (هێمن) بۆ خۆی هه‌ڵده‌بژێرێت، هۆنراوه ناوداره‌که‌ی له‌و سه‌روبه‌نده‌دا ده‌نوسێت:

### کوردم ئه‌من

گه‌رچی تووشی ڕه‌نجه‌ڕۆییو حه‌سره‌ت و ده‌ردم ئه‌من
قه‌ت له ده‌س ئه‌م چه‌رخه سپڵه نابه‌زم کوردم ئه‌من
ئاشقی چاوی که‌ژاڵ و گه‌ردنی پڕخاڵ نیم
ئاشقی کێوو ته‌لان و به‌نده‌ن و به‌ردم ئه‌من
گه‌ر له برسان و له‌به‌ر بێ به‌رگی ئیمرۆ ڕه‌ق هه‌ڵێم
نۆکه‌ری بێگانه ناکه‌م تا له‌سه‌ر هه‌ردم ئه‌من
من له زنجیرو ته‌ناف و دارو به‌ند باکم نییه
له‌تله‌تم که‌ن، بمکوژن، هێشتا ده‌ڵێم کوردم ئه‌من

یه‌که‌مین شیعری هێمن له ساڵی 1943داو له ژماره‌ی دووه‌مینی گۆڤاری (نیشتمان)، که شێخ عه‌بدوله‌تیفی کوڕی شێخ موحه‌مه‌دی به‌رزنجی له لاجان ده‌ریهێناوه بڵاوبۆته‌وه، له ژێره‌وه‌یدا ناوی (م. ش. هێمن) نوسراوه. شیعره‌که ده‌نگدانه‌وه‌ی چاکی ده‌بێت، باوکی هێمن که چاوی به شیعره‌که که‌وتبوو چووبوه دڵیه‌وه، له کوڕه‌که‌ی داوا ده‌کات ناوی ڕاسته‌قینه‌ی نوسه‌ره‌که‌ی بۆ بدۆزێته‌وه.

هێمن له ماوه‌یه‌کی کورتدا ده‌بێته ئه‌ندامی ده‌سته‌ی نوسه‌رانی نیشتیمان و شیعره تازه‌کانی تیادا بڵاو ده‌کاته‌وه، هه‌روه‌ها هه‌ندێ له شیعره‌کانی له گۆڤاره‌کانی دیکه‌ی کۆمه‌ڵه‌دا، وه‌کو (ئاوات) بڵاوده‌کرێنه‌وه. هه‌ر له‌وکاته‌دا شانۆنامه شیعرییه‌که‌ی خۆی (دایکی نیشتمان)[1] ده‌نوسێته‌وه، ناوه‌ڕۆکێکی سه‌رنجڕاکێشی هه‌بوو؛ ژیان و مێژووی کوردان، له‌وێدا قاره‌مانه‌کان هه‌وڵ و خه‌باتیان له پێناو ڕزگاری دایکی نیشتیمان و ژیانێکی سه‌ربه‌ستدا بوو، شانۆگه‌ری دایکی نیشتمان سه‌دایێکی گه‌وره‌ی نایه‌وه، بۆ ماوه‌ی سێ چوار مانگان و له هه‌موو شارو دێهاتی ناوچه‌ی موکریان هاته نواندن و نمایش کردن، له هه‌موو شاره‌کانی دیکه‌ی کوردستانیش به حه‌سره‌ت بینینی بوون. بێگومان ئه‌م شانۆنامه‌یه له بزواندنی هوشیاری نه‌ته‌وه‌یی ئه‌و خه‌ڵکه ڕۆڵێکی مه‌زنی بینی، ته‌ماشاکه‌ران ده‌هاتنه جۆش و ده‌گریان، له دواییش به گه‌رمی له‌سه‌ر حاڵی کوردان ده‌که‌وتنه ده‌مه‌ته‌قێ. ده‌سکه‌وتی ئه‌م شانۆنامه‌یه له سه‌رووی هه‌موو پێشبینییه‌ك بوو، له سایه‌ی ئه‌م داهاته‌وه کۆمه‌ڵه توانی چاپخانه‌یه‌ك بۆ خۆی بکرێت و له مه‌هاباد دایبمه‌زرێنێت.

له مانگی تشرینی 1945دا حیزبی دیموکراتی کوردستان له مهاباد یه‌که‌مین کۆنگرێسی خۆی ده‌به‌ستێ، قازی موحه‌مه‌د، که پێشتر له‌ژێر ناوی نهێنی (بینایی) ئه‌ندامی کۆمه‌ڵه بوه به سه‌رۆکی ئه‌م پارته تازه‌یه ده‌ستنیشان ده‌کرێت، هه‌ر له‌و بۆنه‌یه‌داو بۆ جاری یه‌که‌م هێمن یه‌کێك له هه‌ڵبه‌سته‌کانی خۆی له کۆڕی کۆنگره‌دا بۆ خه‌ڵکه‌که ده‌خوێنێته‌وه، ئه‌وانه‌ی له‌وێ ده‌بن سه‌ریان سووڕده‌مێنێت!، کاتێ په‌ی به‌وه ده‌به‌ن که‌وا سه‌ید

موحەمەدەمینی شێخەلئیسلامی کە ڕووبەڕوویان و لەسەر مینبەری مزگەوتی سوور شیعر دەخوێنێتەوە، ئەوە هێمنی شاعیری نیشتیمانپەروەری خۆشەویستیان خۆیەتی. کۆمیتەی نەتەوەیی حیزب حاجی بابە شێخ وەکو سەرۆکی خۆی هەڵدەبژێریو هێمن ماوەیەك دەبێت بە سکرتێری ئەو، بەڵام پاشان بە تەواوەتی خەباتی خۆی دەخاتە پاڵ کۆمسیونی تەبلیغات و دەبێتە هاوکاری ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤارەکانی هاواری کوردو هاواری نیشتمانی زانای هێژا عەبدولڕەحمانی زەبیحی (کە لە سەرەتای ساڵی 1980دا لە زیندانەکانی عێراقدا مرد)، هەروەها گروگاڵی منداڵان و هەڵاڵە، و شیعرو هۆنراوەکانی تیادا بڵاودەکرنەوە.

لە ساڵی 1946 کوردی ئێران لە پارچەیەکی وڵاتی خۆیان ئازادی خۆیان بە دەست دێنن و هێمن چاوودڵی بە دامەزرانی کۆماری مهاباد شاد دەبێت، وڵاتپارێزانی کورد لەهەر چوار لای کوردستانەوە ڕوودەکەنە مهابادو کۆماری ساوا دەبێتە نیشانەی سەرکەوتنی خواستی نەتەوەیی هەزاران ساڵەی کورد، کۆماری تازە نازناوی (شاعیری نەتەوەیی) بە هێمن و هەژار دەبەخشێ، کە هەردووکیان بەوپەڕی شۆڕو فیداکارییەوە لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی گەلی کورد بەشداری دەکەن.

هێمن لەتەك ئەو کەسانەی کە لە ژیانی سیاسی کورددا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە هەڵسوکەوت دەکا، لە وێنەی قازی موحەمەد، هەمزە عەبدوڵا، موستەفا خۆشناو، میر حاج، کاك ڕەحمانی موهتەدیو قودسی، هەر لەو ساڵەشدا (1946) ژن دەهێنێت،

بەڵام لە مانگی کانوونی 1946دا لەشکری شا هێرش دەکاتە سەر کۆمارو داگیری دەکات. سەرکردەکان دەستگیر دەکەن و هێمن بە دڵێکی شکستەوە کارەساتی شەهید کردنی قازی موحەمەدو سەدری قازیو سەیفی قازی لە بەرەبەیانی 31 ئاداری 1947 لە مەیدانی چوارچرا دەبینێت، هەر لەو مەیدانەی کە ساڵێك لەوەبەر دامەزراندنی کۆماری لێڕاگەیاندرابوو، ئەو لەسەر ئەو ڕووداوە دەنووسێ:

زانا بوو کورد پەروەر بوو
پێشەوا بوو، ڕابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لەبەر بوو
***
داخرا دەرکی ڕۆژنامە
شکاون نووکی خامە
کوردی نووسین حەرامە
دوژمن دەڵی بێتامە
دڕان کاغەزو دەفتەر
گیران شاعیرو نوسەر

بۆ هێمن، هەروەکو بۆ هاوڕێکانیشی حەسەنی مەلا قزڵجی، عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی، عەبدولڕەحمانی محەمەد ئەمینی زەبیحی، دەروبەك بۆ حەوانەوە نەمابوو، ئەو خۆی داوێتە قەڵادزێ لە کوردستانی عێراق و پاشی ماوەیەك گەڵێ بیری خاك و وڵاتی خۆی دەکا، بارودۆخەکەش کەمێك ئارام دەبێتەوە، بۆیە بەرەو شیلاناوێ دەگەڕێتەوە لای خاووخێزانەکەی. لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئەندامانی حیزبی تودە پەیوەندی بۆ برایەتی گەلانی ئێران دەچڕێت:

کوردو ئازەربایجانی هەردوو داوایان ڕەوایە[2]
هەر بژین و پایەدار بێ یەکیەتی ئەم دوو برایە
هەروەها ڕەخنە لە ئاغاو بێگانان دەگرێ:
ئەوەی ئاغا بێ بێکارە
حەبوون و قەڵس و لاسارە
دزیو ڕێگرتنی کارە
ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
لە شەرم و شوورەیی مردم
بە خۆم من چۆن بڵێم کوردم
کە ئاغا ئابڕووی بردم
ئەمن دەیڵێم و بێباکم[3]

لە ساڵی 1948 هەوڵی تیرۆرکاری شا لە زانستگای تاران دەبێتە بیانو بۆ قەدەغەکردنی پارتە سیاسییەکان و شاڵاوی ستەمکاری بۆ ماوەیەکی درێژ دەستپێدەکات، هێمن بە نهێنیو بێدەنگ ژیانێکی کولەمەرگی بەسەردەبات. لە ساڵی 1968دا بڕیاری وازهێنان لە هەموو شت دەدات: کوردستانی ئێران و ماڵ و خاووخێزان و خۆشگوزەرانی، ئاودیوی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق دەبێت و لەوێ لەگەڵ کۆنە هەڤاڵەکانی وەکو هەژارو زەبیحیو قاسملو یەکدەگرێتەوە. لێرەوە بۆ هێمن دەورانێکی پڕ لە داهێنانی مەزن دەست پێدەکات، لە گۆڤارە کوردییەکانی عێراق شیعرو لێکۆڵینەوەکانی بڵاودەکاتەوە، یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی (تاریك و ڕوون) لە بەغدا لە 1974 بە چاپ دەگەیەنێت. تێکستی بەیتەکانی ناوچەی موکریان کە لە کاتی خۆی ئۆسکارمان لە ساڵانی 1906 و 1909 لە بەرلین لە چاپی دابوون، وەردەگێڕێتە سەر ڕێنوسی عەرەبیو لەژێرناوی (توحفەی

موزەفەریـە)دا بـە شـەرح و پـەراوێزی زۆرەوە لـە دوو بـەرگدا لـە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد چاپ و بڵاودەکاتەوە.

کوردانـی چەپگـەرای ئـێران بـە تێکڕایـی لـە بزوتنـەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی 1978–1979 کـە خانـەوادەی پەهلـەوی لـە تەخت هێنایە خوارو شای ناچارکرد ڕابکات، بەشداریانکردبوو. ئـەوان بـە هیـوای کۆتایـهاتنی ستەمکاری بـوون. هێمـن سـایری بەرپرسـانی حـیزبی دیموکـرات و هـەموو وڵاتپـارێزانی کـورد گەڕایەوە بۆ کوردستانی ئێران، خەڵکی مهاباد بە ئاهەنگ و شایی پێشوازییەکی مەزنیان لە شاعیری ناوداریان کرد.

لـە دوای ئـەوەی ڕۆژانـی خۆشـی بەسـەرچوون، پێکهاتـە سیاسیەکان توند ڕەوانە کەوتنە نێو مەیدان، حیزبی توده (پارتی کۆمۆنیستی ئێران) لە حیزبی دیموکرات دەخوازێت کە خواستە نەتەوەییەکانی کورد بـەلاوە بنـێو پشـتیوانی (لـە ڕژێمـی نـوێو ئـەنتی ئیمپریالیستی) تاران بکات. لە حاڵێکدا کوردەکان بەشی زۆری ناوچە کوردنشینەکانیان بە دەستەوە بوو، تامی ئازادیـان چێشتبوو، ئیتر بەوە ڕازی نەبوون کە لە وڵاتی خۆیاندا کەسانێکی دیکە بەڕێوەبەریان بکات و داوای (خودموختاری– ئۆتۆنۆمی)یان دەکرد بۆ کوردستانی ئێران. حـەوت کـەس لە ئـەندامانی حیزبی دیموکرات لەژێر نفوزی حـیزبی تـودەدا لـە دروشمـی ئۆتۆنۆمـی پاشـگەز دەبنـەوە کشـانەوەی خۆیـان لـە حـیزبی دیموکـرات ڕادەگەیـەنن، کوردسـتان بـەجێدەهێڵن و دەچنـە تـاران. هێمنیـش لەگەڵ غەنی بلوریان و موحەمـەد ڕەحیمی قازی لەتـەك (گروهـی حەوت نەفەری)دا دەبن.

دوابەدوای پێنج ساڵی پڕ لە ئاریشەو گێرەو کێشە، هێمن دێت و لـە ورمـێ نیشـتەجێ دەبـێو ئینتیشـاراتی سەلاحەددین دادەمەزرێنێت.

شازادەو گەدای (مارك توین) وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردیو چاپێکی تـازەی دیوانـی نـالیو وەفـاییو دیوانـی حـەریق (کـە شاعیرێکی مهابادیەو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست ژیاوە)[4] ئامادە دەکات.

ساڵی 1979 کۆمەڵە هەڵبەستێکی دیکەی خۆی لە نامیلکەیەك بـە نـاوی (نالـەی جودایـی) چـاپ کردبـوو، لـە سـاڵی 1983دا (پاشەڕۆکی مامۆستا هێمن) کەوا کۆکراوەی وتارو لێکۆڵینەوەکان و هەڵبەستەکانی دواییەتی لە بەرگێکدا لە مهاباد بڵاودەبێتەوە.

خـۆی لـە وڵاتـی خۆیـدا ئـاوارە بـوو، ئـەو ژیانـەی کـە لـەناو گەلەکـەی خۆیـدا دەیگوزەرانـد گـەلێك بـەلاوە دژوار بـوو، هـەڵبژاردنێکی سیاسی خراپـی لـە کـوڵ داهـاتبوو!، هاوڕێکـانی لەناو حیزبی دیموکرات لێی دەگێڕنەوەو حاڵی دەکەن؛ کە ئـەوان بە گەڕانەوەی بۆ لایان گەلێك شادو کەیفخۆش دەبن، بـەڵام لـەم میانـەدا نەخۆشـی زاڵـتر دەبێـت و هێمنـی شاسـواری قـاڵبوی بیروباوەڕی وەختی پێشوو لە ورمێ بە وەستانی دڵ لەگەڵ هـەموو کول و حەسرەتەکانی سەردەنێتەوە، بەڵام شیعرە بە سۆزو ناسك و پاراوەکـانی تـا سـەد سـاڵی دیکـەش لـە دڵـی نەوەکانی کوردا دەمێنن.

### پەراوێزەکان:

***ئەم وتارە بە قەڵەمی خانمی کوردناسـی نـاودار خـاتوو جۆیس بلـو، مامۆستای زمانی کوردی لە زانستگای پاریس و بـە زمـانی فەرەنسـی، لـە سەرو بەندی کۆچی دوایی هێمنی شاعیردا بۆ گۆڤاری (هیـوا) بڵاوکـراوەی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس نوسراوە. کارمەندانی گۆڤارەکە وەریانگێڕاوەتـە سەر زمانی کوردیو بە زاری کرمانجیو پیتی لاتینی لە ژمارە (5)ی گوڵانی 1986ی هەمان گۆڤاردا بڵاویان کردۆتەوە.**

**1–سەبارەت بە شانۆنامەی (دایکی نیشتمان) هەرچی لەو وتارەدا هاتوە ڕاستە، هێمن خۆشی لەو پێشەکیەدا، کە بە ناونیشانی (لە کوێوە بۆ کوێ) بۆ دیوانی تاریك و ڕونی نوسیوە باس لە ڕووداوەکانی ئـەو ڕۆژگـارەو تیـاتری دایکـی نیشتمانیش دەکـات، بـەڵام نـەیگوتوە مـن نووسیومە، لـە هیـچ سەرچاوەیەکی دیکەش ئەوە نەهاتوە، هێمن خۆی پارچە هۆنراوەیەکی بـەو ناوەوە هەیەو لە تاریك و ڕووندا بڵاوکراوەتەوە.**

**2–کوردو ئازربایجانی، ناونیشانی ئەو پارچە شیعرەیە کە هێمن لە ساڵی 1946دا لە بۆنەی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی هاوپەیمانێتی لـە نێـوان هـەردوو کۆماری کوردستان و ئازربایجان لە تەورێز نوسیوەتی.**

**3–ئەم پارچە هۆنراوەیە لـە سـەرەتای بونـە ئـەندامی کۆمەڵـەی هێمـن نوسراوە لە ساڵی 1945داو لە وەڵامی شـیعرێکی (فـانی)دا کـە لـە ژمـارە (4،3)ی گۆڤـاری نیشـتماندا بڵاوکراوەتـەوە، شـیعرەکەی فـانی بـەم ناونیشـانەیە: دەڵێم بیڵێم و نـاوێرم، کـەچی هێمـن بـەم جـۆرە وەڵامـی داوەتەوە: ئەمن دەیڵێم و بێباکم!.**

**4–حەریق (1851–1907) لە بنەچەدا خەڵکی ناوچەی سورداشی سەر بە شاری سلێمانییە، بەڵام پاشان بە فەقێیەتی بۆ خوێنـدن ڕوودەکاتـە مهابادو لەوێ جێگیر دەبێت.**


هێمن

# پاشکۆ/1/

## بیبلۆگرافیای ئەو وتارو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی هێمن نووسراون بەپێی ناوی نووسەرەکانیان(*).

### یەکەم: کوردییەکان

ئاکۆ عەبدوڵڵا

1–هەستی مێژوویی لە نوسراوەکانی هێمن مەهابادی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (139)، 1999، ئاو

2–هێمن لەبەر ڕۆشناییدا، ڕۆژنامەی (بیری نوێ)، ژمارە (169)، 1975/12/6.

ئەحمەدی شەریفی

3–وتووێـژی بڵاونـەکراوە لەگـەڵ مامۆستا هێمن، گۆڤاری (گزینگ)، ژمارە (23)، بەهاری 1999.

ئەسعەد عەدۆ

4–لـە شـیناوێ بـۆ شـیلاناوێ، ڕۆژنامـەی (برایـەتی)، ژمـارە (1622)، 1992/4/17.

ئەمیری حەسەنپوور

5–نامەیـەك، گۆڤـاری (مامۆسـتای کورد)، ژمارە (4–5) ، زستانی 1987.

بەکر مەحمود

6–هێمـن شـاعیری کـۆڕی خـەبات و هـەڵگری بـیری نەتـەوەیی، ڕۆژنامـەی (وڵات)، ژمارە (153)، 1996/4/22.

بورهان شاسوار

7–هێمنـی مـەهابادی شـاعیرە ئاوارەکـەی کوردسـتان، ڕۆژنامـەی (هاوکاری) ژمارە (220)، 1974/5/31.

بێخاڵ ئەحمەد

8–یـادێك لـە دوازدەمـین سـاڵیادی کۆچـی دوایـی مـام هێمنـی مـەهابادی، گۆڤاری (گوڵان)، ژمارە (221)، ساڵی (5)، 1999.

جەعفەری حوسەینپوور (هێدی)

9–ڕوونکردنەوەی هەڵوێسـتی حـیزب لەسەر هێمن، گۆڤاری (مامۆستای کورد)، ژمارە (30–31)، 1996.

جوان بۆکانی

10–پێشـڕەوانی شـیعری نـوێ لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، مانگنامـەی (پەیام)، ژمارە (6)، نەورۆزی 1998.

جۆیس بلو

11–هێمن ژی مر، گۆڤاری هیوا، ژمارە (5)، 1985، (بە ڕێنووسی لاتینی).

حەسنی دانیشفەر (هێور)

12–لە یادی چواردەمین ساڵی کۆچی دوایـی هێمـن، ڕۆژنامـەی (برایـەتی– پاشکۆی ئەدەب و هونـەر)، ژمـارە (173)، 2000/4/21.

دڵشاد محمد ئەمین (مەریوانی)

13–ئاوارەبوون و غـەزەلێك، گۆڤـاری (ڕۆژی کوردستان)، ژمارە (5)، ساڵی (2)، 1973.

14–ڕەتکردنـەوەیێکی پێشـەکییەکەی دیوانەکەی هێمن، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (228)، 1974/10/11.

15–تـاریك و ڕوون لـە بۆچوونێکـی مرۆڤانەدا، ڕۆژنامەی (هاوکـاری)، ژمـارە (243، 244، 245، 247، 148)، ت 2.. ك. 1974.

ڕەحیم لوقمانی

16–هێمن و ناڵەی جودایـی، گۆڤـاری (ڕامان)، ژمارە (56)، شوبات 2001.

سەرۆ قادر

17–جیـێ مـن پـەنا بـەردە، ڕۆژنامـەی (برایەتی)، ژمارە (1834)، 1993/12/3.

سەعید شوان

18–هێمـن، شـاعیری خـەم و خـاوەن هەڵوێست، گۆڤاری (ئاوێنە)، ژمارە (21–22)، 1374.

سەلاحەدینی عەرەبی (ئاشتی)

19–ژیـان و هێمـن، گۆڤـاری (سـروە)، ژمارە (143)، 1365.

سەلاحی شێخۆڵئیسلامی

20–نامەیـەك و وەڵامێـك، گۆڤـاری (سروە)، ژمارە (159)، ڕەزبەری 1378.

سدیق ساڵح

21–لـە ڕۆژێکـی پـایزدا. گۆڤـاری (ئێستا)، ژمارە (12)، ئایاری 1998.

سروە (گۆڤار)

22–فـایلی (وێژەنامـە)، ژمـارە (5)، بـەهاری 1365، (تایبەتـە بـەو وتـارو هۆنراوانـەی وەکـو شـینگێڕی بـۆ کۆچـی دوایی هێمن نووسراون).

23–ڕوونکردنەوەیـەك، ژمـارە (151)، ڕێبەندان 1377.

شنە

24–مامۆستا هێمن و دیوانی تاریك و ڕوون چـەند پرسـیارێك، ڕۆژنامـەی (هاوکاری)، ژمارە (234)، 1974.

عەزیز ئالی

25–بایەخی وشە لای هێمن، گۆڤـاری (سروە)، ژمارە (139)، ڕێبەندان، 1376.

26–هەور گەرو ئەشکەوڵەت، گۆڤاری (سروە)، ژمارە (146)، خەرمانان 1377.

عەلی پاسبار

27–هێمـــن و ئـــەوین و بـــیری کۆمەڵایـەتی، کنگرە بزرگداشت فرزانگـان کرد، جلد (2)، چاپ اول، 1377. انتشارات صـلاح الادیـن ایوبـی، ص 869. (ئـەم سـەرچاوەیە کۆمـەڵێك بابـەتی دەربـارەی هێمـن گرتۆتـەخۆ، کەلـە شـوێنی خـۆی ناویـان دێنـن بـۆ لەمـەودوا، کنگـرە بزرگداشت.. ص).

عبدالرحمن قاسملو

28–شـاعیری گـەل، تـاریك و ڕوون (پێشەکی)، بەغدا، 1974.

عبدالکریم شێخانی

29–هەندێ یادگاری هێمنانەی هێمن، ڕۆژنامەی (برایەتی– پاشکۆی ئەدەب و هونەر)، ژمارە (85)، 1998.

ع. سامڕەند

30–ژیاننامەی ماموستا هێمن، کنگرە بزرگداشت.. ص 881.

عوسمان ئیبراهیم ڕانیەیی

31–یادێك لە بیرەوەری ماموستا هێمن، ڕۆژنامەی (برایەتی– پاشکۆی ئەدەب و هونەر)، ژمارە (28)، 1997/6/5.

فەرهاد شاکەلی

32–کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی، گۆڤاری (ماموستای کورد)، ژمارە (2)، ئۆکتۆبەری 1986.

33–لە بەهاری شیلاناوێوە بۆ پایزی ورمێ، گۆڤاری (ماموستای کورد)، ژمارە (13،14،15)، سوید، 1992.

34–بە یادی مام هێمن، گۆڤاری (ماموستای کورد)، ژمارە (15)، 1992.

کاکە فەلاح

35–لە پەنا حەجەکەوە.. خشکەیێك، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (246، 247)، 13 و 1974/12/20.

کەریم حسامی

36–پێموایە باشی بۆ نەچووە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (240، 241، 242، 243، 244، 245) ت2.. ك1، 1974.

37–شاعیری ناوداری کورد هێمن، گۆڤاری (پەیڤ)، ژمارە (2)، سالی، 1986.

38–یادی هێمن، لە بلاوکراوەکانی (سەردەمی نوێ)، سوید، 1987.

کەریم شارەزا

39–هێمنی مەهابادی شاعیری خەباتی کوردایەتی، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (1660)، 1993/6/4.

40–هێمنی مەهابادیو تاقیکردنەوەیەکی ئەفسانەیی لەسەر خۆدا، ڕۆژنامەی (برایەتی– پاشکۆی ئەدەب و هونەر)، ژمارە (21)، 1997/4/17.

کەمال غەمبار

41–چەند سەرنجێك لە تاریك و ڕوون، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (251، 252، 253) و ك 2 1975.

کوردستانی موکریانی

42–ئافرەت لە هۆنراوەکانی ماموستا هێمن، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (26)، 1975.

کۆسار فەتاحی

43–ئاورێك بۆ سەر پەخشانەکانی هێمن، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (17)، 1997.

گوشاد حەمە سەعید

44–کە پشکۆی یادەکان دەگەشێتەوە، مانگنامەی (پەیام)، ژمارە (31)، لەندەن، 2001.

محەمەد عومەر عەلی

45–ماموستا هێمنم چۆن بینی، ڕۆژنامەی (برایەتی– پاشکۆی ئەدەب و هونەر)، ژمارە (26)، 1997/5/22.

محمد امین احمد

46–هێمن و سکالا، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (51)، 1979.

47–قۆناغەکانی شیعری هێمن، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (75)، 1979.

48–زمان لە شیعری هێمندا، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (59)، 1980.

49–مەیو مەیخانە لە شیعری هێمندا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (79)، 1980.

محمد فریق حسن

50–هێمن و بۆنی غەریبی، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (65و 66)، 1980.

محمدی حاجی کەریم

51–هێمنی شاعیرو پرۆسەی داهێنان، ڕۆژنامەی (برایەتی– پاشکۆی ئەودەب هونەر) ژمارە (36)، 1997/7/31.

محمدی مەلا کەریم

52–با منیش لێرەوە پەنجەیەکی تێوەردەم، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (256)، 1975/2/28.

53–دێباچە، نالەی جودایی، (پێشەکی)، بەغدا، 1979.

54–لە نێوان ماموستایان تۆفیق وەهبیو هێمن موکریانیدا، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (184)، 1999.

مەحمودی شکاك نەژاد

55–چەند فەرازێ لە وتاری مەحمودی شکاك نەژاد، کنگرە بزرگداشت.. ص 889.

ناسری ڕەزازی

56–یادێك لە ماموستا هێمن، گۆڤاری (ماموستای کورد)، ژمارە (22)، هاوینی 1994.

نوری عەلی ئەمین

67–هێمن لە گوڵزاری ئەدەبی کوردیدا گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (141)، 1998.

هیوا عومەر امین

58–دینامیکیەتی بیرۆکەو شاعیری لە نێوان هێمن و هەڵمەتدا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە (66)، ئادار 1978.

هێدی

59–یادی هێمن، ڕۆژنامەی (برایەتی– پاشکۆی ئەدەب و هونەر)، ژمارە (72)، 1998.

هێرش

60–هێمن و من، شیرکەتی کتێبی هەرزان، سوید، 1992.

یونس ڕەزایی

61–هێمن– شاعیرێك لە مەیدانی سووتان و هەرماندا، کنگرە بزرگداشت.. ص 876.

دووەم: عەرەبی

حسین محمد سعید

62–اسهاما في النقاش الدائر، جريدة (طريق الشعب)، العدد (370)، 1974/12/16.

سين

63–بالقلم العريض، جريدة (خەبات)، العدد (972)، 2000/4/21.

کەریم شارەزا

64–هێمن.. شاعر النضال و انين الفراق (1921–1986) جريدة (خەبات)، العدد 0972)، 2000/4/21.

کەمال غەمبار

65–هيمن المكرياني شاعر الغربة و النضال، مجلة الثقافة الجديدة، العدد ()، ايول– ت1، 1975.

## سێیەم: فارسی

محمد مرتضایی

66–نگاهی بە شعر معاصر و سرودهای دوشاعر کرد، ماهنامە (ادبستان)، شمارە (17)، اردیبهشت، 1370.

*مەبەست ئەو وتارو نووسین و لێکۆڵینەوانەیە کە ئێمە توانیومانە بە گوێرەی دەرفەت سۆراغیان بکەین و بیان بینین، ڕەنگە هی دیکەش هەبن کە ئێمە دەستمان پێ ڕانەگەیشتبێ.

**نامەی هێمن بۆ محمد شڵماشی**



**لە ئەرشیفی سدیق ساڵحەوە**

ەژار بۆ هیمن

ەکەتم گرتوە، هەر دووك جار تەشریفی شەریفت لەوێ
ەریکی دیوانی نالی بووین، خودا ئەویشی وەك ئیمە
ەتی تیدا هەن و جاری وایە لامان سەیر بوو ئەتۆ چۆن
یکی پیدا بکەم و نەقدیکی لەسەر بنوسم، چونکە نالی

بکەن تا بۆتان بنیرم و بە قەرزداری نەمینمەوە.
س کردووی، بەڵام گالتەو گەپیکیان لیپەیدابوە رەنگە
ەحمەد، ئەگەر گیانی سپۆرتت هەبێو لیمان قەلس
ەرێ تۆ دەنگ: نوسراوە "کرد در تاریخ همسایگان"
، ئەگەر "کاك فاروق" بەشیکی دیکە لە تورکیەکەی
اش بوو. دەنا ئەوەم پێ شت نییە، سەیاحەتنامەی

بوار دەرکەوێ چونکە بەهار بۆ باسی زستان نابێ.
رهاویژراوەو تەلاقی لە سەر خوراوە کە هی وەفایی
وەفاییەو ئەمەش شاکاریەتی. دە ئەگەر ئی ئەو نییە
. دەبوایە تەنیا لە جیی کەلیمەی "رانی لووسی" کە
ن.
مالی ئیمەیە زۆر سەلام و عەرزی ئیخلاسی هەیە،
ح ماچ دەکەم. ئەگەر خات نەسرینی جەعفەریت دیت
انی خیرو شەرەیە کە نیزامی لە "حەوت پەیکەر"دا
ی داستانی نیزامی کوردیکی مەردار بوەو زۆریش
بکردایە. زۆرم رست، بمبەخشە.

برات

هەژار

64/1/25


**(ڕۆڤار) بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیرییە**

**هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم هەر دوومانگ جارێك دەری دەکات**

**ناونیشان**

**سلێمانی -فولکەی یەکگرتن - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ڕۆڤار**

**ت / 3120690**

**لەدەرەوەی کوردستان**

**Fax: 00441628477660 - Tel: 0044162846008**

**چاپخانەی (رەنج)**

**سەرپەرشتی گشتی: شێرکۆ بێکەس بەڕێوەبەری ڕۆڤار: دڵشاد عەبدوڵڵا سکرتێری ڕۆڤار: یاسین عومەر تایپ و مۆنتاجی کۆمپیوتەر: جەمال حسین**